

مەسەلەی توتنەکە


٤

# لە سێبەری مێژووەوە بۆ بەر خۆرەتاو

ستران عەبدوڵڵا

مەسەلەی توتنەکە ٤ لە سێبەری مێژووەوە بۆ بەر خۆرەتاو
ستران عەبدوڵڵا

٢٠١٨



ئەمە کتێبی چوارەمی مەسەلەی توتنەکەیە. وا دەبینم ئەوی بۆ ئەم پرۆژەیە دامنابوو چواری خۆی بڕیووەو یەک بەشی ماوە. ئیتر دەکاتە پێنج کتێبی مەسەلەی توتنەکە.

حەوسەڵەتان هەبێ و لەگەڵ مەسەلەی توتنەکە بە سەبر بن، چونکە مەسەلەی کورد خۆی سەبری دەوێت.

# مەسەلەی توتنەکە

# مەسەلەی توتنەکە

## (٤)

## لە سێبەری مێژووەوە بۆ بەر خۆرەتاو


**ستران عەبدوڵڵا**



سلێمانی- ٢٠١٨

**کتێب**: مەسەلەی توتنەکە

**نووسەر**: ستران عەبدوڵڵا

**تابلۆی بەرگی پێشەوە**: کاری هونەرمەند ئاکۆ غەریب

**نەخشەسازی**: شۆڕش ئەحمەد

**تیراژ**: (٥٠٠) دانە

**چاپخانە**: کارۆ

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (   )ی ساڵی (٢٠١٨)ی پێدراوە

# پێشەکی

ئەمە کتێبی چوارەمی مەسەلەی توتنەکەیە. وا دەبینم، ئەوی بۆ ئەم پرۆژەیە دامنابوو چواری خۆی بڕیووە و یەك بەشی ماوە. ئیتر دەکاتە پێنج کتێبی مەسەلەی توتنەکە.

پێشتر نووسیووم پێنج کتێبان بەم تایتڵەوە یەك دەگرن. بەڵام چوارەم و پێنجەمیش دەرۆن لە بەشی یەکەمدا ئەوەم ڕوون کردۆتەوە، کە مەسەلەی توتنەکە هەر خۆی مەسەلەی کوردە. واتا لەژێر ئەم تایتڵەدا گوڵبژێرێکی ئەو بابەت و لێکۆڵینەوە و نووسینانەم کردووە، کە لە دیدی منەوە تایبەتن بە مەسەلەی کورد و کوردایەتی، بەڵام هیچ گومانی نییە، کە ئەم بە شانەی (مەسەلەی توتنەکە) هەموو نووسینەکانم لەسەر (مەسەلەی کورد) ناگرێتە خۆی. لەژێر تایتڵ و ناونیشانی تردا زۆرم هەن و زۆرم لاپەڕە ڕەشکردوەتەوە، کە پەیوەستی مەسەلەی کورد و ئاڵۆزییەکانێتی. هەروەها هەموو نووسینەکانی سێ بەشی پێشووی (مەسەلەی توتنەکە)، بەتایبەتی بەشی یەکەم و دووی، هەر لەسەر مەسەلەی کورد نین و شتی دیکە، یان ڕاستتر بڵێم، مەسەلەی خەڵك و نەتەوە و دونیای دیکەشی تێ کەوتووە. لە بەشی سێیەمەوە بژارەیەکم کرد، کە ئەوی بۆ کورد و مەسەلەکەی نەبێ دواتر لە شوێن و تایتڵی دیکەدا جێیان بکەمەوە. بۆ بەشی چوارەمیش، دیسانەوە، وام کرد و گەرەکمە پێنجەمیش، کە دوا بەشێتی، هەروا بکەم. بەم جۆرە، ئەگەر بۆم لوا ڕۆژێك لە ڕۆژان چاپی دووەمی ئەم زنجیرەیە بکەمەوە،

نیازمە نووسینە بێگانەکانی لێ دەربکەم و گشتیان تەرخانی ناونیشانی ئەسڵی خۆیان بن.

لە پێشەکیی بەشی یەکەمدا خەسڵەتی ڕۆژنامەوانیی ئەم بابەتانە و وابەستەییان بە کات و ڕووداوەکانی ڕۆژەوە ڕوونکراوەتەوە. بۆیە لێرە دووبارەیان ناکەمەوە. ڕەنگە هەر ئەمەش بێت، کە نووسینی ئێمەی ڕۆژنامەنووسان لە نووسینی لێکۆڵەر و ئەکادیمییەکان جیا بکاتەوە. با تەنانەت هەردووکمان لەسەر مەسەلەی توتنەکە بنووسین. ئەم تایبەتمەندییە باشیی ئەوەی دابین کردووە، کە هەناسەی ڕۆژانە لە کەیسی مێژوویی مەسەلەی کوردیشدا بایەخی خۆی هەیە و بەمە ڕەنگە، دەڵێم ڕەنگە، نووسینەکانی ئێمەش بۆ شایەتی قبوڵکردن و ڕەتکردنەوەی لێکۆڵیاران، بەتایبەتی لێکۆڵیارانی مێژوو و ڕەوتی مەسەلەی کورد، دەست بدەن. ئەگەر ئەو ئەرکە رایی بکەن، خوشحاڵ دەبم و دەبێتە هاندەرێکیش بۆ بەردەوامبوون لە کایەکە و بۆ پوختکردنی هەر پێنج بەشی لە چاپی دووەمدا.

پایەدار بن.

٢٠١٨/١/١٠

# فەسڵی یەکەم

# کوردستانی سەرتاسەری

# دۆسیێی فەیلی لە سێ وتاردا

**یەکەم: سەروتار بۆ کوردانی فەیلی**

لەم مانگەدا بیست ساڵی تەواو بەسەر گەورەترین شاڵاوی حکومەتی عیراق بۆ دەربەدەرکردن و دەرپەڕاندنی دەیان هەزار کەس لە برا کوردە فەیلییەکان لە بەغدا، خانەقین، مەندەلی، کوت، بەدرە، جەسان، زرباتییە، قەرەلوس و تەنانەت کەرکوکیشدا تێپەڕ دەبێت. بیست ساڵی تەواو بەسەر تراژیدیای تەسفیرکردنی دەیان هەزار ژن، پیاو، منداڵ، پیر، پەککەوتە و خێزانی فەیلی بەرەو سنووری ئێران و بێ سەروشوێنکردنی چەند هەزارێکی تر لە لاوەکانیان، ئینجا پاکتاوکردنیان لە زیندانەکانی بەعسدا، ڕادەبورێ، کەچی هێشتا زامی ئاوارەییان سارێژ نەبووە و هێشتاش چارەنووسی بێ سەروشوێنکردنی ئەو شاڵاوە و شاڵاوەکانی لەوەودوای چەوساندنەوەی برا فەیلییەکان دەرنەکەوتووە.

کوردە فەیلییەکان ئەو بەشەن لە هاونیشتمانیانی کوردی عیراق، کە مەینەتییەکەیان بە چڕترین شێوە قووڵاییی مەینەتییەکانی گەلانی عیراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی دەردەبڕێت.

ئەوان لە مێژووی کورد و عیراقدا، هەم وەکو کورد و هەم وەکو شیعە، تووشی سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و دینی هاتوون، کە ئەو سیاسەتەش بنچینەکەی لە ڕوانینی شۆڤێنی و تایفەگەریی دەسەڵاتی ئێستای بەغداوە سەرچاوەی گرتووە، ڕوانینێك کە لە کۆتاییی شەستەکانەوە تا ئەمڕۆ نەتەوەو گرووپە ئەتنیکی و مەزهەبییەکانی عیراقی لەسەر بنچینەیەکی تەسکی نەژادپەرستی دابەشکرد، هەر بەپێی ئەو ڕوانینەش مامەڵەی لەگەڵ کردنو ئەو هەموو مەرگ و مەینەتییانەی بەسەر عیراقدا هێنا. بەشی کورد لەو مەینەتییانە ئەنفال و کیمیاباران، لەناو کوردیشدا بەشی برا فەیلییەکان بەتایبەتی،

دەربەدەری و تەسفیکردن بوو، بە تۆمەتی ناڕەوای گوایە تەبەعیەی ئێرانییەوە، لەکاتێکدا فەیلییەکان وەك گرووپێکی هەڵسوڕاو و چالاك لە ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابووریی پایتەخت و شارەکانی عیراقدا هاوولاتیانی ڕەسەن و نیشتەنی لە مێژینەی وڵاتەکەن و ڕۆڵی شەرافەتمەندانەیان لە ئاوەدانکردنەوە و پێشخستنی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی عیراقدا گێڕاوە.

دەسەڵاتداریتی ئێستای بەغدا، لە ڕوانگەیەکی شۆڤێنی و تایفەگەرییەوە، هەر لە سەرەتاوە پیلانی بۆ تەفسیرکردنی فەیلییەکان و لێ سەندنەوەی دەسەڵاتو توانای ئابوورییان دارشت. ئەوەبوو وێڕای ئەوەی لێرە و لەوێ چەند خیزانێکی فەیلی دەربەدەر کران، لە ساڵی ١٩٧١ یشدا شاڵاوێکی فراوانی تەسفیرکردنی ٧٠ هەزار کەس جێبەجێ کرا، بەڵام شاڵاوی گەورە، کە لەیەك کاتدا شێوەی ڕاگوێزانو ئەنفالیشی بەخۆوە گرت، لە ساڵی ١٩٨٠ بوو. دروست لە ١٩٨٠/٤/٧دا، کە بیرەوەری حزبی دەسەڵاتدار بوو، تەها یاسین ڕەمەزان بە بیانووی کۆبوونەوەوە ٤٨٠ بازرگانی پلە یەکی عیراقی لە هۆڵی (الشعب) کۆکردەوە، کە (٣\١١) ئەو بازرگانانە لە بازرگانە چالاکەکانی فەیلی بوون. دوای پۆلێنکردنی ڕاستەوخۆ بازرگانە فەیلییەکان لە هۆڵەکەوە بۆ سەر سنووری ئێران ڕاگوێزران و هەر ئەو ڕۆژەش حکومەتی بەغدا لە پایتەخت، لە ناوچەکانی (علی الغربی)، (الحی)، (النعمانیە) و ناوەڕاست و باشووری عیراق و گەرمەسێری کوردستان ماڵی کوردە فەیلییەکانی گەمارۆ دا و دەستی کرد بە پشکنین و ئینجا ڕاگوێزانی نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەس لێیان، هەموو پێناسەیەکی ڕەسمی و یاسایی لێ سەندنەوەو ماڵو موڵکی لێ زەوت کردن، پاشان نزیکەی ١٠ هەزار گەنجی فەیلی بە بارمتە گرت و بێ سەروشوێنی کردن.

ئەم شاڵاوی تەسفیرکردنە، وێڕای دوورابیە شۆڤێنی و تایفەگەرییەکانی، دوورابیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووریشی هەبوو بۆ دەسەڵاتی بەغدا. سەبارەت بەوەی دەیویست چالاکییە بازرگانی و ئابوورییەکان بۆ خۆی و داردەستەکەی پاوان بکات.

دیارە ئەمەش یەکێك بوو لە دەرکەوتەکانی چاوتێبڕینی دەوڵەت لە ماڵوموڵکی گەلی عیراق، لەکاتێکدا ئەرکی حکومەتی بەرپرس لە بنچینەدا پاراستن و

دابینکردنی ئازادیی هەڵسوڕانی کار و چالاکیی کۆمەڵایەتی و بازرگانییە، نەك بوون بە تەرەفێك تێیدا.

هەڵبەتە مادام مەینەتی فەیلییەکان لە چڕترین وێنەدا، مەینەتییەکانی گەلی کورد و تەواوی گەلانی عیراق بەرجەستە دەکات، سەبارەت بەو چەوساندنەوە نەتەوەیی و مەزهەبی و کۆمەڵایەتییەی تووشی هاتوون، ئەوا بۆ کۆتایی پێهێنان بە مەینەتییەکانی گەلی عیراق، دەکرێ مەینەتی فەیلییەکان خاڵی کۆکەرەوەی تێکۆشانێکی فراوانی دیپلۆماسی، سیاسی و ئیعلامی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و عیراق بێت، لە ڕێگای کۆتایی پێهێنانی سیاسەتەکانی جیاکاریی نەتەوەیی و مەزهەبی، لە ڕێگای بنەبڕکردنی پیلانەکانی پاکتاوکردنی عرقی، تەسفیر و تۆمەتبارکردنی هاونیشتمانیانی عیراق، بە بیانووی پڕوپووچەوە.

لەم پێناوەشدا، دیسانەوە گەلانی عیراق بەگشتی و گەلی کورد بە تایبەتیو لەناو گەلی کوردیشدا بە تایبەتیتر برا فەیلییەکان پێویستە دەست بە بڕگە و دەقەکانی بڕیاری (٦٨٨) و لائیحەی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤەوە بگرن.

ئەم خەباتە فرە ئاراستە و هەمەلایەنەش، بە تایبەتی ئەگەر برا فەیلییەکان لە ڕێی کۆڕ و کۆمەڵی خۆیان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بەشداری تێدا بکەن، سەرئەنجام هەر سەرکەوتوو دەبێت، چونکە خەباتێکی ڕەوا و بۆ وەرگرتنەوەی مافێکی زەوتکراوە، کە مافی گەڕانەوە بۆ نیشتمان و بەدەستهێنانی ناسنامەی هاونیشتمانی و وەرگرتنەوەی ماڵومولکی بەتاڵان براوە.

دەکرێ بەهیممەتی هەموولایەك یادی بیست ساڵ لە شاڵاوی گەورەی تەسفیرکردن ببێتە سەرەتای کۆتاییهێنان بە تراژیدیای فەیلییەکان.

### دووەم: ئەهێنێ بە شانان بەردی بۆ هەڵبگرین

ئینجا دادپەروەری قسەی خۆی لەسەر تراتیژیای کوردانی فەیلی، تەسفیر و شوێن بزرکردن و قڕکردنیان، کرد. تاوانباران حوکمدران و ناسنامەی تاوانەکەش خەریکە شان لە شانی گەورەیی کێشەکە دەدات: جینۆساید، بە هەموو ئەو ئیستحقاقە یاسایی، سیاسی، مەعنەوی و مادییەی ئەم ناساندنە لە خۆیدا هەڵیگرتووە، بەم جۆرە لە ویستگەی ڕەسمیدا عەدالەت جێی خۆی گرت و بووە

سەرداری یەکلاکەرەوەی ئەم دۆسیە ئاڵۆز و کۆنینەی کوردستان و عێراقیش.
هەرکەسێك ئۆگریی خێر و هەقە دڵشادە بەم سەرئەنجامەی کەیسی فەیلییەکان پێی گەیشتووە، دڵی ئەوانەی دڵە خۆرپێیان بوو نەوەك هەق، نەگاتە دوامەنزل، ئیتر ئاسوودە دەبێ و مرۆڤایەتی لە تێکۆشانی بێوچانی مێژوویی بە دوای ڕاستی و ڕەواییدا، داستانێکی نوێی دەستکەوت، کە لەسەر داستانەکانی لەمەوپێشی هەق سەلماندن و عەدالەت بەرقەرارکردن دەنیشێتەوە و دەبێتە نموونەی کەڵەکەبوو لە بردنەوەی ململانێی خێروشەڕدا.
لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە هەموو چیرۆکەکە نییە، دیوی دووەمی ئەم سەرکەوتنە گەورەی مرۆڤایەتی و عەدالەتخوازی، دیوێکە بێ گرفت و وێنەی تەماویی نییە.
جارێ بۆ دەبێ هەموو جارێك رۆما بسووتێ، ئینجا نیرۆن سزای خۆی وەربگرێت؟
بۆ دەبێ هەموو جارێ تەسفیر و ڕاگوێزان هەبێ، ئینجا دەورانێکی تر، پاش زیاتر لە چوار دەیە، تۆڵە بۆ فەیلییەکان بکرێتەوە؟
ئەم پرسیارەش گلەیی نییە لە ڕەوتی کیسەڵی دادگەریی، هەروەها بانگەواز نییە بۆ داخستنی چل ساڵی دیکەی ئینسافکردنی کوردە فەیلییەکان، یان کوردە هەڵەبجەییەکان لە کیمیاباران و کوردە گەرمیانییەکان لە ئەنفال، بەڵکو بۆ ئەوەیە بە دوای ئەو وزە و هێزەدا بگەڕێت، کە قودرەتمەندی نەتەوەیی دەدەنە کورد، تا جارێکی تر تووشی فەلاکەت و جینۆساید و قڕکردن نەبێتەوە. چ پەرژینێکی یاسایی و سیاسی و چ ڕێبازێکی شۆڕشگێریمان گەرەکە، کە ئەو قودرەتمەندییە نەتەوەیی و نیشتیمانییە بدەنە کوردان، تا بەر بە مەیلی شۆڤێنیزم و بەربەرییەت بگرین و نەهێڵین لە هەلومەرجێکی تردا زەفەرمان پێ بباتەوە؟
زۆر گوتراوە لەسەر فەیلی قڕان، زۆریشیان لەسەر نووسراوە و چەندی دیکەشی بگوترێن و بنووسرێن هێشتا کەمە و ئەم باسوخواسە غەمبارەی بەشێکی گرنگی نەتەوەی زولملێکراوی کورد، دەهێنێ دۆسیە و سەنتەر و ناوەندی گەورەی توێژینەوەی بۆ دابمەزرێت، بەڵام لەوانەش گرنگترە کردارە بۆ ئینسافکردنی باقی فەیلییەکان، ئەوانەی ماون لە نیشتمان و لە تاراوگەی دراوسێ و هەندەران،

عەدالەت لە ڕۆژی ٢٠١٠/١١/٣٠-دا تۆڵەی ڕۆڵەی کوژراو و بە زیندوویی نێژراو و گولەبارانکراوی کردەوە، ئیتر کاتێتی حکومەتی کوردستان و حکومەتی ئیتحادی عێراق خاوەندارێتییەکی لێبڕاوانەتر لە پرسی فەیلییە زیندووەکان بکات.

حکومەتی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانیش، بە قووڵایی ستراتیژیبوونی فەیلییەکانەوە، نەتەوەیی و کوردستانییە. ئەو ڕەوتە لەناو سیاسەتی کوردیدا، کە تەنگبینانە پڕوپاگەندەی دژی فەیلییەکان دەکرد و مەیلێکی ناوچەگەرێتی پەرە پێ دەدا، ئەوا کورتبینانە سەیری دەرەنجامی یەك دوو هەڵبژاردنی دیموکراتی کردووە و لەسەر بنچینەی ئەوە دوونیابینییەکی هەڵەی دامەزراندووە، ئەو ڕەوتە ناتوانێ و ناشیەوێ خاوەندارێتی لە کەیسی فەیلییەکان بکات. بۆیە جێی خۆیەتی هێزە ڕەسەنەکانی کوردایەتی و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان چاکتر خاوەندارێتی لەو قووڵاییە ستراتیژییەی کوردانی فەیلی بکەن و بۆ ئەمە و خزمەتی ئەوانیش باوەش بۆ خەون و ئازار و خولیاکانیان بکەنەوە.

بەڵێ زەحمەتیی ئەم کەیسە گەورەیە لەباری کۆمەڵایەتی، جوگرافی، سیاسی و یاساییەوە زەحمەتی بۆ کوردایەتی دێنێتە پێش، بەڵام قەت کورد وا بە هێز و باسکی کوردایەتی قەت ئاوەها ئەستوور نەبووە، کە بتوانێت تەکان بۆ ئەو پرسە بنێ و هەمووولایەك بەشانان بەردی بۆ هەڵبگرین.

لەمەشدا حکومەتی ئیتحادیش دەتوانێ پشتیوانێکی چاك بێت لە چارەسەری دۆسێی فەیلییەکاندا. لەوانەیە کورد و بەغدای ئەمرۆ لە زۆر شتدا ناکۆك بن، بەڵام قەت نابێ لە دۆسێی فەیلییەکاندا ناکۆك بن. جا لە جێی ململانێ لەسەر لایەنداری کوردانی فەیلی بۆ ئینتمای نەتەوەیی یان ئینتمای مەزهەبی، دەبێ ئەو کەیسە بکەینە دەرفەت بۆ تەکامول و سیاسەتێکی تەواوکاری لەنێوان کوردستان و بەغدا، حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتحادیدا.

ڕەنگکردنی بەغدا بە ڕەنگی شیعیەتی و ڕەنگکردنی کوردستان بە ڕەنگی کوردستانێتی دەبێ مایەی خێر و دڵنەوایی بێت بۆ فەیلییەکان. فەیلییەکان کەیسێکی هاوبەشن، کە دەبێ بەغدا و هەولێر شان بدەنە بەر خزمەتکردنی و هەردوولا ئەم خاڵە هاوبەشەی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و مەزهەبی کەنالیزە بکەن بۆ ستراتیژی ئینسافکردنی فەیلییەکان لە بەغدا تا کوردستان. ئەگەر بەغدا و

کورد لەسەر کەرکوك دوو دیدی جیاوازیان هەس، بۆ لە دۆسێی گێڕانەوەی ماف بۆ فەیلییەکاندا نموونەی باش لە هاوکاری و خاوەندارێتی هاوبەش پێشکەش ناکەن؟

بە ڕای من، ئەم ڕێگایە دەشێ ڕێگا بێت بۆ هاوکاری لە جێی ناکۆکی، ڕێگا بێت بۆ قودرەتمەندی نەتەوەیی و قودرەتمەندی نیشتمانی لە سەرتاسەری عێراقدا. ڕێگا بێت بۆ کرداری عەمەلی لە خزمەت فەیلییە زیندووەکان لە سەرتاسەری وڵات و لە سەرتاسەری وڵاتانی کۆچ بۆ کراودا.

با تۆڵەی عەدالەت، بۆنەیەك بێت بۆ تۆڵەی عەمەلی لە ڕەوتی زیاتر لە چواردەی لە پەراوێزخستن و تەپەسەری.

هەر ئەمەش سیاسەتێکی کوردستانییە تێکەڵ بە ڕووباری سیاسەتی عێراقی دیموکرات و دوونیابینی ئینسانی دەبێت، کە دونیا بینی دژی دەرکردن و ڕاگوێزان و جینۆسایدە.

**سێیەم: دۆسێی کوردی فەیلی لەسەر مێزی کوردایەتی و پرۆسەی سیاسیی عیراق**

بۆنەی ڕۆژی شەهیدی فەیلی و یادەوەری تاڵی تەسفیرکردنی کوردە فەیلییەکان، بۆنەیە بۆ وەبیرهێنانەوەی بەرپرسیارێتی مێژوویی و نەتەوەیی و مرۆیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان لە ئاست ئەم توێژە گرنگەی نەتەوەکەماندا.

کەس وەك پارێزەرە گەورەکەی کوردایەتی وەسفی بایەخی کوردی فەیلی بۆ کوردستان و عیراق و ڕەوایی مەسەلەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و هاووڵاتیبوونی نەکردووە. مام جەلال دەڵێ: (کوردە فەیلییەکان نموونەی چەوساندنەوەی نەتەوەیی، مەزهەبی و ئینسانیین لە عیراقدا).

دۆسێی ئەوان لە تەسفیر و دەرکردن و لێسەندنەوەی ناسنامە و هەموو موقەدەراتێکی ئابووری و موڵکدارێتی، چڕترین گوزارشتە لە حاڵی چەوساندنەوەو بێدادی لە مێژوویی سیاسیی عیراقدا. بەو پێیەش چڕترین گوزارشتە لە ڕاستگۆیی و خاوەندارێتی بزووتنەوەی کوردایەتی و بزووتنەوەی دیموکرسیی عیراقیش لەو چەمکانە، کە بوونە باعیسی خەباتێکی دەیان ساڵە دژی ڕژێمی دیکتاتۆری و

شۆڤێنی بەغدا.

ناسنامەی فەیلی وەك: کورد کە خەباتیان بۆ کوردستانێك کردووە یەك بستە خاکیان تێیدا نییە، قوربانییان بۆ داوە و پێبەندی بزووتنەوەکەی بوون و بەسەر و ماڵ و گیانیان، کۆمەك و فرمێسك و خوێن ئاویان داوە،

ئینجا ناسنامەیان:

لە ڕووی مەزهەبییەوە، کە پەیڕەوانی شیعەن و یەکەمین شڵاوی دەرکردن و لە ناوبردنی مەزهەبی و چەوساندنەوەی تایفی، لە سەرتاسەری عیراقدا تووشی، ئەوان بووە.

ئینجا ناسنامەی کۆمەڵایەتییان:

وەك توێژێکی کارا و کاریگەری بازاڕی ئابووری بەغدای پایتەخت، کە نموونەی ڕەنجی ئارەق و تین و عیسامی و خۆژێن و چاوتێر بوون، هەموو ئەمانەشیان کردە قوربانی لە ڕێی بیروباوەڕی کوردایەتیدا، بۆ بزووتنەوەی نیشتمانی و دیموکراسیی وڵات.

لەگەڵ ئەمانەشدا، ناسنامەیان وەك هاووڵاتیانێك دەیان ساڵە لە بەغدا و شریتی نیشتەنی خۆیان ژیاون و بە بیانووی پڕوپووچی تەبعیەی ئێرانی و عوسمانلییەوە ڕەگەزنامە و مافی هاووڵاتیبوون و موڵکدارێتی و خاوەندارێتی لە ڕەنجی شانی خۆیانیان لێ قەدەغە کراوە.

ئەم ناسنامە هەمەلایەنە بەڵگەی ئەو گوزارشتەیە، کە دۆسێی فەیلییەکان لە خۆیدا هەڵگرێتی و دەشێ بڵێین تێرمۆمەترێکە بۆ ڕادەی پێشکەوتن و جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی خەبات، بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و مەزهەبی و جیاکاریی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ.

دوای ڕەوتێك لە خەباتی کوردستانی و عیراقی، دوای دە ساڵ لە ڕووخاندنی ڕژێمی شۆڤێنی بەغدا، زێدەڕۆیی و پێوەنان نییە ئەگەر بڵێین، پێوانەکردنی سەرکەوتنی کوردایەتی و بزووتنەوەی دیموکراتیزەکردنی عیراقیش ئەوەیە تا چەند نمرەی باشمان لە دۆسێی فەیلییەکاندا بەدەست هێناوە.

بە داخەوە، ئەوی بەدەست هاتووە هەر زۆر کەمە و فەیلییەکان تەنها لەوە بەرخوردارن، کە دوژمنەکەیان فەوتا و ئەوی بەدەستیان هێناوە هەر ئەوەیە کە وەکو

عیراقییەکانی تر ئازاد و سەربەستن و ئیتر تەبعیە و مەزهەب و ئینتیمای نەتەوەییان لێ ناکرێتە دێوەزمە، ئەمما پێدانەوەی مافی زەوتکراو و قەرەبووکردنەوەی زوڵم و زۆری ڕابردوو، ئەوا فەیلییەکان لە خوارەوەی لیستێکی دوورودرێژن و پێدەچێ ئەم فەوزا و تەنگژەیەی عیراقیش لیستی مافدارەکان وا درێژ بکاتەوە، کە ناوی فەیلییەکان بخرێتە خوارترەوە و بەگوێرەی پەندە کوردییەکەی شیردا بۆ داپیرداپان لێ بەسەر بێت.

نە کوردە فەیلییەکان بێهیوان، نە ڕەوتی خەباتیش دەبێ تووشی ناکامی و بێئومێدی ببێت، بەڵام ئەم بۆنەیە دەرفەتە بۆ وەبیرهێنانەوەی ئازار و مەینەتیی فەیلییەکان، کە لەم تەنگژە دژوارەی عیراقدا دەشێ ناوکی هاوبەشی پەیوەندی کورد و بەغدا، کورد و پێکهاتەکانی تری وڵات بن، دەرفەتەکە تراژیدیا هاوبەشەکەی ئەوان لە ڕووی نەتەوەیی و مەزهەبییەوە، ئەنگێزەی بەخۆداچوونەوە بێت بۆ هەردوولا، کە لە ڕەوتی ڕووخانی دیکتاتۆرییدا توێژی قوربانیدەری وەك فەیلییەکانیان بردە نەبەردی دژی ستەمەوە و هەموو حزبە کوردستانی و عیراقییەکان لەم کانگای وەفا و جوامێرییەیان هەڵگۆزی و کردیانە بەردەبازی ڕاماڵینی بەعس.

ئەوەی دیارە، فەیلییەکان لەم خەباتە پەشیمان نین و ئومێدیانە هاونەتەوە و هاومەزهەبەکانیشیان کێبرکێی بۆ خزمەتکردن و چارەسەری کێشەکانیان بکەن.

ئەم دۆسێیە هێشتا بەکراوەیی ماوەتەوە، ئەرکی خەباتگێڕانی مەیدانی کوردایەتی و دیموکراسی و نەهێشتنی چەوساندنەوەی مەزهەبی و نەتەوەیی و مافی مرۆڤ و هاووڵاتیبوون هێشتا تەواو نەبووە، چونکە هێشتا فەیلییەکان ئینساف نەکراون، چ جای ئەوەی وەك تیۆرییەکەی مام جەلالیان بۆ بکەین: تەمیزی ئیجابی.

*ئەم سێ وتارە لەسەر دۆسێی کوردی فەیلی لە سێ قۆناغی جیاواز دا لە کوردستانی نوێ بڵاو بونەتەوە لە ڕۆژەکانی: ٢٠٠٠/٤/٨، ٢٠١٠/١٢/٢، ٢٠١٣/٤/٣

# خەمخواردن لە داگیرکەران

باشە ئەگەر چەکوشی ئامادە: دادگای نێودەوڵەتی بۆ تاوانەکان، لە مەودوا لەسەر هێڵ بێت بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی جینۆساید و مرۆڤکوژی، ئەی داگیرکەرانی وڵاتان و سەردەستە بێویژدانەکانی مێژوو چی دەکەن؟ بە چ شێوەیەك درێژە بە کاری داگیرکاری دەدەن و چۆن میللەتە بندەستەکانیان دەچەوسێننەوەو لەناو دەبەن؟ ئەگەر ئەو حاڵە ڕوودات، ڕێورەسمی داگیرکاری، کە دابێکی زاڵمانەیە لە دژی زوڵملێکراوان، چۆن بەرێوە دەچێت؟

ئەگەر ئێمە بیرکردنەوەیەکی گشتگیرمان هەبێت، دەبێ "خەم"! لەم زاڵمانەش بخۆین، گوناحن، ئیتر چۆن بمان کوژن و بمان برنەوە؟

بێگومان ئەمە بۆ گاڵتە و جەفەنگ بوو، دەنا زاڵم هەر خۆی بە خۆی بێت. ئەم پرسیارەم زیاتر بۆ وروژاندنی بیرکردنەوەیە لەسەر ئەوەی دونیا چۆنی لێ دێت و چۆن دەگوزەرێت؟ میللەتی دارفۆر خۆی ڕێکخستووە، حکومەتی بەشیر لەسەر هێڵی جینۆسایدە، کەچی لەولاوە دادگا چەکوشی ئامادەیە.

میللەتێکی تر (کوردێکی داماو) بە ناوی هەر میللەتێکەوە ڕادەبێت، داگیرکەرانی ئامادەی سەرکوتن، ئامادەی جینۆسایدن، بەڵام چەکوشی دادگا ئامادەیە؟ باشە ئەم گەمەیە چۆن بەرێوە دەچێت؟ بە ڕۆحێکی وەرزشیی بەرزەوە؟ یانی داگیرکەران لەبری کیمیاوی کەمانچە دەژەنن و لە جێی تۆپ تەپڵ و دووزەلە و لەبری فەیلەق و سوپا، چالغی بەغدادی ڕەوانە دەکەن؟ یانی لە بەرامبەر هەر ڕاپەرینێکی ڕەوای میللەتاندا، داگیرکەران تیپی سەمفۆنیا دەخەنە کار؟.

بەو حاڵە کاریکاتۆرییەشەوە، پێشبینی دەکەم داگیرکەرانی کوردستان، چونکە لە زوڵمدا بێوێنەن، لەمەشدا فێڵ بکەن و لە جێی سەمفۆنیا، مارشی سەربازی

لێ دەدەن، هیچ نەبێ دڵیان بەوە ئاو دەخواتەوە؟
لەوانەیە بڵێین، ئەمە خەیاڵپڵاوییە، لە باشترین سیناریۆدا دادگا دوای جینۆساید ئینجا یەخەی جەللادەکان دەگرێت؟ بەڵام جەللادەکان ئەسڵەن بۆ میللەتان دەکوژن؟ ئەگەر لەبەر خۆپەرستی نەبێت؟ جا خۆپەرست کەی دەوێرێ بکوژێ، کە بزانێ لە دادگا دەکوژرێتەوە؟

*ڕۆژنامەی ئاسۆ، ڕۆژی: ٢٠٠٨/٧/١٥

# بەرپرسیاریێتی نەتەوەیی، ژیری نەتەوەییە

کوردستانی چەند هەفتەی ڕابردوو، کوردستانی بەریەککەوتنی ئاراستەی سیاسیی جیا و ململانێی سەربازی ئیقلیمی بوو، کە لە سەر سنوورەکان پریشکی شەڕی پژاك - کۆماری ئیسلامیی ئێران و پەکەکە و تورکیا، هەم زیانی گیانی و ماڵی بەرەوەند و گوندنشینانی قەندیل گەیاند، هەمیش کاردانەوەی سیاسی و جەماوەریی جۆراوجۆری بەدوای خۆیدا هێنا، بە تایبەتیش لە ئاستی سۆزی نیشتمانیی کۆمەڵانی خەڵك بۆ زیان و تەلەفی هاووڵاتیانی سیڤیل، کە لایەنێکی شەڕ و پێکدادانەکان نین و بە حوکمی هەڵکەوتی جوگرافی ناوچەکەیان بووەتە قوربانی ململانێکە.

تا ئەو ئاستەی کاردانەوەی جەماوەری و چالاکی گرووپ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بۆ ناساندنی کێشەکە، بۆ پشتیوانی لە قوربانیانی بۆردوومانو ڕەتکردنەوەی بژارەی شەڕ و پێکدادانی سەربازییە، کە هیچ کێشەیەکی پێ چارەسەر ناکرێت و زیانی بۆ کوردستانییان و قازانجی دەچێتە گیرفانی گرژی و ئاڵۆزیی زیاتری ناوچەکەوە، تا ئەو ئاستە ئەم بەتەنگەوە هاتنە جەماوەرییە پێویست و تەندروستە بۆ پێدانی ڕەهەندێکی جەماوەری و دەرخستنی هەڵوێستی خەڵکی کوردستان، کە هەڵوێستی دەربەستی نەتەوەیی و مرۆییە.

لێ چونکە لە کوردستان دۆخی ململانێی سیاسی تیژە و دەرکەوتەکانی چەند مانگی ڕابردووش تا ئێستا ڕێگرن لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی حکومڕان و ئۆپۆزسیۆن، بۆیە دەبینین هەر پێشهاتێکی سیاسی، وەك ئەوەی سەرسنوورەکان، دەبێتە بۆنەی نانەوەی جیاوازیی سیاسی و بەلاڕێدابردنی هەڵوێستە سیاسییەکان، لە جێی هێنانەکایەی ئیجماعێکی نیشتمانیی. نموونەی ئەمە، جەختکردنەوەی ئۆپۆزسیۆن و بەرەی میدیاکەی بوو لەسەر بژارەی گەرمکردنی خیتابی

سیاسی و نزیکبوونەوە لە خیتابێکی شەعبەوی، کە لەسەر زەمینی واقیع هیچ دەستکەوتێك بەرجەستە ناکات و بەردێك ناخاتە سەر تەلاری چارەسەری کێشەکان و دوورخستنەوەی ئاگری شەڕ لە کوردستان و مەترسیی بەرپێنەگرتنی دەرئەنجامە سیاسییەکانی شەڕ و پێکدادانی سەربازی.

سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و حوکمڕانی کوردستانی لەسەرەتاوە بەرپرسانە بژارەی چارەی دیبلۆماسی و ڕەچاوکردنی کەناڵە تایبەتییە کاریگەرەکانی سیاسەتی هەڵبژارد، بۆ ئەوەی گرێکوێرەکانی ئەم ئاڵۆزییە بکاتەوە، ئەمە ستراتیژێکی ڕاست و دروست بوو، کە لە چەندین دەرکەوتی تردا بە باشی بۆ کوردستانیان گەڕاوەتەوە و ڕێگایەکی باریکی، ئەمما ئارام، بۆ دوورخستنەوەی شەڕ و ئاشووب لە کوردستان دابین کردووە. ئەم بژارەیە کەمتر لە ئاستی میدیا و کۆڕ و کۆبوونەوە ئاشکراکاندا مەکسەبی حزبی و کاردانەوەی سۆزداری دەخولقێنن، بەڵام لە ئاستی کۆششی دیبلۆماسی و سیاسیدا کاریگەرن و بەشی کورد لەناو سیاسەتی ئیقلیمی و بەشی کوردستانیان لە ئاسایش و ئارامی دەپارێزن.

ئەمەش ئەرکی قورسی بەرپرسیارێتییە، کە بۆ دەربەستی نەتەوەییە، نەك بۆ کەمەندکێشکردنی سۆز و وەبەرهێنانی لە جەمسەرگیری ناوخۆییدا، تا ڕادەی گومان خستنە سەر سیاسەتی نەتەوەیی ونیشتمانیی حزبەکانی کوردستان، کە لە چەندین وێستگەی مێژووییدا لە مەنگەنەی هەڵوێستی نیشتمانیی دراوە و سەربەرزانە بە تۆمارێکی شایانەوە هاتۆتەدەر. هەروەك هەڤاڵ مام جەلال دۆێنێ لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ناوەندا سەبارەت بە هەوراز و نشیوەکانی خەباتی یەکێتی ڕایگەیاند (یەکێتی ئەرکی نیشتمانیی و نەتەوایەتیی خۆی باش دەناسێ و ژیرانە و بە وردیش کار بۆ جێبەجێکردنیان دەکات).

ئەم پژارەیە هەم دەربەستی نەتەوەیی سەرکردایەتی وڵاتی دەرخست، هەمیش ژیری و سیاسەتی بەتەگبیری حوکمڕانیی کوردستانی دووپات کردەوە، کە هەر لە سەرەتاوە ئەرکی دەستووری و سیاسی و نەتەوەیی خۆی لێ تێك نەچووە و سەرئەنجام ئاڕاستەی ڕووداوەکانیش هەر بەری چارەی دیبلۆماسیی دەردەخەن.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١١/٩/٦

# مۆراڵی شۆڕشی کوردستان

که شۆڕشی شوێنی تر دەبینین، هەقمانە بڵێین شۆڕشی کوردستان، یان شۆڕشەکانی کوردستان، شایانی سڵاو و ستایشن. ئەوی بەسەر کورددا هاتووە لە مێژوودا هی ئەوە بوو نەتەوەیەك دەهری ببێت و لە پێستی خۆی بێتە دەرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوەی کوردایەتی، کە ناسنامەی سیاسیی نەتەوەی کوردە لە هیچ کام لە شۆڕشەکانیدا ئەمەی نەکردووە، کە لە شۆڕشی شوێنی تر بینیومانە.

تەنانەت لە تەنگانەترین هەلومەرجیشدا نەمان خوێندۆتەوە و نەمان بینیووە و نەمان بیستووە، کە "توندوتیژی" لە شۆڕشی کوردستان گەیشتبێتە ئەندازەیەك، ئەوە بکرێت کە لە مێژوودا تەنها وەحشی بە سیوجگەری حەمزەی مامی پێغەمبەر، درودی خوای لەسەر بێت، کردوویەتی و نها لەگرتەیەکی ڤیدیۆدا دەبینین شۆڕشگێڕێکی سەدەی بیست و یەك بە لاشەی سەربازێکی سوپای ئەسەدی دەکات.

هیچ کام لە ڕەوت و ڕێبازی سیاسیی توندڕەو، لەناو شۆڕشەکانی سەرتاسەری کوردستاندا، توندڕەوی خۆی لە مامەڵەی دوژمندا نەگەیاندۆتە ئەو ئاستەی نها لە شۆڕشگێڕەکانی ئاخر زەمانی دەبینین، لەکاتێکدا شۆڕشی کوردستان هەمیشە گەمارۆدراو بووە و دوژمنانی کوردیش لە ململانێ و بەرەنگاریدا سڵیان لە هیچ نەکردۆتەوە و هەموو مۆراڵێکی جەنگی حەریفانەیان بەزاندووە، بە جۆرێك نەك هەر شۆڕشگێڕانی کوردستان، بەڵکو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیشیان بە ئامانج گرتووە.

خەباتی چەکداری و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردستان، کە زۆری خایاندووەو گەلێك جار دووچاری شکست و نائومێدی و پیلان کراوە و تەنانەت تووشی

بەربەرەکانێ و توندوتیژی ناوخۆیش هاتووە، کەچی ئەو دڵڕەقی و توندییەی لێ نەوەشاوەتەوە، کە ئەم هەفتەیە بینیمان.

ململانێ و شەڕوشۆڕ هەر هەبووە و شەڕیش یانی توندوتیژی، نەك چوونە سەیران وگەڕان، بەڵام لە شۆڕشە هەق و ڕەواکان سنوورێکی جوامێری بۆ زۆرانبازی هەیە، کە تەجاوز کرا، دەرگای دۆزەخ بۆ کەوتنی مۆراڵی دەکاتەوە. ئیتر سەنگەرەکان تێکەڵ دەبن و شۆڕشەکانیش لەڕێ لادەدەن.

بۆیە لە زەمەنی وادا هەقە و هەقمانە سڵاوێك بۆ ئەخلاقی شۆڕشگێڕانەی شۆڕشی کوردستان بنێرین.

***کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٣/٥/١٦**

# بەهار هاتەوە، بەهاری ڕاپەڕین

هەفتەی داهاتوو کوردستان دەچێتە نێو وەرزی بەهاری ڕاپەڕین و کەرنەڤاڵی گەورەترین وەرچەرخانی نەتەوەیی لە مێژووی سیاسیی کوردستاندا، یادی ڕاپەڕینی کوردستان لە٥ی ئاداری شاری ڕانیەی دەروازەوە تا ڕزگاریی شارە گەورەکان، زەماوەندی ٣/٧ لە سلێمانی، ٣/١١ لە هەولێر، ٣/١٤ لە دهۆك و لەو نێوەندەشدا وێستگەی ڕزگاری دەیان گەورەشار و شار و شارۆچکەی کوردستان هەن، تا دەگاتە تاجی ڕزگاری لە٣/٢٠دا وەختێك کەرکوك لە چنگی تەعریب و تەبعیس و تەرحیل ڕزگار کرا.

## بۆنەکە دەرفەتێکە

بێگومان لە هەفتەی داهاتووەوە وەبیرهێنانەوەی وردەکاریی ڕاپەڕین و ڕووداوەکانی، مانا و مەغزاکانی، دەرەنجام و گیرساوەکانی دەبنە باسوخواسی میدیاکانی وڵات و سەرەڕای دیوە ئاهەنگسازییەکەی یادکردنەوەکە، بۆنەکە خۆشی دەبێتە دەرفەتێك بۆ تیشك خستنەسەر گەلێك لایەنی نوێ و شاراوەی ئەم بەسەرهاتە نەتەوەییە کەم وێنەیە. هەموو یاد و وەبیرهێنانەوەیەك، سەرەڕای ئەو دیوە ئاهەنگسازییەی، دەرفەتێکە بۆ تەوزیفکردنی ماناکانی لە دۆخی ئەمڕۆی وڵاتدا. هەم بۆ دەرس و پەند، هەم بۆ ئەوەی لە ڕێگایەکی واوە سیلەی ڕەحمی ڕووداوی مێژوو بە ڕووداوی ئەمڕۆوە پتەو بکەین.

## پتەوترکردنی سیلەی ڕەحمی نێوان ساتەوەختی ڕاپەڕین و دەرهاویشتەکانی ئەمڕۆی

چەند ساڵ پێش ئێستا، بۆ بەراورد دەمان توانی شانازیی ئەوە باس بکەین،

که ڕاپەڕین توانی گەلی کوردستان قودرەتمەند بکات، تا ئەو ڕادەیەی لە٢٠ی ئاداردا ئەم گەلە توانی بەهێز و باوەڕی خۆی شاری کەرکوك ئازاد بکات، پێش ئەوەی ١٢ ساڵ دوای ئەو بەرواره، لە٩ی نیسانی ٢٠٠٣دا، گەورەترین زلهێزی دونیا بێتە کوردستان و عێراق ڕوو لە کەرکوك بکا و جارێکی تر لە چنگاڵی بەعسی دەربکات و ئیتر بۆ هەتا هەتایە کەرکوك و کوردستان و تێکڕای عیراقیش لە دەست هەڕەشەی بەعس و سیاسەتەکانی ڕزگاریان ببێت

**یەکەمین دەرفەتی هەڵبژاردن؛ بەرهەمی ڕاستەوخۆی ڕاپەڕین**

بەرهەمی ڕاستەوخۆی ڕاپەڕین یەکەمین دەرفەتی هەڵبژاردن بوو، کە دوای ساڵ و دوو مانگ لە ڕاپەڕینەکە ڕەوایی دیموکراسی بە پڕۆسەی ڕزگاریی کوردستان و بنچینەی دامەزراندنی قەوارەی سیاسیی کوردستان بەخشی. هەڵبژاردنی کوردستان، لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٩٢دا، دیمەنێکی ڕەوانمان دەداتێ لەسەر ئەو کۆمەڵگە کوردستانییەی ئەندێشەی ڕاپەڕین خواستی بوو بێتە کایەوە:

- کۆمەڵگای کوردستانی دوای ڕاپەڕین کۆمەڵگەیەکی چەکدار بوو، پێشمەرگەی ڕاپەڕیووی هێزەکان، چەکداری گەڕاوە بۆ سەنگەری گەل، لە دەرەنجامی جاڕدانی ئاشتبوونەوەی گشتی لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە، خۆ چەکدارەکانی خۆڕسکی جەماوەر، بەتایبەتیش گەنجەکان کە کەشوهەوای ڕاپەڕینو خۆنواندنی پێشمەرگایەتی چەك هەڵگرتنی کردبووە بەشێك لە ئاماژەکانی ئینتیما بۆ کوردایەتی، بۆ حزبایەتی و ڕۆڵگێڕانی شۆڕشگێڕانە.
- بەو حاڵەشەوە کۆمەڵگەی ڕاپەڕین کۆمەڵگەیەکی ئازاد بوو، کە خۆی بۆ ئامانجی سیاسی ئامادە کرد بوو، لەپێشدا ئامانجی سیاسی چاوەڕێکراو لە ڕێی دەرەنجامی دانوستانی بەرەی کوردستانی لەگەڵ ڕژێمی بەعس، کە دەبوو مافەکانی کوردی پێ دابین ببێت، ئینجا ئامانجی سیاسی چاوەڕێکراو لە ڕێی دەرەنجامی هەڵبژاردنی پێشبینیکراو لە کوردستان، کە دامودەزگای کوردستانی دادەمەزرێنێ و دانپیادانانی نێودەوڵەتی بە لێوەشاوەیی کورد لە خۆبەڕێوەبردن مسۆگەر دەکات. ئەمە شتێك بوو لە بابەت ناساندنەکەی یاسر عەرەفات بۆ تایبەتمەندیی دیموکراسیی نێو ڕەوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەڵەستین:

(دیموکراسییەکی چەکدار).

دیموکراسیی کوردستانی لە کۆمەڵگەیەکی چەکداردا، تا هەڵبژاردن کرا و دەرەنجامەکانی دەرکەوت کەمترین بەریەککەوتنی سیاسیی خراپی لێ نەکەوتەوە. سەرەڕای کەمیی تەجروبەی کورد لە ململانێی هەڵبژاردن و هەڵمەتی کۆڕ و کۆبوونەوەی جەماوەری سەرپەرشتی پرۆسەی دەنگدان، ڕۆژژمێری ئەو ڕووداوانە ناخۆشی و توندوتیژیی ئەوتۆیان تۆمار نەکردووە، کە شایەنی باس بێت.

- کۆمەڵگەی دوای ڕاپەڕین کۆمەڵگەیەکی کراوە بوو بۆ بەشداریی هەمووان، کەس لە خۆهەڵبژاردن، لە مافی دەنگدان مەحروم نەکرا. تەنانەت لە چاوی ئەمڕۆوە، ئەگەر رەخنەیەك لە کۆمەڵگەی کوردی دوای ڕاپەڕین دەگیرێت ئەوەیە، کەس سزا نەدرا و نە دەستەواژەی (ڕیشەکێشکردن) و نە سەردێری (فلول النظام) کرایە قەڵەمکێشی پۆلێنکردنی چاك و خراپ. (ئاشتبوونەوەی بەرە) بە لێبووردەییەکی ڕۆمانسیی کۆمەڵایەتیش موتوربە کرابوو. ئەم دەرەنجامە جوانانە ئەو کاتە جوانتر دەدرەوشێتەوە، کە سەیری نموونەی پاکتاوکردنی دوای شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی ناوچەکە بکەین. نموونەی پەکخستنی بەشداری و دوورخستنەوە و لیستی ڕەش دروستکردن بۆ نەیارەکان.

- هەموو هێز و بیروڕا ئایدۆلۆژیاکان بەشداری هەڵبژاردنیان کرد و لە حزب و لیست و هاوپەیمانێتیدا خۆیان ڕێکخست. لە وەختێکدا نەوەدەکان دەورانی کەوتنی ڕەوتی چەپو کۆمۆنیزم و مارکسیزم بوو لە دونیا، ڕەوتی مارکسی و چەپی کوردستان لە چەند لیست و قەوارەیەکدا خۆیان ڕێکخست و سەربەستانە بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکەدا کرد. لەکاتێکدا ئیسلامیی سیاسی و ڕەوتی ئیسلامی لە دونیای عەرەبی و ئیسلامی سەرەتای نەوەدەکاندا یان قەدەغە، یان تەوەللا و پایدۆز کرابوون و لە پرۆسەی سیاسیدا بەشدارییان قەدەغە بوو. ڕەوتی ئیسلامیی کوردستان خۆی لە قەوارەیەکدا ڕێکخست و تەنانەت پاڵێوراوی پۆستی ڕابەریشیان هەبوو. حزبەکان بە نەتەوەیی و کوردستانی، دیموکرات و چەپ و ئیسلامییەوە، سەربەستانە بەشداری ململانێی هەڵبژاردن بوون و کێبرکییەکی دیموکراسی جوانیان بەڕێوەبرد، کە لە یەکتر قبوڵکردندا، بۆ کۆمەڵگەیەکی چەکدار، هەر زۆر نموونەیی بوو.

## بەهارێکی تایبەتمەند

سەیر لەوەدایە، لە هەموو هەڵبژاردنی کۆمەڵگەکانی دوای ڕزگاریدا، چ (یوئێن)، چ دەوڵەتە گەورەکان و چ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی هەوڵی بەشداری و چاودێریکردن دەدەن و بۆ ئەمەش مەرج و گوشاریان هەیە. کەشی یەکەمین هەڵبژاردنی کوردستان ئاوێتەی داخوازی گەورەی کوردستانیان بوو، کە دەیان ویست کۆمەڵی نێودەوڵەتی بێن و بەشداری لە سەرپەرشتی، یان چاودێریی هەڵبژاردندا بکەن و لەو پەنجەرەوە دیموکراسیی کوردی و دامەزراوەکانی دوای هەڵبژاردنی کوردستان ئیعترافی نێودەوڵەتی بەدەست بێنن. بە واتایەکی تر، لە سەردەمی دەگمەنی هەڵبژاردن لە دونیای عەرەب و ناوچەکە و لە وەختێکدا وڵاتانی ناوچەکە بەگومانەوە سەیری سازمانە نێودەوڵەتییەکانیان دەکرا، کوردستان خۆی بانگەوازی هاتنی ئەو سازمانانەی دەکرد. سەرەنجام دیموکراسیی کوردستانی بە بەشداری کەمترین سازمانی نێونەتەوەیی لەدایك بوو، هاتەکایەوە و سەریش کەوت و لە بەدەستهێنانی پشتیوانی نێوەوڵەتی کۆڵی نەدا.

هەموو ئەو تایبەتمەندییانە لە کوردستانی دەمی ڕاپەڕیندا هاتەکایەوە، بەو جۆرەی بەهاری ڕاپەڕینی کوردستانی کرد بە بەهارێکی تایبەتمەند، کە هی ئەوەیە شتیَ لیَ وەربگیرێت و دەور و دەوڵەتان چاوی لیَ بکەن.

*کوردستانی نویَ، رۆژی: ٢٠١٢/٢/٢٨

# ڕێی ئاوەدان بۆ کۆنگرەی کوردان

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان خەونی لەمێژینەی بزووتنەوەی کوردایەتییە لە هەر چوار پارچەی نیشتمانەکەماندا.

هەر هەنگاوێك بەو ئاڕاستەیە بنرێت، بەرجەستەکردنی ئەو خەونە و نزیککردنەوەیەتی لە واقیعی سەرزەمینی کوردستان. بۆیە ئەم وێستگەیەی ئێستا پێی گەیشتووین، کە بەم نزیکانە کۆنگرەکە بکرێت، پێشکەوتنێکی جێی دڵخۆشییە.

بەڵام کۆنگرەی نەتەوەیی خۆی لە خۆیدا ئامانج نییە، وەدیهاتنی ئامانجەکانی کۆنگرەکە و ڕێککەوتن لەسەر لانی کەمی ستراتیژیی کوردایەتی سەرتاسەری، گرەوە ڕاستەقینەکەیە.

بۆ ئەمە دەبێ کۆنگرە کۆی دیمەنی کوردستان و ناوچەکە و باری سیاسەتی نێودەوڵەتی لەبەرچاو بێت. هەڵبەت باسکردنی ئاڵۆزییەکانی بەردەم کورد بۆ بێ ئومێدکردن و دەستبەرداربوون نییە، بەڵام شاردنەوەی تەحەددیات و ڕێگرییەکانی بەردەم نەتەوەی کوردیش بە تەنیا نابێتە پەرژینی پاراستنمان، نادیدەگرتنی تەحەددیاتەکان لە زەرەر و زیانەکانی نامان پارێزێ، بەڵکو ناسینەوە و ئامادەکاری بۆ نەبەردی بەرەنگاربوونەوەیان، لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە، ڕێگای زێڕینی بەزاندنێتی، ڕێگای ڕاستەقینەی هێنانەدیی ئامانجی نەتەوەیی، کۆنگرەی نەتەوەییە. دیارە سیاسەتی کوردایەتی لە باشوور، کە تەجرەبەیەکی حوکمڕانی هەیە و لە بەشەکانی تری کوردستانیش کە لە قۆناغی شۆڕشگێڕیدایە، شتێك گۆڕانکاری و ڕەوشی نوێی دونیای ڕەچاو کردووە، بۆیە ئەمڕۆ بە ئاشکرا شان لە شانی ئەرکی وا پیرۆز دەدات.

لەم سەرەتای سەدەی نوێ و بەدواهاتووەکانی بەهاری عەرەبی، کە دارمانی

ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانی لە ئەفسانەوە کردە واقیع، گەلی کورد بە چاوی تیژی چەوساوە و بندەستانەوە پێشبینی باهۆزی گۆڕانکاریی دەکات و هەقێتی لە بەندو داوەکانی سەدەی دڵڕەقی بیستەم تەوەللا ببێت.

پێدراوەکانی بەردەست وایە:

عیراق: بەهاری خۆی لە ڕووخانی سەددامەوە دەست پێ کردووە و سەرەڕای تەنگژەکانی بەغدا و کوردستان هێشتا ئەم وڵاتە ئومێدی کورد دەلاوێنێتەوە.

سوریا: یەك لە نیشتمانە ئاڵۆزەکانی بەهاری عەرەبییە و کوردستانی ڕۆژئاواش لە جێی خۆی جولاوە.

تورکیا: بزووتنەوەی کوردایەتی لەوێ گەرمە، تورکیاش کە سەرەتا خۆی وەك عەرابی بەهاری عەرەبی دەردەخست، ئەمڕۆ لەگەڵ پێدراوی نوێی کەوتنی تەجرەبەی ئوسوڵی لە میسر و زەمینلەرزە کزەکەی (مەیدانی تەقسیم) ڕووبەڕوو بۆتەوە، بە هارێکی کوردی لەوێ بەڕێوەبوو، لە جێی بەرەنگاربوونەوەی، حکومەتی (دادوگەشەپێدان) بە ئاشتی باوەشی پێدا کرد و هێشتاش دەرکەوتەکان ماون.

ئێران: کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەولەویەتی داوە بە زۆرانبازی لەگەڵ کۆمەڵی نێودەوڵەتی و دۆسێی ئەتۆمی و باسی نەتەوەی کوردی نەکردۆتە ڕۆژەڤەوە، بەڵام خۆ ئەمە تاسەر نابێت و تارانیش هەست بەم گۆڕانکارییانە دەکات، دەورانی ڕۆحانیش کە دەخوازێ کرانەوە ڕەچاو بکات، سەرەنجام بە ڕووی کورددا دەکرێتەوە. کۆی ئەم پێدراوانە دەری دەخەن بەهاری گۆڕانکاریی لە دەوری دەستکاریی ڕژێمە سیاسییەکان و دەستکاریی جوگرافیای حوکمڕانی دەخولێتەوە.

ئەمەش ئەو ئەرکە دەخاتە سەر شانی کۆنگرە، کە ستراتیژی سەرکەوتووی وا ڕەچاو بکات، کە بەشداری کورد لە ستراتیژی کۆنگرەیی ناوخۆیی وڵاتەکانی هاوبەشی کوردستاندا سەنگین و کارا بکات. ستراتیژەکە بۆ بەشداری و ئاگاداری بێت لەگۆڕینی جوگرافیای حوکمڕانی نوێ و لە سنووری دەوڵەتەکاندا هێزە سیاسیی و کۆمەڵایەتییە جێگرەکانی ئێستا و هێزە دەرکەوتووەکانی ئایندە بناسێت و بەگوێرەی ئەوە هاوپەیمانێتی و جەمسەرگیری خۆی دیاری بکات.

ئەمە، کە هێزە کوردستانییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان خیتابی

گفتوگۆ و ئاشتی و پێسەلماندنی مافەکانی کورد لە وڵاتانی ناوچەکە ڕەچاو دەکەن، خیتابێکی نەرمونیان و بیانووبڕە، دەبێ کۆنگرە بەکردەوە ئەم ڕێبازە تەبەنی بکات و کوردایەتی هەر چوار پارچەی بۆ هان بدات، تەشویقی هەموویان بکات، کە ئەم بژارە سەرکەوتووە و ڕێگا بۆ بژارەی گەورەتریش خۆش دەکات.

***کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٣/٧/٢٤**

# کۆنگرەی پایەدارکردنی فاکتەری کورد

گرنگترین دەرکـەوت، کە کۆنگرەی نەتەوەیی کـورد پێی بگات ئەوەیە، نوێنەرایەتی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان پایەدار بکات و لێوەشاوەیی و تواناداریی‌یەکەی بسەلمێنێ. بەمەش هەردوو توخمی سەرکەوتنی نەتەوە دابین دەبێت: فاکتەری بابەتی و فاکتەری خودی.

هەرگیز وەکو ئەمڕۆ هەلومەرجی بابەتی و دەوروبەر بۆڕرابوونی نەتەوەیی کورد فەراهەم نەبووە، تەنانەت نەیارە دێرینەکانی کوردیش، وەك واقیعی داهاتوو، لەگەڵ ئەم ڕابوونە نەتەوەییە مامەڵە دەکەن و ستراتیژی سەرەکیی خۆیان، لەم دۆسێیەدا لـەوەدا چڕکردۆتەوە، کورد و کوردستان لەگەڵیان بەتەگبیر بێت و پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی داهاتوو پێکەوە و بە ڕاوێژ جێبەجێ ببێت.

ئەوەی دەتوانێت ئەم هەلومەرجە بابەتییە بقۆزێتەوە، ئامادەگی کورد و هێزە سیاسییەکانێتی لەگۆڕەپانەکەدا، تا بتوانن ئەرکی لەمێژین جێبەجێ بکەن.

لەگەڵێك قۆناغی مێژوویدا سەرکردایەتی لێوەشاوە و نوێنەرایەتی بەرجەستە بۆ کوردایەتی دابین بووە، بەڵام هەلومەرجی بابەتی ڕەزیل و ناجۆر بووە و بەخت نێوانی لەگەڵ کورد خۆش نەبووە، ئەمڕۆ ئیقبالی بەختی کـوردە و کاتێتی لێوەشاوەیی فاکتەری کوردی دەربکەوێت. لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا هێزی قاڵبووی کوردایەتی بەئەزموون، هـەروا هێزی نوێی بەگوڕ و تین و ئامادەی نەبەردیی گەورە هەیە، ئەمانە دەبێت کراسێك لە ئەزموونە تاڵەکانی ڕابردوومان دادڕن و ئەوە بکەن، کە پێشتر نەمان کردووە و ئەوە ڕاست بکەنەوە، کە جاران وەکو هەڵە و پەڵە کردوومانە. بەمەش فاکتەری خودیی لەبار و تەبا دەبێت، تا فاکتەری بابەتی ڕەخساو ملکەچی خواستی ڕەوای کوردایەتی بکات.

ئەم هێزانەی کوردایەتی، کە ئێستا لە تەگبیری کۆنگرەی نەتەوەییدان،

هەمەچەشن و هەمەڕەنگن، هونەر ئەوەیە جیاوازییەکان بکەنە بژارەی دەوڵەمەندکردنی کۆنگرە و دەرەنجامەکانی و پەراوێزی مانۆڕ و سیاسەتی کورد زیاتر بکەن، ئەم هێزانە لەسەریانە تایبەتمەندیی هەر بەشێك و هەر هێزێك بکەنە دەسکەلای فرە ئاڕاستەیی سیاسەتی کوردستانی و نەیکەنە باعیسی بەریەککەوتن و تەوەللا بوون.

ئەمانەن ڕێی ئاوەدانی تەبایی و بەهێزبوون، تا فاکتەری کوردی بەهێز بکەن، بۆ پێشوازی لە هەلومەرجە لەبارەکە. نە ململانێی کورسیی ئێستا و حزوری داهاتوو لە کۆنگرە، نە پێچە بەدەورە لە یەکتری و کردنی کەموکوڕی لێرە و لەوێ بە بیانووی ناکارایی بەشداربوون، ئەمانە هیچیان فاکتەری کوردی ناگەیەننە کەماڵ و بایی ئەوە بەهێزی ناکەن لە ئاستی بەرپرسیاری و ئاستی ئاواتەکاندا بێت. ئەگەر هێزەکانی کوردایەتی ئەم بەرپرسیارێتییە جێبەجێ نەکەن، پاکانەی بوونی داهاتووی خۆشیان پەك دەخەن. سەد ساڵە کوردایەتی هەیە، خۆ هەر دەبێ بۆ ڕۆژێکی وا هێزی کەڵەکە کردبێت.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٣/٧/٣١

# نۆرەی کاکەکانە

کوردستانیش شایانی داخ و پەژارە بۆ دەربڕینە، شایانی ئەوەیە داوای لێبوردنی لێ بکرێت و قەرەبووی چەوساندنەوە و لەناوبردن و قڕکردنی بکرێتەوە. دوای ئەو هەموو ئازارە لێبوردنێکیش هەر سەبوورییە، ئەگەر لە دڵەوە بێت.

وەزیری بەرگریی بەریتانیا، لە جیاتی مەملکەتی بەریتانیا، ڕایگەیاند: ئەوان بەداخ و ئازارن بۆ پەژارەی لەمەوپێشی ماوماوەکان لە کینیا و ئامادەی ئەوەن قەرەبوویان بکەنەوە.

خەڵکی کوردستان و خاکی کوردستانیش شایانی لێدوانێکی وایە. نەك تەنها لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە، نەك تەنها لەلایەن دەوڵەتی عیراقەوە، کە ڕژێمی پێشووی بەعس ئەنفال و کیمیابارانی کرد، بەڵکو لەلایەن ئینگلیز و فەرەنساشەوە، کە عەرابی ئۆینبازییەکەی سایکس بیکۆن و چیرۆکی خەمباری کوردستان لەسەر دەستی ئەوان چوار قات کرایەوە.

ئەگەر ئەو ئۆینە ئیستعمارییە نەبووایە، قەومییەکانی عیراق و بەعسییەکان لە کوێ دەبوونە خاوەنی کوردستان و ئەوەمان پێ بکەن کە کردیان.

چیرۆکەکە لەوێوە دەستی پێ کرد، ڕاپۆرتی ئینگلیزەکان خۆیان دەڵێت، شێخ مەحمود یەکەمین ڕاهێنەری هێزی ئاسمانی بەریتانیا بوو، ئەوەندە مەملکەتەکەی و سلێمانی، پایتەختەکەیان، دابێژا. ئەوان تەنانەت بێ هیچ گرەنتییەکی مافەکانی کوردیش، عیراقیان کردە سەرداری کوردستانی جنوبی و تا خۆری "ئیمپراتۆریای هەرگیز خۆر لێ ئاوا نەبوو" ئاوا بوو، تا هیلالی پادشایی لە عیراق کوژایەوە، هەر ڕەوشەکەیان پینەکرد، ئینجا بەغدا بووە پاوانی لاساریی بەعس بەرامبەر کوردستان و دەرودراوسێی عیراقیش، بە جۆرێك هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا ناچاری لابردنی بەعس و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ئەم عیراقە بن،

ئینگلیز خۆشیان هاتنەوە وەك بڵێی ئەوی لە سەرەتای سەدەی بیست کردیان هەڵە بوو، لەم سەرەتای سەدەی بیستویەکەدا ناچاربوون بێن تا نەختێك ڕاستی بکەنەوە. بیکەنە وڵاتێك هیچ نەبێ شوێنی کورد و شوێنی کوردستانی تێدا ببێتەوە.

بۆیە ئێستا کورد و کوردستان شایانی ئەوەن داوای لێبوردنیان لێ بکرێت، کە ئەم زامە هێشتا سارێژ نەبووە و خوێنی لێ دەتکێت.

ماوماوییەکان پیرۆزیان بێت، نۆرەی کاکەکانە کە ئینساف بکرێن، هەم لەلایەن میراتگرانی دەوڵەتە سوێندخۆرەکانی سایکس بیکۆوە، هەم لەلایەن کێکخۆرەکانی میراتەکەیان بۆ مایەوە.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٣/٦/١١

## بەقەد گەورەیی ڕووداوەکان

نەتەوەی گەورە مەسەلەی گەورەی هەیە و کار بۆ ئەو مەسەلە گەورەیە دەکات. بەو مەسەلەیەش گەورە دەبێ و هیوا و ئاواتەکانی بەرزەفڕ دەبن و شوێنی لەناو مێژوودا شوێنی باڵا و کاریگەریشی بۆ ئەمڕۆ و ئایندەکەی دیاری دەکات، کە داخۆ گەورە دەبێ یان ڕووی لە پووکانەوە و کزییە.

نەتەوەی کورد ڕەگی لە قووڵایی مێژوودایە، نەتەوەیەکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشە، کە دەخوازێ لەم سەدەی بیستویەکەوە لە تەنیشت نەتەوە گەورەکانی دراوسێیەوە ڕابوەستێ و بەشێك بێت لە دیمەنی هەمەڕەنگی و ڕەسەنایەتی، بۆیە هەر دەبێ خاوەنی مەسەلەیەکی گەورە بێت، بەو مەسەلەیە گەورەتر بێت و سەنگ و پێگەی لەناو دەر و دراوسێ شایانی مێژووی ڕابردووی و قەرەبووی بندەستی جارانی بکاتەوە.

لە وەختێکدا دونیا سەرقاڵی دارشتنەوەی خۆیەتی، سەرقاڵی دابەشکردنەوەی موقەدەرات و هاوسەنگییە بە پێی ئاتاجەکانی سەدەی بیستویەکەم، پێویستە ئەو باسوخواسانەی کورد مژۆڵ دەکات، باسوخواسی گەورەبن، بە بارتەقای هەڕەشەو تەحەدداکانی بەردەمی بن، کەمتر لەوە ماڵوێرانییە.

عیراق دەکوڵێ و ناوچەکەش دەهەژێ، ژانی لەدایکبوونێکی نوێیە، کە دەبێ مامانی چاکی ئەو ژانە بین و نەوزادی نوێ بێ ناولێنانێکی ئێمە، بێ وێرد و تەعمیدی ئێمە و بەشداریمان لە مەراسیمی هاتنە دونیایەوە، تێنەپەڕێت.

مەسەلەی گەورەمان لە پێشە، گەمەی هیچ جێنەگرتوو و هیچ لە پاش خۆی جێنەهێشتوو، دادمان نادات. ئەوە خۆخلافان و خەڵك خەڵەتاندنە.

مەسەلەی گەورەمان لە پێشە، کە گەورەمان دەکات و مەسەلەی بچووکیش دیارە سەر بۆ کوێ دەکێشێت: بچووکمان دەکاتەوە، خەڵکمان پێ خۆش دەکات و

وزە و یەدەکی وزەشمان تەخشان و پەخشان دەکات: لە هیچدا، لە لامایعنیا.
ئەرکی دەستەبژێرەکانمانە میللەتەکەمان بۆ گەورەیی و بۆ مەسەلە گەورەکان هان بدەن و کۆی دیمەن و هەڕەشەکانی دەوروبەرمان ببینن.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٣/٢/١٢

# ڕاستیی مەسەلەی کورد

ڕاستی وەك ئاو وایە، مەسەلەی کوردیش ڕاستیی ڕاستییەکانە. ڕاستی وەك ئاوی سازگار و ڕوون وایە، کە ڕێ دەکات و قوڵپ دەدات، هەر لەبەر ئەو ڕاستی و ڕەوانییەی، هیچ بەربەستێك ناتوانێ بەری پێ بگرێت. بە پێچەوانەوە بەربەستەکان بۆ ئەم ئاوی سازگار و ڕەوانە سەر نەوی دەکەن و خۆیان دەبنە بەشێك لە دیمەن و دەنگی تاودانەکەی. ئاوی سازگار بەربەست و پێچاوپێچەکان تێدەپەڕێنێ، وەك ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر کانیاوی ژیان تەڕ و ئاودار دەکات.

ڕاستی وایە، جا ڕاستیی مەسەلەی کورد هەروەتر.

سەد ساڵە مەسەلەی کورد بە شێوە مۆدێرنەکەی هەیە، ئەمە ئەگەر ژان و ئازارەکانی لەدایکبوونی پێش ئەو ماوەیە لە فیکر دەر بکەین و تەنها لە دەورانی سایکس بیکۆ(١٩١٦) و نیشتنەوەی دەرەنجامی بێدادیی شەڕی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) ڕابوەستین. سەد ساڵە ئەم مەسەلەیە هەیە و پشتی هەر بەربەست و تەنگپێهەڵچنینێك وەك ڕاستییەکی نەمر، وەك ئاوێکی سازگار و ڕوون شەپۆڵ دەدا و قوڵپ دەدا و سەر دەردێنێتەوە.

دەستەبژێری نەتەوە دراوسێکانی کورد ناخوازن ئەم ڕاستیە ببینن و قینیان لەم ڕەوتە تەڕ و ئاودارە سروشتییەیە و قەستیانە ڕامی بکەن و لایان دەستەمۆ ببێت.

ئەمە کۆی ئەو دەرەنجامەیە، هەر کەسێك سەیری وەقائیعی ڤیدیۆیی سمیناری جەزیرە (مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵات) بکات، پێی دەگات. کۆی باسوخواس و گفتوگۆکانی سمینارەکە لە یوتوبی سەنتەری لێکۆڵینەوەی جەزیرە بڵاوکراونەتەوە، کە هەر کەس بخوازێت مەشقی یۆگۆ بکات لەسەر سەبر و تەحەمەلی بیروڕای ناواقیعی، دەتوانێ سەیریان بکات و گوێیان لێ بگرێت.

دەستەبژێری بەشدار لە نەتەوە دراوسێکان، بە تایبەتی برا عەرەبەکان، هەرچی

خەزینەی دەستەواژەی سیاسی و زاراوەی فیکری سیاسیی هەیە بۆ بەربەستکردنی ڕاستیی مەسەلەی کورد خستیانەگەڕ و مەسەلەی کوردیان بە عەرەبی حەلکرد. حەلکردنیش بۆ ئەوانەی شارەزای زمانی دەوڵەمەندی عەرەبین، هەموو جارێك بە مانای چارەسەرکردن نایەت، بەڵکو لە واقیعەی جەزیرەدا بە مانای هەڵوەشاندنەوە دێت. یانی دۆسییەکەیان لەتوپەت کرد، بەو مەزەندەی ئەگەر ئیتر دۆسیێ نەما، بەڵگە و جێ پەنجە و سێبەری تاوانەکەش نامێنێ.

بەڵام زیرەکترین و تەڵەکەبازترین تاوانبار هەر غافیلگیر دەبێ و ئاماژە و قەرینەیەکی تاوان، لە شانۆی تاوانەکە، جێدێڵێیت کە هاوارێتی وەرن ئەمە تەرمی قابیل و ئەوەش هابیلی چنگ بە خوێن. لە واقیعەی جەزیرەشدا دکتۆرو عەللامەو ئەلقابگەل شیرینی تریش ڕاستە دۆسێکەیان دڕاند، بەڵام هەر دەوروخولی شانۆی تاوانەکەیان دەدا و بۆ دڵنیایی لە شاردنەوەی ڕاستیی مەسەلەی کورد و سازگاریی ئاوی ڕاستی چەند جارێك کانیاوەکەیان کوێر کردەوە، سەرچاوەکەیان وشك کرد، بەس دواجار ڕاستی شەپۆلی دەدا و دەیگوت "خەواجەی فەڕەنسی" و "ئینگلیزی ساحیب" کوردیان دابەش کرد، خێرە ئێوە لە بەرهەمی حەرامی ئەم دابەشکردنە دەخۆن و کەیفتان پێ دێت؟

براکانمان لە جەزیرە نەیان توانی قوڵپدانی ڕاستیی سەد ساڵەی مەسەلەی کورد نەبینن، بۆیە سمینارەیان بۆ کرد، بەڵام بە ناوی ئەقڵ و مەنتیق و حیکمەتەوە ڕەوایی ئەم مەسەلەیان پووچەڵ کردەوە، تا کورد نەبێتە باعیسی شێوانی ناوچەکە، نەبێتە داردەستی مام سام لەو کاتەی دەخوازێ بەرپەرچی ئەم دابەشکارییە بداتەوە، کە خەواجە و ساحیب دروستیان کرد و ئەمان بە وێرد و دوعاخوێنی دەخوازن حەرامەکە حەڵاڵ بکەن. براکانی یوسف بە بیانووی تێکنەچوونی پەیوەندیی یەعقوبی باوك بە کوڕەکانییەوە داوایان لە یوسف کرد با هەر لەناو بیری قووڵدا بێت و سەر دەر نەکاتەوە.

ڕاستیی مەسەلەی کورد سەری دەرهێنایەوە، دەستەبژێری ڕۆشنبیریی عەرەب و هی نەتەوە دراوسێکان لە سمیناری جەزیرەدا دەیانەوێت ئەم ڕاستییە بشێوێنن و لە ڕاستەڕێی خۆی نەبانی بکەن، ڕووبـاری ڕاستی کورد کەوتۆتە ڕێ، ئەوان دەخوازن وەك دیجلە و فورات ڕێڕەوەکەی بگۆڕن، بۆیە بە بیانووی دروست

نەبوونی کێشەکانی تەقریبەن داوایان کرد مەسەلەی کورد نەمێنێ و خۆی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە.

سەد ساڵە سیاسەتی ڕەسمیی ناوچەکە، بە پاڵپشتی سیاسەتی جیهانی، بە قەڵەم و پڕگال مەسەلەی کورد لەتوپەت دەکەن و سەرکەتوو نەبوون، ئێستا عەللامە و دکتۆر و حوجەتی فیقهـ و ئەهلی دانشی دراوسێکان تەمەننایانە ئەوە بکەن، کە جەنەراڵ و عەسکەرەکان پێیان نەکرا، لە چ وەختێکیش؟ لە وەختێکدا کە ڕاستییەکە وەك ئاوی سازگار و ڕوون دەرکەوتۆتەوە.

کوڕی وێڵکراو و میراتگری شەرعی ماڵ گەڕاوەتەوە، ئەوانەی دەستیان بە سەر میرات و ماڵدا گرتووە، لە جیاتی ئەوەی بەشە میرات بدەنەوە، دەخوازن غافلگیری بکەن و دەمانچە بدەنە دەست خۆی خۆی بکوژێت! بەهانەیان بۆ ئەم تاوانە ئەوەیە تازە میرات بەشکراوە و کەس دەستەبەرداری بەشی خۆی نابێت. ئەمە ئەو شتەیە کە سمینارەکە پێمان دەڵێت، بەندە وای تێگەیشتم، ئەگەر ڕایەکی ترتان هەیە فەرموون ئەمە لینکەکە خۆتان داوەر بن:

http://www.youtube.com/watch?v=MkDqVDODZ7w&list=PLargkuspXq6O4MCmJEvQHsqXAKEXjhdVp&index=2

ماوەتەوە بڵێین، ئایا باسکردنی مەسەلەی کورد لە جەزیرە خراپە؟ نەخێر خراپ نییە، هەتا ئەگەر بەو شێوەیەش بێت کە کرا، چونکە ئەوان بۆ نیەتێك وا دەکەن و دەرەنجامەکەی شتێکی تر دەرکەوت.

***کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٣/٢/٤**

# بڕیارەکەی پەرلەمان

بە ڕەسمی ناساندنی ئیدارەی کانتۆنەکانی ڕۆژئاڤا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هەنگاوێکە لە ڕێی ڕاستی سیاسی و هاوسۆزی نەتەوەییشدا.

درەنگ کەوتنی و دوودڵی لەمەوپێشی پەرلەمان گوایە ئەمە ڕەنگە ئیشی حکومەتی هەرێم یان ئیشی پەرلەمانی دەوڵەتی سەربەخۆ بێت، لە بایەخی هەنگاوەکە کەم ناکاتەوە و ئەوی دێت لە ئەرك و فەرمان گرنگترە لەوی ڕۆیی.

پەرلەمانی کوردستان ئەمڕۆ دەزگایەکی دانپیانراوی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییە، وەکو سەرەتای پێکهاتنی نییە، لە دەستووری عیراقدا دانی پێدا نراوەو هەڵبژاردنەکەی و کارەکانی چاودێری ئیقلیمی و نێودەوڵەتیشی لەسەرە، بۆیە بڕیار و سیاسەتەکانی بایەخی خۆیان هەیە لە چارەنووسی سیاسیی نەتەوەی کورددا.

کۆمەڵی نێودەوڵەتی ئیعتبار بۆ ئەم هەنگاوە دادەنێ، چونکە پێیوایە ئەگەر دامودەزگا ڕەسمییەکانی کورد خۆی حیساب بۆ ئیدارەی بەشێکی نەتەوەکەیان بکات، مانای وایە نەتەوەی کورد ڕووی لە خەملین و پێکهاتنی تەواوە. ئەوانیش لەسەر ئەو ئیعتبارە مامەڵەمان دەکەن و دەزانن ئەمەی هەیە لە کۆبانێ شەڕی دوو گرووپی چەکداری نین، بەڵکو ژانی لەدایکبوونی گەلێکە، کە سەدەی بیستەم ئینسافی نەکرد و هەقێتی خێر لە سەدەی بیستویەکەم ببینێت.

گەلی کورد لە ڕۆژئاڤا لە موقاوەمەتی کۆبانێ دا سەلماندی، لیاقەتی مانەوە و خۆبەڕێوەبردنی هەیە و کۆمەڵی نێودەوڵەتیش لەسەر ئاکامی ئەم لیاقەتە بڕیاری نوێ دەدات. پەرلەمانی کوردستان، وەك نوێنەرایەتی هەڵبژێردراوی گەلی کوردستان، یەکەم دەزگایە ئەم بڕیارە دەدات، دونیاش دەبینێت ئەم دەزگا ڕەسمییە پاداشتی ئەو بەرخۆدانە دەکات و ڕێگا بۆ ناوەندی تریش دەکاتەوە وا

بکەن، ئەوانیش پاداشتی سەرکەوتنی کۆبانیٚ بە ناساندن و دانپیانان تەواو بکەن.
ڕەنگە تێبینی هەمەجۆر لەسەر ئیدارەی کانتۆنەکانی ڕۆژئاڤا هەبیٚ و هێزی تر و پرۆژەی دیکەش داوای بەش بکات، بەڵام ئەوە ئیرادەی گەلی ڕۆژئاڤا و دانوستاندن بڕیاری لیٚ دەدات و حەتمەن واقیعی موقاوەمەتیش لە کۆبانیٚ پشکی خۆی لە ڕەنگڕێژکردنی بڕیارەکەدا دەبێت. بەو تێبینیانەشەوە، گرنگە هەرێمی کوردستان پێش شوێنی تر سڵاو لە ئەزموونی گەلی کورد لە ڕۆژئاڤا بکات.
لەبیرمان بێت، خۆشمان لە هەرێمی کوردستان سەرەتا وامان دەست پیٚ کرد و پەیتا پەیتا گەورە بووین. پەرلەمانی ئەمڕۆمان، کە دانپیانانی دەستووری و سەنگی سیاسیی خۆی هەیە، بەرهەمی دەستپێکردنێکی وەك ئەوەی کانتۆنەکانی ڕۆژئاڤا بوو، یەکەم هەڵبژاردنمان، لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٩٢ دا، لەناو تەلبەندی گومانی ئیقلیمی و چاودێریی دوودڵی نێودەوڵەتیدا سەرخست، ئێستا وا پشتئەستوورین کە پشتی براکانمان لە ڕۆژئاڤا دەگرین.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٤/١٠/١٧

# چاوی ڕەخنە

بزووتنەوەی کوردایەتی، کە لە باری ڕێکخراوەییەوە پتر لە سەدەیەکی تێپەڕاندووە، بەر لە هەرشتیك پێوستی بە دیدیکی ڕەخنەگرانە هەیە. بایەخی ئەم دیدە ڕەخنەییەکاتێك بەرچاوتر و کاریگەرتر دەبێ، کە لەناو بزووتنەوەکە خۆیەوە هەڵبقوڵێ، واتا بەشێك بێت لە میکانیزمی هەڵسوڕانی بزووتنەوەکە و نەریتێکی چەسپاوی تێکۆشانی دامودەزگاکانی بێت. ئەگەر لەگەمەی سیاسیی حکومەتایەتیکردن و هەڵسورانی دەوڵەتدا کاری ڕەخنەگرتن بەپێی دابەشکردنی گەمەی دیموکراسی بە ناوەندەکانی گوشار و دەزگاکانی دەرەوەی حکومەتایەتی سپێردرابێ، ئەوا لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکاندا دیدی ڕەخنەییانە لەگەڵ کۆششی جێبەجێکردنی ئەرکەکاندا ئاوێتەی یەکترین و هەریەکەیان پایەدەری ئەویتریان هەڵدەسورێنێ. لەباری بایەخی دیدی ڕەخنەییانە لە بزووتنەوەکەماندا دەشێ ئاماژە بەوە بکەین؛ کە بۆ پێشخستنی ئەو بزووتنەوەیە، جگە لە هەڵسورێنەرو بەشدارانی هیچ کەس و لایەنێکی تر ناتوانن کەموکوڕی و ناتەواوییەکانی دەستنیشان بکەن و پێشکەوتنەکانی هەڵبسەنگێنن، چونکە دۆستەکانی بزووتنەوەکەمان ناچنە ناو وردەکاری و دوژمنەکانی کوردیش مەعلومە لەسەر چی ڕەخنە لە کوردایەتی و دامودەزگاکانی دەگرن؟ لە حاڵەتێکی وادا، ئەوەی دەمێنێتەوە هێز و لایەنەکانی بزووتنەوەکە و ئەو کەس و ناوەندانەن، کە مادامەکی پەرۆشی ئایندەی کورد و تێکۆشانەکەین، کەواتا بە فیعلی بەشێکی دانەبڕاوی بزووتنەوەکەن، ئەگەرچی ڕاستەوخۆش لە ئۆرگانێکدا هەڵسوراو نەبن. لە سەرێکی تریشەوە بزووتنەوەی ناسیونالیستی لە بنچینەدا بزووتنەوەکە پێوەندی بە کەسێتی نەتەوەیی و دابینکردنی سەروەری نەتەوەییەوە هەیە. بۆیە لەباری سایکۆلۆژییەوە گونجاوترە بزووتنەوەکە خۆی، لە ناوەوە، بە چاوی ڕەخنەییەوە سەیری کار و کردەوە و

هەڵسوڕانی لەمەوپێش و ئەمڕۆی بکات و هەڵیان بسەنگێنێ، لە جیاتی ئەوی مقۆمقۆ دروستبێت لەسەر ڕەخنە و سەرنجی بیانیان لە هەرکوێیەك بن. دیباجەی دوا ڕاگەیاندنی کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیی، کە تێیدا هەڤاڵ مام جەلال داوای لە ئۆرگانەکانی حزب و حکومەت و پێشمەرگایەتی کرد بە چاوی ڕەخنە کارەکانیان هەڵبسەنگێنن. تەئکیدکردنەوەکی چۆنایەتی گیانی دیموکراسی و مکۆمکردنی بەرنامەی دارێژراوی گەشەپێدانی هەمەلایەنەیە، چونکە گیانی بوێرانە هەڵسەنگاندنی هەڵسوڕان و هەڵوێستەکردن خەسڵەتێکی لە مێژینەی یەکێتییە، لێ تەئکیدکردنەوە چۆنایەتییەکە ئەوەیە، کە سەرکردایەتی بە ئاشکراو، وەك مەرجیکی بنەڕەتی هەڵسەنگاندنی هەڵسوڕانی لەمەوپێش، تەشویقی ڕوانینی ڕەخنەییانە دەکات. ئەمەش پێش مەرجی دروستی مکۆمکردنی بەرنامەی گەشەپێدان و پەیامی نموونەسازییە.

یەکێتی هێزێکی سەرەکی نێو گۆڕەپانی کوردایەتییە، بەم پێیەش تەشویقی سەرکردایەتی بۆ گرتنەبەری ڕوانینی ڕەخنەییانە، مانای پەرەپێدانی بایەخی دیدی ڕەخنەییانەیە لەناو بزووتنەوەی کوردایەتی لە بەرایی سەدەیەکی نۆیدا. سەدەیەك کە دەبێ بۆ کورد شایەدی درەوشانەوەی پێکەوەگرێدانی دیدی ڕەخنەیی و کۆششی بەردەوام بێ.

*کوردستانی نوێ، ساڵی ٢٠٠٠

# کورت و کرمانجی

لە زاتێکی گەورەی کوردم بیست، کە نەیارانی کورد ئەوەندە بەهێزن، مەگەر تەنها بە یەکگرتوویی خۆمان هیچ نەبێ دەرقەتی دوورخستنەوەی بەڵاکانیان بین و پەنا بەخوا لە داهاتووشدا هەقی خۆمانیان لێ بستێنینەوە، بەم پێیە، یەکگرتوویی هەڵوێست و قسە و هەنگاوەکانمان، پێش ئەوەی داخوازییەکی مۆراڵی بێت، پێش ئەوەی بانگەوازێکی سۆزدارەکی بێت، تەنها ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی هەلومەرجە گۆردراوەکان و تاکە زامنی مامەڵەکردنێکی ئەکتیفانەی کوردە لەگەڵ دەرکەوتە تازەکانی وا ماوەیەکی نزیکە هاتوونەتە پێشمان. لە بنچینەدا یەکگرتوویی کورد لە هەڵوێستە سیاسییەکاندا لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەرکەوتەکانی دەوروبەردا ئامرازی بزووتنەوەی کوردایەتییە، بۆ سەرکەوتن و گەیشتنە ئامانجی گەورە، بەڵام دوای داوەشینی ڕەوشی ناوخۆ و ئەم هەموو پەرتەوازیانەی قەومان، وەختە بڵێم یەکگرتوویی هەڵوێستەکانمان خۆی لە خۆیدا ئامانجێکی پیرۆزە، یان با بەلانیکەمی گەشبینییەوە بیڵێم، خەریکە دەبێتە ئامراز و ئامانجێکی لەدواخستن نەهاتووی بزووتنەوەکە.

دەزانم ئێمە بە هەمەرەنگییەوە جوانین، بە جیاوازییمان لە یەکتر هەست بە بوونێتی دەکەین و لە جەدوای خۆشمان حاڵی دەبین، بەڵام زۆر لێکجیاوازی بەشی میللەتە خۆپێداوەکانە کە تا ئێستا کورد لە یانەی ئەوان بە ئەندام وەرنەگیراوە، لەگەڵ جوانیی گوڵی هەمەرەنگیدا گەلێك پێویستیمان بە پەرژینی قایمی یەکگرتوویی هەیە.

با پرسی ئاشتیش بە کاوە خۆ بچێتە پێشەوە و هێشتا نەگەیشتبێتە (هەورازە) دێرینەکەی سەرەتا، با هێشتا زۆری مابێ بگەینەوە سەر ڕەوشەکەی پێش (١٩٩٤/٥/١)، بەڵام دەرکەوتەکانی دەوروبەر و هەلومەرجە نوێکانی قسەی

نویٚ دەخوازن، هێندە پڕی جەنجاڵی و واتەواتن، کە مەگەر بدەنگی زوڵاڵی یەکگرتوویی گوێیان لە قسەی کوردی پەرتەوازە بێت. شەقامی بەردەرکی سەراو بازاڕی شێخەڵڵا دەیانەوێ وەك چۆن لە بڕیاری ٩٨٦ و لە هەندێك هەڵسوراوانی سیاسی دەرەوەی وڵاتدا هاوهەڵوێستی هەبوو، ئاوەهاش لەناوخۆشدا یەك قسە و هەڵوێست هەبێ.

هنری کیسنجەر، شێخی دیبلۆماتکارانی ئەمریکا، ئەگەرچی لە پرسی کورددا ناوی بە چاکە نەهاتووە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا ئاماژەیەکی جوانی بە ئاڵۆزییەکانی ناکۆکیی کورد و کورد داوە: کێشەی کورد ئاڵۆزە، هەقە بەم ناکۆکییە ناوخۆییانە ئاڵۆزتر نەکرێت.

ڕاستە خیلافی ئۆمەتی محەمەد ڕەحمەتە، بەڵام ئەو خیلافە دەبێ تا ئەو ئەندازەییە بێ کە(لایفسد للود قضیة) بە یەکگرتوویی هەڵوێست هیچ نەبێ لە مەسەلە جەوهەرییەکان، لانیکەم دەرقەتی پەکخستنی نەخشەی کەرتکە و زاڵبە دەبین.

لە ڕێگادا بەرەو ئەکتفیکردنی یەکێتی هەڵوێست.

*کوردستانی نوێ، ساڵی ٢٠٠٠

# گرێی حکومڕانیی کورد

لە بۆنەی یادە میللی و مێژووییەکاندا، لەیەك کاتدا ماناکانی یاد و بۆنەکە سەروەری و دەستکەوتەکان بەسەردەکرێنەوە و هەروەها ئومێد و خواستەکانی ئایندە باس دەکرێن. لەم ڕۆژەشدا، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێ دەنێتە هەشتەمین ساڵەی تەمەنی خۆیەوە، بە هەمان شێوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان سەروەری و دەستکەوتەکانی بەدەستهاتوون یاددەکەنەوە و بەرزی دەنرخێنن، هەروەها چاویان لە دەستکەوتی دیکە و پێشکەوتنی زیاترە.

یەکەمین مانای یادکردنەوەی دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مانای بڕوا بەخۆبوونی کورد و توانای خۆبەڕێوەبردنییەتی لە مێژوودا کەمجار بۆ کورد هەڵکەوتووە دەوڵەت و حکومەت ببابەڕێوە، سەبارەت بە دەوڵەت بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایی دەوڵەت، ئەوا لە قووڵایی مێژووی دێریندا دەوڵەتی میدیا سەروەییەکی کوردانە، لێ لەگەڵ ئەوەشدا مێژووی ئەو حکومەتایەتیکردنەی کورد هێندە کۆنە، کە ئێستا هیچ ئەسەر و کاریگەرییەکی لەسەر دەروونی ئینسانی کورد سەبارەت بە پتەوکردنی ڕۆحی نەتەوەیی و هەستکردن بە سەربەخۆیی لە بڕیاردان و خۆبەڕێوەبردن بەجێنەهێشتووە. ئەو ماوانەشی بۆ حکومڕانانی کورد لواوە دەوڵەتی هەمە نەتەوەیی ببەن بەڕێوە، وەك دەوڵەتی ئەیوبی و دەوڵەتی ئێرانی سەردەمی کەریم خانی زەند، ئەگەرچی وا ڕێکوپێك و جوان بەڕێوەیان برد، کە لە مێژوودا ناویان بدرەوشێتەوە، بەڵام ئەو دەوڵەتانە تەواو کوردانە و بۆ کورد نەبوون، تاوەکو هەردوو مەرجی کوردبوونی حکومەتیان بەسەردا جێبەجێ ببێت: واتا مەرجی ئەوەی دامودەزگای حوکمڕانیی کوردی و حکومڕانییەکەش بۆ خزمەتکردنی کورد بێت. هەروا ئەو ئەمارەت و حکومەتە ناوچەییانەی لە سەدەکانی پێشوودا لێرەو لەوێ حوکمیان کردووە، ئەوانەش چونکە پەرشوبڵاو بوون

له ڕووی جوگرافی و ماوەی مێژوویی و سروشتی حکومەتەکانیانەوە سەرەنجام له ڕووی دابونەریتی حوکمرانی ئەزموون کەڵەکەکردنەوە شتێکی ئەوتۆیان لێ بەجێ نەماوە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەمرۆدا پشتی پێ ببەستن. نموونەی لێك دوور و لێك جیاوازی هەردوو مەملەکەتەکەی شێخ مەحمودی نەمر و کۆمارەکەی پێشەوا قازیش هێندە تەمەن کورت بوون، کە نەپەرژانە سەر کەڵەکەکردنی ئەزموون و سڕینەوەی ئەو ترسەی لە دڵی ئینسانی کوردا دروستبوو. دوژمنانی کوردیش هەوڵیان دەدا زیاتر بیچەسپێنن، کە ئەویش ترس له حوکمرانی و لەخۆڕانەدیتنی خۆ حوکمرانیکردنە. ئەم هەموو پێشینە مێژووییانە پێکەوە ڕۆڵێکی خراپیان گێڕا له بەربەست دروستکردن لەبەردەم کورد، تاوەکو بەری ڕەنجی تێکۆشانی خۆی بگەیەنێتە ئامانجی خۆ حۆکمرانیکردن. لێ سەرئەنجام بەو ڕقە پیرۆزەی مێژووە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان توانی هەر خەباتی بۆ لابردنی حکومەتی ستەمکارانەی دوژمنان نەبێت، بەڵکو لەجێی ویش حکومەتێکی خۆماڵی کوردستانی دابنێت. بەم جۆرەش بە هەڵبژاردنی پەرلەمان دەرفەتی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەخسا و یەکێتیش بووە تاقە حزب لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا، کە بەری ڕەنجی خەباتی خۆی بخوات و بە چاوی خۆی تەلاری باڵابەرزی ئەنجومەنی وەزیرانەکەی ببینێت.

سەرئەنجام، پتر له حەوت ساڵ له حوکمرانیی خۆماڵی، وا خەریکە گرێی حکومەتایەتی لەنێو دڵی مرۆڤی کورددا نامێنێ و ژیان و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش لەسەر ئەو شێوازە و بەو ئیعتبارە ڕێك دەخرێت، کە حکومەتێك هەیە لێی بەرپرسیارە و پێداویستییەکانی بۆ دابین دەکات و لە خەمی پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزارییە. پتر له حەوت ساڵی حوکمڕانی وادەکات، کە سەرەنجام وێڕای گرفتە ناوخۆییەکانی شەڕی ناوخۆ و لەتکردنی دەسەڵات و وێرای کەموکورتییەکانو ئەو ئاستەنگە دەرەکیانەی بۆ حکومەتی هەرێم دروستبوون، بەڵام له ئاکامدا بەهۆی کەڵەکەبوونی ئەزموونی زۆر و زەوەندەوە حکومەتی کورد گرەوی مانەوە و تەمەن درێژی بباتەوە. نەك هەر ئەوەش، بگرە بۆ سەدەی تازەی وا بەڕێوەیە سەرباری ئەو دەسکەوتە و ئەو خزمەتگوزارییانەی بەدیهاتوون خواست و نیەتی دەسکەوتی چۆنایەتی دیکەش دروست ببێت و

ئەزموونی حوكمڕانیی خۆماڵییمان بە ئاڕاستەی (حكومەتی خەڵك، حكومەتی نموونەیی) هەنگاوی زیاتر باوێت.

حكومەتی هەرێمی كوردستان خواستێكی میللیی و خەیارێكی هەڵبژێدراوی بزووتنەوەی كوردایەتییە، لە هیچ هەلومەرج و دژوارییەكدا پاشگەزبوونەوەی بۆ نییە.

*كوردستانی نوێ

# قۆناغی داهاتوو
# هی مەسەلە نەتەوەییە گرنگ و گەورەکانە

* مەسەلەی ئـەوەی تورکیا دەستی داوەتـە هەڵمەتێکی دیبلۆماسی و ئیعلامی چڕوپڕ لە دژی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن، پتر لە دەلالەت و مانایەك هەڵدەگرێ، کە بەشی زۆریـان پەیوەندی بە ئەنقەرە و چۆنێتی هەڵسەکەوتی ئێمە لەگەڵ دەرکەوتە گۆڕاوەکانی ڕەوشی کوردستانەوە هەیە. جارێك ئەگەر لە هیچ شتێکەوە بایەخی ئەو ڕیککەوتنەمان بۆ دەرنەکەوێ، تەنگەتاوبوونی تورکیا بۆ خۆی گەواهییەکی حاشاهەڵنەگرە، کە شتێك بەرێوەیە و قازانجێك بۆ کورد لە ئاسۆدا هەیە. یان هەروەکو هەڤاڵ مام جەلال ئاماژەی پێ دا (مادام تورکیا دژیەتی، کەواتە ڕێککەوتنی واشنتۆن لە قازانجی کوردە)، هەروا هەڵمەتە دیبلۆماسییەکەی ئەنقەرە، کە لە دژی ڕێککەوتنەکەیە کورد و بزووتنەوەکەی دەگرێتەوە، بە هەموو باڵ و لایەنەکانییەوە. جارێکی تر لە هەڕەشە دەرەکییەکاندا یەکسان دەبین، دوای ئەوەی چەند ساڵێك هەڕەشە ناوخۆییەکانی شەڕی ناوخۆ لێکی کردین و لە دەسکەوت و قازانجدا بەڵانسی تێکداین.

* تەماشای ئەو خواستە ئیقلیمییە بکەن، کە ئەنقەرە لە ڕەوشی کوردستاندا هەیەتی، دەوڵەتێکی هەرە دێرینی ڕۆژهەڵات لە دیبلۆماسییەتی خۆیدا لە کورد دەکات. تکایە ئاشت مەبنەوە و تکایە بەردەوام یەکتری ببڕن و بکوژن و هەرگیز هێوری و هێمنی لە وڵاتەکەتاندا جێگیر مەکەن! دیتراوە کە دەوڵەتێك پیلان لە دژی میللەتێکی بێوەی بگێڕێ، بەڵام نەبیستراوە کە دەوڵەتێك ئاوا وەك تورکیا بە ڕاشکاوی داوا لە بزووتنەوەیەکی سیاسی بکات، کە بزووتنەوەکەی لە شوێنی خۆی لە تافی گاگۆڵکێکردندا بمێنێتەوە و بۆیان نەبێ ماڵی شێواوی خۆیان وا ڕێك بخەنەوە، کە بۆ نموونە گومرگیان بچێتە یەك خەزێنەوە و خوێندکارانیان

له بەکەلۆریادا پرسیاری یەکگرتوویان بۆ بێتەوە. مادامەکی لە ڕووی نیشتمانیو نەتەوەییەوە داواکراوین سیاسەتی خۆمان بۆ میللەتەکەمان بکەین، کە واتا پێویستە سیاسەتێکی وا بگیرێتە بەر، سەرکەوتنی ڕووبەڕووبوونەوەکانمان لەگەڵ هەڕەشە دەرەکییە هاوبەشەکان مسۆگەر بکەین. هەنوکە قۆناغ بە قۆناغی ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییە مەزنەکانە، لەبەرئەوە دەبێ سەرمان لەسەری مەسەلە بچوکەکان بڵندتر بێت.

* لە ساڵانی دوای ڕاپەریندا وڵاتەکەمان گۆڕەپانی سیاسی ململانێی شاراوەی نێوان خەیاری کوردستانی بۆ هاتێکی پرشنگدار و خەیاری نەیاران بۆ شەوەزەنگ بوو، یەکەم سەرکەوتنی خەیاری هاتی کوردایەتی لە حکومەتی پەرلەمانێکی فیدراڵدا گیرسایەوە، لێ ئەفسوس دەستێوەردانە ئیقلیمییەکان، بە تایبەتی هی عیراق و تورکیا، پەلکێشی دژوارییەکانی شەڕی ناوخۆیان کردین. ئێستا دەرفەتێکی تر بۆ کوردایەتی هاتۆتە پێش، بۆیە کار وا دەخوازێ، کە یەکبوون لە ناوەوە و پشتگیری دۆستان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئیحتوای بزاوتە ئیقلیمییەکانی وەك ئەوانەی تورکیا وەدی بێنێت. دۆستان نیەتی خۆیانیان لە بەرامبەر ڕێککەوتنی واشتنۆن کرد، کە پشتگیری پاراستنی کوردان و جیبەجێکردنی بریاری ٦٨٨ دەکەن. دۆستان گوتیان ئێوە حکومەتی کاتی چێ بکەن و داهات بگێڕنەوە بۆ خەزێنەیەکی یەکگرتوو، دۆخەکە ئاسایی بکەنەوە، ڕێگای هەڵبژاردنێکی تازە بگرنە بەر، ئێمەش کەفالەتی پاراستنیان دەکەین. مایەوە کوردان نیەتی خۆیان ئاشکرا بکەن و لە ئاستی ئەو ئیغرائاتانە بن، کە ڕێککەوتنەکە خستۆیەتییە بەردەمیان، ئەو بەڵێن و بڕگانەی لەوێش هاتوون ئەوە دێنن قوربانی و کۆششیان بۆ بکرێت، بەڵام هەلومەرجە دەرەکییە نێودەوڵەتییەکە چەندە لەبار بێت، ئەگەر بە تەبایی ناوخۆیی، متمانە بەیەکتر کردن و قوربانی بە شتە چکۆلەکان وەڵام نەدرێنەوە، ئەوا ئەنجام فاکتەرە ئیقلیمییەکەی، کە تورکیا عەرابیەتی، زەفەرمان پێ دەبات.

* تازە دەستمان داوەتە خەیارێکی نوێی کوردستانی و نیەتی هەڵبژاردنی ڕێی چێکردنەوەی حکومەتی یەکگرتوو و پەرلەمانی یەکگرتوومان هەیە. نەیارانیش بەو خواستەی ئێمەیان زانییوە و لێمان زوویرن، دەبێ لەپاڵ هەوڵی ئاشتکردنەوەیاندا

تا کۆتایی گەمەی هەڵبژێردراوی خۆمان برۆین. لەبەر ئەوەی چۆن لای خۆمان شەڕ و نیوە شەڕ وەك یەك وایە، ئاوەهاش تەنها نیەتی ئاشتی. نیمچە ئاشبوونەوە و ئاشتبوونەوەی تەواو و یەکجارەی لای ئەوانەی کەیفیان پێیان نایە، وەك یەك وایە. ئەم نیەتی درێژەپێدان بەگەمەکە، کە لە **١٩-**حوزەیرنی **١٩٩٢**(ڕۆژی هەڵبژاردنی گشتی) دەستمان دابوویە و لە ئەڵقەیەکدا لێیان پساندین، داخوازی ئەوەمان لێ دەکات هەڵەکانی ڕابردوو تێپەڕێنین و خۆمان بۆ نەبەردی نوێ ئامادە بکەین.

ئەو وردەکارییانەی لە ماوەی ئینتقالیدان بۆ گفتوگۆ چڕوپڕەکانی ئاشتی، کە خەریکە لەسەر چەندین ئاست بەرێوە دەچن، بە جێدێڵین، بەڵام هەقە لەمەودوا خەڵك بۆ نەبەردی هەڵبژاردن ئامادە بکەین. لەوێ و لە پرۆسەیەکی وا نیشتمانی چاوەرێ دەکەین ناکۆکییە هەڵواسراوەکان بە بردنەوەی لایەنێك چارەسەر ببن، بە خۆمان نازانین ئاکامی ئەو هەڵبژاردنەی دێت، تەنها لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنە بە بردنەوەی خەڵکی کوردستان کۆتایی پێ دێت.

***کوردستانی نوێ**

# هەڵوێستتان لە مەسەلەی کورد چۆنە؟

ئەو بابەتەی نووسەری ئیسلامخواز فەهمی هوەیدی، کە تێدا بەراوردی لەنێوان کۆسۆڤۆ و مەینەتی کوردی کەرکوك کردووە، جگە لەوەی هەڵوێستێکی جوامێرانەی نووسەرێکی ناسراوە و جێگەی دڵخۆشی و ڕێزلێنانە، لە هەمان کاتیشدا پێویستی بە دەوڵەمەندکردن و بەدواداچوونی زیاترە، چونکە فەهمی هوەیدی، بە پێچەوانەی ڕەوتی ئیسلامیخوازی سیاسی لە وڵاتانی عەرەبی و لە وڵاتانی دیکەی ئیسلامیدا، پتر لە جارێك هەڵوێستی لەسەر کورد دەربڕیووەو لە چەند نووسینێکدا بەگوێرەی ئیجتهادی خۆی قسەی لەسەر سەرگەردانیی کوردە موسڵمانەکان کردووە و لەسەری نووسیوون. ئیجتهاد و ئاراستەی فیکری هوەیدی هەرچۆنێك بێت، نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە ئەو لەگەرمەی قەیرانی تەیمووری ڕۆژهەڵاتدا نوسیبووی، بۆچی بۆ تەیمووری ڕۆژهەڵات ڕەوایە و بۆ کورد و کۆسۆڤۆ ڕەوانییە؟ لەو نووسینەیەدا باسی ئیزادواجیەتی سیاسەتی ئەمریکاو ڕۆژئاوای کردبوو، کە چاوی لە مەسیحیەکانی تەیمووری ڕۆژهەڵاتە، کەچی ئازادی بە کورد و کۆسۆڤۆییەکان ڕەونابینێت، ئەگەرچی لەوێدا هوەیدی خۆشی لە پرسی کورددا، کوردی عیراقی فەرامۆش کردبوو، چونکە پەیوەندی بە وڵاتێکی عەرەبییەوە هەیە، بەڵام دواتر لەو وتارەی لە ژمارە (١٠٠٥) ڕۆژی (١٩٩٩/٥/٢٢) گۆڤاری (ئەلمجەلە)دا بڵاوی کردبۆوە و کوردستانی نوێ لە ژمارەی ١٨٩٦ی ڕۆژی ١٩٩٩/٧/٥ وەرگێردراوەکەی خستبووە بەردەم خوێنەران، قەرەبووی ئەو کێماسییەی کردبۆوە، لەمەی دواییدا نووسەر بە تەواوی دەست لەسەر زامەکان دادەنێ و ئەم جارە بە تەنها دوای ئەوەی کۆسۆڤۆ بەخت یاری بووە تەنها لەسەر کورد قسانی کرد و ئاماژەی بە بەرچاوترین خاڵی مەسەلەی کورد لە عیراق کرد، ئەویش خاڵی کەرکوك و سنووری جوگرافیی کوردستانی خواروە،

هوەیدی بە ئاشکرا دەڵێ، کەرکوکییەکان کیمیابارانکراون و ئەنفالکراوەکان پێش خەڵکی کۆسۆڤۆ تووشی پاکتاوکردنی عیرقی و جینۆساید و ڕاگویزان هاتوون، لەسەر دەستی کێش؟ لەسەر دەستی ئەوانەی عەرەبن و موسڵمانن و چاوەڕوان دەکرێت لەگەڵ (برا موسڵمانە کوردەکانیان) هەڵسوکەوتیان باش بێت، بەم جۆرە فەهمی هوەیدی بە پێچەوانەی زۆربەی نووسەر و ڕووناکبیرانی عەرەب بە ڕاست و چەپ، ئیسلامی و مارکسیستیانەوە ئاماژەی بۆ ترسناکترین لایەنی کێشەی کورد لە عیراق کرد و لە نەریت و ڕێرەوی باوی هەڵسەنگاندنی بێویژدانانە لای دا.

خاڵێکی دیکە، کە پێویستە لە وتاری هوەیدییەوە وەری بگرین، پەندی تێگەیاندنو پەیوەندیکردنە بە تەواوی ڕووناکبیران و نووسەر و لێکۆڵەرەوە عەرەب و غەیرە عەرەبەکانی وڵاتانی ئیسلامییەوە واتا پەیوەندیکردن لەپێناوی ئەوەی پرسی کوردو گرفتەکانی میللەتی کوردیان پێ بناسێنین، تاوەکو قسەی لەبارەوە بکەنو هەڵوێستی لەسەر وەربگرن. چونکە تەنها ڕەوایی مەسەلەی کورد بەس نییە بۆ ئەوەی ڕووناکبیرانو وڵاتان هاوسۆزبن لەگەڵی و پشتگیری لێ بکەن، جارێکی تر و لە ستونێکی تردا باسی ئەوەم کرد، نووسەرێکی گەورەی ناسری (محەمەد حەسێن هەیکەلی) نەی دەزانی ئەنفال لە کورد قەوماوە و لە ڕێی سیاسەتمەدارێکی کوردەوە ئەو تراژیدیایەی بۆ باسکراوە، کارم بەسەر ئەوەوە نییە کە خەوشە ڕۆژنامەنووسێکی گەورەی وەك هەیکەل نەزانێ لە ناوچەکەدا خەبەر و باس چییە؟ بەڵام دەشبێ لە خۆمان بپرسین بۆ کارێکمان نەکرد و گوێی هەیکەل و هەیکەلەکانی تر لە باسی ئەنفال و هەڵەبجەو ڕاگویزانی کوردان کەڕ بکەین، ئەوەی زیاتر ڕەوایی دەدات بەم پرسیارەمان ئەوەیە، کە فەهمی هوەیدی لە وتاری (کوردەکان گەلی سەرگەردانی خودا، کەرکوك پێش کۆسۆڤۆ...هتد) پشت بەکێتبەکەی د.نوری تاڵەبانی (منطقة كركوك و محاولات تغير طابعها القومي) دەبەستێ و زانیارییەکانی وی دەکات بە سەرچاوی بیروبۆچوونەکانی. واتا ئەو پێشکەوتنەی لە ئیجتهاد و ڕەوانینی فەهمی هوەیدی بەرامبەر بە پرسی کورد بەدی هاتووە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە کوردێکەوە، ڕوونتر بڵێین لەکتێبی کوردێکەوە، لە مەسەلەی کورد و گرفتی کەرکوك تێگەیشتووە. بە

شێوەیەکی تر پێویستە ئێمەی کورد هەمیشە لەسەر خەت بین و ڕووناکبیران و نووسەرانی عەرەب بە هەموو باڵە فیکری و سیاسییە جیاجیاکانیانەوە بەسەر بکەینەوەو مەینەتییەکانی خۆمانیان پێ نیشانبدەین و مەسەلەی خۆمانیان تێ بگەیەنین. لەم پێناوەشدا هەقە و بگرە پێویستیشە کورد بە هەموو ئاراستە فیکریو سیاسییە جیاجیاکانییەوە، هەر ئاراستە و لەلایەن خۆیەوە، پەیوەندی بە هاوڕێبازو هاوڕوانینەکانی خۆیەوە بکات، تا هەڵوێستی شێلگرانە لە مەسەلەی نەتەوەییو نیشتمانی کورد دەرببڕێ و هاوکاری یارمەتی تێکۆشانی بدات. هەقە لای خۆشمان پەیوەندییە دەرەکی و دیبلۆماسییەکان پێش هەموو شتێك لەسەر بنچینەی هەڵوێست لە مەسەلەی نەتەوەیی کورد بنیاتبنرێت. کاتی ئەوە هاتووە بەو هەموو ڕێکخراوانەی تەیاری ئیسلامی سیاسی لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بڵێین هەڵوێستتان لە مەسەلەی نەتەوەیی کوردی دراوسێ چییە و بۆچی هەروەك پشتگیری لە موسڵمانەکانی فەڵەستین و بۆسنیا و کشمیر و فلپین دەکەن، چاوێکتان لە کوردان، گەلی سەرگەردانی خودا، نییە؟

با پێوەرەکە هەمیشە ئەوە بێت، زەحمەت نەبێت هەڵوێستتان لە مەسەلەی کورد چۆنە؟

*کوردستانی نوێ

# نەورۆزو مانا نەتەوەییەکانی بۆ کورد

مانگی ئازار، مانگی ئازار و هەروا خۆشیشە لە مێژووی گەلی کورددا. تاڵترین یادی ئازار، ئازار و مەینەتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بوو، کە لە نیوەی ئەو مانگەدا حوزن و ماتەمینیەکی گەورە سەراپا کوردستانی داگرت و دوژمن مانگی ئازاری ڕوو لە بەهاری لێ کردنین بە ژەهری تاڵی کیمیاییو شارێکی شەهیدکردین. هەروەك ئازار مانگی خۆشی و جەژنیشە، مانگی ڕاپەرینە گەورەکەی کوردستانە لە دژی زوڵم و ستەمی ڕژێمی دیکتاتۆری، کە هەڵەبجەو ئەنفالی بەسەرهێنایین و شەڕێکی شۆڤینی لە ژی گەلەکەمان بەرێوەبرد. ئازار مانگی ڕاپەرینی ڕماڵینی دوژمن بوو لە نزیکەی هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستانی عیراق، هەر لە دەروازەی راپەرینەوە بۆ شارە گەورەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك و ئەو دوای شار و شارۆچکە و دێهاتەکانو تا دەگاتە کەرکوکی قودسی کوردستان، کە لەوێدا ڕاپەرین تاجی سەرکەوتنی لەسەرنا و ڕقی پیرۆزی پەنگخواردووی کۆمەڵانی خەڵك و هێزی پێشمەرگەی کوردستان تێکەڵ بەگڕی پیرۆزی نەورۆز بوو، نەورۆزی ساڵی ڕاپەرینمان بووە دوو نەورۆز.

مانگی ئازار بەهەمان شێوە جەژنێکی دێرینی نەتەوەکەشمانی لەخۆگرتووە، ئەویش جەژنی نەورۆز و سەرەتای ساڵی تازە و سەدەی تازەی کوردی و نوێبوونەوەی بەهاری کوردەوارییە. جەژنی سەرکەوتنی ڕاپەرینی لە مێژینەی گەلە لە دژی زوڵم و زۆری دوژمنانی بەهار و ئازادی.

نەورۆز، ئەگەر بۆ میللەتانی دراوسێی کورد یاد و بیرەوەری جەژنێکی دێرزەمانو جەژنی بەهار و ئاوەدانی بێت، ئەوا بۆ گەلەکەمان بۆنەیەکی نەتەوەیی گەورەشە، کە لە ڕووی مێژوییەوە مانای دێرینبوونی کورد و ڕەگداکوتانی لە

شارستانێتی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتدا دەسەلمێنێ و لە ڕووی شۆڕشگێڕیشەوە بە مانای زیندووی گیانی بەرگری و کۆڵنەدان دێت. ئەو گیانی کۆڵنەدانەی لە هەموو ڕاپەڕین و بەرخودانەکانی کورددا دووپات بۆتەوە بە چەشنێك لە ڕۆژانی خەباتی سەخت و سەردەمی بەرگری پیرۆزیشدا یادی نەورۆز هەمیشە یاد و بۆنەی نوێکردنەوەی پەیمانی تێکۆشان و مەشخەڵەکەشی ڕۆشنکەرەوەی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان بووە.

ئەو جەژنە پیرۆزە بۆ کورد هەموو ئەو مانا و دەربڕینە گەورە لەمێژینەو هەنووکەبیانەی هەبووە، بۆیە دوژمنان بەسەرکوتکردن و قەدەغکردن وەڵامی یادکردنەوە و ئاهەنگەکانی نەورزۆی کوردیان داوەتەوە و بە ناوی تر و بۆنەی ترەوە هەوڵی سڕینەوە و ناشیرینکردنی ڕۆژی نوێ و ساڵی نوێ و بەهاری نوێی کوردەواریان داوە، بەڵام سەرەنجام لەوەشدا شکستیان خوارد، چونکە وا نۆ ساڵە گەلەکەمان لەسایەی ڕزگاریی کوردەواریدا ساڵانە بە ئازادی و سەربەرزی ئاهەنگی جەژنی نەورۆز دەگێڕێت، بگرە ئاهەنگەکانی نەورۆز و هی ئەوانەی ڕاپەڕین وا ئاوێتەی یەکتری بوون، کە جیاکردنەوەیان مەحاڵە و ئاوێتەبوونیشیان دوێنێی لەمێژین و ئەمرۆی ئازادی و سەرفرازی گەلەکەمان پێکەوە گرێ دەدا.

ئەم ساڵیش کۆمەڵانی خەڵك بەشێوەی جیاجیا و ئاهەنگی جۆربەجۆر لە شارو شارۆچکەکان هەموو ئەو یادە پیرۆزانەی ڕاپەڕین و نەورۆز و نەوبەهار بەرز ڕادەگرن، چونکە دەزانن ئەو یاد و بۆنە پیرۆزانە بەرهەمی تێکۆشانێکی دوور و درێژن و بەخوێنی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی گەل و نیشتمان ئاو دراون.

*سەروتاری کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠٠٠/٣/٢١

# وێستگەیەک بۆ خوێندنەوەی مێژوو

**بەرایی**

دەخوازین لە (مێژووە)وە پەند و ئەزموون هەڵەنجێنین. بە هەنگاوە ڕابردووەکانماندا بچینەوە، ئەوەی هەڵەیە لە ئاستیدا هەڵوەستەیەك بکەین، شەنوکەونی بکەین، لە سانسۆری خوێندنەوەماندا ڕایگرین و گفتی دوبارەنەبوونەوەی لێ وەرگرین. ئەویشی کە گەش و ڕووناکە پەنجەنوومای بخەینە سەر بە کەیفحاڵییەوە پێشوازی لێ بکەین، بیکەین بە کەلتوورێکی مەعنەوی و تین بە داهاتووی ڕێگای تێکۆشانو پێشەڤچوونمان ببەخشێ. ئێستا و ئایندەی هەر کەسایەتییەك، هەر گرووپێك، نەتەوەیەك..هتد لە مێژینەیان جیاناکرێتەوە. ئەڵبەتە ئەوەی لە دەمەکانی خۆیدا هیچی دڵرفێنی پێشکەش نەکردووین. بگرە ئەوەی پێی ڕاپەریوە تەنها کاری بوودەڵە و نابەجێ بووە. چاوەڕوانکردنی ئەوەی، کە ئەو کەسە لە ئێستا و سبەی ڕۆژدا کاری خێرخوازی و پرۆژەی مەزنمان بۆ جێبەجێ بکا، لە بێهۆدەیی و خۆ لەخشتەبردن بەولاوە هیچی تر ناگەیەنێ.

ئەوەی لە دێرزەمان و لە دوێنێدا ڕێگری گەشەستاندن و تەگەرەی ڕەوتی بزێوی کۆمەڵ بووە. ئەوەی پرۆسە ڕانەوەستاوەکەی چەواشە کردووە و گێچەڵی پێ کردووە و بەرەو هەڵدێری بردووە، ئەوە دەبێ لە شەوی بەراتی مێژوودا جەژنانەی (سندان) بێ، نەك (شیرینی)- بە مانا (مێژوو) وەك دادگا، لە دەرئەنجامی خوێندنەوەی ڕووداوەکان. هەندێك لە کەسایەتی و ڕووداوەکان، بە ڕێزەوە ڕەوانەی بارەگای (مەسیح، گالیلۆ، لینین، شەهید ئارام، ڕێنیسانس و شۆڕشی فەڕەنسا) دەکا و هەندێکیش ڕاپێچ دەکا دەگەڵ (یەهوزا، دادگای تەفتیش، قەیسەر، بەعس، دژە شۆرش، هتد) لە یەك ڕیزبەستنی نەفرەتلێکراو دەیان پەستێنێ. بێ شەك ئەم دادگاکردنەی مێژوو شقلێکی ئەدەبی بەخۆوە دەگرێ. پەیکەرێك بۆ

نەمری و مەزنی و خێر و جوانی، پەیکەرێك بۆ سەرشۆری و گەندەڵی و شەڕو بزێوی هەن. (مەبەست لە کەسایەتی،چین، گرووپ، نەتەوە..هتد) لە سەردەمێکدا پەرەگرافی جوان و ڕازاوە لە تۆماری مێژوودا بە چنگ دێنن، بەڵام پاشان لە هەمان تۆماردا بگرە ڕەنگە لە هەمان لاپەڕەشدا، لەپاش چەند دێڕێکی تر، دووسێ پەرەگرافی دزێو و پڕهەڵگراوێتی بە تەوێڵی خۆیانەوە بلکێنن. بە ئەندازەیەك کە تارمایەکی ڕەشی بە ڕووی پەرەگرافی جوان و ڕازاوەی پێشوودا داداوە. مەخابن ئەمانە زیرەکانە لەگەڵ ڕۆڵی خۆیاندا مامەڵەیان نەکردووە. لەکاتی پێویستدا (ئیستیقالە)ی خۆیان ڕانەگەیاندووە.. ئەمانە دەوری پۆزەتیفیان لە ئاقاری بزاڤی مێژوودا بەجێ گەیاندووە.. کەچی خۆ ڕادەپسکێنن و ئەو بەسەرچوونە ناسەلمێنن. ئینجا مێژوو ناچار دەبێ، بە حوکمی سروشتی خۆی، سەرباری ڕۆڵی پۆزەتیفی ئەمانە، دڵرەقانە پێیان دەڵێ (پیربوون، ئەو مەکرەی دانێن) و بگرە زۆرجار هەقی دەستی ماندووبوونیشیان ناداتێ و زەرەری پەرەگرافە دزێوەکەشیان پێ دەبژێرێ..

(پەند و ئەزموون، کە لتوورێکی مەعنەوی بۆ ئایندە) ئەمە بە چری ئەو ئەرکە بنەڕەتیەن، کە لەئەستۆی مێژوودان. دەکرێت (مێژوو) وەکو (کەرەسەیەکی خاو) بەکاربهێنرێ بۆ پیادەکردنی بیرۆچکەیەك - تیۆرێك وەکو ئەوەی مارکس کردی لە کتێبی ١٨ی برۆمێری لویس بۆنابەرت دا). یاساکانی مەتژیالیزمی مێژوویی لە مەیدانی پراکتیکدا تاقی بکاتەوە یان (تۆینبی) مێژوونوس بۆ سەلماندنی تیۆری (تەحەددا و کاردانەوە)..هتد.

باس لەوە ناکەین، کە زۆریش هەن مێژوویان بۆ زاخاوی مێشك دەوێ. دەیخوێننەوە و چێژی هەقایەتی بەرئاگردانی لێ وەردەگرن. ئەمەشیان هەرباشە!!

بە ڕاست. کێ مێژوو دەنووسێتەوە؟ چۆنی دەنووسێتەوە؟!

***

مێژوو ئەو کەسە دەینووسێتەوە، کە سەرکەوتووە. مەحمود دەروێش (شاعیرێکی فەڵەستینییە) دەڵێ مێژوو چییە؟ جگە لە سەرگوزەشتەی پادشا سەرکەوتووەکان؟!... کە لەشکری (وڵاتێك، ئیمپراتۆریەتێك) لە نەبەردییەکی خۆیدا دژ بە لەشکری وڵاتێکی ترگرەو دەباتەوە، ئیتر تەواوی پاشماوەی لەشکری

دوژمنی بەزیو لە گۆڕەپانی نەبەردەکەدا بۆ ئەو بەجێ دەمێنێ... لەوێوە... لەسەر خوانی سەرکەوتن هەرچی (بەروار) (ماستاو ساردکەرەوەکان)(مێژوونووسە ساختەبازەکان) هەیە لەسەر (شەرەفی پادشای مەزن و لەشکری هەرگیز نەبەزیوو لەڕووخان نەهاتووە) پێکی سەرکەوتن دەنۆشن! هەرچی ناو و ناتۆرەیەك، کە سیمای شەڕ و خراپە و دزێوی پێوەبێ، دەدرێتە پاڵ سوپای وڵاتی بەزیو. بگرە جەنگ و ئاژاوەکەش واپیشان دەدرێت، کە لە ئاکامی سەربزێوی ئەوەوە بووە. (مێژوو) بە قازانجی(سەرفرازەکان) دەنووسرێتەوە. هەمیشە ئەوانیش لەسەر هەق بوون! هەمیشە ئەوان بێ خەوش، بێ غەل و غەش بوون! هەر ڕەفتار ناشیرینییەك کە کردوویانە، بەو (سەرکەوتنە) پاکژی دەکەنەوە. مەکاڤیللی دەڵێ (سەرکەوتن ئاسەواری دۆڕاوترین کارەکان دەسرێتەوە. لەکاتێکدا ژێرکەوتن دیسپلینترین پیلانەکان لەبار دەبا) بۆیە کورد لە زۆر کتێبان (درندە و شەڕخوازو دواکەوتووە). کاتێک داگیرکەرێك وڵاتێك داگیر دەکات، تەواوی کەرەسە ماددی و گیاییەکانی وڵاتی داگیرکراو دەخاتە ژێر چەپۆکی خۆیەوە.. ئیتر بە درێژبوونەوەی ماوەی داگیرکردنو بەسەرچوونی زەمانە داگیرکەر هەوڵی چاندنی گیانی (لێڕاهاتن و ملکەچکردن بۆ واقیع) و قبوڵکردنی وڵاتی داگیرکەر وەك ئەڵتەرناتیڤێك و پێشکەشکردنی سڵاوی ڕێزلێگرتن بۆ ئاڵای سەرکەوتوو لەنێو خەڵکانی وڵاتی داگیرکراودا دەدات. هەستی بەخۆنامۆبوونیان لا دەروێنێ و تووشی (ونبوونی زاکیرە)یان دەکات. پرۆسەیەکی تواندنەوەی نەتەوەیی و مرۆیی ئەوتۆ دەبات بەرێوە، کە هەموو بوارەکانی ژیان بگرێتە ئامێز. یاسا و ڕێسای کۆمەڵ و دامودەزگا فەرهەنگی و پەروەردەییەکان بە چەشنێك ئامادە دەکات (دەکرێت)، کە لەباربن دۆخی نوێ شی بکەنەوە و زەمینەی بە (دابونەریت بوون)ی برەخسێنن.

مێژوویەك بەم جۆرەو لەو کەشوهەوایەدا بنووسرێتەوە، ئێمە چۆن بە گومانەوە لێی نەڕوانین؟ چۆن ئاشنای کەلتوورێکی مەعنەوی پاکوخاوێن و ئەزموونێکی ڕاستەقینە دەبین، لەکاتێکدا مێژوو پڕبێ لە دەستێوەردان و بە ئاوەژووکردنەوەی ڕاستییەکان. چۆن ئێمە لە مەیدانی پراکتیکدا ئایدیال و تیۆرەکانی خۆمان تاقی بکەینەوە، لەکاتێکدا کە مێژوو وەك کەرەسەیەکی خاو، وەك بیبلۆگرافیا و سەردێك بۆ ڕووداوەکان بێبەش نەبووە لە شێواندن و نووسینەوەی بە قازانجی لایەنێك؟

نیازی ئەوەمان نییە خەتیکی ڕاست و چەپ بەسەر مێژووی تائێستا نووسراو ڕابکێشین، بەتایبەتی کە تەنانەت ئەگەر پرۆژەی سەرلەنوێ تۆمارکردنی مێژوویش بکەینە قیبلەنۆمای خۆمان، هێشتاش ناچارین مێژووی پیشتر نووسراوو ئەو بەڵگەنامانەی گوایە لێیان بەگومانین بکەین بە گەواهیی خوێندنەوەی تازەمان بۆ مێژوو.. نیازی ئێمە ئەوەیە، کە لە هەمبەر هەراوهۆریا و قیژەی هستریائاسای مێژووی ساختە و مێژوونووسە ساختەبازەکان، چۆن بتوانێت چرپەی ویـژدان و نەغمەی عەقڵ و زانستی مێژووی ڕاستەقینە و زانایانی مێژوو ڕاست بکەینەوە؟ چۆن مێژوویەك بنووسینەوە، کە تایبەتمەندییەکانی کەسێتی و گرووپ و نەتەوەی تێدابێ، لە هەمان کاتیشدا هێڵێکی گشتی و مرڤایەتی کۆی بکاتەوە.. مێژوویەك کە دوو ئینسانی دوو نەتەوە بتوانن لە ئوتێلی وڵاتێکی هەندرەراندا.. هەرکەسو هەقایەتی شانازی نەتەوەکەی خۆی بگێڕێتەوە، دواتریش پێکەوە لەو ئوتێلەدا هەڵبکەن.. مێژوویەکی شارستانیەتە جیاوازەکان وەك پەلکی (ئایشە و فاتمێ) ئاوێزانی یەکتری بکات.. چونکە تائێستا هەمووومان یەك تێڕوانینمان نییە لەبارەی (مێژوو)ەوە، خەڵکی ژاپۆن چۆن هاوپەیمانەکان لە شەڕی گێتی دووەمـدا بە بەرەی دیموکراتخواز دەزانـن، کە ئەمریکای خاوەن تاوانی (هێرۆشیما و ناکازاکی) تێدا بێ؟! ئەی نۆرینی خەڵکی میسر هەمان نۆرینی فەڕەنسییەکانە بۆ (ناپلیۆن)؟ ئەڵمانیای تازە یەکگرتوو لە پرۆگرامی خوێندنی چەند ساڵەی داهاتوویدا (بەتایبەتی کە ئێستا گرووپە نازییەکان لە گەشەدان) هەمان تێڕوانینی گەلانی تریان دەبێ سەبارەت بە(هیتلەر)؟ ئەی دەکرێ خەڵکی باشووری کوردستان ڕۆژی ٦ ی کانونی دووەم بە جەژنی سوپا بزانن. لەکاتێکدا کە ئەو سوپایە دامەزرا هێشتا باشوری کوردستان نەلکێنرابوو بە عیراقەوە؟ لەکاتێکدا بە بۆنەی دامەزراندنی ئەو سوپایەوە بەریتانیا دوو (پارتی شاخاوی) پێشکەش کردوون. وەکو نیشانەیەك بۆ ئەرکی هەرە سەرەکی ئەو سوپایە، قەڵاچۆکردنی کورد و بەسروشتیکردنی دۆخی کوردستانی لکێنراو شەڕی ئەو سوپایە دژی شۆرشەکانی شێخ مەحموود و ڕاپەرینەکانی بارزان بە هاوکاری بەریتانیا و پاشان لەم سی ساڵەی دوایەدا بە هاتنە سەرکاری بەعسییە شۆڤینزمە عەرەبەکان گەیشتە ئەنفال و چەکی کیمیاوی و شەری جینۆساید،

ئەمانە هەمووی ئەوە دەسەلمێنن کە تا چەند ئەو سوپایە بە نەتەوەی کورد نامۆیە!

ئەی چۆن مێژووی کورد بنووسرێتەوە؟

ئەمرۆ کورد خاوەنی حکومەتی خۆیەتی. خاوەنی ئەو قەوارە دەوڵەتیەیە کە دەتوانێت دامودەزگای راپەراندنی خۆی هەبێ، ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێ چاوێك بە بواری فێرکردن و پەروەردەشدا بگێڕێ، لە ئەستۆی حکومەتی کوردستانە پرۆگرامێکی هاوچەرخ بۆ پەروەردە و زانست دابین بکات، تەواوی ئەو پرنسیپو ڕێبازانە ڕەت بکاتەوە کە بە بیری شۆڤینیزمی بەعسی عەرەبی فاشی زاخاودراوە. ئەم پرۆگرامە تازەیە زیاتر لە هەر بوارێکی تر دەبێ مێژوو بگرێتەوە. چونکە مێژوو دەربرینێکی چڕی کەسێتی ئەمرۆ و سبەی مرۆڤی کوردە (ئەگەر وەك بوونێکی بە ناخی مێژوودا ڕۆچوو سەیری مرۆڤ بکەین) لەوێوە وەك وتمان ئەزموون و کەلتوورە مەعنەوییەکان بەدەست دێنین. ئەمرۆ دەستەی ڕاپەراندنی نووسینەوەی مێژوو دەکارێت ئەم جارەیان لە ڕوانگەی کوردەوە مێژوو بناسێنێت. با کوردیش لە تەك میللەتانی تر لە دادگای مێژوودا شەرعی خۆی بکات. لیستی چاکە و خراپەی خۆی نیشان بدات. قەرزاری کێیە قەرزەکەی بداتەوە. کێش قەرزاری کوردە با ئەگەر نەشی داتەوە داوای سووکە لێبوردنیك بکات!! ئای کە هاوزەمانێکی مەزن بۆ مێژوونووسی ئەمرۆی کورد هەڵکەوتووە. مێژوونووسی کورد لە سەرێتی مێژوویەك بنووسێتەوە، لەپاڵ ئەوەی ویستە ناسیۆنالیستەکانی کورد دابین دەکات، بشتوانێ بە شێوەیەکی دیالەکتیکانە بە تێکڕایی مێژووی مرۆڤایەتییەوە پەیوەستی بکات.

کورد دەتوانێت کەلێنێکی گەورە لە مێژووی نووسراوی جیهان پڕ بکاتەوە. (ئیسماعیل بێشکچی) دەڵێ (دەبێ مێژووی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە نۆژەنەوە بنووسرێتەوە، واتا دووبارە نووسینەوەی مێژووی تورکیا، ئێران، عیراق، سوریا، لوبنان و فەڵەستین، بە تەنها کوردەکان دەتوانن بینووسنەوە، چونکە کوردەکان بەپێی ئەم نووسراوانەی ئێستا هەیە، گەورەترین زەرەرمەندەکانن)، هەروەها دەڵێ کورد هیچی ناوێ تەنیا (هەوڵدەدەن ئەوە بگەیەنن کە نەسەلماندنی سی ملیۆن کورد لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا بەکارێکی زانستی و جیددی ناشێت).

بۆ نووسینەوەی مێژووی کۆنی کورد (پ.ز) و (د.ز) و لە سەردەمی

ئیسلامدا، پسپۆرانی مێژووی کورد تەگەرەی هەرە بنەڕەتی لە ڕێگایاندا، کەمی دیکۆمێنت و بەڵگەنامەیە سەبارەت بە ماوەی لێوە باسکراوە، بەڵام بۆ نووسینەوەی مێژووی هاوچەرخی کورد، بە تایبەتی مێژووی ئەم سی ساڵەی دوایی، مێژوونوسێکی کورد تووشی دوو تەگەرە دەبێ:

یەکەم: حەساسیەتی ئەو ماوەیە لە مێژووی کورددا، بەتایبەتی کە ئێستا کەسایەتی و ڕێکخراوەکانی ئەو مێژووە لە گۆڕەپانی کوردستاندا، هەریەکەو بەپێی جێ و رێی خۆی تێدەکۆشێ بۆ پەڕینەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان و گەیاندنی بە دوورگەیەکی ئارام.

دووەم: زۆری و بۆری ئەو بەڵگەنامانەی لەبەردەست دان، بە چەشنێك ساغکردنەوەی ئەو بەڵگانە و پێکەوە گونجاندنیان کارێکی دژوارە.

بە مانا، بۆ مێژووی کۆن نەفرەتەکە، کەمیی بەڵگەنامەیە و بۆ مێژووی هاوچەرخ زۆرێتی و بۆرێتیەتی! پێویستە لەسەر خاڵی یەکەم و دووەم هەڵوەستەیەك بکەین:

### ١-لە بارەی مێژووی ئەم سی ساڵەی دوایی کوردەوە:

ئەگەر لە کورتی بیبرینەوە، بۆ مێژوویەك کە بمانەوێ بۆ قۆناغەکانی فێرکردن لە خوێندنگاکانی کوردستان بشێت، دەزگاکانی پەروەردە و زانست دەتوانن بەشێوەیەکی گشتی باس لە بەرپابوونی بزووتنەوەی چەکداریی ئەیلول و پاشان درووستبوونی ڕاگوزەریانە بۆ دیاردە دزێوەکان بکرێت. هەرچی لەتوانادایە بکرێت بۆ زیاتر خستنەڕووی دیاردە چاکەکان و نەبەردییە پیرۆزەکان بۆ پەروەردەکردنی خوێندکار و نەوەی نوێ بە گیانی چاکەخوازی و خۆشەویستی نیشتمان و ڕێزلێگرتنی خەباتی نەپساوەی گەلی کورد ) و سەرنجی خوێندکار وەکو ئەرکی سەرەکی بەرەو دوژمنی داگیرکەر بگواسترێتەوە، بەچاولێکردنی ناکۆکیەکانی هەناوی بزووتنەوەکە وەك ناکۆکییەکی دۆستانە و لاوەکی.. بێگومان تا خوێندکار وەك ئەندامێکی کۆمەڵ ئامادە دەکرێت و ئەوجا مافی خۆیەتی پرسیاری تر لەلای خۆی دروست بکات و خۆی تەرخانی دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارەکان بکات.

بەڵام بۆ مێژوویەك، كە لە كتێبخانەی ڕۆشنبیریی كورد جێگای خۆی هەبێ، بۆ ئەو مێژووە، گەرەكە ئێمە باس لە سێ خاڵ بكەین:

١- تەنانەت لە وڵاتێكی سەقامگیربوونی وەكو بەریتاناش، هەموو بەڵگە مێژووییەكان ناخرێنە ڕوو.. بگرە هەر سی ساڵ جارێك ئەرشیفەكانی دەوڵەت بە ڕووی تۆژەرەوە و مێژوونووسەكاندا دەكرێتەوە.. واتا پاش ئەوەی لە كارتێكردنی ئەو بەڵگەنامانە دەبنەوە و كێشە و هەرا بۆ كەس نانێنەوە.

ب- مافێكی ڕەهای مێژوونووسە چاو بە هەموو دیكۆمینت و نهێنی و بەڵگەنامەكاندا بگێڕێ، وێجا خوێندنەوەی خۆی بۆ مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی لەم سی ساڵەدا بخاتە ڕوو، پەند و ئەزموونی لێ هەڵێنجێ، تەنانەت ئەگەر بیەوێت ئەڵتەرناتیڤێكیش بە چەشنێكی دیموكراتی تەرح بكات، بەڵام

ج- مافی ئەوەی نییە (هیچ نەبێ لە ڕووی ئەخلاقیەوە) تانە و تەشەر لە هیچ كەسایەتی و لایەنێك بدات و خۆی (وەكو ئەندامێكی كۆمەڵ و بزووتنەوەكە) لە هەڵە و چەوتییەكان پاك بكاتەوە. مەخابن كەسانێك سەرنجی خۆیان لەمەڕ بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی كوردستان دەنووسنەوە، بە تایبەتی ئەوانەی خۆیان وەك ئەڵتەرناتیڤێك دەخەنە ڕوو. ئەوانە خۆیان لە هەموو خراپەكان دەبوێرن، گوناهی هەموو شتێك دەخەنە ئەستۆی كەسانی تر. مەسیح دەڵێ (كامەتان بێتاوانن با ئەوەتان بەرد بهاوێ بۆ تاوانبار) مێژوونووسی كورد ئەندامێكی كۆمەڵی كوردستانە، وەك چۆن بە مافی خۆی دەزانی شانازی بە لاپەرە پرشنگدارەكانەوە بكات، ئاوەهاش لە سەرێتی بەرپرسیارێتی مێژوویی خۆی بسەلمێنێ لەو لاپەرانەی(شەرە پشیلەی هەڵە و چەوتین) بە تایبەتی ئەگەر خۆی بەشداریی كردبێ لە بزاڤەكەدا. هەر بۆ (ئیلتیزامی ئەدەبی) جوان نییە، ئەوەی خۆی بە خاوەن بیری سوسیالیستی دەزانێت (بەرپرسیارێتی) خۆی نەسەلمێنێ لە هەر هەڵەیەك كە (سۆشیالیزمی هەبوو) كردوویەتی. وەكو چۆن شانازی بە هەموو دەسكەوتێكی مرۆڤانەی سۆشیالیزمەوە دەكات، با ئەو (سوشیالیستە) تەنانەت لە ئەزموونی (سوشالیستی هەبوو) بەشداری ڕاستەوخۆی نەبووبێ. مێژوونووسی وا هەیە هێند بێبەزەییانە لە بزاڤەكە دەڕوانێ، وەكو بڵێی گەمەیەكی تۆپی پێ هەڵدەسەنگێنێ، نەك بزووتنەوەیەكی پێكهاتوو لە گۆشت و خوێنی ئەندامانی

کۆمەڵ. کە چاو بە هەندێ هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی مێژووییدا دەگێڕین، دەبینین بە لووتبەرزییەکی وا ئەکادیمیانە نووسراوە، کە هەر لە نووسراوەکانی (موستەشریق) و ((گەریدە ئەورووپییەکان) دەچێ..!

## ٢-لەبارەی مێژووی (ڕاپەڕین)ەوە

پێموایە (توینبی) مێژوونووسە، کە (پێکدانی ئوتومبێل) دەکاتە نموونەی جیاوازی خەڵکی لە گێڕانەوەی (ڕووداوێکی ئاساییدا) ئەمە لە ڕووداوێك وایە کە دەشێت هەموو ڕۆژێ دووبارە بێتەوە و خەڵکی بیبینن یان بیبیستن. ئەی بۆ گێڕانەوەی (بابەتێکی مێژوویی)؟ هەڵبەتە هەریەك لە شایەتەکان بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەیە و گێڕانەوەی (ڕووداوەکە) بەو ئاقارە دەبات، کە لە خزمەتی خۆیدا بێت. بەڵێ، ڕەنگە لە ڕووداوی (پێکدادانی ئوتومبێلیك)دا ڕاپۆرتی پۆلیسی هاتوچۆ جیاوازبێ لە گێڕانەوەی بینەری و هی ئەم جیاواز بێ لە هی (ب) و (ج) ئەی بۆ ڕوداوێکی شەرافەتداری وەکو (ڕاپەرین) ؟ بە حوکمی ئەوەی لەپاش گەڕانەوە لە (کۆڕەو)، کە دامودەزگای دەوڵەتی (لەوانەش چاپەمەنی) کەوتنە دەست خەڵکی و لایەنەکانەوە، بۆیە ئەوەندەی لەسەر ئەم (ڕاپەرینە) نووسراوە. لەسەر هیچ کام لە (ڕاپەرین) و (شۆڕشەکانی) کوردستان نەنووسراوە. بۆیە بەلێشاو بابەت لەسەر ڕاپەرینەکە بڵاوکرایەوە.

مرۆڤ هەقیەتی لە (ئایدولوژیا)و (جیهانبینی) خۆیەوە سەیری هەر دیاردەیەك بکات. لایەن و گرووپەکانی کوردستان دەتوانن (ڕاپەرینەکە) لە ڕوانگەی (چینایەتی- نەتەوایەتی، دیموکراتی.. کوردستانێتی؟. ئێراقێتی) خۆیانەوە شی بکەنەوە.

دەتوانن شوێنی خۆیانی تێدا دیاری بکەن و داهاتووی هەڵسەنگێنن، بەڵام نەك ڕاستییەکان ئاوەژوو بکرێنەوە، نەك ڕووداوەکان بەو شێوەیە باس بکرێن، کە خۆمان (پاڵەوان) و لایەنەکانی تریش (هیچ لەباردانەبوو)بن. پێش ماوەیەك وەکو کارێکی پێویست و سەرکەوتوو گۆڤاری(یەکگرتن) لە ژمارەیەکیدا فایلێکی لەمەڕ (ڕاپەرینەکە) پێشکەش کردین. زۆری ئەو لێکۆلینەوە و وتارانەی لەو فایلەدا هەبوون، بەهۆی بوونمان لە کوردستان پێشتر بەرچاومان کەوتووە، بەڵام

که سەرنجی بدەین وەکو (بابەتێکی یەکانگیر) بۆمان دەرئەکەوێ، کە هەر دەستەو گرووپێك بە شێوەیەك ڕووداو دەگێڕێتەوە، هەر بەتەواوی (ئەوانی) تر لە پرۆسەی (ڕاپەرین) نەفی دەکاتەوە! ئەفسوس کەس ناتوانێ بەو شێوەیە سۆزی خوێنەر بۆ لای (گرووپە)کەی ڕابکێشێ!

دەسا مێژوونووسانمان، وەك چۆن بەشیك لە مێژووی کۆنمان بەهۆی (کەمی) بەڵگەنامە و زێدەرەوە لەنێو چوون. مەهێڵن لە گێژاوی (زۆری و دژبەیەکی بەڵگەنامەکان) مێژووی نزیکترین ڕوودا و سەربەرزترین ڕووداو، کە ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ە، لەنێو بچێ.

**پەراوێزەکان:**

١ –ئەم دەستەواژەیە لە فلکلۆرەوە وەرگیراوە، دەربڕینێکە بە ژن دەگوترێ: پیر بووی ئەو مەکرەی دانێ!

٢–هەرچی کاری (بێ حورمەتیە، ناماقولییە، بێ ویژدانییە، ناپاکییە) بە درێژی ڕۆژگار. کەسی سەرکەوتوو دەیکاتە کارێکی (سەلمێنراو، ماقولّ)، بەڵام پەتی زۆرداری لە ئەستوریدا دەپسێ. هەندێک بەم حاڵە دەڵێن یاساکانی (دیالکتیک)، کە دیاردەیەک بەرەو قەیران و تەقینەوە دەبا، هەندێکیش پێی دەڵین پەندی زەمانە. کورد چاکی گوتووە (قەرز کۆن ئەبێ، بەڵام ون نابێ) یان (تۆڵە بەسەبرە ئەمما بەزەبرە) جار هەیە (تۆڵە) درەنگ دێ، واتا پاش ئەوەی کار لە کار ترازاوە. (نیرۆن) نەفرەت لێ کراوە لە مێژوو. واتا سزایەکی مەعنەوی دراوە، بەڵام خۆ (ڕۆما) شی سووتاند؟ با ئەمەش لێدوانێکی بووێت!

٣–تەنانەت ئەمە لای زۆر لە مێژوونووسە دڵسۆزەکانیش تاودانەوەی هەبووە. بۆ نموونە مامۆستا (د. کەمال مەزهەر) باس لە ڕۆڵی کورد لە (شۆرشی بیستی عیراق) دەکات. لە کاتێکدا بەشی باشووری کوردستان تەنها لە ساڵی ١٩٢٥وە بەرەسمی بە عیراقەوە لکێنرا. (د. کەمال) دەیتوانی باس لە ڕاپەرینی ١٩١٩ ی شێخ مەحمود بکات، وەکو فاکتەرێک لەو فاکتەرانەی کاریان کردە سەر شۆرشی بیست لە عیراقدا، نەک وەکو (بەشێک) یان (سەرەتایەک) بۆ (شۆرشێکی عیراقی). بڕوانە (دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية)

٤–ئیسماعیل بێشکچی دۆستی کورد و پێشکەوتنخوازی تورک، شیکردنەوەی لەم بارەیەوە زۆرە. جێژنی کۆماری تورکیا، جیژنی کوردنییە، (پەیمانی لۆزان) بۆ (تورکیا) سەرکەوتنە، بۆ کورد نیشانەی کەمایەتییە.. هتد.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ١٩٩٣/٢/٢١

# فیدڕالی و خوێن

مەرج نییە ئەمە قەدەرێكی خودایی بێت، ئەمە كەموكوڕی بەندەكانی خوایە، كە دەیخەنە ملی قەدەر و دەیخەنە ئەستۆی بڕیاری ئیلاهی. سەرزەمینی ئەم ڕۆژهەڵاتە بۆ دیموكراسی و سەربەخۆیی و ماف و ئازادییەكان دەست دەدات. ئەوە مرۆڤەكانن دەستوپەنجە لەگەڵ چەمكە باشەكاندا نەرم ناكەن و ڕێگای ئاسانی دیكتاتۆری و ئیستبداد هەڵدەبژێرن، كەچی بەرهەمەكەیان خوێن و فرمێسكی زیاترە. زیاترە لەوەی وەك باج دەیان دا، ئەگەر دیموكراسی و فیدرالی و سەربەخۆییان پەسەند بكردایە.

نەتەوە سەردەستەكان تەماعیان لە دەسەڵاتە و گلەییش دەكەن ئەگەر ئەوە لە شێوەی دیكتاتۆریدا بێت. حەزیان لە دیموكراسیە و گلەییش دەكەن ئەگەر دیموكراسی مافی كەمینەكان دابین بكات.

نەتەوە سەردەستەكان ئیمراتۆریان بۆ خۆیان دەوێت و گلەییش دەكەن ئەگەر پارسەنگی هێز یان خەباتی دیموكراتی و خەباتی سەربەخۆخوازی قەوارەی فیدڕالیو دەوڵەتی سەربەخۆ بداتە نەتەوە بندەستەكان. بێگومان نموونەی ئەریتریاش پێمان دەڵێن، سەربەخۆكانیش ڕێگایەكی دوورودرێژیان لەپێشە تا دەبنە دیموكراتی.

ئەم هەموو ڕەنج و فرمێسك و هیلاكییەی بۆ چییە، مادام هەمووان دەبنە دیموكراتی و سەربەخۆیی سەلمێن؟ ڕێگای ئاسانی دیكتاتۆری باشە، یاخود ڕێگای قەدبڕی دیموكراتی و مافەكان؟ قەینا لە ڕێگای قەدبڕیش گەڕێین، ڕێگای ئاسایی و شێنەیی و لەسەرخۆ بۆ دیموكراسی باشتر نییە لە ڕێگای كورتی دیكتاتۆری و سەركوت؟ لەمەوەیە كە دەڵێن، ستەمكارەكان سەر بە دونیای سیاسەت نین، كە بریتییە لە ڕامكردنی ڕەقی و شلكردنی كەللە پوتی. زۆر

جار موجادەلەی ئەوە دەکرێت، ئەمە دونیای سێیەمە و خەسڵەتەکانی جیاوازە، دەبێ ئەزموونی شکست و زیان و هەڵە ببینی، ئینجا ڕێی ڕاست بدۆزێتەوە. ئەمە دونیای سێیەمە پەلەی لێ مەکەن تا دەخەملێ. کێ پەلەیەتی؟ ئەوانەی هەڵپەی دیکتاتۆرییانە یان ئەوانەی هەڵپەی سووتاندنی قۆناغەکانیانە؟ ئەوانە هەڵە و پەلەن، پەلەیانە و لە هەلی ئامادە دەگەڕێن، لە ڕاستیدا ڕێی دیموکراسی خۆی شێنەییەو چەندین دەیەی گەرەکە. بەڵام ئایا زەرورییە لەمپەڕ لەبەردەم ئەم ڕێیە شێنەییە دابنێین، وەکو یاری تلیماج هەنگاوە شێنەییەکانی پەکبخەین و خەڵکی ناچار بکەین ڕێی پەلە و ڕاماڵین بگرنە بەر؟ ئەگەر ڕێگاکە شێنەییە و لەسەرخۆیە، نەرمونیانەو تەختانییە، ئەدی بۆچی لەمپەڕی سەرباری بۆ دروست دەکەن؟

بۆنەی قسەکردن لەسەر ئەم چەمکە خۆشانەی دڵ دەبوژێننەوە و چاو دەگەشێننەوە، باسوخواسی سوریای ئەسەدە کە عیراقی نوێش وا بە تەنیشتییەوە گیری خواردووە. بۆنەی باسکردنی چارەسەری فیدراڵییە، کە لە هەموو لایەکەوە ئەشهەدومابیلای بۆ دەکرێت. تەنانەت ڕژێم خۆشی دەڵێ بلا با بێت. سبەی ئۆپۆزسیۆنیش لە تەماعی ئەوەی ڕێی پێ بدەن بەشداری دەسەڵات بکات، ئیقراری بۆ ئیمزا دەکات. ڕووسیای فیدراڵی دەڵێ، فیدراڵی وەکو ئەوەی من بێت با بەخێر بێت و ئەمەریکاش دەڵێ خۆم سیستمی ویلایەتی ئیتحادیم داهێناوە. ئەگەر وایە، کە هەموو پێیان وایە، ئیتر ئەم هەموو کوشت و کوشتارە بۆ؟ ئەم هەموو داعش و بەعس و نەسرەی بۆچی بوو؟ مەگەر فیدراڵی عیراقتان نەدیووە، کە سەرەڕای ژانە سەرییەکانی سەد جار لە مەرکەزیەتی بەعس و مالکی و سەد جار لە ئەمیرەکانی قاعیدە و داعش باشترە.

بۆ دەبێ کورد لێی بکوژرێ و کۆبانی - ییەکەی تەخت بکرێت ئینجا چاکی فیدرالی بسەلمێنرێت؟ بۆ دەبێ سوننەی سوریا قڕ بکرێت و شیعەی عیراق گۆری بە کۆمەڵی بۆ دابنرێت تا چاکی و باشی و (وەك خۆی نییە)ی فیدڕالی بسەلمێنرێت؟

مەگەر هەر عەقلەی لە حەشارێکە، یان هەر سەدەیەی لە خەسارێکە؟ ئینجا هەتا فیدڕالیش بە ڕاستی جێگیر دەکەن، کارێك دەکەن دڵی نەتەوەی کورد و

نەتەوە بندەستەکان برەنجێ و بتۆرێ، بە جۆرێك مەگەر سەربەخۆیی ئاشتی بکاتەوە؟ قاسم بۆردوومانی کردین، چونکە ئۆتۆنۆمیمان ویست، بەعسی یەکەم لێی کوشتین، چونکە لامەرکەزییمان پێ کەم بوو، بەعسی دووەم ڕاوی ناین و شەتی عەرەبی فرۆشت، چونکە وتمان ئۆتۆنۆمیەکەت ناوی بێ ناوەڕۆکە. ئەنفالو کیمیابارانی کردین، چونکە وتمان حوکمی زاتیەکە ڕاستەقینە نییە. کۆرەوی پێ کردین، چونکە ستەمی لێ دەکردین. ئێستاش مالکی و عەبادی سەرمان نابڕن، بەڵام مەعاشمان دەبڕن، لەکاتێکدا عەرەب خۆی، نەك کورد، دەڵێت: قطع الاعناق ولا قطع الارزاق. لە سوریا کوردی سوننە فەیلییەکی عیراقییە لە پێنەدانی ناسنامەدا، ئاوارەیەکی کوردستانی باکوورە لە پێنەدانی مافدا "جزء من النسیج الوطنی السوری"یە، ئەگەر هەڕەشەی ڕاپەرین بکات.

ئەم هەموو ستەم و جەور و کەتنەی بۆچی بوو، مادام دواجار ئەوە دەسەلمێنن کە دەبێ بیسەلمێنن.؟ ئەم باسە هەر یەخەی ڕژێمەکان ناگرێت، بەڵکو میللەتانیش، بە تایبەتی میللەتانی سەردەست، باریان لەسەر شانە کە تاوانێکی گرانە. ئەوانیش بێدەنگن، یان کەیفیان پێ دێت دیکتاتۆری هەر خۆیان نەکوژێ، قیروسیا لە کورد.سەردەستەکانیش دیموکراتین، کە دژی ڕژێمەکانیان ڕادەبەن. دیکتاتۆرییین، کە ڕۆژ دێتە سەر دابەشکردنی کێکی سەرکەوتن. کێکی سەرکەوتن دابەش ناکەن، بۆیە زلهێزەکان و داعشەکان دێنە سەر خەت و جوگرافیا وەك کێك دابەش دەکەنەوە. ئەوە عیراق و سوریای سایەی دوو بەعس هەرئەوەندەی لێ دەزانن، ئەدی تورکیا، کە هەزار ساڵە دەوڵەتداری دەکات، بۆ هەمان هەڵە دووبارە دەکاتەوە. هەر چاوەڕێی هاوسەنگیی هێز و ئیرهابی داعشەییە، کە ڕووی بۆ لای ئەو وەرگێراوە، چاوەڕێی دۆخی سەپاوە کە فیدڕالی بۆ ئەویش بەرپا بکات؟ ئەدی کورد بۆ خاوەخاوێتی، کە دەزانێ ئەمانە سەرەنجام فیدڕالیش پەسەند بکەن، لە ناوەڕۆکی دەوڵەمەندی بەتاڵی دەکەنەوە؟

*کوردستانی نوێ، ڕۆژانی: ١٨-٢٠١٦/٣/١٩

# شاندانە بەر ئەرکی سەرشان

هەموو تەنگژەیەك هەندێك وردیلە تەنگەژەی تر لەگەڵ خۆی دێنێت. لەوانەش تەنگەژەی ڕاکردن لە بەرپرسیاری و خۆجیاکردنەوەی دواسات، ئەمە لەم تەنگژە دارایی و قەیرانە ئابوورییەی ئێستاشدا هەست پێ دەکرێت.

بێگومان هەم خەڵکی و هەمیش هەر لێکۆڵینەوەیەکی هاوسەنگ و شێنەیی دەتوانێت سەبەبکاری ئەم تەنگژەیە و دەیان تەنگژەی تریش دیاری بکەین. قەیرانە نەتەوەییە گەورەکان لیژنە و لیژنەکاری کاتی شێنەییان پێویست نییە، چونکە نە ئەمە دەردێك چارەسەر دەکات و نە هەلومەرجی دوای هەر تەنگژەیەکیش دەرفەتی بڕیاردان لە لیژنە و لیژنەکاری دەدات، هەموو هەلومەرجێك دوای تێپەڕاندنی هەر تەنگژەیەك شەرایتی عەینی و مەوزوعی خۆی لەگەڵ خۆی دێنێت، کە هەڵسەنگاندنێك بابەتی هەق و حسابێکی ڕاست و ڕەوای بەدواوە بێت، هەڵسەنگاندنێکی دروست بەشی هەموو لایەك و هەموو کەسێك لە تەنگژە دیاری دەکات و لەبەر ڕۆشنایی ئەوەش گەڵاڵەی سزا و پاداشتی ڕاستەقینە دەکات.

ئەوانەی پەلەیانە پەرێزی خۆیان پاك بکەنەوە هەڵە دەکەن، چونکە لە تەنگژەدا هیچ ناکرێ و هیچ دەرناکەوێت. هەر ڕاکردنێك لە بەرپرسیاری لەم دۆخەدا هاوارە لە قەرەباڵغیەك، کە کەس گوێی لێ نابێت و تێکەل بە هاواری سێ بەرە دەبێت: ئەوانەی هاوار بەسەر سەبەبکارانی ئەم تەنگژەیەدا دەکەن، ئەوانەی داکۆکی لە خۆیان دەکەن و سێیەمیش ئەوانەی وەکو خەڵکی تر لە بارپرسیارێتی ڕادەکەن. سەرەنجام نە داتا هەیەو نەداتا و نەداتاشۆیەکی عادلانە، کە پاك و پیس لێك جیابکاتەوە.

لەم تەنگژەدا گەرەکە هەموو شان بدەنە بەر بەرپرسیاری و چەمکێکی تەنگژەکە بگرن بۆ پەڕینەوە لە زەحمەتی، دوای ئەوە (یوم الحساب) دێت و پاك و پیس

لێك جیادەبێتەوە.

لە تەنگژەدا وردە تەنگژەی تر نیشانەیەکی خراپە، چارەسەر ئەوەیە شان بدەیتە بەر ئەرکی سەرشان و میللەتی کوردیش شوکر هوشیارە کاغەزی سپی دەخوێنێتەوە و شکور بەرەحمیشە لە هەڵە و کەموکورتی بچووك دەبورێ. بە تایبەتی ئەگەر کەموکورتی بچووك بەکاری دڵسۆزانەی شاندانەبەر ئەرکی تەنگەژە قەرەبوو بکرێتەوە. خیتابی (من وتم و نەم وت وەختی نییە. وەختی قۆڵهەڵمالینە بۆ یارمەتیدانی میللەت.

*کوردستانی نوێ، رۆژانی: ٥-٢٠١٦/٢/٦

# ڕاپەڕین،
# ڕووداوی نەتەوەیی و تەوزیفی سیاسی

بۆنە گەورەکانی وەکو یادی ڕاپەڕین، چونکە بۆنەی گەورە و زیندوو و نەمرن، هەموو ساڵێك نوێ دەبنەوە و بە چاوێکی نوێ مانای نوێ و ڕەهەندی تازە وەردەگرن. ئەمەش ڕێگە بۆ تەوزیفی سیاسی و جەماوەریی ئەو ڕووداوانە دەکاتەوە. بیرەوەری ڕاپەڕین هەتا کۆنتر دەبێت ڕەهەندی نوێ بەخۆوە دەگرێت و نەوە لە دەوای نەوە بۆ ڕووداوەکانی نوێ بەکار دەبرێت و مانای تازەی بۆ دەدۆزرێتەوە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەم تەوزیفەمان بینیووە، کە هەندێك جار بەخێر گەڕاوەتەوە بۆ ڕەونقپێدانەوەی سەروەریی گەورەی ڕاپەڕین و تێشوی تازەی بە ڕەوتی کاروانی نەتەوەییان داوە. هەندێك جاریش بە خراپ گەراوەتەوە لە کایەی پێشێلکردنی ڕاستییەکانی ڕاپەڕینو داتاشینی پاڵەوانی تر و کارەکتەری تازە بۆ ڕاپەڕین و ڕۆژانەکانی بەگوێرەی پێویستی لایەنەکان بۆ پاڵەوانێتی.

بێگومان ڕاپەڕین چەند مانای گشتگیر و نەتەوەیی بدەینێ بە نەتیجە وەك هەر ڕووداوێك کەس و گرووپ هەن ڕۆڵی سەرەکیان تێدا گێڕاوە. ئەو ڕاپەڕینە بۆیە نەتەوەییە، چونکە ئەوانەی کردوویانە ڕۆڵەی ئەم نەتەوەیەن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت بکەری ڕاپەڕین لەگەڵ کارنەکەری ڕاپەڕین تێکەڵ بکرێت، بەڵکو بکەری ڕاپەڕین بە نوێنەرایەتی نەتەوە ڕاپەڕینی کردووە، نەتەوەش بە کۆی ئەندامەکانی پێشوازی لەم ڕووداوە نەتەوەییە گەورەیە کردووە. یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەم سۆنگەیەوە هەقی خۆیەتی شانازی بەوەوە بکات لە ساتەوەختێکی مێژووییدا ئەم نوێنەرایەتیەی ئەم نەتەوە سەربەرزەی کردووە. ڕاستیی ڕووداوەکانی ڕاپەرینیش ئەم واقیعە یەکێتیانە پتەو دەکەن، بێ ئەوەی لە بەشی کەس و گرووپی تر بخۆرێت و بێ ئەوەی گشتگیری ڕاپەڕین مانای فەوتاندنی هەقی مەعنەوی

بکەرەکانی ڕاپەرین بگەیەنێت. میدیای کوردستانیش لەسەرێتی ئەم ڕەهەندانەی ڕاپەرین وەك کردارێکی مێژوویی بپارێزێ و لە تەوزیفی نەتەوەییدا ڕەچاوی بکات. سەروەریی ڕاپەین وەك هەڵگری مانای گەورە هی ئەو نییە بە گالیسکە بگوازرێتەوە و بە گوێرەی سەنگەربەندیی کارەکتەرە سیاسییەکان و سەنگەر گواستنەوەیان جێگۆرکێی پێ بکرێت. کاری وا لە تەوزیفی سیاسی بە مانا گشتیەکەی دەردەچێ و دەچێتە بابی تەزوویری مێژووەوە.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژانی: ٤-٢٠١٦/٣/٥

# "یاداشت"ی سەدەی بیستویەک

سەیرە دۆخەکە خۆم پێشبینیم کردبوو، پێم وابوو لەوە زیاتری لێ دەقەومێت کە قەوماوە. کەچی ئێستا سەبری لەسەر ناکەم. لەسەر ڕۆژگاری سەفەربەلەکەم خوێندبۆوە و تراژیدیاکانی ڕۆژهەڵات وەك تارمایییەکی کۆن و دوور دەهاتە بەرچاوم، لێ چونکە هی کۆن بوو، چونکە هی وڵاتی خۆمان نەبوو، نەم دەتوانی بەرجەستەی بکەم.

لەم رۆژانەدا بۆ بەسەرهاتێکی مێژوویی گەڕامەوە سەر یاداشتەکانی ڕەفیق حیلمی. سێرچم لەسەر دەورانی شێخ مەحمود و گەڕانەوەی بۆ سلێمانی بوو دوای قەتڵوعامەکەی موسڵ، لاپەڕەکانی گوزەران و ژیانی لە سلێمانی دەورانی جەنگی یەکەم ڕایگرتم، یان ڕاستتر بڵێم ڕایگرتمەوە. جارێکی تر بەچاوی دۆخی ئەمڕۆوە خوێندمەوە. دونیا سەد ساڵە لە ئاستی کورددا وەستاوە، یان کورد سەد ساڵە لە دونیا دابڕاوە؛ هیچ فەرقی نییە، ئاکامەکە یەك شتە: کۆڵەوارییەکی سەد ساڵە.

یاداشتی سلێمانی لە دەورانی جەنگدا ترۆپکی درامای یاداشتەکانە، بە وەسفی پیرەمێرد، وێنەی فۆتۆگراف دۆخی شڵەژاوی برسێتی شاری ئەنواند. چیم لابوو لەسەر قەڵەمڕەوی عوسمانلی لە دەورانی جەنگدا بوونە تیرئەندازم، پەتای خوێندنەوەی ئاسۆیی گرتمییەوە ئەو فەسڵانەم بەسەرکردەوە، هی برسێتیو قاتوقڕی بوون. لەوانەیە خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی و هایلایڤی لە مەمالیك و لە عسورەکاندا جیاواز بووبن، بەڵام نەبوونی و هەژاری و هەژانی کۆمەڵگە یەك دیمەنە لە هەموو زەمین و زەمانێکدا. دیمەنی قاتوقڕی و ترس و بێ ئاسۆیی. هێشتا کوردستانەکەی ئێستام، کە من و تۆ شایەدی ڕۆژ و شەوەکانین، وەك دەورانی سەفەربەلەکی لێ نەهاتووە، ئەمما کێ زامنی دەکات کە ئێمەش بەشوێن

باو و باپیرانماندا نارۆین و بێ ئاسۆیی ناکەینەوە بە کفنی بەرمان؟، مەگەر ئێمەش کوردی ڕەسەن نین، کە حەزی لە قەتیعە نییە مادام لەگەڵ قەتیعدا "چوونە شەڕ شایییە!"؟

ئەم بەسەرهاتانە دووبارە دەبنەوە و ڕەفیق حیلمی نەماوە تا یاداشتی ئەمانەش بکات، چونکە کە نەما خانی بێگومان ڕەفیق حیلمیش ئەرکەکەی بۆ میدیای دەردەداری کوردستان جێهێشتووە، تا ئەمڕۆ بۆ سبەی یاداشت بکات، هەی قوڕ بەسەر کورد مەگەر وەك کارەکتەرەکانی کۆشکی ئەسپێ، ڕۆمانەکەی ئیلیف شەفەق، هەر حەسرەت بۆ دووبارەبوونەوەی زەمان و زەمینی مێژوومان بخۆین. ئێ ئاخر هەمان دەق و هەمان دەستە ئەکتەر و هەمان گۆشەنیگای دووبارەی یەك دەرهێنەر، هەمان شانۆگەری دووبارە دەکاتەوە و نمایشی ئەمڕۆی لە هی هەفتەی پێشووی دەچێت. دۆزیمەوە و ئیتر دوای ئەم خەیاڵبڕاوییە زانیم سەیر نییە کە سەبر لەسەر دۆخی پێشبینیکراو ناگرم. پێشبینی خۆمە و لە نیوەی دام، بۆیە خۆم لە ئاکامەکەی دەدزمەوە. نامەوێت لە ئاکامەکەی ڕابمێنم، چونکە سەرەتا و ناوەڕاستەکەی وایە، کە ساڵێك پێش ئێستا بەخۆمم گوت: پێموایە.

من سەبر ناگرم، نەك لەبەرئەوەی بێ سەبر و بێ قەرارم، بەڵکو لەبەرئەوەی دەزانم چی ئاگرێکم بەم بەد دیتنەی خۆم گڕداوە. لە جێی ئەوەی خۆم با بدەم بە کەمەندکێشکردنی سبەینێ بۆ ناو تۆڕی ئێستامان، تا پێمان بێژێ بە چی ئاوسە؟ خۆم لادەدەم و دەستەنەزەر دوعا دەکەم، خودایە ئەم جارەش هەڵەبم، وەکو چەند جارێك هەڵەبووم و داستانی کورد لە دەست هۆنینەوەی مەنتیقی ڕووداوەکان دەرچووە.

سەبرم لێ بڕاوە، لەبەرئەوەی نا کە وزەم لێ بڕاوە، بەڵکو لەبەرئەوەی کوردی پەند وەرنەگرتووە و پەندی وای هەیە قەت خۆی نایخوێنێتەوە، دەڵێی بۆ نەتەوەکانی تری وتووە یان نووسیویە: چی بدوری ئەوە دەچێنییەوە.

بەسەرهاتی یاداشت و تۆماری قاتوقڕی لەم ناوچەیەدا یەك بەسەرهاتە و ئەم میللەتانە ئەوکاتە لێك جیادەبنەوە، کە هەریەکەیان چیرۆکێکی جیاوازی ئاوەدانیو گەشەی هەبێت. لە خەمدا وەکو یەکین و پێشبڕکێی یەکتری ناکەین، لەبەرئەوەیە فشەم بە خۆهەڵکێشانی عیراقی عەبادییش دێت، کە پێیوایە هەر

کورد لێقەوماوی ناو یاداشتەکانە، لەکاتێکدا سەیاب لە زەمانی پادشاییدا، یانی ڕێك ئەوکاتەی کەباب بە دە فلس بوو و پیرەمێرد هەمیشە بابۆڵەیەکی چەوری لە گیرفان بوو، وتویەتی: "ما مر عـام و لیس في العراق جوع"، ساڵێك نەبوو ئەم عیراقە برسێتی تێدا نەبێ.

دەستم لەسەر دڵمە، کە ئەم دۆخە وەك ئەوەی لە کتێبەکاندا باسی لێوە کراوە دووبارە نەبێتەوە، یان هیچ نەبێ زەمەن هەندێك لاپەڕەی لێ بپێچێتەوە و چەرخی پەلە لەم ئاستەشدا کارابێت و چەرخوفەلەکی خۆی زوو وەرسوڕێنێ. سا بەڵکو ئازاری ئەم میللەتە کەمتر بێ و پەرچووەکە ڕوو بدات،کە سەردارو سەرگەورەکانمان و عامەتی خەڵق و خوا پەندێك لەم هەموو بەسەرهاتانە وەربگرین، لە جێی ئەوەی خۆمان بکەین بە پەند!

*کوردستانی نوێ، ڕۆژانی: ١٩-٢٠١٦/٢/٢٠

# لە یادی تاجی ڕاپەریندا،
# با کەرکوک یەکلایی بکەینەوە

یادی ڕاپەرین هەر خۆی یادکردنەوەی وەرچەرخانێکی مەزنە، یادی ڕاپەرینی کەرکوك تاجی ڕاپەرینەکانە، چونکە بەوە کوردایەتی سەلماندی باسکی ئەستوورە تا ئەو ڕادەی لە هەر ڕاپەرینێکدا، کە بۆی دەلوێ، کەرکوکیش دەخاتە ناو جوگرافیای خۆی، لە مێژووی هاوچەرخی کوردستان و عیراق کوردایەتی لە ماوەی ١٣ ساڵدا دوو جار کەرکوکی ڕزگار کردووە. جارێکیان لە ڕاپەرینی گەل ١٩٩١/٣/٢٠و جارێکیشیان لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس(٢٠٠٣/٤/١٠) لە دەرفەتی شەڕی دژە تیرۆریشدا کەرکوك بە تەواوی کەوتە دەستی باسکی بەهێزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، کە هێزی پێشمەرگەی کوردستانە. ئەمەش مانای سێیەم پرۆسەی ڕزگارییە پرۆسەی یەکەم: بە هێزی ڕاپەریوی گەل. پرۆسەی دووەم: بە هێزی سیاسەتی ژیر و هاوپەیمانێتی لەگەڵ بەرەی براوەی دژە تیرۆر. پرۆسەی سێیەم: بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

ئەوەی ماوەتەوە، کوردایەتی بە سیاسەتی لێبراوی تاجی پرۆسەکان بخاتە سەر خەرمانی سێ پرۆسەکەی تر. ڕێی نەخشەڕێگای ١٤٠ تاقی کرایەوە و ڕێی تریش زۆرە کە کوردستان، جا فیدرال بێت یان سەربەخۆ، تەواوەتی خاکی کوردستان بخاتە ژێر دەسەڵاتی کوردستانیانەوە.

با یادی وره بەرزکەرەوەی ڕزگاریی کەرکوك لە ڕاپەرینی ١٩٩١دا ئیلهامبەخشی وەدی هاتنی دواپرۆسە بێت.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژانی: ١٨-٢٠١٦/٣/١٩

# بۆچی لەسەرکردنەوەی کۆبانێ عەیبە؟!

بیل کلنتۆن سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا بوو، کە لە خولی دووەمی سەرۆکایەتیدا دەرفەتی ئەوە هاتە پێشەوە تا ڕۆڵ بگێرێت لە چارەسەری دۆسێی نێوان ئازادیخوازانی ئیرلەندا و شانشینی بەریتانیا. جگە لە لیاقەتی سیاسی و هەیبەتی ئەمریکا بۆ ناوبژیوانی، چاودێران خەسڵەتێکی دیکەیان لە کەسایەتی کلنتۆندا زەق دەکردەوە، کە دەشێ ڕۆڵی وی لە ئاشتەواییدا سەنگینتر بکات: بنەچەی ئیرلەندی کلنتۆن. مەبەست ئەوە بوو دەشێ هاوسۆزی کلنتۆن لەگەڵ بنەچەی باوباپیرە ئیرلەندییەکانی ئەنگێزەیەکی تر بێت، تا سەرۆك کلنتۆن ئەو ئاڵۆزییە دێرینەی نێوان ئیرلەندی و بەریتانییەکان خاو بکاتەوە.

ئەمە لە ئەمریکا وابوو، لەوێ دەماری نەتەوەییش دەتوانێت شانازی بێت، دەتوانێت کەڵکی هەبێت بۆ وڵات و ئەمنی نەتەوەیی، بەڵام لە عیراق، کە ئەمریکییەکان ڕۆڵیان لە ڕزگارکردنیدا شایانە، ئەم بنەچەیە وەك خەوش سەیر دەکرێت. ڕۆژنامەوانێکی عیراقی نزیکی نێوەندی حوکمڕانان و چەندساڵێك ژیاو لە ئەمریکا، ڕەخنەی لە سەرکۆمار د.فوئاد مەعصوم هەیە، چونکە دوو قسەی خێری بۆ کۆبانێ کردووە و داوای بەهاناچوونی خەڵکی ئەو شارە دەکات.

سالم مەشکور، کە تا کەناڵی حورە خێری دەدایەوە حور بوو و ئێستا دنەی حوکمڕانانی عیراق دەدات لە کورد و سوننە تەوەللا بن، قسەی خێری سەرۆك کۆماری وڵات تەنها وەك ئەنگێزەی کورد بوون دەخوێنێتەوە. وەك بڵێی کوردبوون لەگەڵ پۆستی ڕەسمیدا ناکۆك بێت، وەك بڵێی عیراقی فیدڕالی وەك عیراقە کۆنەکە وایە، نابێ سەرۆك کوڕی بزووتنەوەی نەتەوەیی خۆی بێت و سەرۆك کۆماری عیراقێکی فرەڕەنگیش بێت.

ئەگەر مەشکور دوو شت لە ئاوارەیی ئەمریکا فێربوایە، دەبوا بزانێت بنەچەی

کوردی د.مەعصوم و ئەندامێتی لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا خەسڵەتێکە کەڵکی بۆ عیراق هەیە تا ئەوەی ناکۆك بێت لەگەڵ ناسنامەی ئیتیحادیدا.

بە تایبەتی لە دۆسێی کۆبانێ دا، کە پەیوەستی دۆسێی(داعش) و بەڵای تیرۆرە و ڕەهەندێکی ئیقلیمی و نێودەڵەتیشی هەیە.

ئەوە ئەندێشە و کینەی شۆڤێنییە، کە ڕێی لەوە گرتووە ڕەوتێك لە نێوەندی دەستەبژێری عیراقدا دوورتر لە بەرپێیان نەبینن، ئەگەرنا دەبوایە بزانن، لە دەرەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی، دۆسێی کۆبانێ و هەر خۆی شەڕی تیرۆری داعشی یەك زنجیرەی پێکەوە گرێدراوی بەرەنگارییە و ئەوی لەسەر کۆبانێ و هەولێر و شەنگال بۆتە مەترسی هەر ئەوەیە کە هەڕەشە لە ڕوومادی و بەغدا و بێگومان نەجەف و کەربەلاش دەکات. لە مەمالیکە پێشکەوتووەکاندا، بنەچەی نەتەوەیی عەیب نییە، بەڵکو ئیمتیازە، لێ ئەوەی عەیبە و کورتبینییە، هەناوی شۆڤێنیستییە.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٤/١٠/١٣

# فەسڵی دووەم

# دیموکراسی و کوردەواری

# بەڵێ واقیع هەمیشە هەر سەوزە .. بە مەرجێ

یەکەم: هەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی لە مێژوودا ململانێ لە هەناویدا دەکوڵێ‌و هەر ئەو ململانێیەشە، کە بەرەو پێشەوەی دەبات، هەردوو تەوەری ململانێکەش کۆن و تازەی ئەو پێکهاتەیە دروست دەکەن، ئەگەر بشێ کراسی چەمکی ئەمڕۆ بە باڵای ڕووداوی دوێنێی مێژوودا ببڕین، ئەوە ئەو کۆن و تازەیە، لەو پێکهاتەیە، دەتوانین ناوی ڕاست و چەپی قۆناغی خۆی لێ بنێین.

کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی، بە کوردستانیشەوە، لە ڕەوتی گەشەکردنیدا بە ئاقارێکدا تێپەڕیوە جیاوازە لە ڕەوتی کلاسیکی ڕۆژئاوا، فۆڕماسیۆنی کۆمەڵایەتی- ئابووری ئاسایی پێکهاتەیەك بووە کە کۆمەڵە ڕۆژهەڵاتییەکان، لە پێش سەرمایەداری، بە ئاست و شێوەی جیاجیا لەناویدا، قەوارەیان گرتووە، پێویستی مەرکەزییەتی بەڕێوەبردنی چالاکییە ئابوورییەکان، ئیستبدادی ڕۆژهەڵاتی هێناوەتە بوون، وەکو چۆن فۆڕماسیۆنەکانی ڕۆژئاوا خاوەنی ململانێی چینایەتی بوون، کە ئەو ململانێ چینایەتییە توخمەکانی شێوەی بەرهەمهێنانی بەرەو تەقینەوە بردووە و جێگای بۆ فۆڕماسیۆنێکی دیکە چۆڵکردووە (لە کۆیلایەتییەوە، بۆ دەرەبەگایەتی، بۆ سەرمایەداری...) وەکو چۆن ئەمە لە ڕۆژئاوا وابووە، ئاوەهاش فۆرماسیۆنی ئاسایی لە ڕۆژهەڵاتدا خاوەنی ڕاستو چەپی خۆی بووە، بەڵام بە هۆی خەسڵەتی سستی بزواتن، لەگەڵ چەندین تایبەتمەندی دیکە، لە فۆڕماسیۆنی ئاسایدا ئەو ململانێیە نەیتوانییەوە دۆخی خۆیی و بابەتی پێك بهێنێ و جۆری پەیوەندی بەرهەم هێنانی زاڵ خاشەبەرد بکات و ڕۆژهەڵات بەرەو فۆرماسیۆنێکی واوەتر ببات، دەڵێین (سستی بزواتن) نەك (چەقبەستنی بزواتن) بە مانا ئێمە لە فۆڕماسیۆنی ئاسیاییدا گەواهی چەندین شۆڕشی جوتیاری و بزافی دژە چەوسانەوە دەبین، بزافی (قەرامتەکان) و (زنجییەکان)..

هتد، کاتێکیش سەرمایەداری جیهانی ڕۆژهەڵاتی داگیرکرد و ڕێڕەوی سروشتی گەشەکردنە سستەکەی لێ تێکدا، ئیدی بە زەبری دەرەوە و وەکو بەشێکی شێواو، وابەستە تێکەڵی گەمەی نێو دەوڵەتی سەرمایەداری بوو.

دیارە کوردستانیش هەر ئەوە پایەی مێژوویی بووە، کە بەشێك بێت لە تایبەتمەندێتی ڕۆژهەڵات، سەرباری دواکەوتنی پێش سەرمایەداری و پاشکۆیەتی پاش هاتنی سەرمایەداری، سەرباری ئەمانەش بە دەردی داگیر و دابەش کردن تلاوەتەوە، ئیدی کە بووین بە بەشێك لە بازاڕی سەرمایەداری ڕاستەوخۆ وەکو تێکڕای گەلانی ڕۆژهەڵات کەوتینە دژایەتیکردنی سەرمایەداری، وەکو هۆکاری مەینەتیە نیشتمانییەکەمان، نەك وەکو سیستەمێکی نابەرامبەری ئابووری-کۆمەڵایەتی، کە ئێمە ڕەتی بکەینەوە. سروشتی بوو لەو دۆخەدا ئێمە، کە دژایەتی فراوانخوازی سەرمایەداریان دەکرد، بە دووی سۆراخی هەموو دوژمنانی سەرمایەداریدا بگەڕێین، لە هەناوی سەرمایەداری خۆیدا، کێ هێندەی چەپ دژایەتی سەرمایەداریی دەکرد؟ کە ئاوەها چەپی ڕۆژئاوا دژایەتی سیاسەتە ئیمپڕیالیستەکەشی دەکرد، دیارە کەم تا زۆریش لایەنگری ڕۆژهەڵاتیش بووە. کاتێکیش (ئۆکتۆبەر) پەرەی بە بڵاوکردنەوەی فیکری سۆشیالیستی دا و گەیاندییە ڕۆژهەڵات، لە ڕێگای کەناڵی نەتەوە سەردەستەکانەوە (وەکو مامۆستا ئاماژەی بۆ دەکات) ئەم فیکرە گەیشتە کوردستانیش، بەڵام ئەفسوس لەگەڵ پەرەسەندنیدا لە کوردستان، بەتایبەت پاش شەڕی جیهانی دووەم، ئیتر سۆڤێت بەرەو ئەوە دەچوو وەکو دەوڵەتێکی خاوەن بەرژەوەندی مامەڵە لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا بکات، نەك وەکو ناوەندێك بۆ فیکرەکە، بەڵێ هەر ئەو وەختەش بوو کە بە دوای پێگەی ڕووبەڕووبوونەوە دەگەڕا لە هەمبەر بلۆکی ڕۆژئاوا، ئیتر لە قازانجیدا بوو پشتگیری قەوارە و سنوورە دەستکردەکانی ڕۆژهەڵات بکات، هەر بۆیەش بەرژەوەندیی سۆڤێت و شۆڤێنییەتی نەتەوە سەردەستەکان تێکەڵی شیکردنەوەی سۆشیالیستی بوون، ئەوجا خرانە بەردەم ئەنتلجنسیای تازە پێگەیشتووی کوردەوە، ئەوەشی هەوڵی ڕاستکردنەوەی ئەو شێوە شیکردنەوەیەی بدایە، بە تەحریفی و خزمەتکاری ئیمپڕیالیزم لەقەڵەم دەدرا، بەرهەمی ئەم تراژیدیایە چەپێکی سەرانسەری نامۆ بە کێشەی نیشتمانی هاتەبوون، بەڵام چونکە سروشتی بزافی

کوردستان وەکو هەر بزافێکی کۆمەڵایەتی دیکە خوازیاری باڵی چەپ و ڕاست بوو، هەر لە سەردەمی جەنگی دووەمەوە و پاش ئەو جەنگەش سەرەتاتکێی کوردستانیبوونی چەپ. بەو تێگەیشتنە سەرەتایەی ئەوسا لە کوردستانیبوون، بەدیار کەوت.

دەستپێکردن لە کێشەی نیشتمانییەوە، چەپی تێگەیشتووی لە واقیعی کوردستانی بەرهەم هێناوە، دەستپێکردن لە تێفکرینی نامۆبوون بە نیشتمان چەپی سەرانسەری دوور لە کوردستانی بەرهەم هێناوە.

سەروەریی چەپ لە ڕێبەریکردنی شۆڕشی نوێی کوردستان، لوتکەی ئامادەبوونی چەپە لە پانتایی بزافی نیشتمانیمان، کاتێکیش ژانی بەهاری (١٩٩١) کۆرپەی فیدراڵی کردە دیتمان، چەپی کوردستانی خۆی جێگیرتر کرد و دوا چەپکەگوڵی ماڵئاوایی لەسەرگۆڕی سەرانسەریبوونی فیکری چەپ دانا..!

کەواتە لێرەدا دەتوانین بۆ نموونە ئاخاوتن لەسەر قەیرانی چەپ، لەسەر ڕەوەندێکی نامۆی چەپ بکەین، نەك نەفیکردنی چەپ و ڕاست، کە سروشتی هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە.

دووەم: ئەوە ڕاستە کە ئێمە پێکهاتووەکەمان دواکەوتووە و سەرمایەداریی جیهانی بە خۆوەی لکاندووە، بەڵام ئەوەش هەر ڕاستە کە ئێمە ئیدی لەوێوە بووین بە بەشێك لەگەمە نێودەوڵەتییەکە. جا لە کاتێکدا بەدووی چارەسەرێکی تایبەتین بۆ پێکهاتەکەی خۆمان، لە هەمان کاتدا دەبێت تێڕوانینمان جیهانگیرو گشتی بێ، نەك بەمانایەکی ئەخلاقی، بەڵکو بە مانای زانستیانە ڕوانین لە جەمسەرەکانی دونیا، خودی سەرمایەداری خەسڵەتێکی فراوانخوازی هەیە، کە لە هەوڵی پاوانکردنی هەموو جیهاندایە، بۆیە چەپ لە پاڵ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی کوردستاندا، دەبێت لە ململانێی زلهێزەکانی ئەمڕۆ بکات، بەڵام ئەم جارەیان بە قازانجی بزافەکەمان بیانخاتە گەڕ، نەك وەکو جاران (کوڕی کورد بکەنە قوربانی کچی بێگانەی چاو لە دەر!!).

سێەم: لە کوردستاندا هەرگیز چەپ بەو ئەزموونانەی فێری بووە، ئەمڕۆ نیازی ئەو بازدانەی نییە کە مامۆستا باسی لێوە دەکات، بەڵام لە هەمبەر چەپو هەر بەو شێوەیەش لە هەمبەر بزافی نیشتمانی سێ ئەگەر ڕاست دەبنەوە:

أ- ئەگەری بوژانەوەی بزافی چەپ لە خودی سەرمایەداریدا، دیارە وەکو چۆن حاڵەتی نێگەتیڤی ئەوێ، ئێمەی ئیفلیج و دوا کەوتوو هێشتۆتەوە، ئاوەهاش گۆڕانکاری پۆزەتیفانە لەوێدا، وڵاتانی پاشکۆی وەکو کوردستان بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێ و بازێکمان پێ دەهاوێ، ئەگەرچی لە ئەمڕۆدا کە چەپی ئەمریکا لە هاوپەیمانێتی پیرۆزدایە لەگەڵ دابونەریتی دیموکراسیی سەرمایەداری و لەم خۆ نوێکردنەوەی سەرمایەداریدا، گریمانی زیزبوونی کرێکاری ئەورووپی لە دەستکەوتە بەرهەست بووەکانی خۆی لە جوغزیی سەرمایەداریدا گریمانێکی دوورە دەستە، بەڵام وەکو تێگەیشتنێك لە نائەزەلیەتی سەرمایەداری، وەکو گریمانێك کە دەبێ شیکەرەوەی سیاسیی حسێبی بۆ بکات، نابێ نەشیاوترین دەرکەوتەکان فەرامۆش بکەین.

ب- ئەگەری سەرلەنوێ گواستنەوەی قورسایی گۆڕانکاری بۆ وڵاتانی دامێن بە تێکچوونی تەرازووی تاك جەمسەری، یان چێبوونی جەمسەرێکی دیکەی دژە سەرمایەداری، کە ئەمەشیان هەر دوورە، بە تایبەتی کە هێشتا ڕووی سیستەمی تازە بە تەواوەتی بەدیارنەکەوتووە.

ج- ئەگەری سێیەم کە ئێستا لەبەردەستدایە (گەشەکردنی سەرمایەدارییە)، کە چەپ تێیدا هەوڵی ئاڕاستەکردنێکی کۆمەڵایەتی ئەو گەشەکردنە بدات، لێرەوەیە بەرنامەیەکی ڕیفۆڕمیستانەی ئابووری، کە ژێرخانی کوردستان ئاڤاکاتەوە، ڕەوایەتی خۆی دەسەلمێنێ و دەتوانێت بە پەرەپێدانی قەوارەی فیدڕالی و زێتر دیموکراتیزەکردنی کوردستان ئەرکەکانی دیموکراسی جێبەجێ بکات و بە دۆخێکمان بگەیەنێ، کە (بنچینەی گەمەی سیاسیی گونجاو لەناو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان: ك.ن.ژ: ٣٦٠) بخەملێنێ لێرەوەیە. کاتێک ئەنتلێجنسیای کوردی وەکو (ڕۆشنبیری ئۆرگانیکی)قاڵبێ چینێك دەبەزێنێ و نوێنەرایەتی خواستە دیموکراتییەکان دەکات، کە بریتییە لە (ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.. ك.ن. ژ: ٣٦٠) دیارە ئەوەی ڕێگری ئەو خواستە دیموکراتییە بێت، شیاوی ئەوەیە پێی بڵێین ڕاستڕەو.

*ئەم وتارە، گفتوگۆیەکە لەگەڵ وتارێکی بەڕێز مامۆستا محسن ئیبراهیم، لە کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ١٩٩٣/٨/٢٢ بڵاوبۆتەوە.

# ئاستی خەبات بۆ کوردەواری

وەك دەگوترێ (هەموو سەردەمێك پیاوی خۆی گەرەکە). ئەگەر ئەم گوتەیە مانایەکی هاوچەرخی بدرێتێ و لە چوارچێوەی ئەوەدا قەتیس نەکرێت کە پاڵەوانی سەردەمەکان هەر دەبێت لە ڕەگەزی پیاو بن، ئەوا پێویستە بڵێین (هەموو سەردەمێك ئینسانی هەڵکەوتووە، ئینسانی نموونەیی و جێی ئاماژەی خۆی گەرەکە). ئەمەش جگە لەوەی پێشخستنی ئیدیۆمی کوردییە بەو شێوەی پشکی ژنانیش چون پیاوان بێت، هەروا دەرفەتێکی چاکیشە تا قسە لەسەر نموونەی پێویستی ئەم سەردەمەی ئینسانی کورد بکەین، لە سەردەمێکدا پێویستمان بە نموونەی باش هەیە لە ئیدارەدانی وڵات و لە هەڵسورانی کوردەواریدا. ئێستا هەر بە ڕاستی ئێمە پێویستمان بە چ جۆرە نموونەیەك هەیە تا لە ململانێی شارستانی نموونەی باشتردا گرەوەکە ببنەینەوە؟ ئینسانی نموونەی ئەم سەردەمەی ئێمە کێیە و نموونەی شایستەی چاولێکردن لە کوردەواری ڕوو لە سەدەیەکی نوێ و هەزارەیەکی نوێ داخۆ، دەبێ چۆن بێت؟

مەبەستمان لە ئینسانێکی نموونەی ئەو تێکۆشەر و خەباتگێڕەیە، کە بەپێی هەلومەرجە گۆڕاوەکان و بەگوێرەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی ئامرازەکانی تێکۆشان پەرە پێ دەدات و شێوازەکانی کارکردن نوێ دەکاتەوە. ئینسانی نمونەیی ئەو تێکۆشەرەیە پێ بەپێی قۆناغەکانی کوردەواریی و نزیکبوونەوەی کوردایەتی لە ئامانجە بەرز و ڕەواکانی شوێن و ڕێی تازە و پتر لە ئەڵتەرناتیڤێك بۆ خزمەتکردنو پێشخستنی وڵاتەکەی دەدۆزێتەوە. بەم پێیەش هەموو تێکۆشەرانی کوردایەتیو هەموو خەباتگێڕانی بوارە جیاجیاکانی کوردەواری دەتوانن و لەدەستیان دێ نموونەی هەڵکەوتووی ئەو ئینسانە نموونەییە بن، کە بۆ دەورانی ژیانی نموونەیی باشتر پێویست و بەکەڵکن. واتا نموونەی نوێی تێکۆشان بۆ بردنەوەی

گرەوی (نموونەی باشتر) جێی هەموو تێکۆشەرانی دێرین و تازەشی تێدا دەبێتەوە. هەڵبەتە ئەم ڕەوشەی باسکرا دەتوانێت پەیوەندییەکی پتەو و ئۆرگانێکی لەنێوان تێکۆشەرانی دێرین و شێوازە دێرینەکانی تێکۆشان، کە کوردایەتیان پێشخست و بە ڕۆژی ڕزگاری ئەمرۆیان گەیاند، دروست بکات. کە وایە نیشانیاندا هیچ گرفت و لەمپەرێکی تەکنیکی نییە ڕێیان لێ بگرێت تا ببنە خەباتگێرانێك لەسەر تەرزی تازە لەگەڵ خەباتگێرانێکی نوێی بوارە جیاجیاکانی کوردەواریدا لە کۆشش بۆ ئایندە یەك بگرنەوە، بەڵام ژیانی نوێی کوردەواری چۆنە و تەرزەکانی تازەی تێکۆشان بۆ کوردەواری لەچیدا دەردەکەون؟

ژیانی نوێی کوردەواری ئەو ماوە کورتانە نەبێت، کە کورد حوکمڕانییەکی نیوەچڵی تێدا کردووە، هەرگیز لە دەست کورد خۆیدا نەبووە، ژیانی کوردەواری بە هەموو ئەو ناوەند و دامەزراوە بچووك و گەورانەی گوزارشتی لێ دەکەن، کە هەرگیز بۆی نەلواوە بەپێی خواستەکانی میللەتی کورد و بەگوێرەی داخوازییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و روناکبیری و ئابوورییەکانی گەشە بکاو پەرەبستێنێ، چونکە کورد دەسەڵاتێکی میللی نەبووە، ئاوەهاش بزاوتی کوردەوارییەکەی ملکەچی بزاوتی ناوەندی دەرەکی بووە کە زۆربەی کات ئەو ناوەندانە داگیرکەر بوون و بۆ تێکدانی ڕەوتی گەشەی کوردەواری تەقەلایان داوە، نەك بۆ هێنانە سەر ڕێی ئەو ڕەوتە. کوردایەتی و شۆڕشی کوردایەتیش، کەگوزارشتیان لە بزووتنەوەی سیاسی و داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد کردووە و دامەزراوەکانی ئەوان تەنها دامەزراوەی دەسەڵات بوون. بە حوکمی ڕەوشی ناجێگیر و بە هۆی خەسڵەتەکانی شۆڕشی چەکدارەوە زۆر کەم دەرفەتیان هەبووە بەو شێوەی ئارەزوویان لێیە و بەو جۆرەی لە بەرنامە و ئامانجیاندایە کوردەواری ئاڕاستە بکەن. واتا دەسەڵاتی کوردی، کە دەسەڵاتی شۆڕبووە جوگرافیای ئەوتۆی خاکی ڕزگارکراوی لەبەردەستدا نەبووە تابتوانێت کوردەواری ببا بەرێوە و پێشی بخات. بەڵێ بە هۆی کاریگەریی ناڕاستەوخۆ و بە هۆی دەرفەتەکانی پیادەکردنی دەسەڵاتەوە کەم و زۆر شوێن پەنجەی کوردایەتی بەسەر کوردەوارییەوە دیارە، بەڵام ئەگەر سەرەنجام لە هەڵسەنگاندێکی گشتیدا لە مەسەلەکە بڕوانین، دەڵێی دابڕانێك لەنێوان هەردوولا هەیە و پێویستە لەمەودوا وردتر لەو دابڕانە بکۆڵینەوە.

پێشتریش زۆر قسە دەربارەی ئەوە دەکرا، بۆ بەپێی پێویست نەتوانرا خزمەتی کۆمەڵی کوردەواری بکرێت؟ هەندێك جار وەڵام ئەوە بوو، کە نیەتی خزمەتەکە لە بەرنامەی کوردایەتیدا هەبوو، ئەوەی ڕێگر بوو، هەلومەرجە سەختەکە بوو، بەڵام ئەم جارە هەڤاڵ مام جەلال لە سەردانەکەی وەزارەتی تەندروستیدا لە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە گوتی، دەبوایە لە ساڵانی زوو و لە ڕۆژگاری پێش ڕاپەرنیش بە باشی کار لەسەر ئەو جۆرانەی خەبات بکرابا.

ژیانی نوێی کوردەواری ئەوەیە، کە دابڕانی نێوان کوردایەتی و کوردەواری چارەسەر ببێت ئەوەیە، کە کوردایەتی دامەزراوی دەسەڵاتی هەیە و لە پاڵ ئامانجی سیاسی خۆیدا تێکۆشان بۆ پێشخستنی کۆمەڵ دەکات. کەوابێ تێکۆشەرانی کوردایەتی و تێکۆشەرانی کوردەواری جگە لەوەی یەکتری تەکامول پێ دەکەن. هەرواش لە دیدی خەباتی هاوچەرخەوە تێکۆشانەکەیان یەك مانا و یەك هەڵسەنگاندنی لێ دەکەوێتەوە. بەم شێوەیەش مرۆڤی نموونەیی دەشێ لەنێوکاردا فەرمانبەرێکی خزمەتگوزار، یان تێکۆشەرێکی واری ئیدارە و بەڕێوەبردنی کەرتو ناوەندەکانی وڵات بێت لە دەمی ململانێی نموونەی باشتردا.

*کوردستانی نوێ

# کەس ئیشی خۆی ناکات

کەس لە کوردستان نایەوێت ئەو ڕۆڵە بگێڕێ، کە بەپێی ناسنامەکەی دەشێ و لێی چاوەڕوان دەکرێت بیبێت. سەرەنجام ئەوە دەقەومێت، کە شکسپیر ناوی کۆمیدیای هەڵەکانی لێ نا. هەڵە، هەڵە لە دوای خۆی رادەکێشێ، بەڵام کۆمیدیای هەڵەکان لەنێو واقیعدا تراژیدیا و ناخۆشی دەخولقێنن، وەك ئەوەی لە کەلار قەوما.

قایمقام ڕۆژێك پێش خۆپیشاندانەکە هەڕەشە دەکات، ئەگەر داخوازییەکان جێبەجێ نەبن، ئەوا دەست لەکار دەکێشێتەوە.

وەسیلە نەما بۆ موخاتەبەکردنی سەرووی خۆمان میدیاکان نەبێت؟ ئێ برا بۆ بە کیتابنا و کیتابوکم داوای وازهێنان ناکەیت؟ سەرۆکی وەحدەی ئیداری لە ڕۆژنامەکانەوە ڕەخنەی وا بگرێت، ئەی ڕۆژنامەنووسەکان چ کاسبییەکیان بۆ مایەوە؟

بەرپرسانی ناوچەکەش دەڵێن، ئێمە لەگەڵ خۆپیشاندەران و داخوازییەکانی ئەواندااین، خەڵك مافی خۆیەتی مان بگرێ و خۆپیشاندان بکات. بەڕێزەکان لە جیاتی ئەوە داواکانیان بۆ جێبەجێ بکەن، نەك بچنە ناویانەوە، ئەگەر تۆش لەگەڵ جەماوەردا بووی بە جەماوەر، ئەی ئەوان بۆ داواکانیان ڕوو لە کوێ بکەن؟ ڕێبەرانی خۆپیشاندانەکە دەڵێن: ئێمە ویستمان (بە مەدەنی) داوای پێویستەکانمان بکەین، بەڵام ئاراستەی خۆپشاندانەکە گۆڕا و لەدەست دەرچوو.

باشە ئەی کێ ئاژاوەی لە دژی دامودەزگاکان نایەوە و ئەی لە بەرامبەردا کێ ئەمری تەقەی فەرموو؟ ڕۆژنامەنووسان، کە ئەرکی گواستنەوەی ڕاستییەکانیان لەسەرە، لەنێو خۆیاندا دابەشی سەنگەرەکان بوون و لە جێی چاودێریی ڕووداوەکان، کەوتنە چاودێریکردنی یەکتری. باشە ئەگەر ئەوان بوونە بەشێك لە ڕووداوەکە،

کێ ڕووداوەکەمان بۆ بگوازێتەوە.

لە هەموو ئەمانەشدا دەرکەوت،کەس بە بەشی خۆی ڕازی نییە! هیچ شکی تێدا نییە کە مەدەنیخوازانی کەلار ناخوازن بە تێکچوونی ئاڕاستەی ڕێپێوانەکە لەنیوەی ڕێدا خەباتی دیموکراتی و مەدەنیان پەکی بکەوێت، لەکەی (ئاژاوەگێڕی) بەناوچاوانەوە بلکێنرێت.

هەروەها پۆلیس و ئاسایشیش حەزناکەن ئاکامی ڕووداوەکە وابێت، کە ئەوان لەسەر پەڕی ڕۆژنامەکان سەرکۆنە بکرێن و لەناو پێك هەڵپژانەکەش ژمارەی بریندارەکانیان لە هی خۆپیشاندەران زیاتر بێت! کەوا بێ گرفتەکە لە شوێنێکی ترە، گرفتەکە لە ئیدارەی تەنگژەکەدایە، لە ساتەوەختی لێقەوماندا چۆن مامەڵە دەکەیت؟

لە ڕێگایەکی بێ قەرەباڵغی تەخت و قیرتاوکراو و بێ لادانی کاتیدا، خراپترین شۆفێر دەتوانێت بە دڵنیاییەوە ماشێنەکەی لێبخوڕێ، بەڵام شۆفێری کارامە و مەعلان لەکاتی قەرەباڵغی و لە ڕێگای پڕ کەند و کۆسپدا دەردەکەوێت، کە چۆن بە سەلامەتی دەربازی دەبێت!

لە خۆپیشاندانی ڕێپێدراوی دروشم پێشوەخت دانراو و ئامانجی بێ گیروگرفت دیاریکراودا، بێتواناترین جیهازی ئاسایش و پۆلیس و کەم حەوسەڵەترین جیهازی ئیداری دەتوانێ ڕەوشەکە بپارێزێ و ئاڕاستەکەی کۆنترۆڵ بکات، بەڵام گرەوی سیاسەت، کە فەنول مومکیناتە، ئەوکاتە براوە دەبێت کە ئیدارەی خۆپیشاندانێك (مۆڵەت بۆ وەرنەگیراوی دروشم خۆرسکانە) بکرێت، مەشقی دیموکراسی ئەوکاتە ڕاستە، کە خەڵك ڕووی ڕەخنە و داواکانی کردە دەسەڵات، لێیان قبوڵ بکرێت و بۆیان جێبەجێ بکرێت.

لە بچووکترین پێکهەڵپژاندا پۆلیس تەقە بکات، ئەوە جگە لەوەی بچووکترین مانا بۆ دیموکراسی ناهێڵێتەوە، کەمحەوسەڵەیی و سینگتەنگی نیشان دەدات.

دەنا خۆ لە کۆڕ و سیمینارەکاندا هەموو دیموکراتین و برای دینی یەکترین! چارەسەری ڕاست ئەوەیە، بە کەمترین زیانەوە پۆلیس، هەروەها ئاسایش، بە موکێش نەبینراو (ئاژاوەگێڕان) لە خۆپیشاندەران جیابکەنەوە و یەکەمیان بۆ دادگا و لێکۆڵینەوە و دووەمیشیان بۆ باوەشی پێشوازی و دەست لەسەر سینگی

جێبەجێکردنی داواکانیان ببەن.

ئاسایش و پۆلیسی ئەم هەرێمەی کوردستان لەناو گێژاوی ئیرهاب لە عیراقدا تۆمارێکی زێڕینی هەیە لە پاراستنی ئەمن و ئاسایشی کوردستان، کە هەمووان ئەشهەدوبیلای بۆ دەکەن، بەڵام کەڵکی چی دەگرێت دوو کەسی بێ حەوسەڵە لە دوو ڕووداوی هاوشێوەدا ژەنگ بخاتە ناو حەرفە زێڕینەکانی ئەم تۆمارەوە و بە تەقە ڕووبەڕووی هەر ئەو هاووڵاتیانە ببێتەوە، کە پۆلیس و ئاسایش لە بەرامبەر ئیبرهابدا پاراستوونی.

دەزانین ئیدارەی تەنگژەی وا هەر بەقسە خۆشە و دواجار هەرچۆنێك بێت ڕووداوەکە کۆنترۆڵ کرا، بەڵام بە دڵنیاییەوە قوربانی و سەرشکانەکان، هەروەها زیانە مادییەکانیش، کەمتر دەبوون لەوەی کە ڕووی داو خۆپیشاندانە دیموکراتییەی شێواند.

ئەگەر پێشوەخت چارەسەری ژیرانە دابنرایە، هونەر ئەوەیە لە کاتی شڵەژان چۆن پێش بە ناخۆشییەکان بگرین. هونەر ئەوەیە هەموولایەك وەزیفەی خۆی جێبەجێ بکات، قایمقام نوێنەرایەتی حکومەت بکات و لێپرسراوە باڵاکانیش داخوازییەکان جێبەجێ بکەن. خۆپیشاندەران خۆپیشاندانی مەدەنیانە و پۆلیسیش نەزمی گشتی و هێمنایەتی دابین بکەن و ڕۆژنامەنووسانیش وەزیفەی گەڕان بە دوای ڕاستییەکاندا ڕایی بکەن.

هەر لە ساتەوەختێکی واشدایە دەردەکەوێت، کە کێ وەزیفەی تێکدانی ئاڕاستەی دیموکراتی پیادە دەکات و دەیەوێت مەلە لە ئاوی لێڵدا بکات؟

*ئەم بابەتە لە رۆژنامەی تایبەت بە وەزارەتی ناوخۆ بڵاوبۆتەوە، بە بۆنەی خۆپیشاندانەکانی شارۆچکەی کەلار لە ساڵی ٢٠٠٥دا.

# کەو بەرامبەر کەو دەخوێنێ

بە ڕاستی کوردستان لە دەروازەی گۆڕانێکی گەورەدایە، دەروازەی گۆڕانکاری لە فەرهەنگی سیاسی و ئەدەبی مامەڵەکردن لەگەڵ جیاوازیی و جیاوازییەکاندا. وڵاتی ئێمە تەنها گیرۆدەی دەرکەوتە گشتییەکانی گەندەڵی نییە. دەردی گەندەڵی ئیداری و دارایی بە یاسا و بەرپەرچی دەستووری و ئیداری قەلاچۆ دەکرێت، زۆر نابا ئەو ئیرادە چاکسازییە سەردەگرێت، کە دۆسێی گەندەڵی دەخاتە سەر سکەی ئیداری و وەزیفی و لەوە دەربازی دەکات دەسکەلای سیاسی و ئاڵودەی ململانێ ئایدۆلۆژییەکان بێت.

لە پەتای گەندەڵیی ئیداری و دارایی ترسناکتر، پەتای گەندەڵییە لە فەرهەنگی سیاسی و داهێزرانی ئەدەبی مامەڵەکردنە لەگەڵ جیاوازییەکاندا. کوردستان ڕێك ئێستا گیرۆدەی ئەم دەردەیە، پەڕینەوە لەم دۆخە ئینتیقالییەی لە ناو فەرهەنگی سیاسیی ئێمەدا هەیە، بۆ قۆناغی گۆڕانێکی چۆنایەتی، ئەو دەروازەیەیە کە هەر دەبێت پێی بگەین و نەهێڵین چیتر بەربەستەکانی بەردەمی گەورە بن و لەمپەر بن.

ئێمە لە دەروازەی ئەو گۆڕانەین لە فەرهەنگی سیاسیماندا، بەڵام وەك هەموو گۆڕانێکی جەوهەری، تێکۆشان و لێبڕاوییمان گەرەکە.

دەروازەی هیچ قۆناغێك لە خۆڕا و بێ زەحمەتی و شاندانەبەر نەکراوەتەوە. بۆ ئەوەی فەرهەنگی سیاسی ناشرین و بودەڵە فڕێ دەین و ڕوو لە ئەدەبیاتی ڕاشکاوو سەنگین و ڕێزگرتوو بنێین، دەبێت پێش هەموو شتێك لە ئیرهابی فیکری، بوختان و درۆ و دەلەسەی دیکتاتۆرە بچووك و گەورەکانی ناو فەرهەنگی سیاسی و ناو ڕەوتی ڕۆشنبیریی کوردی نەترسین و پەردە لە ڕووی نیفاق، دووفاقی، کاکەبرایی و ئەحباب چاوشلی هەڵماڵین و ئەم دایناسۆڕانە بکەینە مۆزەخانەوەو

بۆ دەرس و دەوری منداڵەکانمان لە گۆڕی شوشەیی و نایلۆنی مەحکەمدا بیانپارێزین.

دەبێت ئەوانەی بیروڕایەکی جیاوازیان لە ڕەوتی میلیگەرایی ناو سیاسەتی کوردیدا هەیە، لە زمانی نزمی ئەم فەرهەنگە سیاسییە باوە نەترسن، لە مێژووی بوختان هەڵبەستن و سیناریۆی لێدانی کەسێتی و پەلاماری ناموسی خێزانی و کەرامەتی سیاسی و نیشتیمانی سڵ نەکەنەوە، لەو ڕەوتە دوو ڕووەی ناو فەرهەنگی سیاسیی کوردستان نەسڵەمێنەوە، کە بۆ هەموو کارەکتەرێك دۆسێیەکی ساختەی دروست کردووە بۆ چاوترساندن، هەرجارەی چمکی درۆیەك دەردەخەن، چونکە بەری دەیان ساڵ مێژوونووسی ڕەوان، شاد محەمەد ئەمین زەکی بەگ چاکی گووتووە: (ئەوی حیسابی پاکە، لە موحاسەبە بێباکە)، با تەڵەکەبازەکانی ناو کوچە و کۆڵانەکان بە بەڵگە و دۆکۆمێنت و شایەد و دادوەری ئاشکراوە قسە بکەن، چونکە (البینة علی المدعی). با ڕۆڵە بە جەرگەکانی کوردستانی سەدەی بیست و یەك ئەم فەرهەنگە شەرمهێنەرە لەقاو بدەن و خاوەنەکانیان لە ئاوێنەی ڕاستی ڕووداو و تاقیکردنەوەکاندا نیشانی ڕای گشتی بدەن.

ئیدی ئەو زەمانە بەسەرچوو وا لەگەڵ موخالیفە سیاسییەکانیاندا مامەڵە بکەن، کە زوو کۆڵدەدەن و مەیدانەکەیان بۆ چۆڵ دەکەن، چیتر مەیدانی خەبات و کوردایەتی پاوانی کەسمان نییە کە لەنێوان تەسلیمبوونەوە بە دوژمن و تەسلیمبوون بە ئیرادەی دیکتاتۆرانەی ئەواندا، موخالیفەکانی خۆیان ناچار بەسەرهەڵگرتن و خۆکوشتنی سیاسی بکەن، ئیتر زەمانی خۆ بە پاکژ دانان و خەڵك بە پیس و گومانلێکراو نیشاندان بەسەرچووە، بۆ ئەوانەش بە دوای گۆڕانکاریی ڕاستەقینەوەن، گۆڕانی ڕاستەقینە ڕێك ئەوەیە هەمووان لەبەردەم یاسا، زومی کامێرا و ڕای گشتیدا وەك یەك بن و بتەکانی لات و عوزە و هوبەل تێك بشکێنرێن.

کوردستان لەبەردەم گۆڕانێکی گەورەدایە، ململانێی ڕاستەقینە هی نێوان حزبەکان، نێوان باڵەکان و هەڵبژاردنەکان نییە، ململانێی ڕاستەقینە لەگەڵ فەرهەنگی ترساندن و بوختانکردنە، لەگەڵ میلیشیاکانی ئیرهابی فیکری و دەموچاو داپۆشراوەکانە کە تاوان دەکەن و قەرینەی تاوانەکان ناسنامەیان

دەردەخات.

گۆڕانەکە خەملیوە، بەڵام لەوانەیە زەفەری پێ ببرێت، ئەگەر بە تێکۆشان و چاوقایمی پەرژین نەکرێت، هیچ دەرگایەك بە سیحر و پارانەوە ناکرێتەوە، ئیرادەی پێویستە، تەگبیری وردی بۆ لە جێدانانی فەرهەنگی ڕاشکاوی و دلێری گەرەکە، حەقیقەت پاوانی کەس نییە، ئەگەر قەرارە پاوانی لایەنێکیش بێت، ئەوا بێگومان پاوانی دەمامکدار و ئیرهابییەکانی فیکر و سیاسەت نییە.

لە جێی مامەڵەی ترساندن و تۆقاندن، لە جێی کاتمی نووسینی دەمامکدار و خوازراو لە تاریکی شەودا، کاتی فەرهەنگێکی ڕاشکاو و ئەدەبێکی بەحورمەتە، سوارچاکی وادەبێت: هەموو لایەك، وەك کەو، بەرامبەر یەك بخوێنن.

***گۆڤاری هەفتانە ژ: (٧٢)، ٢١/١٥ تشرینی دووەم ٢٠٠٩**

# ئاستە جیاجیاکانی نوێنەرایەتی کورد

دیاردەی فرەئاستی لە نوێنەرایەتیدا دیاردەیەکی تازەیە، هەندێکجار قەرەباڵەغی سیاسی دروست دەکات، لە ڕێگای ئەو قەرەباڵغەییەشەوە نەیارانی پرۆژەی کوردستانی هەوڵدەدەن دزە بکەن و موزایەدەچییەکانیش هەوڵدەدەن کەلێن بخەنە ناو خیتابی ڕۆشنی کوردایەتییەوە.

بۆیە ژووری عەمەلیاتێك بۆ دیاریکردنی ئەرك و فرمانەکان و ڕێوشوێنی هەماهەنگی نێوان ئەم فرە نوێنەراتییە پێویستە سیستمی نوێنەرایەتی لە کوردستان سیستمێکی فرەئاست و فرەئاڕاستەیە بۆ میللەتێك کە بە درێژایی مێژووی خۆی لە نوێنەرایەتی بێبەش کرابێت و هەمیشە دوژمنەکانی لە جیاتی ئەو بڕیاریان دابێت و قسەیان کردبێت، ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی تازەیە، دڵخۆشکەرە نیشانەی گەشەکردنی بزووتنەوەی کوردایەتییە، بەڵام لەهەمان کاتدا وەك هەر دیاردەیەکی مورەکەب بێ گیروگرفت نییە، جاران کورد هەر ئەوەندەی دەویست ڕێگای پێ بدەن کەسێك، حزبێك، بزووتنەوەیەکی سیاسی نوێنەرایەتی بکات و لەجێی ئەو خەون و خولیاکانی بە نەیارەکان و ئەوانی تر ڕابگەیەنێت و لەجێی ئەو دانوستان لەگەڵ (ئەوانی ) تردا بکات. لەبەرئەوەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، لەناو پێکهاتەی دەوڵەتدا، هیچ دەرفەتێکیان بە کورد نەدەدا نوێنەرایەتی هەبێت مەگەر ئەو نوێەرایەتییە لەناو دەوڵەتدا بتوێتەوە و هیچی پێ نەمێنێت بۆ گوزارشکردن لە خەون و ئاواتەکانی کورد، یان لەگەڵێك دەرکەوتدا بەپێچەوانەوە دەوڵەت هەوڵی دەدا ئەوانە بە نوێنەری کوردە دابنێت، کە هیچ نوێنەرایەتیەکی کورد ناکەن و بە هیچ شێوەیەکیش گوزارشت لە خەون وخولیاکانی ناکەن، بۆیە نوێنەرەکانی کورد لە دامودەزگا جیاجیاکانی دەوڵەتداریدا، بۆ نموونە لە عیراقدا، هەمیشە نوێنەری دەوڵەت بوون کە بە ناوی کوردەوە قسەیان دەکرد، جا ئەمە لەناو دەوڵەتی

مەرکەزی هەروا و لەناو دامودەزگاکانی دەوڵەتیش لە کوردستان هەروابوو. دامودەزگاکانی دەوڵەت لە کوردستاندا دامودەزگای سەپێنراوی داگیرکەران بوون، بۆ ڕێکخستنی کاروباری داگیرکاری لە نیشتمانی داگیرکراودا، تا ئەوەی ئەولەویاتی ڕێکخستنی ژیانی کوردەواری بێت. بۆیە سیستمی نوێنەرایەتیەکی ڕەوا بۆ گەلی کورد هەمیشە لەناو بزووتنەوەی کوردایەتیدا جێی بۆ خۆی دابین کردبوو و تەنها بزووتنەوەی کوردایەتی و نوێنەرەکانی ئەم بزووتنەوەیە لە سەرکردە مێژووییەکان و سەرکردایەتییە شۆرشگێرەکان و حزبەکانی شۆڕشی و خەباتیان بۆ کوردایەتی دەکرد دەیان توانی قسەی ڕاست و ڕەوان لەسەر کورد بکەن. تەنانەت داگیرکەرانیش ئەم شتانەیان دەزانی، بۆیە لە هەر ئینفراجێکی سیاسیدا هەر دانوستانیان لەگەڵ سەرکردایەتی شۆرش کوردستان دەکرد، کە ئەمەش ناڕاستەوخۆ دانپایانان بو بەوەی گەورە پیاوان فەرمانبەرانی پلە باڵای کورد لەناو سیستمی دەوڵەتی عیراقدا هەرگیز نوێنەرایەتی سیاسی کوردیان دەکرد، خۆ ئەگەر وابوایە دەوڵەت لەگەڵ جاشەکانی خۆی دەکەوتە دانوستانەوە. ئەمرۆ دیاردەیەك کەگوزارشت لە پەرەسەندنی کوردایەتی دەکات، گوزارشت لەگەشەی سیستمی نوێنەرایەتی لەناو گەلی کورددا دەکات، دیاردەی فرە نوێنەرایەتی و فرەیی ئاستەکانی ئەو نوێنەرایەتییە، ئەمرۆ لە کوردستان چەندین دەزگامان هەن کە بە شێوەیەکی ڕەوا و دیموکراتیك و هەڵبژێردراو نوێنەرایەتی ئیرادەی گەلی کورد دەکەن و هەریەکەیان لە بابەتێك و بوارێکدا: سەرۆکایەتی هەریم نوێنەرایەتی ئیرادە و سەروەریی سیاسی گەلی کوردستان دەکەن، کە هەڵبژێردراوی راستەوخۆی گەلی کوردستانە، دامودەزگای پەرلەمانی کوردستان کە دەزگایەکی شەرعیو هەڵبژێردراوی میللەتە نوێنەرایەتی لەگەلی کوردستان دەکات. هەر لەناو کوردستاندا ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی پارێزگاکان و هەر ئەنجومەن و دەزگا و هەڵبژێدراوێکی تر لە ئاستە جیاجیاکاندا نوێنەرایەتی ئیرادەی بەشێك لە دانیشتوانی کوردستان دەکەن. ئەمە لە هەرێمەدا، لە بەغداش کەکوردستان بەشێکە لە عیراقێکی دیموکرات و فیدراڵ، دەمودەزگای سەرۆکایەتی کۆمار نوێنەرایەتی ئیرادە و سەروەیی کورد دەکات لە ئاستی دەوڵەتی ئیتحادیدا. فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان و فراکسیۆنەکانی تر، ئەوی ئەمرۆ هەن و

ئەوی لە ئایندەدا دەبنە فراکسیۆنی کوردیی لە پەرمانی عیراقدا، ئەمانەش نوێنەرایەتی ئیرادەی گەلی کورد دەکەن لە ناوچە دابراوەکانی کوردستان، وەك کەرکوك، خانەقین. ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجومەنی قەزا و ناحیەکان لە ئاستی جوگرافیای ناوچەکەی خۆیاندا نوێنەرایەتی لە دانیشتوانی کوردستان دەکەن، هەریەکە و لەناوچەی خۆیدا. لە سەرووی ئەم هەموو دەزگا نوێنەرایەتییە هەرێمی و ئیتحادی و ناوچەییەدا سەرکردایەتی بزووتنەوەی مێژوویی کوردایەتی هەیە، کە بەشێکیان وەك سەرۆك کۆمار مام جەلال و سەرۆکی هەرێم کاك مەسعود و بەشێکی تر لە سەرکردایەتی بزووتنەوەکە ڕاستەوخۆ بە ناونیشانی ڕەسمی پلەی وەزیفییەوە نوێنەرایەتی لەگەلی کوردستان دەکەن. ئەمە بێجگە لە نوێنەرەکانمان لە دەزگا تەنفیزییەکانی وەکو حکومەتی ئیتحادی و حکومەتی هەرێم و حکومەتی لۆکاڵی پارێزگاکان. هەموو ئەم نوێنەرایەتیانە ئەڵقەی پێکەوە گرێدراویان ئامانجەکانی کوردایەتی و کوردەوارییە و مەسەلەی کورد زۆر لەوە روونترە، کە بە دوای نووسراو و مەرجەعیەتی نووسراودا بگەرێین، نەبوونی مەرجەعییەتێکی نووسراو بۆ هەموو ئەو دەزگایانە بکەینە بیانوو وەك هەندێك دەیانەوێت لە ڕێیەوە خۆیان لە ئەرکە روون و دیاردەکانی کوردایەتی بشارنەوە، هەرچەندە بوونی مەرجەعیەتێکی ڕاگەیاندراو، وەك بۆ نموونە دەستووری کوردستان، هەروەها گرێبەستێکی نەتەوەیی پێویستییەکی سەردەمن، بەڵام لەوەش گرنگتر بۆ بواری پراکتیکی ئەوەیە، کەگەلی کوردستان بتوانێت ئەم سستمی فرەئاستەی نوێنەرایەتی خۆی لە چوارچێوەی ژوورێکی عەمەلیاتدا ڕێك بخات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تەنگژە و ڕووداوە لەناکاوەکاندا. ئەم دیاردەی فرە ئاستییە لە نوێنەرایەتی چونکە تازەیە، هەندێکجار قەرەباڵغی سیاسیش دروست دەکات و لە ڕێگای ئەو قەرەباڵغییەوە نەیارانی پرۆژەی کوردستانی هەوڵدەدەن دزە بکەن. موزایەدەچییەکانیش هەوڵدەدەن کەلێن بخەنە ناو خیتابی ڕۆشنی کوردایەتییەوە. بۆیە ژووری عەمەلیاتێك بۆ دیاریکردنی ئەرك و فرمانەکان، بۆ دیاریکردنی ڕێوشوێنی هەماهەنگی نێوان ئەم فرە نوێنەرایەتییە پێویستیەکی لەدواخستن نەهاتووە. پێویستە نوێنەرایەتی کورد لە پەرلەمان کوردستان و نوێنەرایەتی کورد لە پەرلەمانی عیراق هەروەك نوێنەرایەتی کورد لە حکومەتی هەرێم و حکومەتی

ئیتحادیدا چاو لە هـەردوو سەرکردایەتی کوردستان، سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی کۆمار، چاو لە هـەردوو سەرکردەی مێژوویی گەلی کوردستان مام جەلال و کاك مەسعود بکەن، کە نوێنەرایەتییەکەیان هەم ڕەوایی مێژوویی هەیە و هەم ڕەوایی رەسمی و پێکەوەش لە هەموو پرەسەکاندا هەماهەنگن و هاوکارن، پێویستە وەك هەردوو سەرۆك ئەرکەکانی خۆیان بەباشی لەنێوان بەغداو هەولێر، لەنێوان تەوافوق کە گەمەیەکی کوردییە لە بەغدا و لەگەڵ دۆخی فرەیی پێکهاتەکانی عیراقدا دەگونجێت و پێداگریی لەسەر ویستە نەتەوەییەکان، کە گوزارشتە لە ویستە نەتەوەییەکان، بسازێنن. گەرەکە ژووری عەمەلیات بۆ هەماهەنگی لە هەموو ئەو ئاستانەدا هەبێت تاکورد لەجێی شڵەژانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دەرکەوتە تازە بەنرخەدا، کە دەشێ ناوی دەرکەوتی مورەکەبی لە دامودەزگای کوردایەتیدا لێ بنێن، بتوانێت مانۆر و تاکتیکی سیاسیی خۆی پێش بخات. واتا پێویستە کارێك بکەین ئەم فرەئاستییە لە نوێنەرایەتی ببێتە فرەیی لە خەیارات و بژاردەی بەردەمی کورد، بۆ خۆدەربازکردن لە تەنگژەکان، بۆ کەڵەکەکردنی دەستکەوتی زیاتر لەجێی ئەوەی ببێتە قەرەباڵغی سیاسی و فرە کوێخایی و سەرەنجام دژە ئاڕاستەی سیاسی، کە هەر تەنها موزایەدەچییەکان و بێگومان نەیارانی کوردیش کەڵکی لێ دەبینن.

*گۆڤاری هەفتانە ژ: (٧٦)، کانوونی یەکەم ٢٠٠٩

# لەبارەی خەباتی پیشەییەوە

با ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی، پێشەنگی گفتوگۆ و دروستکردنی پردی پەیوەندیی بن لەگەڵ خوێندکاران و کارمەندان و فەرمانبەرانی خاوەن داخوازیی پیشەیی.

ڕێپێوان و داخوازیی ڕەوای ئەو توێژانە دەربڕی دیاردەیەکی تەندروستە، کە ئەوانە خاوەنداریێتی لە ویست و داخوازییەکانی خۆیان دەکەن، لەبەرئەوە پێویستە ڕێکخراوەکانی یەکێتی لەسەریان بکەنەوە و بە تەنگ داخوازییەکانیانەوە بێن، چاکەکانیان پەرە پێ بدەن و هەندێك لە داخوازییەکانیان مشتوماڵ بکەنەوە و خەباتی پیشەییان پلەبەند و قۆناغبەند بکەن.

لەوانەیە هەبێ بڵێت بەشێك لەو داخوازییانە ناجۆرن، یان ڕەنگێکی ئۆپۆزسیۆنو پرۆگرامێکی هەڵایساندنی تەنگژەی سیاسی لەپشتەوەیە، بۆیە زەحمەتە بەم خەسڵەتانەی ئێستایانەوە ڕێکخراوەکانی یەکێتی پشتیوانی دڵگەرمانەی لێ بکەن. بۆ نموونە، هەندێك داخوازیی خوێندکاران ناڕەوایە و کاریگەریی لەسەر پێوەرە زانستییەکان و بەهاکانی پەروەردە و خوێندن دادەنێن، یان تەمبەڵی و پەیوەست نەبوون بەڕێنماییە پەروەردەییەکان بەرهەم دەهێنن، بۆ ئەمە ئەم سەرنجانە دەڵێین:

- هیچ حاڵەتێکی نموونەیی هاوسەنگ و پێرفێکت نییە بۆ داخوازیی و دروشمو ئامانجەکان، ئەگەر لەگۆڕەپانی خەباتی دیموکراتیدا تاقی نەکرێتەوە، خەباتی پیشەیی بەو جۆرە هەڵناسووڕێ، کە لەگەڵ ڕێبازی ڕێکخراوەکانی یەکێتیو یاسا و ڕێساکانی وڵاتدا تەبابێت، ئەگەر ڕێکخراوەکانمان نەچێتە ڕیزەکانییەوە، کاریگەریی لەسەر دانەنێ و پێشڕەوایەتیی نەکات، ئەو توێژانە چۆن پەیامی یەکێتی هەڵبگرن و ئەشهەدومابیللا بۆ پێشڕەوایەتیی ڕێکخراوەکانمان بکەن،

ئەگەر بەکردەوە تێیدا نەبین، هەندێك لە دروشمەکانی نەسەلمێنین و کاریگەری لەسەر هەندێکی تری دانەنێن و بەپەیام و ستراتیژی خۆمان رەنگرێژی نەکەین؟
- خەبات ناوەکەی بەخۆوەیەتی، کە لە مەیدانی خەباتدا لەمەنگەنە دەدرێتو تاقی دەکرێتەوە، لەناو هەناوی خەباتی پیشەییدا(خەبات) و ململانێیەکی تر هەڵدەسووڕێ، کە ململانێی هێزە سیاسییەکانە بۆ کەمەندکێشکردنی ئەندامانی توێژی خاوەن داخوازی، ئەگەر هێزی ئۆپۆزسیۆن ڕەونەقیان ئەوە بێت ئاستی نارەزاییەکە بێپەروا بەرزبکەنەوە، ئەوا ڕەونەقی هێزی حزبە حوکمڕانەکان لەوەدایە کە داخوازییە ڕەوا و ماقوڵەکان بەدی دێنن، وەك چۆن ئۆپۆزسیۆنبوون (هێزێکی مەعنەوییە) بۆ حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن، ئاوەها دەستڕۆیشتوویی لە حکومەت و دەزگاکانی دەوڵەتداریدا (هێزێکی ماددی بەرجەستەیە) بۆ حزبەکانی حوکمڕان و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی ئەم حزبە دەتوانن لەم هێزە بەهرەمەندبن، چونکە ئەگەر (ئۆپۆزسیۆنەکان) بچنە حوکم سڵ لە خستنەگەڕی ناکەنەوە.
- خەباتی پیشەیی وەك چۆن پیشەییە و تایبەتە و کەمتر سیاسیی گشتگیرە، ئاوەهاش زۆر لە سیاسەت و کاریگەریی پرسە سیاسییەکان دوورنییە. ئالوودەبوونی زۆری خەباتی پیشەیی بە ئەجێندا سیاسییەکان دەرەنجامێکی سروشتیی فەرامۆشکردنی داخوازییە پیشەییەکان و ڕێکنەخستنی ئەو داخوازییانەیە لە چوارچێوەیەکی نۆرماڵدا، موتارەکە و پێ کوتینی ڕێکخراوە سەنگینەکانی وەك ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی فەرامۆشی بەرهەمدێنێ و گۆڕەپانی خەباتی پیشەیی دەکاتە گۆڕەپانێکی چۆڵ و تەختانی لەبەردەم هێزە نەیارەکانی یەکێتیو پرۆسە حوکمڕانییەکەی بە جۆرێك (سوو ئیستفادە) بکەن لەو بوارەدا.
چۆن دەبێ حزبێکی سۆشیال دیموکراتی وەکو یەکێتی مەیدانی خەباتی کرێکاری، بۆ نموونە، بە جۆرێك چۆڵ بکات کە حزبێکی ئیسلامی کۆنزەرڤاتیڤ ببێتە سەرلەشکری کاری نەقابی؟ یان ڕێکخراوی پێشکەوتنخوازی ژنانەی یەکێتی لەبەر خاوەندارێتی یەکێتی لە حکومەت چالاکی و بەتەنگەوەهاتنی بۆ پرسی توندوتیژی دژی ژنان ململانێی چالاکی ئەو حزبانەی پێ نەکرێت، کە هەر لە بنچینەدا و بە ئایدیۆلۆژیا نەیاری ئازادی و ئازایی ژنانن؟
- ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتییەکانی یەکێتی وەك نەتوانن کەڵك لە خەسڵەتی

حوكمداری حزبەکەیان وەربگرن، بۆچی کەمتەرخەم بن لە جیاکردنەوەی دۆسێی خەباتی حزبایەتی خۆیان لە کاری حکومەتیی نوێنەرەکانیان لە حکومەت و دەزگای دەوڵەتدا؟ ڕاستە خەڵك بۆ هەڵبژاردنەکان (حکومەت)و دەزگای دەوڵەت، لەسەر حزبی حوکمڕان حیساب دەکا و دەستکەوت و باشیی حزبی حوکمڕان بەپێوەری دەستکەوت و باشیی حکومەتەکەی پێوانە دەکات، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە ئیتر حزبی حوکمڕان پەراوێزی خەباتی دیموکراسی و پیشەیی لە خۆیدا بەرتەسك بکاتەوە و هیچی لەدەست نەیەت و گۆڕەپانی بەریەککەوتنی دیموکراتی بۆ نەیارە سیاسییەکانی جێبهێڵێت و خۆی لە قەڵای حکومەت قایم بکات، نەکات بی پێکن یان بریندار بکەن؟

ئێمە هەر خۆی لە دەزگای دەوڵەتدا جیاکردنەوەی دۆسێکان دەبینین، لەناو دەزگای دەوڵەتدا پەرلەمان کێبرکێ و هاوکارییش دەکات لەگەڵ حکومەت، بەڵام هەموو هێلکەکانی خۆی ناکاتە سەبەتەی حکومەتەوە و حکومەتیش هەروا لەبەر خاتری فراکسیۆنە پەرلەمانییەکەی دەستبەرداری ململانێی ڕاست و دیموکراتی لەگەڵ پەرلەمان نابێت. بگرە لەناو دەزگای حکومەتدا دەزگای چاودێریی چاودێر و ڕەقیبە بەسەر دەزگا و دامەزراوەکانی ترەوە و لە بەرخاتری هاووەزیفەیی دەستبەرداری ئەرکی ڕەقابەیی خۆی نابێت.

دەبێت ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی جیاوازی بکەن لەنێوان پشتگیری لە هێڵە گشتییە ستراتیژییەکانی حوکمداریی حزبەکەیان لە حکومەت لەلایەکەو پەراوێزی خەباتی پیشەیی پێویست بۆ کەمەندکێشکردنی توێژەکانیان و داوا ڕەواکانیان لەلایەکی ترەوە، چونکە لە بنەڕەتدا حکومەت هی یەکێتی نییە، هی یەکێتی و هاوپەیمانەکانی و هی هەموو میللەتیشە و حاڵەتی جووتبوون و تەماهی یەکجارەکی لەگەڵ حکومەتدا زیانی زۆرترە لە قازانج و هیچ کەڵکێکی بۆ پایەدارکردنی سەنگی یەکێتی لە حوکمڕانیدا نییە، بەڵکو زیندوویێتی دیموکراسیی یەکێتی دەکوژێت و هیچ کەڵکێکی راستەوخۆی بۆ داکۆکی لە حکومەتیش نابێت، بگرە لە واقعی هەر پشتگیرییەکی ڕەوای یەکێتی لە حکومەت، لە ئاستی ستراتیژیدا، کەم دەکاتەوە.

گێڕانەوەی خەباتی پیشەیی لە کوردستان بۆ ڕاستەڕێی خەباتێکی هێمن و

ئاشتیخوازانەی دوور لە توندوتیژی و دیاردەی دنەدان و ئیستغلالکردنی سیاسی، بۆ پێگەی خەباتێکی ڕەوا و ماقوڵ و بەبەرهەم و داخوازیی گوێلێگیراو، بەگەڕانەوەی ژیرانە و دەستپێشخەرییانەی حزبە سەنگینەکانی وەکو یەکێتی دەبێت بۆ ناوجەرگەی خەباتی دیموکراتی و پیشەیی، ئەمەش بەشێکە لە بەرنامەی دەمەزەردکردنەوەی پەیوەندیی یەکێتی لەگەڵ خەڵکدا، چونکە ئەم بەرنامەیە سەرەتا بە دەمەزەردکردنەوەی پەیوەندیی لەگەڵ خەڵکی ڕێکخراوەوە دەست پێ دەکات.

ئەگەر ڕێکخراوەکانی یەکێتی پتر بێنەوە پێشەوەی داخوازی و داواکانی خەڵك لەناو توێژەکان و لەناو دامودەزگاکانی حوکمڕانیدا گوێلێگیراوتر دەبنو دیاردەکانی وەکو بەلاڕێدابردنی خەباتی پیشەیی، ناڕێکی لە سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و بێ مۆڵەت و بێ بەرنامەیی لەو پەستێنەدا نامێنن و تەجرەبەکەشمان لە شڵەژان و دنەدانی غەیری پیشەیی و دیموکراتی پارێزراو دەبێت، جا دوای ئەمانەش خودی ڕێکخراوەکانیشمان کاژی ململانێ و تەکەتول فڕێدەدەن و توانا و وزەی ململانێکردنیان لەگۆڕەپانی ڕاستەقینەی خۆیدا خەرج دەبێت.

لەم ئاڕاستەیەشدا، ئەگەر ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی بەشدار و پێشەنگ بن بۆ داکۆکی لە ماف و ئازادی و دادپەروەری و بەشداری بە قازانجی خەڵك، بێگومان دەتوانن ڕەوایی دیموکراسی و جەماوەری بۆ شەقام و خەڵك بگێڕنەوە و لەمپەرێکیش بن لە بەرامبەر موزایەدەی هێزە نەیارەکاندا.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٢/٢/١٥

# ئەی ڕێکخراوەکانی کوردستان!

ئەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنی لە کوردستان خەریکی چین؟ ئەی ئەوان بۆ کەمپینێکی هاوشێوەی ئەوەی عێراقییەکان ناکەن، کە دادگای فیدراڵی ئەشهەدوومابیلای بۆ کردن و شکاتەکەیانی بە براوە لەقەڵەم دا؟

لە ئابی ڕابـردوودا، دەستەیەك ڕێکخراوی کۆمەڵی مـەدەنـی لە بەغدا، دەعوایەکیان لە دژی سەرۆکی پەرلەمان بە پێی تەمەن، د.فوئاد مەعسوم بەرزکردەوە تا دانیشتنی کراوەی ئەنجومەنی نوێنەران کۆتایی پێ بێنێت و بە گوێرەی دەستوور سەرۆك و دوو جێگری سەرۆك هەڵبژێردرێت، کە بە دوای ئەویشدا سەرۆك کۆمار هەڵدەبژێردرێت، ئەویش داوا لە گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمان دەکات حکومەت پێك بهێنێت و ئەوە دوای چیرۆکەکە خۆتان دەیزانن.

بـەڵام ئـەم چیرۆکە لە چەند مانگی ڕابـردوودا بـەم شێوەیە هەڵنەسووڕا، کە هۆنینەوەی درامـاکـە دەیـخوازێت، بە هـۆی ڕێکنەکەوتن لەسەر هەرسێ سەرۆکایەتییەکە و ناونیشانی گەورەترین فراکسیۆن، بۆیە سـەرۆك پەرلەمان دانیشتنەکەی بە کراوەیی هێشتەوە، وا ئێستا دادگای فیدراڵی ئەمری فەرمووە، کە بەڵێ داوای کۆتاییهێنان بە دانیشتنی کراوە داوایەکی ڕەوایە و شکاتکارەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەسەر هەقن، بۆیە دانیشتنەکان دەست پێ دەکەنەوە.

دەرسی وەرگیراو لەم داوایە زۆرن:

یەکەم: ئەمە چەندین جارە لە عێراق دادگای فیدراڵی بریاری لەم جۆرە دەدات، کە نیشانەی کارایی و بەتەنگەوەهاتنێتی وەختێك هەر لایەنێك پەنای بۆ ببات، پێشتر گرووپی عەرەب و تورکمانەکانی کەرکوك شکاتێکیان دۆراند، کە داوایان کرد هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە کەرکوك نەکرێت، بزووتنەوەی گۆڕان داوایەکی لە دادگای فیدراڵی دۆراند، کە دژی درێژکردنەوەی ماوەی تەمەنی

پەرلەمان بوو لە خولی پێشوودا.

دووەم: ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنی ئەگەر کەمپینگ لەسەر ئامانجێکی دیاریکراو و یاسایی بکەن و خۆیان لەم مەیدانەدا تاقی بکەنەوە، ئەوا گرەوەکە دەبەنەوە و مەیدانی خەباتی ڕێکخراوەییدا تینوتاوی نوێ پەیدا دەکەن، کە دەبێتە سەرمایەی مەعنەوی بۆ داهاتوویان.

خەباتی دیموکراتی و مەدەنیی ڕێکخراوەکان لە کوردستان لەپێشترە تا عێراق، بەشێك لە ڕەخنەگرانی حیزبایەتی لە کوردستان هۆکاری نەکارایی ڕێکخراوەکانیان بۆ هەژموونی حزب و وابەستەیی ڕێکخراوەکان دەگێڕایەوە، بەو حاڵەشەوە لەگەڵ ڕووخانی سەددام دەورانێکی دیکەی پەرەپێدانی کاری ڕێکخراوەیی لە کوردستان هاتە پێشەوە، کە لەگەڵ ئەوەی عێراق تێکەڵ بوو. خەسڵەتی ئەم دەورانە، دەرکەوتنی ڕێکخراوی وابوو، کە بەخۆیان دەوت ناوابەستە بە حزبەوە و لای ئێمەش بە (NGO)کان ناسراوە.

چ ئەوانەی عێراق، کە لە کەشێکی بریمەریدا لەدایکبوون و هاوکاریکران، چ ئەوانەی کوردستان، دوور نەبوون لە کاریگەریی سیاسەت و جەمسەرگیرییەکانی، بەڵام ئەم شکاتەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنی، کە دادگای فیدراڵی بۆی سەلماندن، دەشێ بە ویستگەیەکی تازەی کاریگەری دابنرێن.

لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین، ئەی ئەوانەی کوردستان لە کوێی ئەم کارایییەن؟ ئەی ئەوان بۆچی لە شکاتی هاوشێوەی عێراقییەکاندا خۆیان تاقی ناکەنەوە؟ لە دادگای فیدراڵی شکات بکەن لەسەر مادەی ١٤٠، لەسەر یاسای نەوت و غاز لەسەر جەلەولا و خانەقین و سەرژمێری؟ کە ئەمانە کێشەی نەتەوەیین و ئەوان دەتوانن کێشەی دڵخوازی خۆشیانی بخەنەسەر.

هەرکەسێك سەیری ئەوەی بەغدا بکات، دەزانێت دەعوایيەکەیان مەدەنی و دیموکراتی و دەستوورییە و دژی حیزب و لایەنێك نییە، بە قەدەر ئەوەی دژی پێشێلکاری دەستوورە، با پێشێلێکی ناچارییش بێت. یان هەندێك ڕێکخراوەکانی خۆمان هەر لە کوردستان و بۆ کەمپینی جەمسەرگیریی سیاسی و لایەنداری لەسەر خەتن؟

*کوردستانی نوێ

# دەسا با بێت

خەریکە مەسەلەکەمان لێ دەبێتە کوردەنامووسە، ئۆپۆزسیۆن بە دیار شاشەکانەوە دانیشتووە، نەکا خوایە لەم ململانێیەدا ڕاپەڕیوانی تونس بیدۆڕێنن، یان خۆپیشاندەرانی میسر مەیدانەکە بۆ موبارەك چۆڵ بکەن.

ئێمەمانانیش بە تیلەی چاو سەیری ئەگەر و ئەگەری نیشتنەوەی دۆخی حکومەتەکەی تونس دەکەین و دەستیشمان لەبن گوێمانە، داخۆ عومەر سلێمان دەتوانێ نەخشە ڕێگای موبارەك بۆ ئیحتیواکردن جێبەجێ بکات و ئەو (پەتایە) لەو ئاڕاستەدا بمێنێتەوە، کە لە ڕێی میسرەوە دەپەڕێتەوە و پریشکی بەر کوردستانی دراوسێی عەربستانیش بکەوێت.

بۆچی مەسەلەکە وا کەوتەوە؟ ئێمە هەقمان چییە بەسەر میسر و تونسەوە وا هەردوو لامان لێ بووە بە ڕیاڵ مەدرید و بەرشەلۆنە؟

دەزانم ئێمە لە گوندە بچووکەکەدا: جیهان، چیتر لێکدابڕاو نین و دەشێ پەتای سیاسەتیش وەك هی ئەنفلۆنزای باڵندە مەفتەن مەفتەن بگوازرێتەوە، بەڵام بەم شێوە کاریکاتیرییەی لێرە تاقی دەکرێتەوە هیچ ئاکامێکیان دەست ناکەوێت، جگە لە تراژیکۆمیدیایەکی بەتاڵ.

بەری سەد و پەنجا ساڵ مارکس لە (هەژدەی برۆمیری لویس پۆناپەرت)دا وتویەتی، مێژوو دووبارە نابێتەوە، مەگەر بە شێوەیەکی کۆمیدی نەبێ، وەك ئەوەی ناپلیۆنی سێیەم وێنەیەکی کۆمیدی ناپلیۆنە ئەسڵییەکەیە. ئەگەر ئێمە مۆدێلەکەمان تونس و میسر بێت بۆ چاولێکەری، ئەوا لەسەر نموونەیەکی سۆماڵی دەگیرسێینەوە.

مەنفەلۆتی لە ئەدەبیاتی کلاسیکی عەرەبیدا لە زمانی جوامێرێکەوە دەڵێ: کوڕەکەم پێی وتم، باوکە حەز دەکەم چاو لەتۆ بکەم. پێم گوت: کورم چاو لە پیاوی گەورە بکە، ئەگەر چاو لەمن بکەی هیچت لێ شین نابێت، ئەگەر چاو لە علی کوری ئەبو تاڵیب بکەیت، لەوانەیە نەبیتە عەلی، بەڵام خۆ لە ململانێی هەوڵدانت بۆ بوون

بە حەزرەتی عەلی لەوانەی وەکو بەندە جوامێرەێکت لێ دەربچێت).
برا! ئەگەر هەر چاولێکەرییە با چاو لە دونیای سێ نەکەین، با چاو لە ئەورووپا بکەین، بەڵکو بگەینە گەورەیی میسر لە مێژوو و گەشەی تونس لە خزمەتگوزاری دا!

ڕەنگە هەبێ بێژێ ئێمە چاو لە میسر ناکەین، بەڵکو ڕووداوەکانی کارمان تێ دەکات. دەڵێم ئەوی لە کوردستان دەگوزەرێ کارلێك نییە، ئەمە فەنابوونە لەناو میسر و تونسدا. تا ئەو ڕادەیەی بە خۆمان نەزانیوە بوینەتە دوو تیپ، یەکمان لەگەڵ موبارەك و ئەویتریان لەگەڵ (نا.. موبارەك) کارلێك ئەوەیە دەرس لەوی میسر و تونس وەربگرین تا دیموکراسیەکەی خۆمان قایمتر بکەین. گۆڕانگاری و چاکسازی وڵاتی خۆمان وا پایەدار بکەین، کە دەسەڵاتەکەمان وەك ئەوەی تونس گۆشەگیر نەبێ و بزووتنەوە دیموکراسیەکەشمان وەك ئەوەی ئێستای میسر بێ ئۆپۆزیسیۆنێکی کاریگەر نەبێت.

وامان کردووە لە چاولێکەرییەکی بێ تامدا بوینەتە تەرەفگیری ململانێکارانی میسر. لەکاتێکدا شەپۆلی گۆڕانکاری لەوێ، لەبەر ئەوە دەنگی دایەوە، چونکە بە شێوەی خۆماڵی ئەو وڵاتانە دەکرێت. چەند دەیەیەکە ئەم پرسیارە شۆڤێنییە لەبارەی دونیای عەرەبەوە دەگرێت، ئایا عەرەب قابیلی دیموکراتیزەکردنن؟ ئەو پرسیارەش پرسیاری ئێمەی کوردی داماو نییە، کە حەز دەکەین هەموو دونیا دیموکراتی بێت. ئەم پرسیاری خەواجەکانی ڕۆژئاوایە، کە لووتبەرزانە پێیانوایە دیموکراسی مەسەلەیەکە پەیوەندی بە جیناتەوە هەیە! ئێستا عەرەب پێچەوانەی ئەم ڕوانینە شۆڤینیەیان سەلماند.

دەبێت کورد، بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتیەوە، دڵی بە دیموکراسیی عەرەب و عەجەم خۆش بێت، چونکە ئەمە کاریگەری لەسەر مەسەلەی کورد و مەسەلەی دیموکراسی کوردستانیش دادەنێت، بەڵام ئەگەر بابەتەکە بۆ چەواشەیی ناوخۆیی بەکاربێت، ئەوا نموونەیەکی کاریکاتۆریمان دەست دەکەوێت، چونکە ماقوڵ نییە سیستمی سیاسیی وڵاتێك لەسەر سیستمی سیاسی وڵاتێکی تر سزا بدرێت. بۆیە:
بابێ، دیموکرتی بابێ.. لە تونس و میسر و تا کوردستان، بەڵام کە ئێمە لە پێشبڕکێیەدا چەند هەنگاوێك لەپێشەوە بین، خێرە بگەڕێینەوە بۆ خاڵی دەسپێك؟!

*گۆڤاری هەفتانە ژ: (١٣٠)، فیبرایری ٢٠١١

# پلانی ستراتیژی دەوێت

بەڵا بێت لە چەند لایەنێکەوە دێت، لە یەك لایەنەوە نییە، تا مرۆڤ بەری پێ بگرێ و زەفەری پێ ببات، پێش ئەوەی زەفەری پێ ببرێت، بۆیە کە بەڵای زۆر لە زۆر لاوە دێت، دەبێ بۆ ڕووبەڕووبونەوەی پیلانی فابیزمەکان بەکاربێنین.
فابیزم بزووتنەوە ڕیفۆرمخوازەکەی بەرتانیای کۆتایی سەدەی نۆزدە بوو (ساڵی ١٨٨٤) کە بیرمەندی ناسراو جۆرج برنادشۆ ئەندامی بوو، فابیزم لە ناوی ژەنەراڵ فابیوس کونکتاتوردەوە وەرگیراوە، جەنەڕاڵ فابیوس (٢٧٥-٢٠٣ پێش زایین) بە تەگبیری وردی وای کرد ڕۆمانەکان بەسەر هانیبالی دوژمنە سەرسەختەکەیاندا زاڵبن. فابیزم وەك ژەنەراڵ فابیوس بە حەوسەڵەوە کار بۆ هیلاککردنی دوژمنی زەبەلاح دەکات، تا بەچۆکدا دێ و گۆرەپانی نەبەردییەکە چۆڵ دەکات، کار بۆ ئەوە دەکات بەرەنگاری خۆت لەسەر ئاگرێکی کز بکوڵێنی تادەم دەکا و دەگەشێتەوە.
بەرەنگار بوونەوەی بەڵا ژیری و لێبڕاوی و بەرچاوڕوونی دەوێت، ژیری بۆئەوەی هەڵنەچی و خۆت، نەك دوژمنەکانت لە کاتی نەبەردییەکە هەڵبژێری. لیبراوی بۆ ئەوەی وا بەسەبر و تەحەمول نەڕوانی، کە یەکسانە بە خاووخلیچکی و بێ دەربەستیو لێبراوانە ئامادەی بەرهەڵستی بێت، بەرچاوڕوونیش بۆ ئەوەی خاڵی لاواز و بەهێزی نەیارەکانت بناسیتەوە. ژەنەراڵ فابیوس وای کرد، بۆیە دوو شکستی ڕۆمانەکانی بە سەرکەوتنێکی گەورە گۆرییەوە. فابیەکانیش وایان کرد، بۆیە بیروباوەرەکەیان توانی ببێتە هەوێنی دروستبوونی پارتی کرێکارانی بەریتانیا کە تا ساڵی پاریش حوکمی دەکرد و ئێستاش خۆیان بۆ گێمێکی تری ململانێ ئامادە دەکەن.
جا بۆ ئەوەی لە بەڵای هەمەچەشنە دەربازبین، دەبێ هێزی نەیارەکانمان

سەرقاڵ بکەین، پەرتیان بکەین و بە جیا دەرەقەتیان بێین، قەڵای زۆرداریان پەیتا پەیتا کون بکەین، دەنا بە یەکجار دەرەقەتی سەد بەڵا نایەین.

ئێستا وا بەڵای تەعریب جارێکی تر ملی قوتکردۆتەوە، بەڵای تیرۆر و تێکدانی ئارامی و جێگیریی کوردستان وا زەق بوو کە تەنانەت دەزگا ئەمنیەکانی وڵاتیش ناچاربوون بە ئاشکرا ئاگایی بدەن، بەڵایەکی تر سەرەتاتکێی بیری ناوەندێتی و شۆڤێنییە لەناوجەرگەی باس و خواسەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقدا. ئەم تەرزە بیرە ناخوازێ کورد شەریکەبەش بێ، چونکە وا ڕاهاتووە کە کورسی و دەسەڵاتەکان بەشی خۆیان ناکات، چۆن بەشی کوردی لێ بدەن؟

بەڵایەکی تر، کە بۆ مەحکەمکردنی بەڵاکانی تر دروستکراوە، بەڵای سەرژمێرییە، سەرژمێری کە نەکرێ هەروا لە ڕێژەی کورد لە بودجە دڵنیا نابین، سەرژمێری کە بکرێ و خانەی نەتەوەیی تێدا نەبێ، بۆ ئەوەیە کورد قەبارەی خۆی لە تەواوی عێراق و ناوچە دابراوەکان نەناسێ.

نەیارەکانمان دەزانن ئێمە ڕێگای خەباتی دەستووری و یاسایی و دیموکراتیمان لەبەردەستە دەهری بوون، حەزیان لێیە هەڵبچین و وەك ڕۆمانەکان بکەین لە دوو جەنگی دۆڕاودا، نایانەوێ وەك ڕۆمانەکان بین، کە بە نەخشە ڕێگای ژیرانەی فابیوس سەرکەوتن.

ئێمە سەرکەوتنی یەکجارەکیمان گەرەکە، نەك بردنەوەی قوونە شەڕ. داواکانی ئێمە ستراتیژیین، بۆیە پیلانی ستراتیژیی دادمان دەدات.

# تەزویر

پێویستمان بەوەیە فەرهەنگێکی نوێ لە سیاسەتی کوردستانی جێگیر بکەین، فەرهەنگی بەعەیبە ناسین و بەعەیبە ناساندنی تەزویر لە هەڵبژاردن و فرتوفێڵ لە سندوقەکانی دەنگداندا، ڕاستە پرۆسەی سیاسی لە هەموو دونیادا ڕێوشوێنی یاسایی و چاودێری توند لەسەر هەڵبژاردن و ئەگەری فێڵوفەرەج دادەنێت و لە عیراق و کوردستانیش ئەم ڕێوشوێنانە هەن، بەڵام بەربەستی مۆراڵی و ئەفەروزکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕێبازی تەزویرکردن فاکتەرێکی کاریگەرە لە نەهێشتنی ئەم دیاردە ناشیرینەی ناو پرۆسەی دیموکراسی.

تەزویرکردن لە هەڵبژاردنەکاندا تەنها ئاودیوکردنی ئیرادەی دەنگدەر نییە، وەك فەرد و وەك ئەندامانی کۆمەڵگە کە مافی خۆیان لە دیاریکردنی نوێنەرانی دڵخوازی خۆیاندا بەکاردێنن، ئەمە ناهەقییە گشتییەکەیە، بەڵام ناهەقی پەنهانو جەوهەری ئەوەیە، کە تەزویری هەڵبژاردن بڕارەی گۆڕانکاریی سیاسی و دەستکاری نەخشەی سیاسی بەرتەسك دەکاتەوە. هەندێك جار هەڵبژاردن هەر بۆ خێر و خۆشیی دیموکراسی و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات نییە، کە چوار ساڵ جارێك دەکرێت، بەڵکو هەڵبژاردن بۆ ئەوەش دەست دەدات لە چەقبەستن و مەنگی سیاسیدا دەرفەت بە دەستکاریی کەم و زۆری نەخشەی سیاسیش دەدات و ڕێگە بۆ چارەسەری کێشەکانیش دەکاتەوە.

بێدەرەتانی لە گۆڕانکاریی سیاسیدا، بە هۆی تەزویری لێرە و لەوێ، دەبێتە مایەی بێئومێدی لەوەی ئامرازی هەڵبژاردن بتوانێت خوێن وەبەر جەستەی پرۆسەی سیاسیدا بکات.

تەزویر پەیوەندی نێوان هێز و کارەکتەرە سیاسییەکان ئالوودە دەکات بە دوودڵیو گرژی و دڵنیانەبوون لە یەکتری. واش دەکات ئەو بەشەی بە حەلاڵی و دەنگدانی

راستەقینەش بەدەست دێت، بچێتە خانەی گومان و دوودڵییەوە. ئەمەش دۆخێکە دۆڕاوی هەڵبژاردن دەتوانێت بەکاری بێنێت بۆ تانەلێدان.

تەزویر پەڕینەوەیەکی کاتییە لە دۆڕاندن، بەڵام ئالوودەبوونێکی یەکجارەکی پرۆسەی دیموکراسییە، بە جۆرێك هیچ بایەخێك بۆ گەمەی هەڵبژاردن ناهێڵێتەوە، تەنانەت ئەو کاتەی قازانجیش لەو گەمەیە دەکەین.

بۆیە جێی خۆیەتی هێزە سیاسییەکان، پێش ناوەندەکانی کۆمەڵی مەدەنی، بەگژ ئەم دیاردە ناشیرینەدا بچنەوە، کە پاپۆڕی پەڕینەوەمان بۆ پلەیەکی بەرزتری دیموکراسی کونکون دەکات.

***کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٣/٦/٢٣**

# ٨-ی مارس دەکەمە بیانوو

ئەگەر هەڵسەنگاندنێك بکەین بۆ وێستگەکانی خەباتی ژنـان، دەتوانین بێژین بزووتنەوەی ژنان لە دوو باردا تووشی پاشەکشێ هات.

یەکەمیان: لەگەڵ پاشەکشێی بزووتنەوەی چەپ و سۆشیالیستی لە ئاستی دونیادا، کە کاری لەسەر هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکان کرد، بە بزووتنەوەی ژنانیشەوە. کەوتنی ئۆردوگایەکی ئایدیۆلۆژی، کە لەسەر بنچینەی سۆشیالیزم بیناکرابێت، با ئایدیۆلۆژی و با لە جێبەجێکردنیشدا پڕ کەموکوری بێت، لەگەڵ خۆیدا پاشەکشێی لە ڕێبازەکەش هێنا.

ئەگەر لەبیرمان بێت، ئەم ڕێبازە سەرلەبەری سەدەیەکی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردو هاوکاتی ئەویش بزووتنەوەی یەکسانی و خەباتی ژنان لە کایەدا بوو، جا تێدەگەین کە بۆچی بزووتنەوەی ژنانیش گرێدراوی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کرا و لەگەڵ ئەودا پاشەکشێ بەویش کرا.

ئەمە وەك ئەوە وایە لە هەندێك دابی میللەتانی دواکەوتوودا لەگەڵ پیاوی کۆچکردوو هاوسەر و ژنەکەشی دەنێژن. لەکاتێکدا بزووتنەوەی یەکسانی ژنان بزووتنەوەیەکی ژیان کرد و مێژووکرد و ئازادیخواز و یەکسانیخوازە و مەرج نییە هەر یەك ڕەنگدانەوەی هەبێت، کە ڕەنگدانەوەی گرێدانەوەیەتی بە ئایدیۆلۆژیایەك (ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم).

دووەمیان: لەگەڵ سەرهەڵدانی تەوژمە سیاسییەکانی بەهاری عەرەبیدا، دیسانەوە بزووتنەوەی ژنان تووشی پاشەکشێ و بێ ئاسۆییەکی تر کرایەوە.

تەوژمی سیاسیی زاڵ لە بەهاری عەرەبیدا تەوژمێکە ئازادیخواز و لیبراڵە لە دۆسێی سیاسیدا، بەڵام لە دۆسێی فەرهەنگ و کۆمەڵایەتیدا کۆنەپەرست و تەنگبینە. وەك لە ماجەرای بەهاری عەرەبیدا دەردەکەوێت، ژنان بەشێکی گرنگی تەوژمی گۆڕانکاریخواز پێك دێنن و لە دیمەنی گشتی گۆڕەپانەکانی تەحریردا

هەڵسوڕاو و کاریگەرن، بەڵام بەهارەکە لەگۆڕانکاری سیاسیدا ڕادیکاڵو گۆڕانخوازە، ئەمما لە ویستی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتییدا نەك گرمۆڵەبوونی ژنانی مەبەستە، بەڵکو هەڕەشە لە دەسکەوتەکانی قۆناغەکانی پێشوشیان دەکات.

کوردستانیش بەشێکی تابلۆ گشتییەکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕەوتی سیاسیی نوێ پەیدابوون، کە بەرامبەرکی لەگەڵ ڕەوتی سیاسیی حوکمڕانی کوردستان دەکەن، لە هەڵبژاردنی گشتی و لە چالاکیی مەدەنی و ماجەرای قەومانە سیاسییەکانی چەند ساڵی ڕابردوودا ئەم ڕەوتە وەك ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیی رادیکاڵ بەرامبەر حزبەکانی حوکمڕان دەرکەوتووە، بەڵام ئەم ڕەوتە ڕادیکاڵ نییە لە دۆسێی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و یەکسانیخوازی ژن و پیاودا.

ئەمە ڕەوتێکە بۆ گۆڕانکاریی سیاسی لە سەرقەباغی کۆمەڵ ڕەوتێك نییە بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، چونکە خۆشی بەو شێوە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نایەت، کە ژنان بۆ ژنێتی خۆیان، بۆ ماف و یەکسانی ڕێکبخات.

زۆر بە ڕاشکاوی بیڵێین، تەنانەت لە نێوەندی ڕەوتە چالاکەکانی ژناندا هەبوون گرەویان لەسەر ڕەوتی ئۆپۆزسیۆنیی کرد و بەشێکی بزووتنەوەی ژنانیان کردە بارمتەی ئیمزای چەکێکی سپی بێ هیچ گرەنتی و هاوپەیمانێتییەکی بونیاتنەر، دەرئەنجامەکەی وەك دەبینین فەزایەکی وا هاتۆتە نێو کۆمەڵی کوردەوارییەوە کەیفی بە بزووتنەوەی ژنان و هیچ بزووتنەوەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی نایەت، کە ئامانجی پێشکەوتن و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتییە.

لەم هەلومەرجەدایە ئێستا لە کوردستان، جگە لە هەژموونی پاشەکشێی باعیسی پاشەکشێی چەپ و دەرهاویشتەکانی بەهاری عەرەبی، فەزایەکی پاشەکشێ سەرەتاتکێیەتی، کە نەك هەڕەشەیە لەسەر دەسکەوتە وەدیهاتووەکانی دوو دەیەی ڕاپەرینی کوردستان، بەڵکو هەڕەشەشە لەسەر ئەو بەشە لە بزووتنەوەی ژنان، کە دوای هەڵڵای بەهاریی نەکەوتن، هەڕەشەیە کە نەکا لە نائومێدیدا دڵیان سارد بکاتەوە و دواجار کۆمەڵی کوردەواری بۆ دەورانێك لە وزەیەکی کارای گۆڕانکاریی سەنگین و بەرنامەرێژکراو بێبەش بکات و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە وێستگەیەکی هەستیاردا پەك بخات.

***کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٣/٣/١١**

# سیاسەت هیچ نییە جگە لەمە

لەنێوان توندڕەویی نەتەوەیی و شاباشی نەتەوەیدا تونێلێکی بەرتەسک هەیە، بەڵام ئەو تونێلە ڕێی ئاوەدانی و سەرفرازی نەتەوەییشە، تێپەڕین بەو تونێلەدا زەحمەت و دژوارە و دڵێکی وەک بەردی دەوێت، بەڵام وەک دەڵێن دەهێنێ بە شانان بەردی بۆ هەڵبگرین. مادام مەسەلەکە مەسەلەی کوردە و هەر لە کوردیش قەوماوە.

لەم بەرتەسکبوونەوەی گۆڕەپانی تێکۆشاندا، کە کەمتر لە نیوەی کورستان بەدەست کوردستانیانەوەیە، وەبیرئانینی ڕێبازی کوردستانێتی ورە بەرزدەکاتەوە، بانگەوازی ئەوانە دەکات کە سنووری خاکی نیشتمان تەنها لە چوارچێوەی نەخشەی بنەڕەتی شارەوانییەکاندا دەبینن و کوردبوون تەنها لە دانیشتوانی چەند گەڕەکێکدا کورت دەکەنەوە. ڕێبازی کوردستانێتی بۆ دەربازبوونە لە کەمحەوسەڵەیی و لە تەسکبوونەوەی مەوداکانی خەیاڵ بە جۆرێك ئەمرۆ و ئایندەی هەرێم هەر لەو هێڵە سەپێنەرەدا بناسێت، کە هێندە کەمە تەنانەت ساڵح موتڵەگ و ئەسیل نوجێفی و سامی عەسکەری و سەدام حوسێنیش لاریان لێی نییە.

ڕێبازی کوردستانێتی دێوەزمەیە بۆ تیئۆرسێنەکانی فیدرالیزمی گەڕەك و شارەکان. ئەو هێزی ڕاماڵینەیە، کە بیری سیاسیی کوردی لە داوی جادووگەری و کۆچەرێتی دەرباز دەکات و ئەم دنیایە: کوردستان، بە دونیا گەورەکەی سەرگۆی زەوییەوە گرێدەدات.

توندڕەویی نەتەوەیی "ژدەف بەحرێ بەرنادات" تەکلیفی ئەم خیتابە وا ڕۆشنە، کە لە نموونەی عەرەبدا دونیای عەرەبی تووشی تەنگەژە کرد و بەعسی عیراقیشی لەگۆڕنا.

شاباشی نەتەوەییش ئەوەیە، لە جێی پلەبەندکردنی داوا نەتەوەییەکان، لە بازاڕی حەسیرەکە، یان شێخوڵڵا، یان بەردەرکی سەرادا ویستە نەتەوەیەکەیان بە تاك و جووت هەرزان فرۆش دەکات. هەراجکردنێکە بە ناوی واقیعگەراییەوە هەر مەپرسن. واقیعی چی کە لە واقیعدا کوردستان خۆی یەکپارچەیە و باسی ناواقیعی ئەم دوو کەرتکردنەیەتی لەنێوان بەغدا و هەرێمدا؟

ئەوە کەی واقیعگەراییە، کە هەبن خوازیاری ناوچەگەرێتی بن، تەنانەت لەم کوردستانە ساغبۆوەدا؟ بۆ واقیعگەرایی یەکسان بێت بە هەرزانفرۆشکردنی تێز و ڕوانینە لەمێژینەکانی کوردایەتی؟

**ڕاکردن بۆ پێشەوە؟**

ئەم دۆخە شێواوە پراکتیزەکردنی تێزی ڕاکردن بۆ پێشەوەیە، بۆ پێشەوەیە، ئا، بەڵام ڕاکردن هەر ڕاکردنە، با پاشناوی بەرەوپێشبوون و پێشڕەویشی لێ بنرێت.

ڕاکردن بۆ پێشەوە، بازدانە بەسەر تەنگەژە لەجێی "تێپەڕاندنی"، ئەمەش یارییەکی زمانەوانییە بەقەد ئەوەی یارییەکی سیاسییە، بۆ شاردنەوەی ورەبەردان و ترس لەبەربەست و لەمپەرەکانی ڕێی کاروانی کوردایەتیان گرتووە.

بازدان بەسەر تەنگژە و خۆگرموڵەکردن و خۆبچوککردنەوەیە، خۆگێلکردنە لە تەنگژەکە، نەك چارەسەرکردنی. تێپەڕینی تەنگژە، سەرکەوتنە بەسەر گیروگرفتەکان و کردنەوەی ڕێگایەکی نوێ، ئەمما بۆ هەمان ئامانجی دێرین، کە کوردستانێتی نیشتمانی کوردستانییە.

سەردەمێك دەبوایە دەستی هەندێك لەم (فیدراڵە- شار) خوازانە بگرێت، کە ڕزگارکردنی کوردستانەکانی تر هەڵبگرێت بۆ قۆناغێکی تر و با کوردایەتی لە باشوور بێت، کەچی ئەمانە بە دوای بەشەکەی "کوردستانی باشوور" یشەوە بوون. ئێستاش بەدەستهێنانی حوکمڕانی پارێزگایەکیان لێ بووە بە (مەتڵەب عەزیم). لە هەرزەکاریی سایسەتدا دونیایان گەڕەکە و لە کەنفتیدا سەری دونیایان لێ دەبێتەوە بەیەك.

ئەمانە وا لەگەڵ نەتەوە و نیشتمانەکان مامەڵە دەکەن، کە زەویوزاری شارەوانییە، جارێك نەخشەی بنەڕەتی بۆ بکەن و جارێك بە تەجاوەز کۆشك و تەلاری تێدا بینا

بکەن و ڕەنگە لە ئایندەشدا وڵات بە موساتەحە بەکرێ بگرن.

## بۆچی ئێوە ئیستعمارن؟

لە ترسی ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگەژە و لەجێی دانانی تەکبیری ورد بۆ پایەدارکردنی کوردایەتی، لەتاو خۆبچووککردنەوەیان، خۆیان لێ بووە بە گەورە پیاوانی ئیستعمار، بە ڕاستە و پەڕگاڵ بەربوونەتە گیانی نەخشەی نیشتمان کەرتوپەرتی دەکەن. لەجێی خەڵکی ئەم وڵاتە بە نوێنەرایەتییەکی ناڕۆشنی ئەوان، لە درەوەی سروشتی شتەکان و جوگرافیا و قەدەری مێژوو تەنزیر بۆ ڕاکردن و پاشەکشێ دەکەن. پێتانوایە ئەگەر بفڕن وەگەرنا، ئەگەر پیشکەفن یان پاشەکشێ بکەن، ڕای خەڵك و بیروڕا و ئەندێشە و دڵی خەڵك هەر لای ئەوانە و هەر کوڕە بەهارییەکەی جارانن. چوون ئەو عاشقەی لە پەندی کوردیدا خۆی با دەدات: بەقوربانت بم شۆخی گەڕەکێ

## چاو لەسەر هەزار دڵ لەسەر یەکێ؟

های لەو دۆنجوانە سیاسییانەی خەڵکیان پێ یاری بەستەزمانە، کە ڕێ دەدات یارەکەی هەزار چاوی هەبێ و باوەڕیش بکات دڵی لای یاری ئەسڵییە؟

یاران ئێوە باوەڕ بە یاری گێل دەکەن و یاری چاو لە دەرتان قبوڵە؟

شاباشی نەتەوە و نیشتمان دەکرێت، بەمەش دەڵێن خەیاراتی جیاجیا بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد و بۆ چارەسەری خزمەت و گەشەکردنی وڵات، یانی وەك بڵێی مەگەر ئەم کوردستانی باشوورەیش دابەش ببێت، ئینجا خێروبێری ئاوەدانی و پرسی هاوڵاتیبوون بەسەر ئەم وڵاتەدا دەڕژێ؟

## نەخشەی ڕێگا

ئایا ئێمە بە بانگەوازی کوردایەتی و لە قاودانی شاباشی نەتەوەیی دەمانەوێت فشە بە خزمەت و ئاوەدانی و مافی هاوڵاتیان لە خۆشگوزەرانی بکەین؟ نەخێر! بەڵکو بانگەواز بۆ ئەوەیە، کوردستانی بین لە ستراتیژ و ئەندێشەدا و هاوڵاتی شار و گەڕەکی خۆشمان بین لە خزمەت و ئاوەدانیدا. بانگەوازی کوردستانێتی

بانگەوازێکە بۆ جیاکردنەوەی "ڕێرەوی سیاسی" لە "ڕێرەوی ئیداری"، ئیدارە بۆ خزمەت و ئاوەدانی و پێشخستنی وڵات و سیاسەتیش بۆ کوردستان. جا ئیتر بە یەك هیمەت یان بە قۆناغبەندکردنی ستراتیژی کوردایەتی. بەمەش هەم کوردایەتی دەمێنێ و هەم کوردستان بمێنێ، بەمەش کوردەواری بە شار و شارۆچکە و گەڕەکییەوە لە چێوەی سیستم و ئیدارەی ناناوەندێتیدا دەگەشێتەوە.

بانگەوازی کوردستانی بۆ جیاکردنەوەیەکی تری دەسەڵاتەکانە، دەسەڵاتی سیاسی بۆ نەمام و باخچە و شارەوانیەکانیش با بۆ خزمەت و بۆ هاوڵاتی و بۆ گەشانەوەی سلێمانی، کەرکوك، هەولێر، دهۆك و گەرمیان بێت.

لە وڵاتان وایە، خێر لای ئێمە شاباشە؟ لە وڵاتان بە دیدێکی ڕۆشنەوە ڕێڕەوی ئیدارە و هی سیاسەتی نەتەوەیی جیایە، کەس بە مەبەستەوە وڵاتی ناکاتە قوربانی هاوڵاتی و هاوڵاتیش ناکاتە قوربانی وڵات.

لە وڵاتان نە دیموکراسی دەکرێ بە قوربانی نیشتمان، نە نیشتمانیش دەکرێتە قوربانی دیموکراسی.

راستییەکەی سیاسەتی بەرپرس هەر ئەوەیە کە هاوسەنگی لەم نێوانەدا دەکات.

# کۆدەنگی بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی

لە هەر دوو بەرەی ململانێی سیاسیی کوردستان، ململانێ لەسەر پرسە نەتەوەییەکان لەگەڵ بەغدا و لەسەر پرسە دیموکراتییەکانی ناوخۆی کوردستان، جۆرێك لە هێمنایەتی و شێنەیی باڵی بەسەر دۆخەکەدا کێشاوە.

دوو هەفتە پێش ئێستا دیداری سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرکردایەتی حکومەتی فیدراڵ، لە پەنا کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی بەغداوە، ڕێگای بۆ دۆزینەوەی ڕێوشوێنی ئاشتی و دیالۆگ و چارەسەری کێشەکان کردەوە، هەردوولا وتیان دەستوور و دۆستایەتی، ئەگەر ناکۆکیش هەبێت لەسەر شرۆڤەی ئەم دوو دەستەواژەیە، ئەوا دیسان با دەستوور و دۆستایەتی کەفالەتی چارەسەرکردنیان بکات.

هەفتەی ڕابردووش گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێم و کۆکبوون لەسەر ڕێوشوێنی ناکۆکییەکانی لەم بارەیەوە گەیشتە دەرچیەکی ئیجابی، وەختێك بەڕێز سەرۆکی هەرێم سەرنج و تێبینییەکانی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕەوانەی پەرلەمان کرد و سەرۆکایەتیی پەرلەمانی ڕاسپارد لەگەڵ حزب و لایەنەکاندا مەشوەرەت بکەن. ئەم وێستگەیەش ڕێگای دروست بۆ کۆدەنگی و سازانی نیشتمانیش دەکاتەوە.

بەم جۆرە لە هەردوو بەرەی گەرمی ململانێدا بارودۆخ کەمێك ئارامە. کوردستان لە سێبەری هێمنایەتی ئیجابیدا دەژی، هیوا بەوەیە ئەم هێمنایەتییە درێژەی هەبێ و سەرەنجام سەر بکێشێت بۆ چارەسەری کێشەکان و پێکهاتن.

هێمنایەتی و ئارامی خۆی لە خۆیدا ئامانج نییە، ئەگەر ناکۆکییەکان ڕێی ئیدارەدانی شێنەیی و سەرەنجام ڕێی چارەسەری دروستیش نەدۆزنەوە، بەڵام هێمنایەتی و ئارامی پێویستن بۆ ئەوەی لایەنە پێکناکۆکان بە هێمنی بیر

بکەنەوە و دیالۆگ بکەن و لە هەلومەرجی ئاساییدا ئەوە بۆ یەکتری بسەلمێنن، کە لەگرژی و جەمسەرگیریدا ناچنە ژێر بارییەوە و نایسەلمێنن.

سروشتی سیاسەت وایە، کە باعیسی ناکۆکی و ململانێیە، کەسی وا خۆشباوەڕ نییە داوای تەبایی و پێکهاتنی سەد دەرسەد بکات، بەڵام لای هەمووشمان زانراوە بۆیە ویستی ئاشتی و گفتوگۆ هەیە، چونکە ئەو ڕێیە تاقیکراوەتەوە و بەرهەمی داوەتەوە، لەبەر ئەوە هەموو پێك ناکۆکەکان دەبێ بچنەوە سەر ڕاستە ڕێی دیالۆگ و مەشوەرەت بە یەکتری کردن. تا لە جومگە سەرەکییەکاندا خاڵی هاوبەشی چارەسەری گەڵاڵە دەبێت. بەشی ئەوەش ناکۆکی دەمێنێ کە دەبێتە گەرای ململانێی داهاتوو. بۆ ئەمەش ئیدارەی ناکۆکی و تەداروکاتی پێکگەیشتنمان گەرەکە. با ململانێ هەبێ تا سیاسەت هەبێ، بەڵام پرۆسەی سیاسی دروست ئەوەیە ڕەنگی شینی تەبایی و ئاشتی بەسەر پانتایی سوور و بەرامبەرکی گرژدا زاڵ بێت.

با هەفتەکانی هێمنایەتی لە مانگەکانی ناکۆکی بەهێزتر بن، تا ئاشتیی کۆمەڵایەتی واقیعێکی بەرجەستە بێت، نەك خواستێکی دوورە دەست.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٣/٦/١٧

# پێکەوە هەڵکردن لە ماڵی کورددا

دیداری هەردوو سەرۆك تاڵەبانی و سەرۆك بارزانی ئاماژەی گرنگی تێدایە بۆ قۆناغی داهاتووی سیاسەتی کوردستانی لە هەردوو تەوەرەی دۆخی ناوخۆیی کوردستان و دۆخی پرۆسەی سیاسی لە عیراق، کە هێشتا لەسەر چارەسەرێکی دڵنیاکەرەوە نەگیرساوەتەوە.

لە ئاستی کوردستاندا ئیستیحقاقی داهاتوو بە پلەی یەکەم، پێکهێنانی کابینەی نوێ و تەواوکردنی تەداروکاتی پێکهاتەی وەزارەتەکانە، بەڵام ئەرکی دیکەش هەن لە بابەت دۆزینەوەی میکانیزمێك بۆ ئیدارەدانی پەیوەندی و ململانێ لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا. پەیوەندی، چونکە ڕێکخستنەوەی نێومالی کورد ئەمە دەخوازێ و ململانێش، چونکە بەشێکی پرۆسەی دیموکراسییە، بە تایبەتی کە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بژارەی جیاوازیان هەیە و ناخوازن بەشداریی حکومەت بکەن، ئەمەش ڕێکخستنی ئیقاعی ململانێکەی گەرەکە تا هەردوولا کەڵك لە تەجرەبەی دوو ساڵی ڕابردوو وەربگرن و بە جۆرێك ململانێکە ببەن بەڕێوە، کە نەرم بێت و بەریەککەوتنی ناجۆری تێدا نەبێت.

لە ئاستی عیراقیشدا هەڵوێستی کوردستانی تائێستا باشی هێناوە لە پاراستنی سەنگی کورد و یەکخیتابیدا، سەرەڕای گرەوێکی لێرەو لەوێ کە بۆ دابەشکردنی کورد بەسەر دوو تەوەرەکەی ململانێی عیراقدا هەبوو، ئەم یەکێتییەی کورد هەم یارمەتیدەری کارایی ڕۆڵەکەی بوو لە تەنگژەکەی عیراقدا بە قازانجی عیراقییە پێك ناکۆکەکان، هەمیش بۆ پاراستنی پشکی دەستکەوتەکانی کورد و هاتنەدی ئەوانی ماوە لە داخوازییەکانمان (وەکو مادەی ١٤٠، پێشمەرگە و پرسی یاسای غاز و نەوت). لەمەشدا هەروەك لە ئاماژەی دیداری هەردوو سەرۆکدا هاتووە (بیروڕاکان وەکو یەك بوون).

نهێنی سەرکەوتنی تائێستای هەردوو هێزی هاوپەیمان لەگێژاوەکانی ئەو دیوی حەمرین ئەوەیە، کە دابەشکردنی ئەرکەکان لەنێوان هەردوولادا خەسڵەتێکی تەواوکاری هەیە، نەك ناکۆکی. لەبەر ئەوەیە کە دەڵێین (هەردوولا باشیان هێناوە).

ئەوە کە دۆخی عیراق تا ئێستا لەسەر چارەسەرێکی دڵنیاکەرەوە نەنیشتۆتەوە، هۆکارەکەی ئەوەیە عیراقییە عەرەبەکان (عیراقییە شیعە و سوننەکان) هێشتا وەکو هاوپەیمانە کوردەکە نەیان توانیووە ناکۆکییەکانیان بە خەسڵەتی تەواوکاریو تەکامول بگۆڕنەوە. حاڵی وا پرۆسەی سیاسیی عیراقی خستۆتە بەردەم هەڕەشەوە و کورد وەکو بەرپرسی ئەو داهێزرانە نییە هەقە بە یەکگرتوویی خۆی نەهێڵێ زیانمەندیشی بێت. لەم وێستگەیەشدا ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی کوردی دەبێتە ئاتاجێکی لەدواخستن نەهاتوو.

هەردوو لایەنی ئەم هاوکێشەیە: حزبەکانی حوکمڕان و ئۆپۆزسیۆنیش ئەرکی ئەوەیان لەسەرە لاپەڕە خەمناکەکانی ساڵی ڕابردوو بپێچنەوە و لە دەرەوەی پێداگرییەکانی پێشوو خاڵی هاوبەش بدۆزنەوە بۆ چارەسەری ئەوی دەکرێ لە دۆسێی ناکۆکییەکان، هەندێك لەو دۆسیانەش بە میکانیزمێکی تۆکمە و چاکی ئیدارەدان بسپێرن، کە ڕوو لە پێکەوە هەڵکردن بنێت، مادام یەك گۆڕەپان کۆمان دەکاتەوە و ئایندە بێ کەسمان مەیسەر نابێت.

ئەمە بۆ دیموکراسیی ناوخۆیی و بۆ یەکگرتوویی بزووتنەوەی کوردایەتیش باشە.

***کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٢/٢/٢٩**

# له تەنزیماتی عوسمانیەوە تا تەکنۆکراتی عەبادی

**بۆچی گوزارشتە جوانەکان هەمیشە لە دژی کورد دەکەونەوە؟**

**(١)**

گوزارشتی "حکومەتی تەکنۆکرات"، گوزارشتێکی جوان و بێوەی و بێ غلوغەشە، بەڵام کە لە بەغداوە دێت، شەرعیەتێکی بریندا‌ری هەیە، ماستێکی بێ موو نییە. حکومەتی تەکنۆکرات، پێش ئەوەش حکومەتی زۆرینە، حکومەتی وەحدەی وەتەنی، حکومەتی چاکسازی، هەمووی گوزارشتی جوانن، بۆ ئەوە بەکارهاتوون ،کە حکومەتی تەوافوق و حکومەتی هاوسەنگی و حکومەتی رەچاوکردنی بەرژەوەندی پێکهاتەکانی پێ لەناو بچێت. بەغدای زۆرینە، حکومەتی تەکنۆکرات وا تەفسیر دەکات، کە کۆمەڵێك ئەفەندی بێ ڕەنگ و ڕوو و بێ ئەندێشەی سیاسی وەزارەت وەربگرن و لەناو ئەوانەشدا کۆمەڵێك ئەفەندی کوردیش جلی تازە بکڕن و ئوتوی بکەن، گوایە بەم زوانە دەبنە وەزیر. حکومەتی تەکنۆکرات، یانی حکومەتێکی "ئیداری" داماڵڕاو لە دیدی سیاسی، بۆ ئەوەی وەزیرەکان سەرقاڵ بن بە کاروباری کارگێرییەوە و سیاسەت و ستراتیژییش بەدەست دەستەبژێری زۆرینەی شیعە و زۆرینەی عەرەبەوە بێت، ئەوانیش ئەو سیاسەتە ملکەچی ستراتیژی عیراقێکی یەکڕەنگ و ناوەندی بکەن.

بەم جۆرەش دەستوور و تەوافوق و پرۆسەی سیاسی و بزاوتی دیموکراسیی پێچنەوە و عیراق ملکەچی دیکتاتۆرییەکی تازەبابەت بێت. حکومەتی تەکنۆکرات هیچ عەیبی نییە، بەڵام عەیب لەوەدایە کە هەمیشە خاوەنانی مەیلی تاکڕەوی پەنا بۆ ئەم موفرەدە جوانانە دەبەن، تاوەکو نیازە خراپەکانی خۆیان دابین بکەن. لەبیرمان نەچێ، حکومەتی بێ ڕەنگ و ڕووی تەکنۆکرات ڕێك وەك ئەوەیە حوسنی موبارك دەی کرد. هەموو وەزیرەکانی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی

موبارەك وەزیری تەكنۆكرات، ئەندازیار، دكتۆر و پسپۆری بوارەكانی خۆیان بوون، بەڵام سیاسەت هەمیشە لای موبارەك و دەستەبژێری حوكمڕان گلدرابۆوە، نەك لە سەرۆكایەتی وەزیران و وەزارەتەكاندا، یانی حكومەتی تەكنۆكرات ئەو وێستگەیەیە كە عیراقی پێ دەبرێتەوە قۆناغی پێش بەهاری عەرەبی لە میسر. حكومەتی تەكنۆكرات بەڕێوەبەرانی گشتی و ڕاوێژكار و وەكیلی وەزارەت بە ناونیشانی وەزیر دادەنێت، بەڵام وەزیرێكی داماڵڕاو لە ڕەهەندی سیاسی و لە نوێنەرایەتی دیموكراتی خەڵك، وەزیرێكی وا كە ڕەحمەتی هەڤاڵ خەلیل دۆسكی دەیگوت (غەڵەت نەكەین ئێمە هەموومان بەڕێوەبەری گشتین و ناومان وەزیرە).

**(٢)**

حكومەتی تەكنۆكرات بۆ وڵاتێكی كە قۆناغی دیموكراسی و هاوسەنگی نێوان پێكهاتەكانی تێپەڕاندبێت و چووبێتە قۆناغی دیموكراسیی دەنگی تاكەكەسەوە، دەبێتە ئەزموونێكی سەركەوتوو، نەك وەكو ئێستا كە پێكهاتەكان لەلایەن زۆرینەوە فەرامۆش كراون و بە سەد بەربەستی دەستووری و سەدان فلتەری تەوافوقیش ناتوانرێت ویستی نادیموكراتی زۆرینە ئیحتوا بكرێت. ئەوی ئێستا هەیە، گەڕانەوەی عیراقە بۆ قۆناغی دیموكراسیی سادە، كە پانزە ساڵە تێكۆشان دەكرێت بۆ دیموكراسییەكی مورەكەب (دیموكراسیی زۆرینە + دیموكراسیی فلتەری پێكهاتەكان)

ئەمە ئاكامی بیركردنەوەیە لە چاكسازی و لە ڕێكخستنەوەی ئیدارە و حوكمڕانی دوور لە ئامرازە دەستوورییەكان و دوور لە كەڤەری دیموكراتی و مەبنای یاسایی. ئەم "حكومەتی تەكنۆكراتە" بەرهەمی ئەندێشەی سادە و ساكاری ئەو دەستەبژێرەی عیراقە، كە ناتوانێت كەڤەری دیموكراتی بۆ ئیجراتاتە یاساییەكانی دابین بكات و ناتوانێت كەڤەرێكی یاسایی بۆ هەڵسوكەوتە دیموكراتیەكانی ڕەچاو بكات. ئەمە لە بەغدا وایە، لە كوردستانیش هۆكارێكی ئەم جەمسەرگیرییە توندەیە لە سیاسەتی نێوان ناكۆكەكاندا.

**(٣)**

باشە بۆچی دەبێ دەستەواژە جوانەكان هەمیشە وابن، كە دژی كوردن؟

بۆچی لە زەمانی تەنزیماتدا دەوڵەتی عوسمانلی وا لە چاکسازی و حوکمی مودێرن تێدەگات، کە دەبێ هەر یەکسان بێت بە لەناوبردنی ئەمارەتە ئۆتۆنۆمییەکانی کورد؟ بۆچی دەبێ ئیسلاحی زراعی لە عیراقی جەمهوریدا هەر یەکسان بێت بە کەمکردنەوە لە هەیبەت و حەسییەتی ئەم سەردار و ئەو پیاوماقوڵی کوردەوە؟ بۆچی دەبێ دیموکراسی و حکومەتی زۆرینە و حکومەتی چاکسازی و حکومەتی تەکنۆکرات وا دیزاین بکرێت، کە دژی کورد بەکار ببرێت؟ بۆچی دەبێ ئەم دەستەواژە جوانانە یەکسان بکرێن بە ملکەچپێکردنی کورد و لە وەختێکدا بکرێتە خیتابی ڕەسمیی دەوڵەت، کە وەختی خۆی نەبێت؟ ئایا ئەمە سووتاندنی قۆناغەکانە، کە پێش تەواوکردنی قۆناغی دیموکراسی پێکهاتەکان باز دەدەنە سەر دیموکراسیی زۆرینەی سادە؟ بۆچی سووتاندنی قۆناغەکان لە کام ئەزموونداا سەرکەوتوو بووە، تا لە عیراقی ئاڵۆزکاودا سەرکەوتوو بێت؟

وەڵام دیارە، چونکە مەیلی دیکتاتۆری هەیە لە بەغدا، چونکە مەیلێك هەیە دەیەوێ دەوڵەتی عیراق و توانەکانی و یاساکانی بۆ بەرژەوەندی پێکهاتەیەك بەکار بهێنرێت.

ئەمە بە دیوە عیراقیەکەدا، ئەی دیوە کوردییەکەی؟

لە ڕاستیدا بەغدا بۆیە وا پێشێلی دەستوور و یاسا و چەمکە مودێرنەکان دەکات لە ئاستی کوردستاندا، چونکە کوردستان خۆشی بریندارە، پرۆسە سیاسییەکەی پەککخراوە، دیموکراسیەکەی لە کاریگەری داماڵراوە و پەرلەمانەکەی قۆڵبەست کراوە، چونکە کوردستان لە بەرامبەر چەمکە جوانە شێوێنەراوەکان، لەلایەن بەغداوە، خۆی تێزێکی ڕوونی پێشکەش نەکردووە.

ئەمەش دەمان باتەوە سەر پێویستی بەرچاوڕوونی لە ئەدەبیاتی کوردایەتیدا، بە جۆرێك لە بەرامبەر هەر چەمکێکی جوانی ملکەچپێکراودا ئێمە مانای ڕاستەقینەی ئەو چەمکە نیشانی خۆمان و بەغدا بدەین.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٦/٤/٢/١

# زیهنیەتی ڕاپەرین و ڕاپەرین لە زیهنیەتدا

جەوهەری گفتوگۆ لەسەر راپەرین، دوای بیست و پێنج ساڵ لە قەومانی، لەم دوو دەستەواژەیەدا کورت دەکرێتەوە: زهنیەتی ڕاپەرین و ڕاپەرین لە زهنیەتدا.

تۆڕەکانی فەیسبوك و ئاماژەی میدیایی بەشێکی نارازییەکانی ناو حزبەکانی جاران ئۆپۆزیسیۆنبوون بۆنەی ڕاپەرینیان کردۆتە دەروازە بۆ قسەکردن لەسەر پێویستی ڕاپەرینێکی تر. بەو شرۆڤەیەی دەسەڵاتی سیاسیی کوردستانیش پێویستی بە ڕاپەرینێکە، کە لە دژی بەرپا بکرێت. ئەوای گوایە ئەم ڕاپەرینەش دەکەن هەر ئەوانەن بانگەوازی بۆ دەکەن. ئەمە بەو مانایە دێت، هەر خۆشیان گەلی ڕاپەریوو و خاوەن هەقن. ئەگەر گفتوگۆ لەوەدا گرمۆڵە بکەین، داخۆ ئەوان لەسەر هەقن و دەسەڵات شایانی ئەوەیە ڕاپەرینی لە دژ بکرێت، چونکە ناهەقە. ئەو کاتە ناگەینە ئاکامێکی گونجاو و لەسەر جەدوایەك بۆ خاڵی هاوبەش ناگیرسێینەوە. بەڵام دەکرێ لێرە قسە لەسەر زهنیەتی ڕاپەرین بکەین. ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە یەك دیمەن لە ڕاپەرین دەبینن و دەناسن کە پەلاماردانە، پەلاماردانی ئەمنە سوورەکە و هەیئەی کەرکووك و مەنزومەی ئیستخباراتە کە دەبێ بسوتێنرێت، شەهید بدرێت و بەعس قڕان هەبێت. ئەوانە خەیاڵدانیان لەسەر ڕاپەرین هەر ئەو توندوتیژییە، کە بەشێکی دیمەنی ڕاپەرینی ١٩٩١ بوو، نەك هەمووی. ڕاپەرین لە خەیاڵدانی ئەوان هەر پەلاماردان و هەڵکوتانە، ئەمەش ئەو شتەیە دەکرێ بە زهنیەتی ڕاپەرین ناوی بنێین. ئەم زهنیەتە لە بچووکترین بەرەنگاری، وەرگۆڕانی شۆڕشگێڕیدا کورت دەهێنێ و وەك بەهاری عەرەبی ڕوو لە خەزان دەکات. لەکاتێکدا ڕاپەرین هەر ئەو دیمەنانە نییە، کە پەرچەکرداری خەڵکە لە بەرامبەر زەبروزەنگی بەعس کە هیچ دەرفەتێکی بۆ سیاسەتکردن و خۆنواندنی گرووپەکان نەهێشتبۆوە. ڕاپەرین بیناکردنی تەجرەبەیەکی خۆماڵییە

له ئـازادی، که بیست و پێنج ساڵ کورد کاری لەسەر دەکات و سەرکەوتنی تێدا مسۆگەر دەکا و شکستی ئەم وێستگە و ئەو هەنگاویشی هەیە. ئێمە پێویستمان بە ڕاپەرینە لەو زهنیەتەی وا لە ڕاپەرین گەیشتووە، کە هەر بریتییە لە پەلاماردان. ئێمە زهنیەتی ڕاپەرینمان ناوێ. ڕاپەرینمان لە زهنیەتی ئەواندا دەوێت، کە کردەی ڕاپەرین و ئیرادەی شۆڕشگێڕی تەنها لە گرتەیەکی ڤیدیۆیی ئەمنە سوورەکەدا کورت دەکەنەوە. وەك ئەو موسڵمانە توندڕەوەی جیهاد تەنها لە توندوتیژیدا کورت دەکاتەوە و جیهادی نەفس و فەرزەکانی دیکەی ئیسلامەتی لەبیر دەکات.

کاتی ڕاپەرینە، با ڕاپەرین لە دژی زهنیەتی ڕاپەرین بکەین.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژانی: ١١-٢٠١٦/٣/١٢

# کورد لە کابینەی چاکگراوی عەبادییدا

کۆتایی هەفتەیە و خراپ نییە هەندێك پرسیار بخرێتە خزمەت سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانەوە، لەسەر چیەتی حکومەتی داهاتووی عەبادی و بەشی کورد لەو حکومەتەدا؟ بەشی کورد نەك بە تەنها لە ژمارەی وەزیر و وەزارەتەکان و پۆستی کورد لەو کایەیەدا، بەڵکو بە هەموو ماناکانی بەشی کورد لە بڕیار و سیاسەت و ئاڕاستەکانی لەمەودوای حکومەتی عیراق لە سەروبەندی "چاکسازی"ی تازە لە کابینەکەی عەبادیدا.

ئایا سەرکردایەتی سیاسیی کورد و سەرکردایەتی حزبە بەشدارەکانی حکومەتی عیراق، حزبەکانی وەزیریان هەیە و حزوریان هەیە، چۆن بەرخورد دەکەن لەگەڵ دانووستاندنی ڕێڕەوەکانی سیاسەت لە بەغدا؟ بەشداری دەکەن لە گفتوگۆی بچووکردنەوەی کابینە و پوختەکردنەوەی؟ خۆیان بەشی خۆیان دیاری دەکەن، یان عەبادی یان شتێکە لەو ناوەڕاستە، کە هەم ئیستحقاقی هەڵبژاردن و هەمیش پێداویستی حکومەتی تەکنۆکراتی دابین بکات؟ ئایا عەبادی وەکو دوو جاری پێشوو دەکات، کە کابینەی دانا و بێ پرسی کورد پۆستەکانی بۆ دیاری کردین، کە ژمارەشی کەمکردەوە بێ پرسی ئێمە کردی؟ یاخود بۆ ئاشتکردنەوەی هەرێم و گێڕانەوەی بۆ بەغدا نمایشی دانوستاندنمان لەگەڵ دەکات.

لەوەش گرنگتر، سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان هەر ئیکتفا دەکات لە بەشی خۆی لە وەزارەتەکان یان قسەی دەبێت لەسەر سیاسەتی حکومەتەکەی، کە تا ئێستا دەنگەدەنگی زۆرە و ڕەنگی چاکسازی دیار نییە؟

ئەم پرسیارانە ئەو کاتە مانای زیاتر پەیدا دەکەن کە لە بیرمان بێت، ئەگەرچی هەرێمی کوردستان دابڕاوە لە بەغدا، بەڵام کۆی کوردستان هێشتا بە تەواوی دانەبڕاوە، بەو مانایە کە زیاتر لە نیوەی خاکی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی

ڕاستەوخۆی بەغدایە و پایتەخت چارەنووس و گوزەران و ژیانیان دیاری دەکات.

لە دەرەوەی هەرێم نیوەی زیاتری خاکی کوردستان هێشتا چارەنووسیان یەکلایی نەکراوەتەوە و حکوومەتی عەبادی بە چاك و بە خراپ کاریگەریی لە سەریان دادەنێت. بۆیە گرنگە حزوری کورد لەناو سیاسەتی کابینەدا هەبێت، تا سیاسەت بەشی نیوەی زیاتری کوردستانی تێدا بێت. ئەگەرچی تەنانەت خودی هەرێمیش هێشتا بەشێکە لە عیراق و سەرەڕای دابڕانی بەغدا لێمان و بێبەشکردنمان لە شایستەی دارایی و بودجە و مووچە، بەڵام هێشتا بڕیارەکانی کار لە ئێمەش دەکەن، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر "کوردستانی دابڕاو" لە هەرێم زقترە.

لە دوای پڕۆسەی ڕزگاریی عیراق کورد و کوردستان لە سیاسەتی عیراقی و گەلاڵە بوونی ئەندێشەی سیاسەت لە بەغدا ڕۆڵی گەورەیان هەبوو، وا چەندساڵێکە ئەندێشەی سیاسی و گەلاڵەی بڕیاری سیاسی بێ بەشداری کورد ساز دەبێ، کەسیش ناپرسێتەوە ئەی نەتەوەی هاوبەش لە کوێی ئەم دۆخەدایە؟

ئاڵۆگۆڕ لە کابینەی عەبادیدا جارێکی تر برینان دەکولێنێتەوە، کە داخۆ حزبەکانی کوردستان بە وانەی لەگەڵ گۆشەگیری و دابڕانن، بەوانیش کە لەگەڵ بەشداریی کاران، چۆن بەرخورد لەگەڵ پێشهاتی دەستکاری لەو کابینەیەدا دەکەن؟

بۆ ڕێکەوت و دەرکەوتەکانی بەجێدێڵن، یان ئەجێندایان پێیە؟

*کوردستانی نوێ، ڕۆژانی: ٢٦-٢٠١٦/٢/٢٧

# له دامێنی حکومەتی تەکنۆکراتدا

**(١)**

سیاسەتی لێواری تەنگژە ڕەنگە بۆ عیراقییەکانی بەغدا دەست بدات، بەڵام بۆ سیاسەتی کوردستانی شڵەژان و کەمبوونەوەی دەستکەوتەکانی بەدواوە دەبێت.

هێزە شیعیو سوننییەکان دەمێکە مشتومڕی گۆڕانکاری لە حکومەتی عەبادی دەکەن، جا ئیتر حکومەتی یەکێتیی نیشتمانیی بێت بۆ بەرەنگاریی داعش، یان حکومەتی زۆرینەی جێی خواستی مالکی، یان هی تەکنۆکرات، وەك ئەوەی ئێستا بۆتە تایتڵی هەموو ڕۆژنامەکانی پایتەختی فیدڕالی، ئەوان بە ڕاوێژ و گفتوگۆ نەگەیشتنە گەڵاڵەی چارەسەر، بۆیە گەیاندیانە لێواری تەنگژە و گەیاندیانە دوا کاتژمێری پێش یەکلاییبوونەوە، بەڵام ئەوە بۆ هێزە کوردستانییەکان هەڵەیەکی کوشندەیە، کاتی کوشندەی دواکاتژمێر نە بەشی ڕاوێژی هێزە ناکۆکەکانی کوردستان لەناو خۆیان دەکات و نە بەشی ئەوەشی پێ دەمێنێت ئیدارەی سیاسەتی پێ بکەین لەگەڵ بەغدا، تا لە دۆسێی بەشمان لە حکومەتی تازەدا بەشەکەمان پارێزراو بێتو پاشەکشێ لە دەستکەوتەکان نەبێتە نەریت و دیاردە، وەك لە دۆسێی دیکەی پەیوەندییە فیدڕالییەکانماندا وای لێهاتووە.

**(٢)**

ئێمە چیمان لە بەغدا دەوێت؟ ئەمە پرسیارێکی لەپێشترە لە پرسیاری بەغدا چی لە ئێمە دەوێت؟ چونکە بەغدا دیارە کە چی دەوێت: زۆرترین پابەندێتی ئێمەو کەمترینی خۆی. بەغدا گەرەکێتی زۆرترین ئەرکی عیراقێتی بخەینە ئەستۆی خۆمان و کەمترین مافمان بۆ بسەلمێنێت. پانتایی ململانێی ئێمەش لەگەڵ

پایتەختە مۆنەکە هەر لەو بۆشاییەدایە. لەبەرئەوە گەرەکە بزانین ئێمە چیمان لە بەغدا دەوێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە هەر ئەوە نییە بڵێین گشت مافەکانمان، بێ کەمکردنەوە و لێ دەرکردن دەوێت، بەڵکو دەبێ لەسەر دوو تەوەری دیاریکردنی ئەولەویەتەکان و دابەشکردنی داخوازییەکانمان، بەپێی قۆناغبەندییەکی دروست وەڵامەکە وەربگرێتەوە.

ئەم بنەمایە بۆ دۆسێی حکومەتی تەکنۆکراتیش ڕاستە، ئایا ئەولەویەتی ئێمە پۆستەکانمانە؟ دەمانەوێ زیاتری بکەین و لە ڕووی چۆنایەتی (جۆری وەزارەتەکان) و چەندایەتی "ژمارە و قەبارەیان" باشتری بکەین؟ دەمانەوێ ڕێژەی پۆستەکان هەڵپچڕین، بۆ ئەوەی پێگەی خۆمان بناسینەوە، دوای پاشەکشێی دوو سێ ساڵی ڕابردوو؟ یان دەمانەوێ بەشی حکومەتمان بکەینە دەسکەلای سیاسی تا بیسەلمێنین بەغدا لەمەشدا بۆمانی ناسەلمێنێت؟ سیناریۆی دووەممان چی دەبێت، ئەگەر بەغدا پێداگریی کرد؟

ئێمە چیمان لە بەغدا دەوێت؟

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٦/٣/٣٠

# بەهاری ئازادی و لێبوردەیی
# نەک تەحریم و تەحریز

بەهار هات، بەهار بەڕێوەیە، بەهاری بەرهەڵدانی خێروخۆشی و ئاوەدانی، بەهاری سەربەستی و ڕاپەڕینی کوردستان.

بەهار لە دیرۆکی کورددا تەنها یادی نەورۆزی ململانێی نێوان هەق و زوڵم، ستەم و ئازادی نییە. بەهار لە ئەندێشەی ئینسانی کورددا تەنها یادی نەورۆزی ڕاپەڕینی ڕامالینی داگیرکەران نییە.

بەڵکو، بۆ ئەوانەی لەیادیان نەماوە، بەهار بیرەوەری گەردەن ئازادی و لێبوردەییو لێکخۆشبوون و توانەوەی بەستەڵەکی دوودڵی و دووبەرەکی و دووبەرەییە.

بەهار هەر یادی ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١) نییە، کە غیرەت و عززەتی نەفسی کورد چیتر قبوڵی نەکرد لە ژێر سایەی دیکتاتۆر و داگیرکاردا ملکەچو گەردەن کەچ بێت.

بەهار بۆ ئەوانەی فێرن لاپەڕە لە مێژووی کورد بدڕن و لاپەڕەی شێواو لە جێی مێژووەوە حەقیقییەکە دابنێن، بەهاری لێبوردنی گشتی و ئاشتبوونەوەی گشتی و جەژنتان پیرۆز و پێکمانەوە بێی گشتی بوو.

بەهاری کورد، هەر بەهاری ڕاپەڕین و هەڵکوتانە سەر ئەمنەسوورەکە و ئەمنی کەرامە و ئۆردووگای خالید و سجنی محەتە نییە، بەڵکو بەهاری گیانی لێبوردەیی کوردیش کە نانی نەبوو بیخوا، نانی دەبردە مزگەوت بۆ سەربازەکانی ڕژێمی بەعس، کە دەستبەردانی شەڕی کورد کوشتن بوون.

بەهاری ڕاپەڕین هەر بەهاری ڕامالینی شاری ئەسیری ئۆردووگای بەندکراو نەبوو، بەڵکو بەهاری ڕامالینی ڕق و کینە و گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی کوردبوون بوو، پێش ئەوەی داگیرکەران جاش و باشمان لێ دروست بکات.

بەهار هات، یانی دەبێ زستانی فیراق و پایزی دووبەرەکی و هاوین بەگژیەکداچوونی کورد و کورد بەسەر بچن.

ڕوومان لە بەهارە، یانی کاتێك لەگەڵ سروشت و لەگەڵ خۆمان و لەگەڵ ناخی خۆمانیشدا ئاشت بینەوە، بەهار هات یانی فەسڵی شایی و هەڵپەڕکێ و جلی ئاڵوواڵا هات، یانی فەسڵی غەزا و نوێژی تەحریر و تەحریز و کوڕی کورد بەکوشتدان و کوری خۆ سەلامەت دەرچوو بەسەرچوو.

پەنجەرەکان بکەنەوە، پێش ئەوەی شار بخنکێ، ڕێگاکان بکەنەوە، پێش ئەوەی نەوەکان تووشی پێکدادان بێن، لێگەڕین با بەهار وەکو جاران بەهاری ئازادی و گەردەن ئازادیی و گەردەن کێڵی بێت.

لێگەڕین با بەهار وەکو جاران بەهاری ڕاپەڕینی کوردستان و (شاییە زەماوەندە) بێت.

نەك (نوێژی تەحریز)ی چەواشە و مزگەوتی زراری تێکبەربوونی کورد بێت.

با ڕاپەڕینی کورد بێت، ڕاپەڕینی چاکسازی و ڕاستکردنەوە، راپەڕینی راماڵینی کاژی تەمبەڵی و گەندەڵی و تەوەزلی.

نەك ڕاپەڕینی دابەشکردنێکی تری کوردستان بۆ گەڕەك و شارۆچکەکان. نەك ڕاپەڕینی چەواشەی وابێت، کە نەورۆز تەکفیر و هەڵپەڕکێی بەهار تەحریم و گەردەن ئازادی جەژنی لێ تەحریم بکات.

## فەسڵی سێیەم

# کورد و ئەوانی تر

# دۆستی نوێی کورد و
# ناسیۆنالستێکی ڕەسەنی عەرەب

لە کەناڵی ئەلجەزیرەوە، مشعان ئەلجبوری دۆستی نوێی کورد، لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی عیراق و نەتەوەی عەرەبەوە، داکۆکی لە کورد و چێکردنی قەوارەی سەربەخۆی کوردان کرد. ئەو پێی وابوو، کە دەوڵەتی کورد خزمەتی ئەمنی قەومی عەرەب دەکات. ئەمەش دروستی لەو بۆچوونەوەی بزاڤی کوردو دۆستەکانی سەلماند، کە بانگەشەیان بۆ ئەوە دەکرد پرۆژەی ناسیونالیستی کورد و پرۆژەی ناسیونالیستی عەرەب دەگەڵ یەکدا ناکۆك نین. ئەم نووسینە بۆ تەئکیدکردنەوەی قسەکانی ئەلجبوری و بۆچوونەکەی بزاڤی کورد و دۆستانیەتی.

هەندێك جار لە نێوەندە سیاسییەکان و لەنێو کۆڕی کۆمەڵیشدا ڕوودەدات، کە کەسان و گرووپ و ناوەندەکان پشتگیری مەزڵومێك بکەن لەو مەزڵومیەتەی لێی کراوە، یان لە قەزاوەتێك، لە بۆچوونێکدا یاخود ڕاستەوخۆ بێنە واری کێشەکەوەو کۆشش و تێکۆشانی بۆ بکەن، ئەوە بۆ خۆی لە هەڵسوڕانی سیاسەت و کۆمەڵگەدا شیاوە و کەس و گرووپەکان لەسەر بیروباوەڕی مرۆڤدۆستانەیان، لەبەر ڕەوشتی بەرز و سۆزی گەرمیان بانگی هەق دەدەن و پشتگیری کێشەی هەڵایساوەکانی خەڵکی چەوساوە دەکەن، ڕوودەدا کە تەنانەت هەندێك لەوانە لە سنوورێکی دیاریکراو و بۆ زەمەنێکی دیاریکراو تەبەنی پرسی توێژێك، پرسی میللەتێکی چەوساوە بکەن. بەڵام دروستترین هەڵوێست و پشتگیری ئەوەیە، کە وا بکەوێتەوە قازانجی بۆ خاوەن هەڵوێست و پشتگیریکار هەبێت.

لەسەر ئەو بنچینەیەی مرۆڤ دەبێت لە مامەڵە و هەڵوێستیدا کار بۆ ئەوە بکات خەڵکانی تر وەکو خۆی و لەگەڵ خۆیدا ئازاد بن، تا پەیوەندییە ئینسانییەکانی ئەو کەسە پێویستی پێیەتی ئازاد و یەکسان و چوونیەك بن.

دەبێ پیاو بۆ ئەوە لە پەیوەندییە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکانی، دەگەڵ ژندا ئازاد و ئەوپەڕی کەڵك وەربگرێ، پشتگیری ئازادی ژن بکات. سەرچاوەی پشتگیری لەو بابەتە پێش ئەوەی قەناعەت و باوەڕی پیاوەکە بێت، بەرژەوەندی پیاوە کە کەڵك لە ئازادیی ژن و سەرلەنوێ تەئهیلکردنەوەی ژن بۆ ژیان و کۆمەڵ وەردەگرێ.

ئەو مارکسیستانەی لە ئەدەبیاتیاندا هاتووە، ئازادیی ژن پێوەری ئازادی کۆمەڵە) لەمێژە لەو پەندە مارکسیستەیان لەبەرکردووە، کە ئاماژە دەدا بۆ ئەوەی لە ڕاستگۆیی ئینگلیزە چەپەکان دڵنیا بێت لەبارەی کێشەی ئیرلەنداوە، پرسیاریان لێ بکە.

واتا بۆ ئەوەی لەوە دڵنیا بێت، کە ئەو ئازادیخوازانەی ئینگلیز تا چەند لە بانگەشە و دروشمەکانیاندا ڕاستگۆ و سەرڕاستن، لێیان بپرسە داخۆ پشتگیری جیابوونەوە و قەوارەی سەربەخۆیی ئەوان دەکەن؟ (ئینگلیز!) بدوێنێ شەرعی خۆی دەکا! ئەو پێوەرە، کە هیچ میللەتێك ئازاد نییە و ئازاد نابێت لە کاتێکدا میللەتێکی تر بچەوسێنێتەوە، ئازادی چی کە مرۆڤ و میللەتانی تر بترسن و بسڵەمێننەوە و (بەناچاری) قۆڵبەستیان بکەن، نەکا ببزوێن و هەڕەشە لە ئازادیی وان بکەن؟ ئەوە کێهان ئازادییە میللەتێك لە عەقڵی دەستەجەمعییدا پێی وابێ میللەتەکەی تر دەخوازێ پشکی ئەو لە ژیان و مانەوە و سەرفرازییدا بخوا، بۆیە لە پێشدا ئازادیی جووڵانەوەی زەوت بکا و پشکی میللەتی ژێردەستە لە ژیان و کەرەستەکانی بخوا؟

ئەوەی مشعان ئەلجبوری، جوامێرە شرقاتییەکەی لەمەڕ خۆمان لە کەناڵی فەزائی ئەلجەزیرەوە لەسەر پرسی کورد و خەونی کورد لە دەوڵەتێکی سەربەخۆدا وتی و ڕایگەیاند، دروست لە خانەی ئەو هەڵوێست و پشتگیرییە سیاسییە دەگونجێ کە بیروباوەڕە ئینسانییەکان لەگەڵ بەرژەوەندییەکاندا جووت دەکەن. وەك ئەوە وایە هاووڵاتییە بەشەرەفەکەی تورکیا ساین ئیسماعیل بیشکچی لە وەڵامی ڕۆژنامەنووسێکی تورکدا، کە لێی پرسی بوو بۆچی دەتەوێت بە پشتگیریکردنی کورد تورکیا لەتوپەت بکەیت؟ گووتبووی: (بەپێچەوانەوە من دەمەوێ تورکیا ڕزگار بکەم، لە ڕێگای ئازادیی کوردەوە تورکیا لەو داوەشینەی ئێستای دەربازی

دەبێت)

ئەلجبوری-ش هەروا دەیگوت: ئەگەر دەوڵەتی کورد دابمەزرێ، عیراقیش ڕزگاری دەبێت، عیراقێکی بچووك و بەهێز، لە عیراقێکی گەورە و لاواز باشترە.

هەڵبەتە زووە بڵێین، ئەلجبوری لە تێزەکانیدا هەمان قووڵی بیشکچی دەرك پێ کردووە، بێشکچی وەك بیرمەندێك پتر لە بیست ساڵە لە دەرگای زانستەوە لەواری سۆسیۆلۆژی و سیاسی کوردان دەکۆڵێتەوە. لەکاتێکدا مشعان ئەلجبوری دۆستی نوێی کورد لە دەرگای ئۆپۆزسیۆنەوە هاتە کۆڕی پشتگیریکردنی کورد و کێشەکەیەوە، کە تادێ کۆڕەکە گەرمە و گورتر دەبیت بە دۆستە یەك بە دواییەکەکانی، بەلاَم سەرچاوەی ڕوانینەکە بۆ هەردووکیان هەمان ڕوانینی ئینسانی و ئازادیخوازە. لە عیراقییەکی نێو عیراق، کە وردەکاری و مەرگەساتەکانی بە چاوی خۆی بینیووە و بنەماڵەکەی قوربانییان لە شەڕ و ئاشووبەکانیدا داوە، بۆ ئۆپۆزسینێك کە ئەرکی سەرشانیەتی لە پرسی کورد بپێچێتەوە، بۆ سیاسی و ڕووناکبیرێکی عیراق و عەرەبی کە لە هەوڵی دەوڵەمەندکردنی ڕوانین و تێزەکانی خۆیەتی لەسەر کورد و کێشەی کورد.

لەنێوان ئەو موداخەلاتانەی لە بەرنامە و کۆڕەکانی دیکەی لەسەر کورد دەکرانو تێیدا ئەلجبوری قسەی دەکرد و ئەو بینینە گشتگیرییەی لە بەرنامەکەی خۆی لە ڕۆژی ١٩٩٨/٩/٢٢ لە کەناڵی ئەلجەزیرەدا خستییە ڕوو، جیاوازیو پێشکەوتنێکی ئەوتۆ هەست پێ دەکرێ، کە گەواهی خۆماندووکردنی مشعان ئەلجبوری بێت لەواری تێگەیشتن لە پرسی کورد. پێدەچێ لە ئایندەشدا لەسەر هەمان ئیقاع ئەلجبوری باشتر لەو پرسە قووڵبێتەوە و سەرسەختتر لەو سەرسەختییەی ئێستای داکۆکی لە تێزەکانی بکات کە گرنگترینیان ئەوە بوو:

دەوڵەتی کوردی خزمەتی ئەمنی قەومی عەرەب دەکات. ئەمەش پەرەپێدانی ئەو ڕوانینە دروستەیە، کە پێی یوایە مەرج نییە سەد دەرسەد پرۆژەی ناسیونالیستی کورد ناکۆك بێت لەگەڵ پرۆژەی ناسیونالیستی عەرەب و بە درێژایی هێڵ ناتەباو پێچەوانەی یەك بن، ئەگەر لە هەندێك هەلومەرجدا بە هۆی لێك نەگەیشتن و گوێ نەگرتنی عەرەب لە کورد مەسەلەکان وا هاتبنە بەرچاو، کە هەردوو پرۆژە پێك ناکۆکن، ئەوا ئیدی وا خەریکە وردەوردە ئەو دەنگانە بڵند دەبن، کە پێیان وایە

کورد و عەرەب پتر لە خاڵێکی وێکراییان هەیە کە لە خەبات و هاوپەیمانێتیدا پشتی پێ ببەستن و بەر فرەهی بکەن.

لە ڕاستیدا لە ڕووی مێژووییەوە، سەرهەنگ قەزافی، دۆستی دێرینی کوردان لەهەر کوێیەك بن، یەکەمین سەکردەی عەرەب و یەکەمین کەسێیەتی ناوداری عەرەب بوو داوای کرد نەتەوەی کورد وەك نەتەوەیەکی ڕەسەن لە نیشتمانی خۆیدا سەربەخۆ بێت و بۆ هاوکاری عەرەب و تورك و فارس، نەتەوە ڕەسەنەکانی دیکەی ناوچەکە لە خەباتیاندا دژ بە هەڕەشە دەرەکیەکان بێتە واری گیانفیدابییەوە. سەرهەنگ لە یەکێتی عەرەب و پرۆژەی ناسیۆنالیتی عەرەب نە تەنها داوای لە عەرەب کرد مافی چارەنووسی کوردان بسەلمێنن، بەڵکو پرۆژەیەکی هەمەگیری لە شیوەی فیدراسیۆنێکی گەورەی پێکهاتوو لە دەوڵەتەکانی تورك و فارس عەرەبو کوردی پێشنیار کرد، بۆ ئەوەی ئەمانە پێکەوە ئازاد و سەربەخۆ بن. ئەمەش تەئکیدکردنەوەی ئەو بیرۆکەیەیە، کە بۆ کاملی ئازادیی نەتەوە سەردەستەکان دەبێ ژێر دەستەکان ئازاد بن. بیرۆکەکەی قەزافی لەوەی بێشکچییەوە نزیکە سەبارەت بەوەی هەموو کوردان دەگرێتەوە. هی ئەوەی بێشکچی و قەزافی و بەم دواییەش ئەلجبوری لەوەدا یەکدەگرێتەوە، کە ئەوان لە تورك بوون و عەرەبی بوونی خۆیاندا ڕاستگۆن. لە ڕاستیدا بێشکچی هاووڵاتییەکی ڕەسەنی تورکیایە، کەسیش ناتوانێ نکۆڵێ لە کۆششە عەرەبییەکانی قەزافی و ئەو قوربانیانە بکات کە ئەو لەو بوارەدا داونی.

ئەلجبوریش خۆی لە بەرنامەکەیدا گوتی، کەس ناتوانێت لە عیراقی بووندا موزادەیەمان بەسەردا بکات، ئێمە بۆیە داوای مافەکانی کورد دەکەین، چونکە خوێن و کوشتارمان لە عیراقدا بینیوە و کورد و عەرەب بە هەزارانیان بوونەتە سووتەمەنی ئەو ململانێیە.

هەڵبەتە لێرەدا هەڵوێستەکانی ئەو دۆستانە بۆ ئەو نییە کە پرسی کورد لە هەلومەرجەکان و لەسەر زەمینی واقیع دابرێت. بەڵکو بۆ ئەوەیە کە تێگەیشتنی ڕادیکالی بۆ کێشەکان ڕۆڵی ئیجابی دەگێڕێت لە خودکردنەوەی قۆناغەکانی کار و داخوازیی سیاسییدا. بەو مانایە دۆستە ڕادیکاڵییەکانمان چاکتر لە خەڵکی تر قۆناغبەندی خەبتینی کورد و هەڵسوکەوتی بە پێی مومکیناتی واقیعە

ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان تێدەگەن. خۆ لە دواییشدا هەر ئەوانە سەردەکەون، کە خەونەکانیان کامڵ و کۆششەکانیشیان واقیعی و پشتگیریکردنەکانیشیان لەلایەن دۆستانەوە بنچینەی بیروباوەری ئینسانی لەلایەك و بەرژەوەندییە هەستپێکراوەکانی نەتەوەکانی ئەو دۆستانە لەلایەکی ترەوە، دینگەی داکوتابێ.

هەنوکەش وا خەریکە ئەو ڕوانینە عەرەبییەی دەیویست یەکێتیی عەرەبی لەمەر لاشەی نەتەوەکانی دی دروست بکات، ستۆك دەبێت و تادێ ڕوانینە دیموکراتییەکانی وەك ئەوەی مشعان لێرە ولەوێ لە ئاستی جیاجیادا برەو پەیدا دەکەن، بەڵکو خوایە.....

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ١٩٩٨/٩/٢٨دا بڵاوبۆتەوە. ئەو کاتە جبوری تازە هاتبووە ڕیزەکانی ئۆپۆزسیونەوە و گەرمە تەریقەت بوو. دواتر بوو بەو جبورییەی ناسیمان. پێم باشە لێرە بڵاوی بکەمەوە، چونکە ئەمە لەسەر جبوری (١٩) ساڵ پێش ئێستا بوو، نەک ئەمەی دوای کەوتنی سەدام ناسیمان، هەروەها بڵاوی دەکەمەوە، چونکە لە دەرەوەی ئەوەی کێ پەشیمان بۆتەوە و بۆ پەشیمان بۆتەوە؟ بیرۆکە سەرەکییەکانی وتارەکە هەر بۆ ئەمرۆش دەست دەدەن.

# ڕووسیا و سەبەتەی کوردستان

پەیوەندی ڕووسیا و کورد دێرینە، کوردستانی مێژوویی دراوسێ و تێکەڵاوی ڕووسیایە و بەر یەککەوتنی سەلبی و ئیجابی بەشێکی ئەو پەیوەندییە پێك دەهێنێت، کە هەر لە هامشۆو پەیوەندیی سیاسی قەتیس نەبووە، بواری فەرهەنگ، ڕۆژهەڵاتناسی و کوردۆلۆجی لە دوو دەورانی قەیسەری و سۆڤێتی بەشێکی دیاری دیمەنی ئەو پەیوەندییە پێك دێنن.

پەیوەندیبەستن لەگەڵ کوردایەتی لە دەورانی جەنگی دووەمی جیهاندا سەری کێشا بۆ تێکەڵی یەکێتیی سۆڤێت و کۆماری کوردستان لە مهاباد. مامەڵە لەگەڵ ئەو کۆمارە و مامەڵە پێوە کردنیشی یادەوەرییەکی تاڵە، کە چەندە دەیەیەك لە هاوفیکریی ئایدیۆلۆژی نەیتوانی زەڵالیان کاتەوە، بەڵام هامشۆی مۆسکۆ لەگەڵ بەغدا و نێوان خۆشی لەگەڵ کوردایەتی یارمەتی لەدایکبوونی ڕێککەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠ی دا.

دەستپێکردنەوەی شۆڕشی کوردستان لە حوزەیرانی ١٩٧٦دا جارێکی تر کوردستانی لەگۆڕەپانی کاریگەریدا بەپێوە ڕاگرت و کۆششی شۆڕش لەسەر ڕاپەڕینی ١٩٩١ و ئینجا جێگیرکردنی فیدرالی کوردستان لە دەستووری دوای سەدامدا، گیرسایەوە. ئەمانەش ئەو دەرەنجامانەن کە ڕووسیا نایەوێت نادیدەی بگرێت.

سەرۆك مام جەلال تێڕێکی هاوسەنگی هەیە لەسەر ڕووسیا، کە لە چەندین دەرفەتدا ئاماژەی بۆ کردووە: سیاسەتی دروستی ڕووسیا ئەو کاتەیە، کە با پەیوەندی لەگەڵ پایتەختەکان هەبێ، بەڵام پەیوەندیی دێرینیشی لەگەڵ بزووتنەوەی کوردایەتی و لەگەڵ کوردستان هەمیشە پارێزراو بێت، بۆیە هەمیشە خوازیار بوو مۆسکۆ لە پرسی کورددا هەموو هێلکەکانی نەخاتە سەبەتەی

بەغدای جارانەوە.

بێگومان بەغدا گۆڕا و ئەوی ئێستا بە هەموو گرفتەکانییەوە بەغدای جاران نییە، بەغدایەك حزوری کوردی تێدایە و ڕووسیاش وەك دەوڵەتێکی گەورە ئامادەیی کورد لە بەغدا و پایەداری تەجرەبەی کوردستانیش دەبینێت. لەم هەلومەرجەدایە سەردانی سەرۆکی هەرێم بۆ ڕووسیا بایەخی خۆی هەیە لە پێشخستنی پەیوەندی مۆسکۆ- هەولێر و مۆسکۆ- بەغدا.

نها ڕووسیا بێ دوودڵی دۆستایەتی لەگەڵ کوردستان پەرەپێدەدا، نەخاسمە ئەگەر کوردستان و بەغدا پێکەوە بن، بەڵام ئەگەر کێشە هەبێت لەنێوان پایتەختی هەرێم و پایتەختی ئیتحادیدا، ئەوا ڕووسیای ئیتحادی پایتەختی ئیتحادی هەڵدەبژێرێت.

ئەگەرچی سیاسەتی هەر دەوڵەتێك ڕەنگدەرەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی، بەڵام کوردستان حەز ناکات پرسەکە وا بێت. کوردستان حەز دەکات لە هەموو حاڵەتەکاندا مۆسکۆ هاوسەنگی بپارێزێت، ئەمەش ئەستەم نییە، ئەگەر کورد بتوانێت بەشداری لە دابینکردنی پێدراوەکانی ئەو هاوسەنگییەدا بکات. بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسەتی ژێر یارمەتی ڕووسەکانیش دەدات، کە ئەوانیش حیسابی ورد لەسەر کوردستانی دوا رۆژ بکەن.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٣/٢/٢٢

# عەرەب ئەفغانێک پێی گوتین وەخر!

ئەو تیرۆریستەی پاڵی بە هاووڵاتییەکی ئاوایی خێڵی حەمەوەنا پێی گوت وەخر! کە بە کوردی خۆمان و کوردیی هەورامی مانای وایە: لاچۆ!

بەم جۆرە لە سایەی سەری تیرۆریستانی (جند الاسلام)ەوە، پاش دە ساڵ لە ڕزگاریی کوردستان پیاوێکی عەرەبی کەسنەناس جارێکی تر بە کوردی گوت: وەخر!.

لە سایەی سەری دەستەیەك تیرۆریستی (جند الاسلام)ەوە لەسەر خاکی ڕزگارکراوی خۆمان، بێگانەیەك هاتووە بە عەرەبی پاڵمان پێوە دەنێت و پێمان دەڵێت وەخر!

ئەمەش لوتکەی ئەو تراژیدییایەیە، کە تیرۆریستانی بێگانەپەرست دەیانەوێت بەسەر کوردی بهێنن. (وەخر)ی لەم بابەتەیە کە کوشتار و خوێنڕێژیی بەرهەم دێنێ. (وەخر)ی لەم بابەتە بە چڕترین شێوە ناسنامەی تیرۆریی(کوردی) دەست نیشان دەکات. تیرۆرێك کە جگە لە تاوانی کوشتوبڕ، هەڵگری خەسڵەتی بەکرێگیراویشە.

(ئوسامە بن لاردن) تیرۆریستێکە کە بۆ قازانجی خۆی و (القاعیدە)، بۆ قازانجی ڕۆڵگێڕان و ناوپەیداکردن لە ڕێی گۆماوەکانی خوێنەوە، تیرۆر و تۆقاندن ڕەچاو دەکات. لێ (جند الاسلام)، عەبدوڵڵا شافعی، ئاسۆ و وریا و نازانم کێی تر، تیرۆر وەك بەشێ لە نرخی پێسپاردنی ئەرکی بەکرێگیراوی جێبەجێ دەکەن.

تەماشاکەن تیرۆری (جند الاسلام) هێندە دەگاتە پلەی داوەشین و داهێزران، کە بێ (وەخر)ی عەرەب ئەفغانەکان، بێ (OK)ی ئوسامە و ئەبوقەتادە و ئەبو وائیلو ئەبو دەردا، مەیسەر نابێ و ناقەومێ. وەك بڵێی کورد تراژیدیای کەمبێت، تا ببێتە ئەفغانستانێکی ترو تاڵیبانێکی تری تێدا قیت ببێتەوە.

پتر لە حەفتا ساڵە، ئەوەتەی دەوڵەتە نەتەوەییە نوێیەکانی ناوچەکە دروست بوون، یەکێك پێمان دەڵێ ئەوانە قاعیدەی ئیمپریالیزمن و یەکێکی دی دەڵێ ئەوانە ئیسرائیلی دووەمن، تا لە دەساڵی حوکمڕانیدا توانیمان بستێك خاك بکەینە سەررزەمینی خەونی نەتەوەییمان و بەر لە هەر شتێك ناوی کوردستانی ڕزگاری لێ بنێین، کەچی تازە بە تازە (جند الاسلام) و عەرەب ئەفغانەکانی سەر بە ئوسامە دەیانەوێ کوردستانمان لێ بکەن بە ئەفغانستانی دووەم و خوێنی کورد حەڵاڵ بکەن.

ئیرهابی (جند الاسلام) و ئوسامە بن لاردن، پێش ئەوەی ئیرهابی کوشتن و بڕین بێت، ئیرهابە لەپێناو بە عەرەب ئەفغانەکانیکردن (تەعریب) و بە ئیسلامی سیاسی کردنی بزووتنەوەی سیاسیی لە کوردستان. دواجار پاش نزیکەی سەد ساڵ لە تێکۆشان و خەبات، کورد و کوردایەتی توانیان بۆ دونیای ڕوونبکەنەوە، کە بزووتنەوە سیاسییەکەیان بزووتنەوەیەکە لەپێناو ئامانجگەلێکی نیشتمانیی ڕەوا، لەپێناو دیموکراسی و دابینکردنی خواستە نەتەوەییەکان تێدەکۆشێ، سەرئەنجام دەیەوێ کوردستان، کوردستان بێت، نەك ئیسرائیلی دووەم، یان ئەفغانستانی تاڵیبان، کەچی (جند الاسلام) دەیانەوێ بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لە شاڕێی خۆی لابدەن و لە ڕێی عەرەب ئەفغانەکانەوە، بە عەرەب ئەفغانی بکەن، بیکەن بە ڕەوتێکی سیاسیی درێژ بۆ وەی ڕیشی ئوسامە بن لادن، بیکەن بە ناوەندی بارگرژی و مەکۆی تیرۆریستانێك، کە ئەمڕۆ هەموو دونیا لە دژیان دەجەنگێ و کون بە کون بە دوایاندا دەگەڕێن. ئایا ئەو هەموو ئەزموونانەی ڕابردوو بەس نەبوون تاهی دیکەمان بێننە ڕێ؟

ئایا ئەوە بەڵانییە، کە کورد دەیەوێ هەڵەبجە ڕەمزی تراژیدیایەکی نەتەوەیی بێت، کەچی (جند الاسلام) و تیرۆریستان دەیانەوێ بیکەنە ناوەندی گرژی و ڕەمزێك بۆ تیرۆر و تۆقاندن لە دونیادا؟ بۆ کێش؟

بۆ کەمکردنەوەی گوشاری سەربازی و سیاسی لەسەر ئوسامە بن لادنێك، کە پێش چەند ڕۆژێك بەر لە تاوانەکەی خێڵی حەمە، لە دیدارێکی پێشووی کەناڵی ئەلجەزیرەدا گاڵتەی بەو وڵاتانە دەکرد، کە دەڵێن عیراق هەڵەبجە و کوردی کیمیاباران کردووە. کەچی وا (جند الاسلام) هەڵەبجە و دەوروبەری بۆ دەکەن

به ناوی تاوەکو گوشار لەسەر بەرەی شەڕی ئەو کەم بکەنەوە و بەرەیەکی تری جەنگ لە دژی میللەتێکی لێقەوماو بکەنەوە.

ئەمەیە لوتکەی بە کرێگیراوی و بێگانەپەرستی:

دەوڵەمەندێکی دەرکراوی پاڵپێوەنراوی وڵاتەکەی خۆی (ئوسامە بن لادن)، دێت گاڵتە بە تراژیدیای هەڵەبجە و کورد دەکات و پشتیوانیی خۆی بۆ جەللادەکانی کیمیاوی ناشارێتەوە، کەچی کوردی واش هەیە دەیکاتە مەرجەعێکی موقەدەس و بە پارەی حەرامی وی، کە پارەی تلیاکی ئەفغانی و سەمغی عەرەبییە، لە سنووری هەڵەبجە و سنووری کورددا کورد دەکوژێ و عەرەب ئەفغان لە جێگەیان دەکاتە سەردار و فەرمانڕەوا. کورد ڕادەگوێزێ و عەرەبە ئەفغان لە جێیان ئیستیتان دەکات.

تیرۆری ئوسامە و جوندە بەکرێگیراوەکانیشی دەبڕێتەوە. ئەم هەرێمە داگیرکەری جۆراوجۆر و تەعریبی بەعسی و تەعریبی ئەفغانیشی دیوە و هەروا ماوەتەوە و لە جێی خۆیەتی، ئەم هەرێمە خوێنی زۆری لەبەر ڕژاوە و وا دەساڵیشە بە ناوی جۆراوجۆرەوە پەلامار دەدرێ، لێ هەروا درێژترین ماوەی حوکمڕانی کوردە. هەموو ئەو ڕۆژگارە تاڵانە دەبڕێنەوە، بەڵام ئەوەی دەبێتە سوێ و برین لە دڵدا ئەوەیە، کە تا ئێستاش لە سەردەمی درەوشانەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە دونیاو کوردستاندا، هێشتا (جند)ی واهەن تەنانەت لە کاری دزێو و ترسنۆکانەی تیرۆریشدا خەڵکی تری بێگانە، نەك خۆیان، دەکەنە مەرجەع و پێشەوا.

دواجار کوردستان هەر بۆ ئەو هاووڵاتییەی خێڵی حەمەیە، کە عەرەبە ئەفغانییەکە پێی گوت (وەخر)، دواجار کوردستان هەر بۆ ئەو ڕاگوێزراوەیە کە تەعریب چییەکان لە کەرکوك، خانەقین، مەخمور و سنجار دەریان کرد، بەڵام ئەوەی دڵان تەنگ دەکا و پرسیاریش دەوروژێنێ ئەوەیە، دوای دە ساڵ لە ئازادی (زدی ئیسلام و زدی کورد)ی واهەن، کە ناپرسن بۆچی ئوسامە لەوەتەی (جیهاد)ی دەست پێ کردووە یەك تەقەی لە دژی حکومەتی وڵاتەکەی خۆی نەکردووە، کەچی ئەوان پەلاماری حکومەتی خەونە نەتەوەییەکانی کورد دەدەن و فەتوای کوشتنی کورد و کوردستان دەردەکەن.

تیرۆریستەکان (جیهاد!) دەکەن، بەڵام جیهادێکی فیکریی نا، کە بپرسن بۆچی

(حەماس و جیهاد)ی فەڵەستینی شەڕی دەسەڵاتی فەڵەستینی ناکەن و ڕووی تەقەیان لە ئیسرائیلی داگیرکەریانە؟ تیرۆریستەکانی کورد دوو ئەجری جیهادیان لای ئوسامە بۆ نووسراوە: ئەجری تیرۆر و ئەجری کارکردن بۆ لەناوبردنی (حکومەتی هەرێم)، کە نە تەلاری بازرگانی وەك ئەوەی نیویۆرك و نە پنتاگۆنو نە لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا ڕۆڵی وڵاتە گەورەکانی هەیە، بەڵام خەونی نەتەوەیی ڕەوا و ئومێدی نیشتمانیی جوانی هەیە، کە ئەمەش بە دڵی عەرەب ئەفغان و دوژمنانی ئەزموونی حوکمڕانی کورد نییە.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠٠١/١٠/١

# سێ وتاری دۆسێی موجاهیدین

**یەکەم: (مجاهدینی خەلق!) لە ڕوانگەی خۆیەوە سەیری پەیوەندییە سیاسییەکان دەکات!**

*(موجاهدینی خەلق)ی پێش قەرەوڵی درۆ و دەلەسە لە نێوەندی سیاسیی ئۆپۆزسیۆنی ناوچەکەدا، وەك پیشەی چەند ساڵەی کار و کردەوەی سیاسیان، کە چەندین وێستگەی درۆ و بۆختانی تێدایە، وا ئەم جارەش لە بەناو (نەشریەی مجاهید) دا، کە ڕۆژنامەی درۆ و بوختانە بە خەڵکی، وا ئەم جارەش لە هەشت لاپەڕەدا کۆمەڵێك بوختان و دەلەسەی نووسیوەتەوە. لێ ئەم جارەیان تایبەتە بە بوختانکردن بە کورد و درۆکردن لە دژی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان.

* سەیرە، بۆچی هێزێکی (ئۆپۆزسیۆن!)، کە بە حیساب ئۆپۆزسیۆنی وڵاتێکی ترە، ئاوەها تەواوی نەشریەکەی خۆی لە دژی کورد و یەکێتی دەخاتە گەڕ، لەکاتێکدا نە کورد لە کوردستانی عیراق و نە یەکێتیش لە دوور و نزیکەوە ئامانجی سیاسی ئەوتۆیان نییە، کە ناکۆك یان تەنانەت پەیوەندی بە (مجاهدینی خەلق) ەوە هەبیت؟ باشە بۆچی هێزێك بە حیساب هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی خاوەن بەرنامەیە و پێویستە هەموو خەرجی و هەموو تێچوون و کارێکی بە حیساب و کیتاب بێت، ئاوەها ژمارەیەکی تەواوی ڕۆژنامەکەی خۆی، کە ناوبەناوە، بۆ دژایەتیکردنی یەکێتی تەرخان دەکات؟ ئەم پرسیارە خۆی لە خۆیدا گومان دەخاتە سەر سەرچاوەی بڕیاردان لای(مجاهدینی خەلق)! و بگرە سەرچاوەی دارایی و سیاسەتی ڕاگەیاندنیشیان. نەشریەی مجاهد (ماشەللا!) هەشت لاپەڕەی بە دڵی دوژمنانی کوردی کوردستانی عێراق و لە دژی بزووتنەوە سیاسییەکەی پڕکردۆتەوە، بۆ ئەوەی لە ئاسەوارە جەرگبڕەکانی دانپیانانەکەی کەریم حەقی مۆنی، یەك لە ڕێبەرەکانی (موجاهدینی خەلق) کەم بکاتەوە و لە ڕووی ئیعلامییەوە قەرەبوویەك

وەربگرێت و شتێکی تێدا بهێڵێتەوە بۆ ناوی زڕاوی سیاسیی خۆی، کە بەم دواییە بە تەواوەتی وەك هێزێکی بەکرێگیراو، هێزێکی یەدەگی سوپای وڵاتانی ئیقلیمی، دەرکەوت و تاوانی کوشتن و کوشتاریان خرایە پاڵ.

* بەشێکی زۆری بابەتەکانی نەشریەی موجاهید بۆ ئەو باسوخواسانە تەرخانکراون، کە دەربارەی پەیوەندی و دۆستایەتی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دەدوێت. (موجاهید)! لە زمانی ڕۆژنامە و ڕادیۆکانی دوژمنانی کورد و یەکێتییەوە باسی ئەوە دەکات، گوایە ئەو پەیوەندییانە لە دژی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و بە تایبەتی دژی (موجاهدین)!ەکانی ئەوانە! تەواوی ئەو بابەتانەی لەسەر پەیوەندی یەکێتی- ئێران قسان دەکەن لە نەشریەی موجاهیددا و گومان دەخەنە سەر ئەو پەیوەندییە هاوسەنگە، تەواوی ئەوانە لەیەك کاتدا سیاسەتی درۆ و دیماگۆجیەتی (موجاهدینی خەلق) لەلایەك و تێنەگەیشتنی چەوتی ئەوان لە پەیوەندی و دۆستایەتی نێوان هێز و دەوڵەتان لەلایەکی ترەوە، دەردەخەن.

(موجاهدینی خەلق) لە ڕوانگەی پەیوەندییە چەوت و چەوێڵە سیاسییەکانی خۆیەوە تەماشای پەیوەندییە هاوسەنگ و ڕاست و دروستە سیاسییەکانی هێزە ڕەسەنەکانی وەکو یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دەکەن، ئەوان چونکە هەموو پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هێز و دەوڵەتە ئیقلیمییەکانی دەوروبەردا پەیوەندییەکی ناهاوسەنگ و نادروست و ناپەسەندە، چونکە ئەو پەیوەندییانەیان پەیوەندی گومانلێکراوی دژە بە هێز و لایەنە سیاسییەکانی ناوچەکەن، چونکە ئەو پەیوەندییانەیان لەگەڵ پایتەختێکی وەکو بەغداد-دا هەیانە پەیوەندی پاشکۆیەتی و کلکایەتییە، نەك پەیوەندی هاوسەنگ و بەرژەوەندیی هاوبەش، بۆیە وای دەبینین کە هەموو پەیوەندییەك هەروەکو ئەوە دەبێت، کە خۆیان لەگەڵ بەغدا هەیانە.

* ئەمجارەیان سەیر نییە لە کۆیە، بەڵکو سەیرە لە بارەگای (موجاهدینی خەلق) کە پێیان ئاساییە و پێیان خۆشە پەیوەندی پاشکۆیەتیان لەگەڵ بەغدا هەبێت. پێش لەشکری بۆ گاردی کۆماری بکەن، شەڕی کوردیان بۆ بکەن و کوردی ڕاپەریوی ١٩٩١ سەرکوت بکەن، بەڵام پێیان ناخۆشە یەکێتی پەیوەندییەکانی هاوسەنگ و دۆستانەی لەگەڵ ئێران-دا هەبێت، کە لە مەرگەساتەکانی کوردی

عیراقدا هاوخەمو هاوکار بووە، کە لە ئەنفال و هەڵەبجە و کۆڕەودا دەرگای بۆ کوردی لێقەوماو کردۆتەوە. پەیوەندی یەکێتی و ئێران، کە پێشتر بەچەندین هەڵبەز و دابەزدا تێپەڕیوە(کە هەر ئەو هەڵبەز و دابەزینە خۆی بۆن و نیشانەی سیاسەتی سەربەخۆیانەی یەکێتی پێوەیە) لە دوای ڕاپەرین و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمەوە زیاتر گەشەی سەندوو و پتر بوو، پەیوەندییەکە ئی دراوسێتی و سنووری فراوان، ئی بەرژەوەندی هاوبەشی سیاسی نێوان هەردوولا لەسەر حیسابی هێزێکی پەراوێزکەوتووی بێ حیسابی وەکو (موجاهدینی خەلق) نییە، بە تایبەتی کە لە دوای شەڕی عیراق- ئێران، بەتایبەتیتر لە دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ -ەوە موجاهدینی خەلق ئەو ئیعتیبار و هێزە سیاسییەی جارانی نەمابوو و نەماوە، کە شایستە بێت گرەوی لەسەر بکرێت و لە پتەوکردنی پەیوەندی نێوان یەکێتی و ئێراندا بشێ وەکو کارتێك، یان قوربانییەك، بەکار ببرێت! لە بەرامبەر ئەوەشدا با بپرسین، لە کوێ و کەی (موجاهدینی خەلق) هیچ نەبێت تووشی گرفتێکی بچووك هاتبێ یان هاتووە لەگەڵ بەغدا؟ وەڵام ڕوونو ئاشکرایە، لە پەیوەندی پاشکۆیەتی و بەکرێگیراوییدا هیچ گرفتێك ڕوونادات، چونکە ئەرکی پاشکۆی بەکرێگیراو لە دونیای سیاسەتدا تەنها جێبەجێکردنی ڕاسپاردە و فەرمانەکانە، هەروەك (موجاهدینی خەلق) لەپێناو بەغدا و لە دژی کورد لە ساڵی ١٩٩١ دا تاوانی بە کۆمەڵی ئەنجام دا.

ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ - ساڵی ١٩٩٩ بڵاوبۆتەوە.

## دووەم: مجاهدینی خەلق و تاوانەکانی لە دژی خەڵکی کوردستان

سەرەنجام ڕاستی ئەو قسانە دەرکەوتن، کە گومانیان دەخستە سەر سیاسەتو پەیوەندییە نابەجێکانی ڕێکخراوی مجاهدینی خەلق-ی ئێرانی لەگەڵ پایتەختە ئیقلیمییەکان و دەوروبەردا. لەم ڕۆژانەی دواییشدا لێپرسراوێکی جیابۆوەی سەرکردایەتی (مجاهدین) بەشێکی تری نهێنییەکانی ڕێکخراوەکەی ئاشکرا کرد و دەری خست، کە مجاهدینی خەڵق بەو تۆری پەیوەندییە گومانلێکراوانەی دروستی کردووە، هەموو ئەو ئیدعایانەی لە خۆی داماڵی کەگوایە حزبێکی سیاسیی تەقلیدی بێت، چ جای ئەوەی بزووتنەوەیەکی سیاسیی ڕەسەن کە کار و کۆشش بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی سیاسیی دیاریکراو بکات.

بەڵێ لەم ڕۆژانەی دواییدا و هەروەك لە هەواڵێکی ژمارەی ڕۆژی (٦)ی ئابی ڕۆژنامەی الحیاة-ی لەندەنیدا لە ژێر سەردێڕی (کەریم حەقی مجاهدینی خەلق بە تاوانی ئەنجامدانی کوشتار لە دژی کوردەکانی عیراق تاوانبار دەکات) هاتووە، لێپرسراوێکی جیابۆوە لە ڕێکخراوەکە، بەناوی کەریم حەقی مۆنی، لە میانی گێرمەو کێشەی نێوان خۆی و ڕێکخراوەکەیدا، کەگەیشتۆتە دادگای ئەرنهاین لە هۆڵەندا، دانی بەوەدا ناوە، لە چوارچێوەی ئەو تاوان و خراپەکارییانەی (مجاهدینی خەلق) کردوونی ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی بێ دیفاعی کورد لە ساڵی ١٩٩١ لەسەر دەستی هێزە مورتەزەقەکانی ئەوان شەهید کراون و بوونەتە قوربانی سیاسەتی چەوتو چەوێڵی مجاهدینی خەلق، کە لەپێناو دەسکەوت و پارەدا هەموو نەریتێکی سیاسی و عورفێکی مرۆڤ دۆستانە پێشێل دەکەن.

وا ئێستا لە زمانی لێپرسراوێکی ڕێکخراوەکە، کە هەڕەشەی کوشتن و پاکتاوکردنی لێ کراوە، ڕاستیی ئەو هەواڵ و زانیارییانە دووپات دەبنەوە، کە دەمێکە بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکران و وا هەنووکە بۆ دونیا و میدیاکانی جیهانیش ڕوون بۆوە، کە مجاهیدینی خەلق پەیوەندی و هامشۆکردنە سیاسییەکانی خۆی لەگەڵ دوژمنانی کورد گرێداوە و بە درێژایی ساڵانێکی زۆر بۆ قازانجی ئەوان لە دژی خەڵکی کوردستانو هێزە سیاسیەکانی کوردستان تاوان و کردەوەی نابەجێی ئەنجام داوە. مجاهدین لە ڕەفتار و مامەڵەی سیاسییدا هەموو سنوور و عورفێکی پەیوەندیی هاوسەنگ و ڕەسەنی بەزاندووە و بە تەواوەتی سیاسەتی خۆی بەو لایەن و پایتەختەوە گرێداوە، کە لە ڕاپەرینی ١٩٩١-ی خەڵکی کوردستاندا ئەوانیان وەك هێزێکی بەکرێگیراو بەکار هێنا و هانیان دان ڕاپەریوانی کورد سەرکوت بکەن. ئەوە بوو هێزە بەکرێگیراوەکانیان بەو تانك و دەبابانەی لە دوژمنانی کوردیان وەرگرتبوو، بێ هیچ پاساوێکی ئەخلاقیو سیاسی، پەلاماری هاووڵاتیانی بێ دیفاعی ناوچەکانی کفری و دەوروبەری کەلاریان دا و بە ناهەق خوێنێکی زۆریان ڕشت، لە کاتێکدا نە پێشتر و نە ئێستاش بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عیراق و ئامانج و سیاسەتەکانی ئەو بزووتنەوەیە، نە لە دوورو نە لە نزیك، پەیوەندی و هەقی بەسەر مجاهدین و بەندوباوی مجاهدینەوە نەبووە و نییە. مەگەر هێندە نەبێت کە ئەو ڕێکخراوە لە هەموو نەریت و ئامانجێکی سیاسی داشۆراوەو بۆتە گرووپێکی

چەکداریی حازر بەدەست و کوتەکی دەست دوژمنانی کوردو (کل من یدفع اکثر).

دیاریشە هەر ڕێکخراو و حزبێك، کە لە هەموو ئەو خەسڵەتانە داماڵرا، چارەنووسی هەروا دەبێت کە لێپرسراوانی ئیعترافی لەسەر بکەن و وردە وردە کاغەزەکانی ئاشکرابن.

**سێیەم: دۆسێی تاوانەکانی (مجاهدینی خەلق) ئامادە بکەن!**

وا هەواڵی دیکە لەسەر تاوانەکانی (مجاهدینی خەلق) بڵاوبوونەوە، پێدەچێ بازنەی تاوان و کارە خراپەکانی (موجاهدین) کردوونی تا دێ فراوانتر ببێت و خەڵکی دیکە و لایەنانی دیکەش ببنە تەرەف لەو شکاتانەی لێی دەکرێن. بەپێی هەواڵێك، کە لە ژمارەی ١٣٣٤٩ ی ڕۆژی ٢٥ ی ئەیلولی ١٩٩٩ ی ڕۆژنامەی الحیاة-دا بڵاوکراوەتەوە، جارێکی تر کەریم حەقی مۆنی، کەسی دووەم لە ڕێکخراوی (موجاهدینی خەلق) هاتۆتە قسە و نهێنی زیاتر و بەڵگەی زۆرتری لەسەر ڕێکخراوەکەی و تاوانەکانی ئاشکرا کردووە. ئەوەی تازەیە لەم هەواڵانەی لە زاری مۆنیەوە وەرگیراون ئەوەیە، کە ڕێکخراوەکەی وی تەنها لە شەڕی کوردستانو سەرکوتکردنی ڕاپەرینی ١٩٩١دا بەشداری نە کردووە. بەڵکو دەستیشی لە تاڵانکردنی کوێتدا هەبووە، ئەو دەمەی حکومەتی عیراق لە ئابی ١٩٩٠ کوێتی داگیر و تاڵان کرد. هەروەها ئەمجارەیان مۆنی لە ئاشکراکردنی نهێنییەکاندا تاك و تەنها نییە، بەڵکو لەگەڵ خۆی و لەناو ڕێکخراوەکە ناوی ئەندامێکی دیکە دێت، کە محەمەد ڕەزا ئەسکەندەری پێ دەڵێن، ئەویش وەك کەریم حەقی مۆنی ئێستا پەناهەندەیە لە هۆڵەندا. ئەم دوو مەسەلەیەش، دەرکەوتنی تاوانی نوێ و شایەدی نوێ لەسەر تاوانەکان، پەرەسەندنێکی چۆنایەتی ترە. بەتایبەتی پاش ئەو هەڵمەت و بوختانە زۆرەی (مجاهدینی خەلق) لە دژی کورد و یەکێتی کردی بۆ ئەوەی پاساو بۆ تاوانەکانی خۆی لە دژی ڕاپەڕیوانی گەرمیانی کوردستان بهێنێتەوە.

* جارێ دەرکەوتنی ناوی محەمەد ڕەزا ئەسکەندەری، وەك جیابۆوەکی تازەی (مجاهدین)، بایەخێکی زێدەمەزنی هەیە لە ڕیسواکردنی ڕێکخراوەکەی مەسعود رەجویدا. چونکە ئەمە مانای وایە خەڵکانێکی تر هەن بەدەست سیاسەتەکانی مجاهدینەوە گیریان خواردووە و تووش هاتوون. بەمە دەردەکەوێت گرفتی کەریم

حەقی لەگەڵ ڕێکخراوەکەدا، گرفتێکی شەخسی نییە، بەڵکو کێشەیەکی سیاسیی گەورەیە و وا وردە وردە توخمەکانی ئاشکرا دەبێت. دەرکەوتنی شایەدی دیکە و گوێگرتن لە قسەکانی لە دادگا و لە ڕۆژنامەکاندا، ڕەنگە لە ئایندەدا (مجاهد) ی تریش هان بدات واز لە جیهادی رەجەوییانە بێنن و چ لە دەرەوە بچنە دادگا و چ لە ناوەوە خۆیان لە عیراق دەرباز بکەن و بگەنە شوێنێکی پەناهەندەیی، کە سەلامەتی گیانیان بپاریزێ و ئەمانیان پێ ببەخشێ. گەلەکۆمەکەیەکی لەم بابەتانە ڕێکخراوی (مجاهدینی خەلق) تووشی داوی ڕەوای خۆی دەکات، چونکە لە یەك کاتدا لە ڕووی رێکخستنی سیاسییەوە لەبەریەك هەڵیدەوەشێنێتەوە و شەڕەکە دەباتە نێو ماڵیان و لە ڕووی یاساییشەوە بڕست و توانای لە دژیان هەیە زێدەتر دەکات.

* بەڵام گرنگترین پەرەسەندن دانپیانانە بە بەشداریکردنی هێزەکانی مجاهدین لە تاڵانکردنی کوێتدا، کە ئەمە تاوانێکە پێش تاوانی کوشتنی کورد کەوتووە لە ڕووی زەمەنەوە. چونکە بەشداریکردنی مجاهدین لە تاڵانکردنی کوێت لە ئابی ١٩٩٠ و قەسابخانەی دژ بە کوردیش لە ئاداری ١٩٩١ جێبەجێکراوە. رەجەوی خۆی هانی مورتەزەقەکانی داوە بچن بەشداری لە تاڵانکردنەکەدا بکەن. بەمەش بە تەواوەتی خەسڵەتی مورتەزەقەیی بەسەر هێزەکانی مجاهدیندا جێبەجێ دەبێت، چونکە هێزی مورتەقەزە بۆ پارە و لەپێناو تاڵاندا شەڕ دەکات، لە ڕاستییدا بەشداریکردنی مجاهدین لە شەڕی عیراق لە دژی ئێران، لە شەڕی عیراق دژی کورد، لە شەڕی عیراق دژی کوێت مانای وایە ئەم هێزە بە تەواوی گرێدراوی هاوکێشەی بەغدا و تەرەفداری هەموو ناکۆکییەکانیەتی، لە شەڕی یەکەمدا مجاهدینی خەلق خیانەتیان لە وڵاتی خۆیان کردووە، چونکە بۆ سەرخستنی ناکۆکییەکی لاوەکیان لەگەڵ حکومەتی وڵاتەکەیاندا پەنایان بۆ دوژمنێکی بە عەمەلی سەرەکی بردووە و بگرە پێش لەشکریشیان بۆ کردووە، لە شەڕی کورددا چەوتییەکی سیاسی و تاوانێکی دژ بە میللەتێکی بێوەی دوور لە ئەوانیان ئەنجام داوە. لە شەڕی کوێتیشدا ناوبانگی سیاسیی خۆیان، ئەگەر هەیانبوبێ، خستۆتە ژێر پێی بەرژەوەندییەکانی مادی و پارە و پووڵەوە. هێزێکی ئۆپۆزسیۆن ئەگەر بە تەمای دەسەڵات بێت، چۆن ئاوا دوژمنایەتییەکی قووڵ دەخاتە نێوان خۆی و

وڵاتێکی دراوسێوە، کە بەحیساب لە سبەینێی وەرگرتنی دەسەڵاتدا دەبێتە دراوسێ و پەیوەندی سیاسی و دیپلۆماسی لەگەڵدا دەبەستێ؟ ئەم تەرەفدارییەی مجاهدین بۆ عیراق پرسیارێك دینێتە ئاراوە، ئەویش ئەوەیە عیراق هەمیشە ناکۆك بووە لەگەڵ دراوسێکانی تریشی. ئایا ئەگەر وەکو کورد و کوێت و ئێران شەڕی سوریا یان تورکیا یان سعودی و ئەردەنیشی بکردایە، تۆ بڵێی تۆماری خوێناوی (مجاهدینی خەلق) تاوان و کوشتاری تری لە خۆ نەگرتبا؟ تۆبڵێی مجاهدین لە دژی ئەو وڵاتانەش ڕەفتاری نەکردبا؟

* بەهەرحاڵ، گرنگیی ئاشکرابوونی تاوانی مجاهدینی خەلق، بە بەشداریکردنی لە تاڵانکردنی کوێتدا، دەتوانرێت ببێتە باعیسی ڕاکێشانی مجاهدین بۆ دادگا، چونکە ئەگەر کورد فەقیرە و بێکەسە و کەس لێی ناپێچێتەوە و لەو تاوانانەی لە دژی کراون کەس لە سەری هەڵناداتێ، ئەوا کوێت دەوڵەتە و بە هێز و سەنگینی دەوڵەت و تۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی دەوڵەت دەتوانێ سەدان ڕێکخراوی تاوانکاری وەکو (مجاهدینی خەلق) ڕاپێچی دادگا بکات و بەفەلاکەتیان بدات. کوێت لەم بوارەشدا پێشینەی هەیە. ئەوەی ئێستا بۆ ٦٠٠ دیلە کوێتییەکە دەکرێت، بۆ هیچ کۆمەڵە لە قوربانییەکانی ڕژێمی عیراق نەکراوە.

* کوێتییەکان دەستیان خۆش بێت، ئەگەر لەسەر مافەکانی خۆیان هەڵبدەنێ. هەقە کوردیش، سەرەرای بێکەسی، بە دیار ڕەوشی بێکەسی خۆیەوە دانەنیشێ، بەڵکو ئەویش هیمەتێك بکات و لە پاڵ ئەوانەی هەقیان لای مجاهدینە لە کاتی پێویستدا شایەدعەیانی تاوانەکانی، قوربانیانی لە کوشتارەکەی١٩٩١ دەربازیان بووە ئامادە بکاتم بۆ ئەوەی شەهادەی رەسمی خۆیان لێرەوە یان لە دادگاکانی دادەمەزرێن، لە لاهای، بخەنەڕوو. با کورد بەڵگەکانی خۆی ئامادە بکات بۆ دادگای نێودەوڵەتی. هەچ تاوانێك لە دژی نەتەوەکەمان کراوە قابیلی لێخۆشبوون نییە. باوەکو حکومەتەکان بە جەبەروتی دەوڵەت و هێزی سەربازی تا ئێستا سەرکوتیان کردووین، ئۆپۆزسیۆنە چروکەکانی وەکو (مجاهدینی خەلق) یش هێزی تاوانکاری لە دژمان و دەربازبوون لێی نەبن.

# حەج بۆ دیاری دوور

نامەویٚ لەسەر ئێران بنووسم. ئەم دراوسێیەم لە باری فەرهەنگییەوە خۆش دەوێت و لە باری سیاسیشەوە دەزانم پڕە لە مەتەڵی پەنهان ، بەس نازانم مەتەڵی بۆردوومانکردنی کوردستانی هەڵبێنم. ئەگەر لەبەر چالاکییەکانی پژاکە، کەوابیٚ ئێران کە لە پژاکی لقی پەکەکەی دۆستی بەگلەییە خەتای گوندنشینانی سەر سنوور چییە؟ ئینجا با ئەو مەتەڵە لەولاوە بوەستیٚ و نەیکەمە باعیسی ڕەخنە لە ئێرانی دراوسیٚ، کە فەزلی لاکردنەوەی لە لێقەوماوانی کوردی باشوور هەروا بەسەرمانەوەیە و بەشی ئەوەی تێدا دەهێڵمەوە کە تاران هەڵەبجەی شەهید و زامداری پەخشانی جیهان کرد.

بەو حاڵەشەوە وەکو شرۆڤەکارێك پێم وانییە، کە ئاغای مەنوچەهری موتەکی موەفەق بوو لە دەسکی پێشنیازەکانی ئێران بۆ ئاشتی لە جیهاندا.

دیپلۆماسی ئێران، کە لە سەد ئاوی داوە وەکو نەخشەی سەربەرد هەڵکۆلینی کردووە لە ستاندنی دانپێنان بە سیستم و بە بژارەکانی کۆماری ئیسلامیدا، ئەوەی لیٚ چاوەڕوان دەکرا مەحکەم تر لە چارەسەرکردنی کێشەکانی تاران و پایتەختەکانی ڕۆژئاوا تێزەکانی خۆی دارشتبا. تێزی لەم جۆرە دانوستانەکان وادرێژ دەکاتەوە کە دونیا تەواو دەبیٚ و ئەو هێشتا تەواو نابیٚ. قیامەت دێت و هێشتا ئەو قیامە نەقەوماوە کە هەردوو دونیا یەك بگرێتەوە.

بابەتی سیاسی و ئەمنی لە دەقی پێشنیارەکانی ئاغای موتەکی دا تێزی گشتگیری تێدایە، کە هەریەکەیان بۆ دەستپێکردنی، تەنها بۆ دەستپێکردنی، سوپایەك لە نووسینگە و هەڵسوراوی بیرۆکراتی دەوێت:

- داکۆکی لە ماف و کەرامەتی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە فەرهەنگی میللەتان گرنگترین خولیاکانی کۆمەڵی مرۆیین، کە پێویست دەکا گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێت.

- گفتوگۆ لەبارەی پتەوکردنی ئاشتییەکی دادپەروەرانە و پێشکەشکردنی

دیموکراسی له جیهان و ناوچەکە لەسەر بنچینەی: مافی میللەتان و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیان، لەبەر ئەوە کۆماری ئیسلامی ئامادەیە هاوکاری بکات بۆ پتەوکردنی جێگیری و ئاشتی دادپەروەرانە و پێشکەوتنی دیموکراسی لەو ناوچانەی گرفتی ناجۆری ئەمنی و عەسکەرتاری و توندوتیژی و تیرۆریان هەیە، لەوانەش ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەڵکان و ئەفریقا و باشووری ئەمریکا... ئینجا خۆتان لەم بەرنامە هەمەلایەنە تێبفکرن و گرێی بدەن بە ڕەوشی سنووری کوردستان، کە گیرۆدەی تۆپبارانی ئێرانە؟ ئەم واقیعە تاڵە لەکوێ و ئەم بەرنامەیە جیهانگیرییە تۆباوییەی ئاغای موتەکی لەکوێ، جا ئەم گەشتە دیپلۆماسییە دوورەی بۆ چییە، کە تا بەڵکان و ئەفریقا و باشووری ئەمریکاش دەڕوات؟

ئاغای موتەکی چی داوە لە باشووری ئەمریکا؟ ئەم پانتاییە بۆچی بۆ (برامان هۆگۆ شافێز) جێناهێڵرێت، کە فەنزوێللا نزیکترە بۆ باشووری ئەمریکا تا ئێران ؟ لە جێی ئەوە (مەسەلەی کاکاو)ەکەی ئەمریکای لاتین و (مەسەلەی قاوە)ەکەی بەرازیل (وەکو ڕەمزێك بۆ گرفتە سیاسییەکانی ئەو دەڤەرە) چارە بکرێ، بۆچی سەرقاڵی (مەسەلەی توتن)ەکە لای خۆمان نەبین؟

هەڵبەت وەڵام بۆ تۆپبارانی سنوور ئەوەیە پژاك لەوێ چالاکی هەیە، جا ئەگەر ئێرانی دراوسێ نەتوانێت سیاسەتێکی وا بگرێتە بەر لاوەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات گیرۆدەی داوی پەکەکە و پژاك نەبن و لە جێی ئەوە لە وڵاتی خۆیاندا بە مافی نەتەوەیی شاد بن، ئەگەر ئەم تەگبیرە ژیرە نەگرێتە بەر، ئیتر چی ئومێدێك هەیە کە دیپلۆماسیی ئێرانی بتوانێت ئاشتی دادپەروەرانە، ئارامی و دیموکراسی و ڕێزی مافی نەتەوەکان لە ئەفریقا دابین بکات؟

دوا پێغەمبەری خودا، درودی خوای لەسەر بێ، کە پەیامی ئیسلامی جاڕدا، لە پێشدا لە خەدیجە و بنەماڵەکەی خۆیەوە دەستی پێ کرد.

وەکو کوردێکی ڕیفۆرمخوازی ڕۆژهەڵاتیش لە سەردەمی ئاغای خاتەمی پێی وتم: خاتەمی داوای حیواری شارستانییەکان دەکات و هێشتا حیواری لەگەڵ شارنشینە کوردەکانی وڵاتی خۆی دەست پێ نەکردووە.

خێری پەیامی نزیك زۆرترە تا حەجی دوور کە بۆ (لمن استطاع الیە سبیلا)یە.

*ڕۆژنامەی ئاسۆ، ڕۆژی: ٢٠٠٨/٦/٢٣

# دۆستەکانی گەل ئەمانەن؟

ئێمە پێویستمان بە ڕوانینێکی شێنەیی تر هەیە لە مامەڵەی دۆسێی ئاڵای کوردستاندا، هێمنتر تەنانەت لە مافی دیموکراتیی خۆپیشاندان و هەقی ئیداری لە بەرسڤدانەوەی بڕیارێکی مەرکەزیدا. عیراق فیدڕالی و لامەرکەزییە و ئیدارە لۆکاڵیەکانیش بۆیان هەیە تێبینی و پەرچەکرداریان هەبێت، ئەگەر بڕیاری هاتوو لە بەغداوە بە دڵی ئەوان و بەپێی پێویستی ڕۆحی و ماددیی خەڵکی ناوچەکە نەبێت. دۆخی نۆرماڵ ئەوەیە، لە ناوچە جێناکۆکەکان هەموو بڕیارو سیاسەتێك هاوبەش بێت لەنێوان لایەنەکانی ناکۆکی لە حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتحادی، دۆخی نموونەش ئەوەیە ئاڵای کوردستان لەپاڵ ئەوەی عیراق لە خانەقین تا شەنگار بشەکێتەوە، مادام کوردستان جیانەبۆتەوە و مادام عیراقیش فیدڕالییە. ئەوەش پەیڕەوێکە لە هەرێم هەیە، نابێ هەستیار بین، ئەگەر لە ناوچە دابڕاوەکانیش هەبێت. بە دیوەکەی تردا شۆڤێنییەکان لە دیالە بۆ موسڵ تا بەغدا حەز بە چارەی ئاڵای کوردستان ناکەن، ئەگەر لە زەڵمیش بشەکێتەوە، نەك هەر لە خانەقین. ئەوانە حەز بە ئاڵای ئێستای عیراقیش ناکەن، کە بە شێوەیەکی کاتی دانراوە تا هەموو پێکهاتەکانی لەسەر ئاڵایەکی نوێ ڕێك دەکەون و پێشبرکێی هونەری نێوان هونەرمەندان لە سەر باشترین ئاڵای فیدراڵی دەڕەخسێت.

شۆڤێنییەکان حەز بە هیچ ئاماژەیەك ناکەن ڕەنگدەرەوەی دۆخی دوای ڕووخانی بەعس بێت، جا ئاڵای سەربەرزی کوردستان یان ئاڵای شکاوەی نیشتمانێکی هاوبەش بێت بۆ کورد و عەرەب و نەتەوەکانی تر، هەڵلاشیان لەسەر ئاڵای عیراق بۆ داگرتنی ئاڵای کوردستانە، دەنا بۆچی تا بەر لە دوو ساڵ ئاڵای کۆنی سەدامیان بە سێ ئەستێرەوە هەڵکردبوو، کەسیش هەڵلای لەگەڵ نەکردن؟ ئێستا باسوخواسی ئاڵای کوردستان دەکەنە بابەتی ژمارە یەکی ناکۆکی

کوردستان و بەغدا، تا نەپەرژێینە سەر بابەتە سەرەکییەکان. هەر لەبەر ئەمەیە کورد دەبێ ژیر و ئاگادار بێت، کەس ئەولەویاتەکانی لێ تێك نەدا. جەوهەری مەسەلەکە ئاڵاکەی خانەقین نییە، خانەقین خۆیەتی. ئەگەر ئەو ئەولەویاتانەمان لە کەرکوك و خانەقین و نەوت و دەسەڵاتی فیدراڵی لێ تێکچوو، سیاسەت لە دەست دەدەین و خانەقینێکمان نابێ ئاڵای لەسەر هەڵ بکەین.

خۆپیشاندان لە خانەقین و نارەزایی لە هەرێم و کەمپین لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا هەق و مافی پارێزراوە بە دەستوور، بەڵام ناسینەوەی ڕاست و چەپی خۆمان، دەستنیشانکردنی ئەولەویاتەکان و دیاریکردنی دۆست و نەیار لەسەر ئەو بنچینەیە، قیبلەنومایە بۆ کاری ئایندەی کوردایەتی لە دۆخی ئاڵۆزی عیراقدا.

بەری چەند هەفتە وەفدی کوردی لە بەغدا بوو، بەغدای فیدراڵی ڕایگەیاندووە پابەندی گفتوگۆیەکی بنیاتنەرانەیە لەگەڵ کوردستان، کوردستان خۆی دەزانێ چی دەوێ و دانوستانکاری کورد ئەجێنداکەی ئەزبەر کردووە. ئەگەر لەو کەناڵەوە پێشکەوتین لە ڕووبەری شەترەنجەکە، لەسەر شوێن بۆ ئاڵا پەکمان ناکەوێت.

دۆستەکانی گەل ئەوانەن شارێی دەستوور و ڕێککەوتنەکان ناس دەکەن، نەیارانیش شۆڤێنیانی بێ عەهد و بەڵێنن، کە دەخوازن نە عیراق خێر لە خۆی ببینێ و نە کوردستانیش بە ئاڵاوە پایەدار بێت.

دەگەڕێینەوە سەرەتا، ئێمە پێویستمان بە ڕوانینێکی شێنەیی تر هەیە لە مامەڵەی دۆسێی ئاڵای کوردستاندا، هەروەها بۆنەیەکیشە بڵێین لە هەر شوێنێك، لەسەر هەر بینایەکی هەرێمی کوردستان، کە ئاڵای هەڵکراو بێ نازکەوتووە و ڕەشەبا کارێکی پێ کردووە شۆڤێنییەکان پێیان نەکردووین، هەقە سڵاوی بۆ بکەین و نازی بکێشین و بە دەوری و تازەیان بکەینەوە.

*کوردستانی نوێ، گۆشەی بەتەنیشت سیاسەتەوە

# میانڕەوی وا هەبێ

لەم وشەیە پێوانە ترم و پیاوانە ترم نەدۆزییەوە بۆ ئەوەی گوزارشت لە خەیاڵدانی سیاسیی عەرەبی پی بکەم، ئەگەرچی وشەکە مەیلێکی کۆنەپەرستانەی بواری زمان دەردەخات: کچێنی!

خەیاڵدانی سیاسیی عەرەبی دەخوازێت کچێنی خۆی لەدەست نەدا و هەموو شتێکیشی وەکو جاران بێت. وەکو جاران بە کەیف وسەفای خۆی دنیا هەڵسوڕێتو دەستکەوتەکانی خۆیان بمێنی و گەشەبکا و فراوان بێ و لە بەرامبەردا هیچ نەبەخشێت و شتێکیان بۆ سەودا و مامەڵە نەبێت.

بەلایەنی کەم ئەمە تا ئێستا وێنەی هەرە زاڵە لە خەیاڵدانی عەرەبی عروبەدا، عەرەبی سوونەی میانڕەوی نوێ. بە تایبەتیش بەوانەی کەنداویشەوە. ئەوەنە وەك عروبە کلاسیکییەکە لە بۆنە و بێ بۆنە نەیارێتی خۆیان دەرناخەن، بەڵکو لە کاتە هەستیارەکاندا دێنە دەنگ. یانی خراپتر لەوەی کلاسیکییەکە. ئەمی دوای کەفوکوڵێکە دەست پێ دەکات و دادەمرکێتەوە، کاتەکەی ئاشکرا، مەوداکەی زانراوە و سەداکەشی داریکراوە، لەگەڵی ڕاهاتووین و لەگەڵمان ڕاهاتووە، ئەوەی کەنداو لە بنەوە و لە کاتە هەستیارەکاندا، لەو وێستگانەی کورد لە دووڕیانی هەڵوێستێکی گرنگدایە، دوو قسە فرێ دەدەن و دەڕۆن، ئەما دوو قسەی مەترسیدار، کە بۆنی هۆنینەوەی تەپکەی ژێربەژێری لێ دێت. خیتابی ئیعلامی ئەو دواییەی ڕۆژنامەی خیلیجی ئیماراتی گوزارشتە لەو خەیاڵدانە و نموونەیەکی زەقێتی.

(خلیجی ئیمارات)ی، کە لە دەریای سیاسەتی ڕەسمیی وڵاتی ئیمارات ئاو دەخواتەوە، لە پەنا پەردەی ژیری و میانرەوییەوە، بە زمانی گوڵ، درك لە ژێر پێی کورد دادەنێ و بنەپێی داواکانی لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی نوێدا بە بنمیچێکی بەرزی داخوازی ناڕەوا دەزانێت، جا قەوانەکە هەمان قەوانی سوارە، کە کورد هێندە ڕەخنەی لێ گرت

خەریکە قەوانی وەڵامدانەوەی ئێمەش دەسوێت.

جا تەکبیر چییە؟ کە لێیان بێدەنگ بیت، وادەزانن کورد قسەکەیانی سەلماندووە و ئەوانیش بە فیعلی بە زمانی گوڵ گوڵیان لە یەخەی میانڕەوی داوە، کە لێشیان دێیە دەنگ دەڵێن (ناوێرین لێل کورددا بدوێین یەکسەر بە شۆڤێنیمان لەقەڵەم دەدەن). یانی جاران باشتر بوو، کە سەددام وەك نوێنەری ناسیۆنالیستی توندڕەوی عەرەبی ڕێی پێ دەدایین بۆ کەرکوك بگرین. لێ ئێستا میانڕەوی کەنداوی عەرەبی وەك شیعەی بن دەستی سەددام باوکەڕۆ و لە خۆلێدانیشمان پێ ڕەوا نابینن، شۆڤێنین و پێیان ناخۆشە بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیانەوە بانگیان بکەین.

سەیرکەن! ئەمە شۆڤێنیتی لێ ناچۆڕێت، کە توانج لە وەزیری دەرەوەی کورد بدەیت، گوایە لە بۆنەیەکدا ئیعجابی خۆی بە ڕێککەوتنی خەرتوم و باشووری سودان دەربڕیوە؟ میانڕەوی کەنداو ئاوەها لەوانەی سودانی دەرس و دەور هەڵدەگۆزێ: وەزیری دەرەوەی عیراق کە کوردە و هوشیارە و زێبارییە حەزی لێیە نموونەی سودان لەنێوان کوردی عیراق و بە غداشدا بەرقەرار بێت.

واتە بۆ میانرەوی کەنداو ئەوە نییە، کە بۆچی سودان ڕۆژی بەم ڕۆژە گەیشت، بۆچی بەغدا وای لێهات کە عروبە تووشی فەلاکەتی کرد، بەڵکو ئەوەیە بۆچی ئەمڕۆ کورد داخوازی بەرزی هەیە؟ وانەی ئەوان ئەوە نییە بۆچی عیراق حەفتا ساڵە بە قسەی کورد ناکات تا بڕێك خوێن و فرمێسك لە خەساری بگەڕێتەوە، بەڵکو ئەوەیە بۆچی کورد (لاوازی)ی عیراق دەقۆزێتەوە و لە نەوت و دەسەڵات و کەرکوکدا کێشە دەنێتەوە؟

سوپاس بۆ میانڕەویی عەرەبی لە کەنداو، کە پێش ئەوەی لەگەڵیان تێ بکەوین، بە ئامۆژگاری نەرموونیان زمانی تیژیان دەرخست، جا ئەگەر کورد لە ئەوەڵەوە دەستبەرداری کەرکوك و نەوت و داوای ڕەوای قودرەتمەندی نەتەوەیی بوایە، بۆچی لەگەڵ توندڕەویی عەرەبی و نوێنەرایەتییەکەی لە عیراق، کاکە ڕەشەکەی عۆجە، هەموو شتێکی نەدەبڕییەوە.

ئەگەر عەقڵی عەرەب نەگۆڕاوە و بە هەمان پۆزی جارانەوە ناز و فیز دەنوێنێ، ئیتر بۆچی چاوەڕێی دەستکەوت دەکات و بۆ بە تەفرەدانی میانڕەویی دەروازەی ساتو سەودای مامەڵە دەکاتەوە؟!

*کوردستانی نوێ, رۆژی: ٢٠١٠/٩/١٤

# گەڕانەوە لە "جیهاد"

ئێستا کوردستان بەرەنگاری دیاردەیەك دەبێتەوە، کە وڵاتانی عەرەبی لە سەرەتای نەوەدەکانەوە تووشی هاتن. عەرەب ئەوەی ناونابوو (عەرەب ئەفغان)، کە بریتی بوون لەو ڕەوتە کەسی و ڕێکخراوانەی لە جیهادی ئەفغانیدا بەشداریان کردبوو و دوای نەمانی (جیهاد)ەکە و ساغبوونەوەی بیپچمی سیاسیی ئەفغانستانی دوای کشانەوەی سۆڤیێت، بۆ وڵاتانی خۆیان گەڕابوونەوە. ئەوان هەندێکیان سەرلەنوێ بە مەشق و ڕاهێنان تێکەڵی کۆمەڵی ئاسایی وڵاتەکانیان بوونەوە، هەندێکیان بەو عەقلییەتەی ئەفغانستانەوە بوونە گەرای ڕێکخراوی تیرۆریستی ناوخۆیی و هەندێکیشیان بەو ئەزموونە تاڵەوە ڕەوتێکی سیاسیی نەرمتریان پەیڕەوکرد. ئەمە رەنگە پسپۆڕانی دیاردەی ئیسلامی سیاسی باشتری لێ بزانن، بۆیە دێمە سەر پرسیارکردن ئایا ئەمانەی لە سوریاوە دێنەوە، بە ڕێژەی سەنگی کوردستان، دەبنە سەرەتای دیاردەی (کوردی داعش)، یان کورد ئەفغان و سەرئێشەیەکی نوێ بۆ ئەو مەنزومە سیاسی و ئەمنییەی ئەزموونی دیموکراتی کوردستان پێکدێنن و دەپارێزن؟

وەك لە ڕووداوەکانی ئەم دواییە دەردەکەوێت، تۆڕی گەڕاوەی جەبهەی نەسرە، کە (٣٦) کەسیان دەستگیرکراون، هەوڵی لەم جۆرەی دەست پێ کردووە، بۆیە جگە لە چارەسەری ئەمنی، ڕەنگە کوردستان بۆ بەرگرتن لەم دیاردە هەڕەشەئامێزە پێویستی بە چەردەیەك چارەسەری تر هەبێت، کە ئەزموونی وڵاتانی ئەفغان بۆ گەڕاوەی لەبەرچاو بێت و بگرە ئەو ئەزموونەش تێپەڕێنێت، هەندێك لە وڵاتە عەرەبییەکان لیژنەیان بۆ سەرلەنوێ تەڤلیکردنی خەڵکی خەڵەتێنراو پێکهێنا، تا بگەڕێنەوە سەر ڕێی ئاسایی ژیان و ببنە ئەندامی بەکەڵکی کۆمەڵەکەیان، بۆ هەندێکیش کە چارەیان ناکرێ، ئیجرائاتی ئەمنی

و یاسایی دەبێتە بەربەرچدانەوەیەکی دەوڵەتی بۆ پاراستنی کۆمەڵگە و وڵات لە ئاستی دوورمەودادا.

گەڕاوەکانی داعش تەنها هەڕەشەیەکی ئەمنی نین، ئەگەرچی بەرەنگاری یەکەمین بەر هێزە ئەمنییەکان کەوتووە، ئەمانە هەڕەشەن لەسەر کوردەواری و کوردستانی ئازادیش. بۆیە دەبێ ئەو درز و کەلێنانەش سواغ بدەین، کە دەبنە ئەسپی ترواده‌ی دزەکردنە ناو قەڵاکەمانەوە.

جێگیرکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پەرەپێدانی ئەزموونی دیموکراسی و حوکمڕانی کوردستانیش، گرەوی گرنگن لەم پەستێنەدا.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٣/١٢/٢٤

# ئەمە مەسۆلییەتێکی قورسە

لە هەموو مەڵبەند و کۆمیتە و دامەزراوەکانی یەکێتیدا ئاهەنگ و شایی و خۆشییە. ئەمە بوژانەوەیەکی فێنکە بۆ حزبێك، کە وەك حزبێکی گەورە و بەشدارە لە دەسەڵاتدا، بێ گرفت و کێشە نییە. هەواڵێکی خۆشە بۆ ئەوانەی دەستیان لەسەر دڵ بوو، ئەم دامەزراوە نەتەوەییە گەورەیە تەنیا لەسەر سەروەرییەکانی بژی و نەتوانێت حزبێك بێت بۆ ئەمرۆ و دوارۆژ. با ئاهەنگ و خۆشییەکان بەردەوام بن، بەڵام دوای نیشتنەوەی خۆشییەکان دەزانین ئەندامێتی یەکێتی لە سۆسیالیست ئینتەر ناسیۆنال مەسۆلییەتێکی قورسە. مەسئولییەتێکی قورسە، چونکە بۆ یەکەمین جارە حزبێکی کوردستانی حوکمران دەبێتە ئەندامی گردبوونەوەیەکی جیهانی، کە بۆ مەسەلە جیهانییەکان خەبات دەکات. خەبات بۆ: دیموکراسی، گەشەپێدان، دادی کۆمەڵایەتیو یەکسانی، بەرپرسیارێتی بەرامبەر ژینگە و گەردوون و بەشی مرۆڤەکان لە سامان و دەرامەتەکانی سروشت و کۆمەڵگە دەکات.

ئەم مەسئولیەتە جیهانییە، بەڵام لۆکاڵیشە، واتا هەر حیزبێکی ئەندامی سۆسیالست ئینتەرناسیۆنال دەبێ لە وڵاتی خۆیەوە ئەم کارانە ڕایی بکات. ئینجا لە ئاستی دونیاشدا ئەم بەرپرسیارێتییە جیهانییە لەئەستۆ بگرێت.

* جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی سۆسیالست ئینتەرناسیۆنال لە کوردستاندا تەنها ئەو بەرنامەیە نییە، کە یەکێتی بۆ خۆی دایناوە و لە کۆنگرەی دووەمی ٢٠٠١ ەوە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، بەڵکو دەبێ لە نزیکترین دەرفەتی کۆنگرە و پێداچوونەوەدا بەرنامەی خۆی بۆ حکومڕانی، دادی کۆمەڵایەتی و یەکسانی لە بەرنامەی حزبێکی شۆڕشگێری چەپەوە، کە خەباتی چەکداری و پێشمەرگانەی دەکرد و پێوەرەکانی فەزای ئەم جۆرە خەباتەی بەسەردا جێبەجێ

دەبوو، بگۆڕێت بۆ بەرنامەی حزبێکی دیموکراتیی پەرلەمانیی مۆدرێن.
ڕاستە یەکێتی لە میانی حکومڕانی کوردستاندا پابەندی ئەم دەساودەسکردنە پەرلەمانییەیە، بەڵام دەبێ لە ئەدەبیاتی خۆشی و لە گۆرەپانی فراوانی سیاسیشدا پەیرەوی لێ بکات و ئیدی ئەم قۆناغە ڕاگوزەری نێوان حکومی شەرعییەتی شۆڕشگێری و حکومی یاسا و دامەزراوەکان تێپەڕێنێ.
- بەرپرسیارییەتێکی تریش دەکەوێتە ئەستۆی یەکێتی، ئەویش دەستکاریکردنی پەیرەوی ناوخۆیەتی، کە پەیوەندی نێوان ئەندامەکانی ڕێك دەخات. لەمەشەوە بۆ دەستکاریکردنی سلوکی ئەندامێتی و هەڤاڵبەندی ناو یەکێتی. ئەمەش نە تەنها سەرکردایەتی یەکێتی، بەڵکو ئەندامەکانی خوارەوە و هەموو ئاستەکان دەگرێتەوە، لە سەرکردایەتییەوە شۆڕدەبێتەوە بۆ کادیری مامناوەند و هەڤاڵی ڕێکخستنی ناو جەماوەرەکەی. ئەندامێتی لەناو ڕێکخراوێکی مۆدێرندا لەگەل ئەم جۆرە هەڤاڵبەندییەی ئێستا ناگونجێ، کە "تابع و مەتبوع" و بەقوربان و بەساقەیە.
- بەرپرسیارێتییەکی دیکەی یەکێتی ئەوەیە، ڕاستە حزبێکی کوردستانییە کە بۆ ئامانجە نەتەوەییەکان تێدەکۆشێت، بەڵام نابێ چیتر حزبێکی لۆکاڵی بێت لە کارکردن و دابەشکردنی ئەرك و فەرمانەکاندا، ناکرێت جێی ناوچەگەرێتی و شارچێتی و "ئەحبابچاوشلی" تێدا ببێتەوە.
هەر ئەندامێکی یەکێتی بەم پێوەرانە هاوولاتییەکی کوردستانییە، هاوولاتییەکی جیهانیشە، کە بۆ ئەم بەشەی جیهان، واتا کوردستان، بیردەکاتەوەو کاردەکات، بەڵام نە کوردستانەکەی بەکەم بگرێت و نەوا داخراو بێت کە پێی وابێت کوردستانەکەی، شارەکەی، گەڕەکەکەی ناوەندی جیهانە، یان وەکو ئێرانی دەڵێن: "ئەسفەهان نسفی جیهان ئەست". ئەسفەهان و ئێران و کوردستان بەشێکی جیهانن، نەك هەمووی.
- لەمەوە تێدەگەین، ئەندامێتی ڕێکخراوێکی وا بەرپرسیارێتییە. وەختێك بەڕێز مام جەلال دەبێتە جێگری سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە جیهانییە، دەبێت بزانین بە ئەندازەی ئەوەی پرۆسەی سیاسی عێراق و پۆستی سەرکۆماریش لە وزە و توانای مام جەلال دەبات، ئەم بەرپرسیارێتییە فیکری و سیاسییە تازەشی بەشی

خۆی لە توانا و کۆڵنەدانی مام جەلال و یەکێتی گەرەکە. ئەمەش یانی هەر هەڤاڵو ئەندامێکی یەکێتی ئەرکی تاکی و ئەرکی دەستەجەمعی لێ دەخوازێت، کە لەناو یەکێتی و لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا بچووك نەبێت، گەورە بێت بە قەبارەی گەورەیی ئەرکەکانی داهاتووی.

*ڕۆژنامەی ئاسۆ، رۆژی: ٢٠٠٨/٧/٢

# دوو وتاری جیاواز لەسەر قەزافی

## یەکەم: کۆلۆنێل کەسی نییە نامەی بۆ بنێرێ!

سەرنجی چاودێرانی سیاسی لەسەر قەزافی هەرچۆنێك بووبێ، بەڵام هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن، کە لیبیا لە ساڵی ١٩٦٩ەوە، ئەو ساڵەی تێیدا کۆلۆنیل شۆڕشی فاتحی بەرپاکرد، وڵاتێکی جێگای چاوتێبڕینی دونیایە، نەك تەنها لەبەرئەوەی شوێنی جوگرافی سامانی پڕبەهای نەوتی تێدا هەڵکەوتووە، دەنا خۆ وڵاتانی نەوتاوی دیکەش هەن و لە خودی لیبیاشدا نەوت لە سەردەمی پادشایەتیەوە دەردەهێنرێ و ئەوسا و ئێستاش هەر بە کڕیارانی ڕۆژئاوا دەفرۆشرێتەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی لە ماوەی ٢٦ ساڵەی حوکمڕانێتی کۆلۆنێل موعەمەر قەزافیدا لیبیا بۆتە وڵاتی مۆزائیکی هەڵکشان و داشکانی تێز و تەیاراتە سیاسییە جیاجیاکان هەر لە(الکتاب الاخضر) و خەڵاتی فرانس فانۆن و کۆنگرە شۆڕشگێڕی و میللییەکانی دونیا و ئینجا یارمەتیدانی بزووتنەوە نەتەوەیی و چەپخوازەکانی جیهانی سێ‌و تەنانەت ڕێکخراوە تیرۆریست و لە(ماڵە باوان) تۆراوەکانی ڕۆژئاواش، تاوەکو سیاسەتی دژایەتی ئەمریکا و بۆردومانکردنی ماڵی خودی قەزافی و ئینجا کۆمیدیای کاروانی حەجی لیبیا و ڕووداوی لۆکەری و گەمارۆی ڕۆژئاواو..هتد. ئەمانە ئەو وێستگە جیاجیایانە بوون کە لیبیایان کردبووە تاقیگەی تێڕوانینە فیکرییەکانی کۆلۆنیل و ئەو وێستگایانەشی کردبووە بابەتی بەپێز و دەوڵەمەند بۆ ڕۆژنامەنووسە سەر بزێوەکانی ئەورووپا. لەو ماوە درێژەدا لە ئاستی جیهانی سێدا بزووتنەوە دەنگ و ڕەنگ جیاجیاکانی چەپی(سێ) ئەفسەرە کودەتاچییەکانی ئەسیوبیاو هەندێ وڵاتی ئەفریقایی تر، بگرە هەر ڕێکخراوێکی کە لە ئەمریکای لاتین دروست دەبوو، تەماعیان لە دەرامەتە شۆڕشگێڕییەکانی نەوتی لیبیا و ئۆمێدیان بە

سەخاوەتی قەزافی هەبووە. لە ئاستی عەرەبیشدا ئۆپۆزسیۆنی چەپخوازانەی وڵاتە عەرەبییەکان و ڕێکخراوە فەڵەستینییەکان گلەیی ئەوەیان لە قەزافی دەکرد کە سیاسەتە شۆڕشگێڕانەکەی نارۆشنە و کۆڵۆنێل دەیەوێ تیورەکانی لەمەڕ ڕێگای سێیەمی نێوان سۆشیالیزم و سەرمایەداری بە یارمەتییە مادییەکانەوە هاوپێچ بکاو لە ئاستی دەسەڵاتدارانی عەرەبیشدا بەوە سەرزەنشتی کۆڵۆنێلیان دەکردە، کە سەرچڵەو زووزوو لە ڕیزبەندیی عەرەبی دەترازێ و پسپۆڕانی بواری ئابووری و گەشەپێدانیش حەیفیان بەوە دەهات و ئەوەیان پێ سەیربوو، کە چۆن وڵاتێکی پڕ نەوتی وەکو لیبیا ناتوانێ خۆشگوزەرانی بۆ چوار میلۆن هاووڵاتی دابین بکات و ئەو دەرامەتە زۆرە لە کاری لابەلادا بەخەرج دەدا.

* کورد-یش یەکێك بوو لەو میللەتانەی وەبەر ڕەحمەتی کۆڵۆنێل کەوتبوو، ناکرێ مرۆڤ ئەو هەڵوێستە جوامێرانەی قەزافی لەیاد بکات، کە لە گەرمەی خەیاڵی ئاشبەتاڵدا بەڵێنی دابوو کە هاوکاریی درێژەپێدانی شۆڕش بکا.

لەسەر وەختێکیشدا، کە کورد جگە لە چیا و پشتگیریی نیوەچڵی هەندێك ڕێکخراوی لا (چەپ) و دوور لە دەسەڵاتی فەڵەستینی و عەرەبی هیچ دۆستێکی دیکەی نەبوو، قەزافی ڕاشکاوتر باسی مافی چارەنووس و یەکگرتنەوەی نەتەوەی کوردی دەکرد و لە هەشتاکانیشدا هەندێك کۆشش بۆ ئەوە کرا، کە کاروانێکی چەك لە ڕێگای ئێران و جارێکی دیکەش لە ڕێگای تورکیاوە بگاتە شۆڕش و پێشمەرگە. هەوڵی لەو بابەتە زۆربوون کە وێڕای بە ئاکام نەگەیشتنی، بەڵام نیشانەی پەیوەندییەکی بەتینی کورد و لیبیا بوو.

* بەڵام پەرەسەندنی ڕووداوەکان و هاوکێشە سیاسییە تازەکان وایان کرد، کە سستییەك بکەوێتە نێوان کورد و لیبیا و هەریەکەی بە دوای قەدەرێکدا بگەڕێ. کورد بەخۆ گونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دونیا و کۆڵۆنێل بە دژایەتیکردنی شەپۆلی بێئامانی سیستمی تاك جەمسەری و تەنانەت لەم پێناوەشدا لایەکی لە ڕژێمی عیراقیش کردەوە، ئێستا لەم قەیرانەی کۆڵۆنێلدا کە هیچ کام لەوانەی کەڵکیان لە بەخشندەیی ئەو وەردەگرت نامەی بۆ نانێرن و لێی ناپرسنەوە، جارێکی دیکە و پاش دابڕانێکی کاتی لە لێدوانێکدا قەزافی پشتگیری خۆی بۆ یەکگرتنەوەی کورد و (دەوڵەتی کورد) دەربڕییەوە، بێگومان کۆڵۆنێل لوتفی

هەیە، کە دۆستە کۆنەکانی خۆی بەسەر دەکاتەوە و کوردیش لەو میللەتانە نییە کە دۆستی ڕۆژانی تەنگانەی لەیاد بچێ، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا قەزافی بەو لێدوانەی خۆی جارێکی دیکە لەلایەن شۆڤێنییە عەرەبەکانەوە بەوە سەرزەنشت ناکرێ، کە لە ڕیزبەندیی عەرەبی دەرچووە؟ ئایا بەو بیانووەشەوە (گەمارۆی سیاسی) لەسەر کۆڵۆنێل توندتر نابێت؟

**دووەم: نامەیەك بۆ كۆڵۆنێل قەزافی**

بەر لە سێ ساڵ، لە ژمارەی چوارشەممە ١٩٩٥/٤/٢٦ی کوردستانی نوێ و هەر لەم گۆشەیەشدا نووسیبوم (کۆڵۆنێل قەزافی کەسی نییە نامەی بۆ بنێرێ) لەوێدا ڕەخنەم لە قەزافی گرتبوو سەبارەت بە شێوەی بەڕێوەبردنی وڵات و هەڵسورانی ململانێ نێودەڵەوتییەکان. هەروا باسی هەڵوێستی جوامێرانەی ئەوم لەبارەی کوردەوە بەم جۆرە کردبوو (کوردیش لەو میللەتانە نییە کە دۆستی ڕۆژانی تەنگانەی لەیاد بچێ) وەك چۆن هەموو حاڵەتێك وا دەخوازێ باس لە هەموو دوورایییەکان بکرێ ئاوەها بەو پێیە بەندە ئەو قەرزەی لەسەرە کە هەڵوێستی شۆڕشگێرانەی کۆڵۆنیڵ قەزافی دەربارەی پرسی کوردستان بەرز هەڵبسەنگێنێ.

ئێستا وا دوو دەرکەوتی نوێ یەکێکیان ئەگەری چارەسەری کێشەی لۆکەرییو ئەوی دیکەشیان هەڵوێستی ڕاشکاوانەی (تەرابلس) لەبارەی دەستێوەردانی تورکیا لەو لاتەکەماندا هانیان دام کە دوای سێ ساڵ و بە کەماڵی ئیسراحەت قەرزی سەرشانم بدەمەوە.

لەگەرمەی خەیاڵی ئاشبەتاڵدا موعەمەر قەزافی بەڵێنی دابوو پشتگیری درێژەپێدان و دەستپێکردنەوەی شۆڕش بکا و لەم پێناوەدا ئەو لە کوردە ئاشبەتاڵچیەکان زیاتر پێی خۆش بوو شۆڕش بەپێوە بوەستێ و کورد یەك دەنگ و یەك هەڵوێست بێت لەئاست دوژمنانیدا. ئەو بە ڕوانینێکی کوردستانیانەوە هەمیشە بۆچوونی وابووە کە دەوڵەتی کوردی دەتوانێ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەم بکاتەوە. هەرچوار نەتەوەی کورد و عەرەب و فارس و تورك دۆست و خاوەن ماڵ بن لە ناوچەکەدا، مام جەلال ئەم هەڵوێستە بە هەڵوێستێکی فەلسەفی هەڵدەسەنگێنێ کە ڕێز و ستایشی گەلی کوردی بۆ قەزافی مسۆگەر کردووە، هەروا لەم

بارەیەوە دەگێڕێتەوە، کە لە چلەی خوالێخۆشبوو (عەبدل ناسر) هەیکەل مام جەلال و قەزافی بە یەکتری ناساندووەو بە بەڕێز تاڵەبانی گوتووە: (تۆ داوای حوکمی زاتی دەکەیت وەرە بە کەسێکت بناسێنم بیروبۆچوونی لە تۆ کوردانەترە، چونکە قەزافی داوای سەربەخۆیی کوردان دەکا) بێگومان کۆلۆنێلی لیبیا یەکەم سەرۆکی عەرەبییە دان بە دەوڵەتی کوردیدا دەنێ و هەڵوێستەکانی ڕاشکاوترین و ئازاترین هەڵوێستی سیاسین چونکە: ئەو هەڵوێستانەی تەنها لە ئاستی ئاخاوتنا قەتیس نەکردوە، بەڵکو پشتیگری ڕاستەوخۆی شۆڕشی کوردستانیش کردووە.

هەڵوێستی ئەو هەڵوێستی سەرکردەیەکی ئۆپۆزسیۆن نییە کە بشێ لە کاتی هاتنە سەرکاریدا قسەکانی خۆی لەبیر بچێتەوە، بەڵکو هەڵوێستی سەرۆك دەوڵەتێکە کە قسەکانی باجی لەسەرە و گرفت بۆ حکومەت و وڵاتەکەی دەنێتەوە.

هەرگیز قەزافی پشتگیریکردنی لیبیای بۆ کورد گوشار و گرتنەبەری ڕێبازو سیاسەتێکی دیاریکراو نەبەستۆتەوە و لە هیچ تەنگانە و هەلومەرجێکدا کارتی کوردیی نەهێنانەوەتە سەر مێزی سازشکردن.

قەزافی لە حزوری سەرۆك و بەرپرسانی پەیوەندار بە کێشەی کوردەوە ئەم هەڵوێستانەی خۆی ئاشکرا کردووە و نەیشاردۆتەوە. بە حکومەتی عیلمانی ئەنقەرەو دواتر حکومەتی ئەربەکانیشی گوتووە کە دەبێ دەست لە ڕاونان و کورد کوشتن هەڵبگرن و ڕێگا بدەن دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێ. هەروا لەو کاتانەی پەیوەندی لەگەڵ ئێران هەیە و لەگەڵ عیراقیش لە ئاشتبوونەوەدا بوون لەو هەڵوێستانەی پاشگەز نەبووە.

قەزافی خۆی بە سەرۆکێکی ناسیۆنالیستی عەرەب دەزانێ، بەڵام ڕوانینی نەتەوەییانەی ئەو ڕێگر نەبووە لەوەی بانگەشەی دەوڵەتی کوردی بکا و کوردستانی عیراق بە خاکی کورد بزانێ. کۆلۆنێل دڵسۆزی خۆی بۆ عەرەب لەوەدا دەبینێتەوە دۆستێکی سەرفرازی وەکو کوردی هەبێت.

تەنانەت لە دەستێوەردانی ئەم دواییەی تورکیا بۆ نێو خاکی کوردستانی عیراق حکومەتەکەی سەرۆك قەزافی دژی ئەو دەستێوەردانە بوو، نە تەنها وەك هەڵوێستی وڵاتانی عەرەب کە ترسیان لە یەك پارچەیی عیراق و ئەمنی عەرەبی هەبوو، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەو هێرش و پەلاماردانە بۆ سەر کوردستانی عیراق بوو.

سیاسەتی بوێرانەی کۆلۆنێل بەرامبەر بە کورد هانمان دەدا هیوای تێپەراندنی قەیرانی لۆکەریی بخوازین، بە تایبەتی دوای ئەوەی کۆششەکانی جوامێرەکەی باشووری ئەفریقا ماندێلا، کە ئەویش هەڵوێستی لە کێشەکەمان جێگەی ڕێز و تەقدیرە، خەریکە سەر دەگرێ و ئومێدی وا هەیە لیبیا ئابڵووقەی لەسەر نەمێنێ. بەگوڕوتنێکی ئەوتۆوە بێتەوە نێو کۆمەڵی نێودەوڵەتی، کە قازانجی بۆ کورد و کێشە ڕەواکەی تێدا بێت.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ١٩٩٧/١٠/٢٩

# مەسەلەی کورد و شرۆڤەی فەڵەستینی

سەعید ئەلحاج نووسەرێکی فەڵەستینییە، دیاریشە دۆستی ئاکپارتی و ڕەوتی ئیسلامییە، تا ئێرە ئاساییە کە ئیسلامی بیت و عەرەب بێت و خۆت بە دۆستی ئاکپارتی بزانیت. تەنانەت پێشنیازیشیان بۆ بکەیت کە تورکیا بگەڕێتەوە بۆ سەر هێڵی ئاشتی و چارەسەری سیاسیی مەسەلەی کورد. لەوەشدا پێشنیاری بەجێی کردووە کە دەبێ حکومەتی بن عەلی یلدرم کارێك بکات نەهێڵێ هەدەپە بچێتە باوەشی کاری سیاسیی قاچاخەوە و داواش دەکات پەیەدە پەیوەندییەکەشی لەگەڵ pkk بمێنێت، بۆ ئەوەی لە دواچارەسەریشدا پەکەکە ببێتە بەشێك لە چارەسەر، وەکو ئێستا بۆ تورکیا بەشێکە لە کێشە.

ئەمە لایەنی ئیجابی وتارنووسی بابەتی (لایەنی یاسایی و سیاسیی دەستگیرکردنی پەرلەمانتارە کوردەکان)، کە لە سایتی نزیك حکومەتی ئاکپارتی، تورك پرێس جارێکی تر بڵاو بۆتەوە، بەڵام وتارەکە لایەنی سەلبیشی هەیە. سەیر لەوەدایە لایەنی سەلبی وتارەکە زیان لە مەسەلەی کورد نادات، ئەوەندەی خەم و خەفەت دەبەخشێت لەوەدا چۆن نووسەرێکی فەڵەستینی بەو ڕێباز و ڕەوتە (دەوڵەتدارییە) قسە دەکات؟ بۆ دەبێ فەڵەستینیەك، کە هەموو تۆمەتەکانی تیرۆر دەدرێتە پاڵ بزووتنەوە ڕزگاریخوارییەکەی گەلەکەی، بە ڕەوتە چەپ و ئیسلامی و ناسیونالیستییەکەیەوە، کەچی خۆشی وێراویەتی هەمان ئەو تۆمەتانە بۆ بزاڤی کورد دووبارە بکاتەوە؟ بۆچی دەبێ نووسەرێکی فەڵەستینی لە نەتەوە و میللەتێکی لێقەوماو، کە وڵاتەکەی داگیر کراوەو میللەتەکەی ڕاگوێزراوە و سیاسەتی نیشتەنی شوڤێنی و گۆڕانکاری دیمگۆرانی لە دژ پەیڕەو دەکرێت، هەمان ئەو شتانەی بەرامبەر کورد دەکرێت نەبینێت؟ بۆ دەبێ بە زمانی (بەرزی) دەستوور و یاسا بەرامبەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان لە باکوور قسە بکات، کە ئەوە هەمان زمانە دژی گەلی فەڵەستین بەکار دێت؟ بۆ

دەبێ وا ڕقی لە ڕەوتی چەپ بێت لەناو بزووتنەوەی کورددا، لەکاتێکدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەڵەستینی چەپی تێدا بووە و ڕاستی هەبووە و بەو دواییەش ڕەنگێکی ئیسلامەتیشی پۆشیووە، بەڵام هەر فەڵەستینیە و هەر چەوساوەی دەستی دوژمنێتی. بۆ دەبێ فەڵەستینیەك کڵاوی دەوڵەت و دەستوور و یاسا بچێتە سەرییەوە، کە خۆشی وەك فەڵەستینییەك بە ناوی یاسا و دەستوور و ئاشتییەوە سەرکوت دەکرێ و پەرت دەبێت.
ئەم نووسەرە، کە بە حیساب پزیشکیشە، لەتاو دۆستایەتی بۆ نەتەوەی سەردەستی تورك و ڕەوتە ئیسلامییەکەی وەك ئیفرەنجییەك لە مەسەلەی کورد دەڕوانێت. بە لوتبەرزی نەتەوەی سەردەستەوە مژدە و نەخشە و پێشنیاز دەبەشێنێتەوە. جاران عەرەب، بە عەرەبی فەڵەستینیشەوە، دۆستی مەرجداری مەسەلەی کورد بوون لە عیراق، چونکە حکومەتی عیراق عەرەبی بوو و بۆ ئەوان ئیحراج بوو کە لە دۆستایەتی کورددا تا دژایەتی حکومەتێکی عەرەب برۆن. هەڵوێستی فەڵەستینیەکان لە پرسی کوردی تورکیا ڕۆشنتر بوو، چونکە تورکیا عەلمانی و ناتۆیی و غەربزەدەیی بوو. ئێستا فەڵەستینییەکان تورکیای مەیلە و ئیسلامیشیان خستۆتە ناو لیستی قەدەغەکانیانەوەو قسەی پێ ناڵێن و ڕەخنەی لێ ناگرن، نەوەك زویر بێت و لە ئیسلامەتی و سوننیگەرایی خۆی پەشیمان بێتەوە، نەوەکو بە گەرمی ببێتەوە بە دۆستی جارانی ئیسرائیل، وەك بڵێی نها ئەنقەرە شەڕی کیمیاوی لەگەڵ تەلئەبیب هەیە!!
ئیسلامەتی تورکیای ئەردۆگانی کڵاوێکی گەورەی خستۆتە سەر عەرەبی ناوچەکە و ئەمەشیان بە دژایەتی بنەچینەیی خۆیان لەگەڵ مەسەلەی کورد لە عیراق و سوریا گرێداوە. ئاخر ئەگەر دژایەتی کورد نەبێت خێرە تەلەفزیۆنە عەرەبییەکانی خەلیج هەموو دراما سیاسییەکانی تورکیا بە زمانی عەرەبی پەخش دەکەنەوە، هەر لە دۆڵی گورگەکان تا ئەرزی تەیبە، کە هەمووی درامای بێ حورمەتییە بەرامبەر بە کورد و مەسەلەکەی وەك تیرۆر دەناسێنێ. خێرە عەرەبی سەردەستە ئەم سڵاوە لە هەمبەر تورکی سەردەست دەکات و ئەم موجامەلە هاوبەشەی یەکتری دەکەن؟ جا حاڵ بە سیناریۆی دراماکانەوە نەوەستاوە و وتارنووسی و شرۆڤەی فەڵەستینییەکانیشی تێکەوت!
زمانی خەواجە و ئیفرەنجی و داگیرکاری لە کورد و فەڵەستین ناوەشێتەوە، بەڕێز سەعید ئەلحاج

*کوردستانی نوێ، رۆژانی: ١١-٢٠١٦/١١/١٢

# کورد دۆستەکانی خۆی لەبیر ناکات

لەگەڵ هەڵکشانی کێرڤی بایەخدان بە کورد، لە دوای کۆڕەوی ١٩٩١-ەوە، تا دەهات لەگەڵ پتەوبوونی ڕیزەکانی کوردایەتیدا دۆستەکانی کورد زیاتر دەبوون و هاوسۆزی لەگەڵ کورد، چ لەگەڵ هەقانیەتی کێشەکەی و چ بۆ ئیدانەکردنی ئەو مەرگەساتانەی بەسەری هاتوون، زیاتر دەبوو. لەگەڵ درەوشانەوەی بەختی کورد لە دوای ڕاپەرین و بەپشتگیری و ستایشی دۆستان هەڵبژاردنێکی میللی لە ئایاری ١٩٩٢دا بەرپاکرا و حکومەت و پەرلەمانی کوردستانی چێ بوو، هەڵبژاردن یەکخستنەوەی ئیرادەی سیاسی کورد بوو لە ئاستی میللی و ڕەسمییدا، بۆیە ئەوانەی هاوسۆزی کورد بوون لە دۆستە دەرەکییەکان، وەکو فەڕەنسای سەردەمی کۆچکردوو فرانسوا میتران، باشتر لە جاران کەوتنە هامشۆکردن لەگەڵ گەلی کورد و خۆشترکردنی نێوانیان لەگەڵ بزووتنەوەکەیدا. چونکە سەرخستنی ئەزموونی حوکمڕانی خۆماڵی لەو سەردەمەدا، سەرخستنی دیموکراسی بوو لە عیراق و هەروا دروستی بۆچوونی دۆستانی دەسەلماند کە لەکاتی تەنگانەی کۆڕەودا بەهانامانەوە هاتن و تاقە بڕیارەکەی تایبەت بە کوردیان دەرکرد، کە تا ئێستاش بڕیاری (٦٨٨)جێی ئومێدی کوردە و لە ئاستی جیاجیا و لە بۆنەی جیاجیادا لەلایەن داڕێژەرانی (ئەمریکا، بەریتانیا و فەڕەنسا)وە تەئکیدی لەسەر دەکرێتەوە. ئەو دۆستانە گرەویان لەسەر بەردەوامی یەکبوونی کورد و پێشکەوتنی ئەزموونەکەی کرد، بۆ ئەوەی بۆ نەیارانی بسەلمێنن، کە کورد دەکارێت خۆی بەڕێوە ببات.

لەنێو ئەو دۆستانەشدا فەڕەنسا لە ڕێگای حکومەتە سۆشیالیستییەکەی کۆچکردوو فرانسوا میتران و کردەوە خێرخوازەکانی مەدام میترانەوە بایەخێکی تایبەتی بە پرسی کوردستان دەدا. وەختێکیش شەڕی ناوخۆ قەوما، فەڕەنسییەکان

لە پاڵ پشگیریکارانی دیکەی کورد هاتنە سەر هێڵی پەیوەندیکردن و داوایان لە سەرکردایەتی کورد و بزووتنەوەی کوردایەتی کرد ناکۆکییەکان بەلاوە بنێن، بۆ ئەوەی داشی نەیاران سوار نەبێت و کوردەکان دووبارە دووچاری شکست و ماڵوێرانی نەیەن. هەڵبەتە دیارترین هەوڵی ئەو سەردەمەی فەڕەنسا، کە لە هەمان کاتدا دەوڵەمەندترین پرۆژەی پێشنیازکراوبوو بۆ ئاشتی، ڕێککەوتنی پاریس بوو کە دوورایییەکی نێودەوڵەتی پتری بە کێشەی کورد دەدا و قەوارەی دیفاکتۆی کوردی لەگەمارۆدانی ئیقلیمی دەرباز دەکرد و دەیخستە سەر شاڕێی دانپیانان و پەسەندکردنی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پەیوەندییە تێکچڕژاوەکانی.

ئەگەرچی ڕێککەوتنی پاریس، کە هەلومەرجێکی تایبەتی ڕێی جێبەجێکردنی لێ گرت، دوایین هەوڵی بە جیددی کار بۆ کراوی فەڕەنسا بوو، ئیتر دوای ئەوەش لەگەڵ پتر شێواوی ماڵی کورددا پاریس تا دەهات لە هەمبەر کوردایەتیدا دڵساردتر دەبوو، ئیتر دوای ئەوە قۆناغێك لە مامەڵەی ساردی حکومەتەکەی شیراك دەستی پێ کرد، بەڵام هەڵوێستی جوامێرانەی سەرۆکی پێشووی فەڕەنسا (میتران) و لەئامێزگرتنی ڕێککەوتنێکی وا مێژوویی، کە لە بەرنامەیدا بوو تاڵەبانی و بارزانی لە کۆشکی ئەلیزێدا کۆ بکاتەوە، هەروا لە یادەوەریی گەلی کورد و بزووتنەوەی کوردایەتیدا بە زیندووی مایەوە. چونکە ئەگەرچی لە دونیای سیاسەتدا حیساب بۆ هەنگاوە جێبەجێکراوەکان و ئەوەی لەسەر زەمینی واقیع چێ بووە دەکرێت، بەڵام نیەت و نیازی دۆستێکی وەکو فەڕەنسا، کە لەو سەردەمەدا لە ڕێککەوتنی پاریسدا خۆی نواند، هی ڕێزلێنان و ستایشی گەلی کوردە، بە تایبەتی کە دۆستان چ دەستێکیان لە تێکچوونی ڕێککەوتنەکەدا نەبووو ئەوەی هاتەپێش لە خولەکانی دیکەی شەڕدا دەرفەتی تێهەڵچوونەوەی بۆ پاریسی میتران نەهێشتەوە تا ئەو دەمەی حکومەت و سەرکردایەتی لەوێ سەرلەبەری گۆڕان.

هەنووکە دوای لەدەستچوونی سەرلەبەری ئەو ڕێککەوتننانەی شەڕە یەك لە دوای یەکەکان کردیاننە سووتەمەنی، ئەمریکا لە دیدارێکی مێژوویی دیکەدا کوردانی لە بەرزترین ئاستی سەرکردایەتییدا لەباوەش گرت و ڕێککەوتنی واشنتۆن هاتە بەرهەم، کە ئیمزا و تەوقەی ڕێبەری هەردوو حزبەکەی لەگەڵدا

هاوپێچە. ئەگەریش کوردان دەرسیان لە پەندەکانی پێشوو، کە بوونە مایەی لەدەستچوونی ڕێککەوتنەکانی پێشوو، وەرگرتبێ، هەڵبەتە دەبێ هەوڵبدەن هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ جێبەجێکردنی بڕگەکانیدا متمانەی دۆستانی کورد، لەوانەش فەڕەنسا، وەدەست بێننەوە لە واری ئەوەی سەرەڕای دژوارییەکانی شەڕی ناوخۆ کوردان دەتوانن ئیدارەی خۆیان بدەن و گرەو لە نەیارانیان ببەنەوە. لەم پێناوەشدا ئەو سەردانەی هەڤاڵ مامجەلال بۆ پاریس کردی و تێیدا حزبی سۆشیالیستی فەڕەنسا (حزبەکەی میتران)ی بەسەرکردەوە دەچێتە خانەی ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی پێویستە لەمەوپاش دیبلۆماسیەتی کورد هەنگاویان بۆ بنێ، تاوەکو ئەوەی واشنتۆن بە دەردی ئەوانەی پێشوو نەچێ. بە تایبەتی کە تورکیای دوژمنی سەرسەختی ڕێککەوتنی پاریس (پێدەچێ دوژمنی هەموو ڕێککەوتنێکی نێوخۆیی کوردان) وائێستا عەرابی هەوڵەکانی تێکدانی ئاشتیی واشنتۆنە.

ئەم سەردانەی مام جەلال جگە لەوەی کۆششە بۆ دابینکردنی پشتگیری لە دەوری ئاشتبوونەوەی کورد، هەرواش تەئکیدکردنەوەی وەفادارییە بۆ ئەو دۆستانەی لە سەردەمێکی لواودا ئاشتیی کوردیان لەباوەش گرت و دوای ئەوی لە حکومەتیش نەمان رەعایەی دانیشتنەکانی پاریس-ی پاریان کرد. تەئکیدکردنەوەی ئەو لاکردنەوە جوانەیە، کە حزبی سۆشیالستی فەڕەنسا لە کێشەی کوردی کردووە و لە تەقەلای گەیاندنی بە کۆڕی سۆشیال ئینتەرناسیونالدا پشکێکی چاکی بەرکەوتووە.

*کوردستانی نوێ

## فەسڵی چوارەم

# چەپکێ لە نووسینە بەرایییەکان

# با هەموو تواناکانمان بۆ بوژاندنەوەی بەرەی کوردستانی بخەینەگەڕ

چاوپێداخشانەوەیەك بە بارودۆخی گەلی کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی لەو هەلومەرجەی بەرەی کوردستانی دروست بوو دەمان گەیەنێتە ئەو قەناعەتەی، کە پێکهێنانی ئەو بەرەیە هاوکات لەگەڵ ئەوەی خەونێکی لەمێژیینەی جەماوەری گەلەکەمانی هێنایە دی و کۆتایی بە قۆناغێکی پڕ لە کارەسات و ناخۆشی شەڕی براکوژی هێنا، هەر خودی ئەو بەرەی زەرورەتێکی چارەنووسسازبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەخشە و پیلانی دوژمنانی گەلەکەمان، کە لەو سەردەمەدا چووبووە قۆناغێکی چۆنایەتییەوە لە ڕووی جێبەجێکردنی سیاسەتی جیۆناسیدو کوردقڕان و دەسپێکی ئەو قۆناغە چۆنایەتیش لە کیمیابارانی دۆڵی بالیسان و ئایندەی قۆناغە بەراییەکانی پرۆسەی بەدناوی (ئەنفال)دا خۆی دەنوێنێ. بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد گرنگ بوو لەو سەردەمەدا سەنگەرەکان یەکبخاو هەموو ناکۆکییە لاوەکی و لابەلاکان بکاتە قوربانی پێویستییە ژیارییەکانی برایەتیو تەبایی، تاوەکو هیچ نەبێ لەو قۆناغە دژوارەدا پێش بە مەترسیی قەڵاچۆکردنی گەلی کورد بگرێ. ئەگەرچی لەبەر دڕندایەتی ڕژێمی داگیرکەری بەغداو ئەو هەلومەرجە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەی هەرگیز بە قازانجی گەلی کورد نەبوو و ئەگەرچی لەو وەختەدا کە پیلان و دەستێوەردانی دوژمنە شێوە و ڕەنگ جیاجیاکانی کورد لە هەوڵە دڵسۆزەکانی یەکخستن و یەکگرتنی بزووتنەوەی کوردایەتی بەهێزتر بوون، بواری ئەوەیان نەدا بەرەی کوردستانی ڕۆڵێکی بەرچاوتر ببینێ لە ڕەتکردنەوە و بەرەنگاربوونەوەی پرۆسەکانی (ئەنفال) و کیمیاباران و قەلاچۆکردندا، بەڵام پەرەسەندنی ڕووداوەکانی لەپاش شەڕی (باهۆزی بیابان) و پێشبینییەکانی ئەگەری گۆڕانکاری لە ناوچەکەوە، ئینجا

ئەو ڕۆڵەی کە بەر لە خۆئامادەکردن و ئاڕاستەکردنی ڕاپەریندا گێڕای، زیاتر لە هەر وەختێکی تر گرنگی بەرەی کوردستانی وەك یەکەیەکی بەرفراوانی حزبی و جەماوەری سەلماند و دەربڕی ئەو ڕاستییە چەسپاوەش بوون، کە ئەگەر حزب و گرووپەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان هونەری یەکگرتنو یەك هەڵوێستی بدۆزنەوە، ئەوا دەتوانن سەرکەوتنی گەورەتر و دەسکەوتی مەزنتر بۆ گەلی کوردستان بەدەست بێنن. پێویستی یەکلایکردنەوەی شێوەی ئاڕاستەکردنی پرۆسەی دیموکراسی و ئاساییکردنەوەی ژیان لە کوردستانی پاش ڕاپەرین و ڕزگارییدا، هاوکات لەگەڵ ئەوەش ئەو بۆشاییە یاساییەی ڕژێمی بەعس دەیوست بەکێشانەوەی دەزگا مەدەنیو کارگێڕییەکانی خۆی لە کوردستاندا بیخولقێنێ کاری گۆڕینەوەی شەرعیەتی شۆڕشگێڕی بە شەرعیەتێکی یاسایی کرد بە مەسەلەیەکی لەدواخستن نەهاتوو، دەبوایە ڕۆڵێك کە بەرەی کوردستانی وەکو دەزگایەکی شۆڕشگێڕ دەیێکرا بخرێتە قاوغێکی یاسایی ئەوتۆوە چارەسەری بەشێکی زۆر لەو کێشانە بکات، کە بەرەی کوردستانی بە حوکمی جۆری پێکهاتەی لەو سەردەمەدا پێی جێبەجێ نەدەکرا، بەم جۆرە لە ئەزموونێکی کەم وێنەی دیموکراتیەدا، لەناو ستایشی دۆستانی گەلی کورد و تێڕامانی بەئاگای دوژمنانیدا تێکڕای حزبەکانی بەرەی کوردستانی تێکەڵ پرۆسەی هەڵبژاردن بوون و ئاکامی ئەو پرۆسەیەش لەدایکبوونی دوانەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو. بەڵگەنەویستە کە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم وەکو پێکهاتەیەك بۆ شەرعیەتدان و یەکخستنی بڕیاری سیاسیی کوردی و چەسپاندنی فیدراڵیزم وەکو شێوەی پەیوەندی لەگەڵ عیراقی ئایندەدا بەری ڕەنجی چەند ساڵەی خەباتێکی نەپساوی گەلەکەمان بوو، کە تێیدا هەموو حزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان هەریەکە و بەپێی سەنگ و توانای خۆی ڕۆڵی تێدا بینیووە بەکارترین و تۆکمەترین ڕۆڵێك کە ئەو حزبانە گێرابێتیان لە قەوارەی بەرەی کوردستانیدا گێرابوویان، بەڵام ئاکامەکانی هەڵبژاردن کە هەر دوو پارتە سەرەکییەکە بردیانەوە ئەمانە هەمووی ڕۆڵی (بەرەی کوردستانی)یان خستە پەراوێزەوە خولێکی خامۆشی لە ڕۆڵی پڕ گروتینی بەرەی کوردستانی هێنایە بوون و وێرای هەوڵی دڵسۆزانەی لایەنەکانی ناو بەرەی کوردستانی بۆ سەرلەنوێ

بوژاندنەوەی، بەڵام ئەو ماوە خامۆشە هێشتا هەر درێژەی هەیە. تێڕوانینێك لەو کێشە و گیروگرفتەکانی تائێستا تووشی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم هاتوون، کە هەندێك لەو گیروگرفتانە دەرهاویشتەی چوونییەکی دابەشکردنی دەسەڵاتو هەندێکیشیان دەرەنجامی ڕەوانینی تەسکی حزبایەتییە، ئەوە نیشان دەدەن هاوپەیمانێتییەکی نیشتمانی بۆ پاراستنی دەسکەوتە نەتەوەییەکانمانو برەوپێدانی ئەزموونی دیموکراسی لە کوردستاندا ئەرکێکی نیشتمانی و بەرپرسیارێتی مێژوویی گەورەیە، کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێ. چاکترین قەوارەی هاوپەیمانێتیەکی لەو بابەتە کە ئێستا لەبەردەستدابێ و بوشایی نەبوونی خۆی لە تێکڕای کێشە و گرفتەکانی ئەم دواییەدا سەلماندبێ (بەرەی کوردستانی)یە. بەڵێ بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتانەو پەرەپێدانی، لەوەش گرنگتر بۆ دوورخستنەوەی هەرەشەی لەبەریەك ترازانی ڕیزی بزووتنەوەی کوردایەتی و ئەگەری شەڕێکی ناوخۆی ئاکام نادیار. پێویستە (بەرەی کوردستانی) ببووژێنرێتەوە و لە جاران باشتر بخرێتەگەر، بگرە ئەرکی هەردوو حزبە سەرەکییەکەی کوردستانە بواری بەشدارییەکی فراوانی بەرەی کوردستانی لە ئاڕاستەکردنی چارەنووسی سیاسی کوردستان و بنبڕکردنی کێشەو ناکۆکییەکان بدەن و شەرعیەتێکی دیموکراسی ئەوتۆشیان بدرێتێ، کە ببنە گرووپی گوشار و دەنگێکی ئۆپۆزسیۆنی بنیاتنەر، تاوەکو ئەم کەشتییەی کەناوی کوردستانە بەرەو کەنارێکی هێمن و ئارام ببەین و پێکەوە هەموومان لە یادی دامەزراندنی بەرەی کوردستانیدا بە یەك دەنگ نەفرەت لە دووبەرەکی و شەڕی براکوژی بکەین.

***کوردستانی نوێ، رۆژی: ١٩٩٤/٥/٨**

# هەڵوێستی دڵسۆزانەی دۆستان

جگە لەو پشتگیرییەی پاش کۆڕەو، بپەیتا پەیتا وڵاتان و ناوەندەکانی بڕیاربەدەست لە جیهاندا لە کێشەی کوردیان کردووە، کە ئەوەش بۆخۆی لەلایەك ڕەنگدانەوەی بەرەوپێشچوونی سیاسیانەی کێشەکەیە و لەلایەکی دیکەشەوە ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکانی دوای سەردەمی جووتجەمسەری و سەرەتای دونیای سەرەوەربوونی دروشمەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسیە و ئەو گۆڕانکارییانەش چ بە هۆی هاوکێشە نێودەوڵەتەییەکە و چ بە هۆی ئەو دروشمانەی سەرەوەی لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا تەبایە. هەروەها جگە لەو پشتگیرییە کە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا تا هاتووە ڕوونتر و ئاشکراتر بووە و لە بواری بەخشینی دڵنیایی بە سەرکەوتنی ئەزموونە دیموکراتییەکەمان ڕۆژ بە دوای ڕۆژیش دۆستەکانی کورد لە دەرەوە ئەو پشتگیرییان بە ڕەنگ و دەنگی جیاجیا دووپات کردۆتەوە. هەرواش بە هۆی ئەو دڵنیابوونەیان لە سەرکەوتنی ئێمە و بە هەوڵ و کۆششەکانی دیبلۆماسیەتی کوردی لە دروستکردنی ڕایەڵی پەیوەندیی دروستو بەکەڵك لەگەڵ دەرەوەدا تا هاتووە ئەو پشتگیرییە گۆڕانی چۆنایەتی بەخۆوە بینیوە، واپێدەچێ کە کێشەی کورد لە ئاستی مامەڵەکردنێکی ئینسانی بچێتە دەرەوە و مانایەکی سیاسیانەی پێ ببەخشرێ، بەتایبەت کە پێش ئەم شەڕە ناوخۆییەی کوردستان قسەوباس لەسەر قەوارەیەکی کوردی بۆ کوردستانی عیراق دەکرا. جگە لەو پشتیگرییانەی سەرەوە کە کورد بە درێژایی ئەو ماوەیە هەستی پێ دەکرد و هەر بەوپێیەش لە هەوڵی دارشتنێکی ئیجابیانەی ئایندەی سیاسی خۆی بوو لە ژێر باڵی ئەو پشتگیرییە نێودەوڵەتییەدا، جگە لەوەش ڕەنگە ئەو پەرۆشیەی کە دۆستەکانمان بۆ دۆخی نائارامی کوردستانی سەردەمی شەڕی ناوخۆ نواندنیان بۆخۆی وێڕای هەموو

ناخۆشی و مەرگەساتەکانی ئەو شەڕە گەورەترین گەواهیو نیشانە بێت، کە ئیدی تازە کێشەی کورد لەو قاوغە تەسکەی جارانی دەرچووە، کە کێشەیەکی ناوخۆی لەبیرکراو بێت و داگیرکەران هەرچۆنێکی بیانەوێ ئاوەهای سەرکوت بکەن، بەڵکو ئێستا سەرخستنی ئەزموونی دیموکراتیمان وەکو گوزارشتێکی ئیجابیانە لە پێشکەوتنی کێشەی کورد سەرباری ئەوەی بە ئەرکی کورد خۆی دەزانرێ، هەرواش بەنیسبەت ئەو ناوەندە و وڵاتانەی پشتگیری لێ دەکەن گرنگە گەشە بکا و دەسکەوتی باشتر وەدەست بێنێ، چونکە ئەوان گرەوەیان لەسەر پڕ توانایی ئێمە لەخۆ بەڕێوەبردن و چێکردنی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیك کردووە. پێویست بەوەبیرهێنانەوە ناکات، کە کورد بە درێژایی خەباتی چەندین ساڵەی بە قوربانی دۆخە بابەتییەکە کراوەوە، هەمیشەش فاکتەری دەرەکی بە دژ لە بەرژەوەندییەکانی ئەو ئیشی کردوە و بەپێچەوانەوەی ئێستا کە پێدەچێ دۆستەکانمان لە ئێمە پەرۆشتربن، خوێندنەوەیان بۆ دۆخەکە دوورنماتر بێت و لە ئاستی هەنووکەیی ئەمرۆش واوەتر بچێت. بۆیە وێڕای ئەم شەڕە خوێناوییەی هێشتا ئومێدیان بە کورد ماوە، هەروەکو هەڤاڵ (مام جەلال)یش لە سەرەتای گەرانەوەی بۆ کوردستان لە دیدارێکدا لەگەڵ دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی ی.ن.ك-دا ئاماژەی بۆکرد، کە دۆستەکانمان لە دەرەوە نیگەرانن، بەڵام هێشتاش بواری چاکردنی ئەزموونەکەمان بەدەستەوەیە. لە ڕاستیشدا لەو نامانەی دۆستانی کورد لە ماوەی شەڕی ناوخۆدا ئاڕاستەی سەرکردە و کاربەدەستانی کوردستانیان کردووە و بەپرۆشییەوە تەئکید لەسەر پێویستی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکان کراوەتەوە، تاوەکو ئەو پشتگیرییەی ئێستا لە کورد دەکرێ هەر بەردەوام بێ، بەهەمان شێوەش لە سەردانی وەفدو کەسایەتییە دۆستەکانی کوردیش ئەو ڕاسپاردە و پێشنیارانەی کە خاتوو میتران و ئینجاش گەڵاڵەی رێکەوتنی پاریس و سەردانی ئەم دواییەی وەفدی پەرلەمانی بەریتانیا تێکڕای ئەو ڕاسپاردە و پێشنیارانە تەئکیدیان لەسەر ئەوە دەکردەوە، زاڵبوونی کورد بەسەر تەنگوچەڵەمە ناوخۆییەکانی و پەنابردنە بەر حیوار و دانوستان بۆ پاراستنی ئەم ئەزموونە دیموکراسییە دڵی ئەو دۆستانە خۆشتر دەکات، چونکە هەروەکو لە ناوەڕۆکی ئەو نامەیەی بە ناوی ئەنجومەنی لۆرداتی بەریتانیەوە لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی ئەو وەفدە بەریتانییە ماوەیەك بەر

له ئێستا هاتبووه کوردستان بۆ سەرکردایەتی کورد نێردراوە، ئاماژەی بۆ کراوە کە (ژێرکەوتنی ئەو ئەزموونە کاریگەریی خراپی دەبێ بەسەر گەشەکردنی دیموکراسی و دادپەروەری لە تێکرای ناوچەکە و سەرکەوتنیشی هەروەکو بەڕێز بارونە کوکس ئەندامی ئەو وەفدە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا تەئکیدی لەسەر کردەوە، نەك هەر بۆ کوردو عیراق، بەڵکو بۆ سەر ئایندەی دیموکراسی لە ناوچەکەدا گرنگیی خۆی هەیە. لەم دواییشدا لەمیانی کۆبوونەوە نائاسابیەکانی پەرلەمان بۆ ئاسایکردنەوەی دۆخی کوردستان بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعود باسی ئەو نامەیان کرد کە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ سەرکردایەتی هەردوو حزب نێردراوە و تێدا بەتەنگەوەهاتنی حکومەتی ئەمریکا لەمەڕ دۆخی شەڕی ناوخۆی نیشان دراوەو وەکو وەبیرهێنانەوەی رووبەرووبوونەوەی سەرەکی کورد لەگەڵ ڕژێمی بەغدادا ئاماژەیان بەوە کردووە دەبوایە ئەو تێچوون و ماندووبوونە لە بوارێکی دیکەدا بخرابایە گەڕ. ئەو پرۆژەیەش بۆ خۆی سەرلەنوێ کورد دەخاتە بەردەم بەرپرسیاریتیەك هەرگیز پاساودانی بۆ نییە، ئەویش ئەوەیە دەبێ هەرچی زووترە سەرکردایەتی کورد و هەردوو حزبی دەسەلاتدار لەئاست وەڵامدانەوەی ئەو دۆخە مەوزعییە بن، کە بە چەندین هێما و ئاماژەکردنی جیاواز گوزارشت لە دووڕیانی چارەنووسازی کورد دەکەن، یان لەدەستدانی دەسکەوتە بەدیهاتووەکان، کە ئەمەش هەرگیز مێژوو پاکانەی بۆ ناکات و یان قۆستنەوەی ئەو هەلومەرجە بابەتییەو گەشەپێدانی دیموکراسییە لە کوردستاندا. واش پێدەچێت کۆبوونەوە نائاساییەکانی ئەم دواییە بەئامادەبوونی هەردوو سەرکردەی بەڕێز ئینجا پێکەوە کارکردنی حکومەتو پەرلەمان و پێداگرتنیان لەسەر کۆنترۆڵکردنی دۆخەکەو هەوڵدانیان بۆ تەبیعی سەرتاسەری و بەیەکجارەکی بنەبڕکردنی شەڕی ناوخۆ وەڵامدانەوەیەکی شێلگیرانەو بەتەنگەوەهاتنێکی گونجاوبێ بۆ ئەو هەلومەرجە بابەتییەی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کوردی کردووە بە خاوەنی ئەو هەموو دۆستە و هەرواش ڕێخۆشکەر بۆ بەتەواوی مۆرکردنی گەلالەکەی پاریس.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ١٩٩٤/٨/٢٩

# با یەکخستنی ڕیزەکانمان جوغزە تەقلیدییەکان بترازنێت

لە ئەزموونی دوا (١٠) ساڵی خەباتی گەلی کورد ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە باڵە جیاجیاکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان زیاتر لە هەر سەردەمێکی تر لە کاتی تەنگژە و بوونی مەترسییە دەرەکییەکاندا ڕیزەکانی خۆیان یەکخستووەو هەر چۆنێك بێ لاپەرەی ململانێ و بەرژەوەندییە لاوەکییەکانیان پێچەوانەوە و بە ڕۆحیەتی ڕووبەڕووبووەنەوەی ئەو مەترسییە دەرەکییە هەموو تواناکانیان بۆ تێیەڕاندنی باری قەیراناوی خەباتی گەلی کورد لە ساتەوەختێکی دیاریکراوادا تەرخان کردووە. ڕەنگە لەم بوارەدا کۆبوونەوەی حزب و هێزە کوردستانییەکان لە یەك بەرەی ڕاگەیاندراودا باشترین گەواهی ئەم قسەیەمان بێ. زەمین و زەمانی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی لە سەروەختێکدا بوو، کە حزب و ڕێکخراوەکانی گۆرەپانی شاخ تازە لە شەڕێکی تاقەتپروکێن دەهاتنەدەر، کە ئەو شەڕەش جگە لەوەی هێز و توانستی ئەو لایانەنەی پەرەوازە کردبوو، لە هەمان کاتدا بەشێکی بەرینی خەڵکی کوردستانیش لە ئایندەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕەشبین و بێئومێد کردبوو، هاوکات لەگەڵ ئەمانە هەمووی ڕژێمی داگیرکەر و هێزە ئیقلیمییەکانیش بەشی خۆیان لەو پەرتەوازییە هەبووە و ئینجا لە ئاکامە خراپەکانیشی بەهرەمەند بوون، خودی ڕژێمی بەعس ماوەیەك بەر لە ئاشتبوونەوەی گشتی لە شاخ و هاتنەکایەی بەرەی کوردستانی نەك هەر کێرڤی هەڵمەتە شۆڤێنییەکانی خۆی بەرزترکردبووەوە، بەڵکو ئەو هەڵمەتەشی گەیاندبووە قۆناغێکی چۆنایەتی کە ئەو وەختە وردە وردە نیازە گڵاوەکانی جینۆسایدی کورد سەرەتاتکێیان دەکرد و دواتریش ئەو قۆناغە چۆنایەتییە لە ئەنفالە بەدناوەکان و کیمیابارانی کوردستاندا بەرجەستەکرا. لەو دۆخەدا بوو کە بەرەی کوردستانی وەکو

وەڵامدانەوەیەکی ژیاری بۆ هەرەشەکانی بەعسی داگیرکەر پێکهات و دەکرێ بە یەکەمین هەوڵی یەك دەنگ و یەك ڕەنگ کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەم سەردەمەدا لەقەڵەم بدرێت. ئەگەرچی ئەو یەکخستنەی هێزەکانی کوردایەتی وەکو میکانیزمێکی تازەی خەبات لە ڕووی سەربازییەوە نەیتوانی بەر بە شاڵاوی دڕندانەی بەعس بگرێ و شکستی دوای ئەنفال بەسەردا هات، بەڵام کاریگەری و هەڵسوراوی ئەو یەکخستنە لە سەردەمی ڕاپەرینی ئازاری ١٩٩١ بە ڕوونی هەستی پێ کرا و دواتریش ڕەوتی ڕووداوەکانی دوای ڕاپەرینیش زیاتر لە جاران دروستی یەکێتیی ریزەکانی گەلو هێزە نیشتمانپەروەرەکانی سەلماندووە و ئەو یەکگرتنەش گەیشتە قۆناغی پێشکەوتووتری هاتنەکایەی شەرعیەتی قانوونی پەرلەمان و حکومەت و خەڵکی کوردستانیش ئاوات و خواستی گەورەیان بەو دوو دەزگا هەڵبژێردراوە سپارد. وێرای زەرورەتی دابینکردنی ژیانی خۆشگوزەرانی تا ئەو ئاستەی لەتوانادایە. هەرواش بەئومێدبوون ئەو دوو دەزگایەی گوزارشتی لە شەرعیەتی دەستووری و نەمانی زەمەنی میلیشیات و پاشاگەردانی دەکرد بتوانێ خیتابی سیاسی کورد لە یەك ئۆرگانی مۆدێرندا یەکبخا و ئەو یەکخستنە بۆ ئاستەکانی خوارەوەش شۆڕ بکرێتەوە، تاوەکو سایکۆلۆژیەتی ڕەتکردنەوەی پەرتەوازەیی بە تەنیا لە نیاز و دەروونی حزب و خەڵیکدا قەتیس نەبێ و لە دەزگا شەرعییەکانی حکومەت و پەرلەماندا بەرجەستە ببن و کۆمەڵی کوردستانی لە قۆناغی یەکگرتنی ڕیزەکانی لەپێناوی بەرەنگاربوونەوەی مەترسیی دوژمنان، کە ئەوە کاردانەوەیەکی سەلبییە بگوازێتەوە بۆ قۆناغی یەکگرتن لەپێناوی پێشڤەچوونی خەباتی گەلی کورد کە ئەوە فیعلێکی ئیجابییە و هەر ئەوەش شایستەی بزووتنەوەیەکی پڕ قوربانیدانی وەکو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردە. ڕێرەوی ڕووداوەکانی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی کە لە کوردستان و ناوچەکە و جیهانیش سەرنجی کۆششەکانی پووچەڵکردنەوەی قەیرانە ساختەکارەکەی ڕژێم دەدەن. ڕێرەوی ئەو ڕووداوانە، کە هەڵبەتە کاردانەوەی لەسەر کوردستانیش دەبێ، جارێکی تریش ئەو نەریتە کوردییەی زیندووکردەوە، کە ئێمە دیسانەوە خواستی رووبەڕووبوونەوەی مەترسییە دەرەکییەکان یەکمانی خستەوە. ئەوەتا پاش شەڕێکی ناوخۆی چەند مانگە لە کوردستاندا، کە بە هەوڵ و کۆششی دۆستانی گەلەکەمان

لە دەرەوە و بەسەرکەوتنی ئیرادەی ئاشتیخوازی و بەهاتنە ناوەوەیەکی فیعلی هەردوو سەرکردە لە پرۆسەی ئاسایی کردنەوەدا، هەر چۆنێك بوو توانرا ڕابگیرێ. ئەوەتا پاش ئەو شەڕەی ئێمەی لە دوژمنی سەرەکی و پیلانە ئیقلمییەکان غافڵ کردبوو، وا جارێکی تریش هەڕەشە و ئەگەری سەرچڵییەکی دیکەی ڕژێم ئێمەی بەئاگا هێنایەوە کێ دوژمنمانە و هەقە لوولەی تفەنگەکانمانی ئاراستە بکەین، لەم ماوەیەدا پەرۆشی خەڵکی کوردستان بۆ هەواڵی سەرلەنوێ سەرزەنشتکردنی ڕژێم لەلایەن هاوپەیمانانەوە پرسیارکردن لەکەرەستەکانی بەرەگاربوونەوەی هەر پەلاماردانێکی دیکەی رژێم بۆ سەر کوردستان و تەنانەت مانشێت و نووسینەکانی ڕۆژنامەکانیش هەر هەموویان گوزارشتیان لە حاڵەتی بێداربوونەوەیەکی ئیجابیانە دەکرد.

دۆخی هەنووکەیی کوردستان ئایندەی ئەزموونی دیموکراتیمان وا دەخوازێ کۆبوونەوەی فراوانی رۆژی ١٩٩٤/١٠/٩، کە بۆ پێشگرتن لە ئەگەری هەر هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی ڕژێم دژی کوردستانی ئازادکراو تەرخان کرابوو، بکرێتە سەرمەشقی هەر کۆبوونەوەیەکی دیکەی پەرلەمان و حکومەت، لەوەش زیاتر تەئیکد لەسەر ئەوە بکرێتەوە، کە هێشتا دوژمنی سەرەکیمان گیانی بە بەرەوە ماوە و سوپا شەڕانگێزەکەشی مەودایەکی کەم لە ئێمە دوورە، بۆیە پێویستە ئیدی هەنگاوەکانی پرۆسەی ئاساییکردنەوەی نێوان هێزە کوردستانییەکان بە پەلەتر بچێتە پێش و توانای ئەو هێزانەش وا بخرێنەگەڕ، کە نەك هەر هەڵوێستێکی دیفاعی لە بەردەم هەرەشەکانی ڕژێم وەربگرن. بەڵکو لەم پێناوەشدا لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عیراق ئامادەباشی بۆ قۆستنەوەی هەر گورز وەشاندێکی دیکەی هاوپەیمانان لە ڕژێم بنوێنن.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ١٩٩٤/١٠/١٢

# بەئیتلافکردنی
# کابینەی سێیەم و چەند سەرنجێک

لەگەمەی سیاسی و ململانێ لەسەر دەسەڵات و دەستهێنانی دەسکەوتی سیاسی لە هەر وڵاتێك و لە هەر زەمەنێکدا هەریەك لە پێگە و شوێنەکانی پانتایی گەمە و ململانێ سیاسییەکە خاسیەت و کەڵکی خۆی لە بەرەوپێشەوەبردن و ئاڕاستەکردنی ململانێکەدا هەیە. لە وڵاتێکی ئارام و جێگیردا، وەختێك کە پرۆسەی دیموکراسی میکانزمێکی هێمن و بەشێنەیی بۆ هەڵسورای گەمەی حزب و لایەنەکان دەسازێنێ، لەو وڵاتەدا پێگەی دەسەڵات و پێگەی ئۆپۆزسیۆن لە بەرامبەر دەسەڵات و ناوەندەکانی پشتگیری لە حکومەت، یان ناوەندەکانی گوشاری ئیجابیانە لەسەر حکومەت، ئەمانە هەموویان پێکەوە بەو شۆێنەی کە لێی بەهەرەمەندن زنجیرەیەکی لەسەر یەك پێکدێنن و خولێکی ماوە دیاریکراوی سیاسی بە جموجۆڵ و بزواتنەکانی خۆیان دەنەخشێنن. ئەو هەلومەرج و دۆخە سیاسیانەی وا لە هێزێك یان حزبێکی سیاسی دەکا کە لە پێگەی دەسەڵات، یان لە پێگەی ئۆپۆزسیۆن بن، لە پەراوێزی گەمەی سیاسیدا هەڵسوکەوت بکات. ئەو هەلومەرجە هەرچۆنێك بێ و ئاکامی هەر دەرکەوتنێکی سیاسی بێ هیچ لەو پەند و عیبرەتە ناگۆڕێ کە نموونەییترین وڵات لە بواری ئەزموونی سیاسیدا ئەو وڵاتەیە کە لە هەناویدا ململانێی سیاسی بە میکانزیمێکی دیموکراتی ئەوتۆ خراوەتە گەڕ، کە هەموو پێگە و شوێنەکانی گەمە سیاسییەکە بە کەناڵی جیاجیای خۆیانەوە لە دوا چارەنووسسیاندا لە وێستگەی باشتر خزمەتکردنی میللەت و هاوسەنگی ڕاگرتن لەنێوان ئەرك و مافەکاندا یەك بگرنەوە، یان بە واتایەکی تر ئەو پێگە و شوێنانە گەمەی سیاسی لە ئیجابیاتەکانی حکومرانێتیو ئیجابیاتەکانی پێگەی ئۆپۆزسیۆن یان بوون لە دەرەوەی پێگەی

حکومرانێتی بەهرەمەند بکەن و هەموو توخمەکانی ململانێکە لە خزمەت ئەودا بن. ئیجابیاتەکانی پێگەی دەسەڵات لەوەدایە، کە ئەو حزب و لایەنە سیاسییەی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە دەرفەتێکی باشی بۆ دەرەخسێ، تاوەکو بەرنامە و ئاواتەکانی خۆی جێبەجێ بکا، هەرواش دروستی و نادروستی بۆچوونەکانی خۆی لەمەحەك بدا، بۆ ئەوەی ئەگەر ئەو بۆچوونانە چاك و دروست بن پەرەیان پێ بدا، ئەگەریش پێچەوانەیە ئەوا بەخۆداچوونەوە و سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوەی خود دەبێتە ئەرکێکی هەنووکەیی لە دەسپێکی تێهەڵچوونەوەیەکی نوێدا، بە ئەندازەی ئەوەش ڕەخنەیەکی سەرتاسەری کە حزب و لایەنە سیاسییەکان لە پێگەی ئۆپۆزسیۆنەوە بەرامبەر بە حزب و لایەنی دەسەڵات مومارەسەی دەکەن باشترین خاڵە ئیجابییەکانی ئۆپۆزسیۆنە. خۆ ئەگەر لە وڵاتێکی جێگیر و ئارامی وەکو ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد پێگەی دەسەڵات و پێگەی ئۆپۆزسیۆن پێکەوە یەکەمیان بە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی و خزمەتکردنی و ئەوی تریشیان بە ڕەخنەی بنیاتنەرانە سوود بەگەمەی سیاسی بگەیەنن و هاوکاتیش لەگەڵ ئەوەدا بە هەڵبژاردن و ئاڵوێرپێکردنی دەسەڵات جێگۆڕکێ لە پێگەکانی خۆیاندا بکەن و هەریەکە لە مەوقیعێکی تازەوە خۆی لەمەحەك بدات، ئەوا دۆخێکی سیاسی ئەوتۆی لێ دەکەوێتەوە کە لەو وڵاتەدا قەیران و تەنگژەی سیاسی ببێتە دیاردەیەکی نەشازو لە حاڵی هەڵایساندا هەمووان پێکەوە وەکو ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و لە هاوپەیمانیتیەکی نیشتمانیدا خەم لە چارەسەرکردنی بخۆن.

دەتوانرێ سیما و ئەدگاری هەموو ئەو بۆچوونانەی سەرەوە لە ئەزموونی دیموکراتی کوردستانیشدا دەستنیشان بکرێت. ئەو دۆخە خودی و بابەتیەی لە هەڵبژاردنەکانی مایسی ١٩٩٢ یەکێتی و پارتی چوونییەك کرد لە دەسەڵاتدا، وێرای ئەوەی تاماوەیەکی باش ڕۆڵی لە یەکخستنی هەڵوێست و پاراستنی دەسکەوتەکاندا گێڕابوو، بەڵام دواتر بە بەردەوامبوون و کەڵەکەبوونی حاڵەتە سەلبیەکان ئەوەی بەدواوە بوو، کە کوردستان تووشی ئیفلیجبوونێکی ئیداری و ئینجاش لە شەڕێکی ناوخۆی تاقەت پروکێندا تووشی تەنگژەیەکی سیاسیش بێو درەنگ یان زوو هەر دەبوایە هەڵوێستەیەك لەئاست ئەم تەنگژەیاندا بکرێ و

گۆڕانێك لەناوەوەڕا بەدی بهێنرێ.

ئومێدێك کە لە ڕێکەوتنی هاوپەیمانێتی ڕۆژی ١١/٢١ بەدی بکرێ ئەوەیە، کە ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی خاڵی لاوازی پەنجا بە پەنجا کراوە و بانگەشە بۆ حکومەتێکی ئیئتلافی دەکات. لە هەرێمی کوردستاندا هاوکێشە سیاسییەکە یەکێتی و پارتی لە پێگەی دەسەڵاتدا دانابوو و حزب و لایەنەکانی تریش چونکە لە دەرەوەی دەسەڵات بوون و لەهەمان کاتیشدا لەناو پێکهاتەی بەرەی کوردستانیدا ڕۆڵی خۆیان لە خەباتی سیاسی و بەدیهێنانی ئەو دەسکەوتانەی حکومەت و پەرلەمانی لێ کەوتەوە هەبووە، هەرواش لە دەستپێکی نیشتمانیو نەتەوەییەوە پێکهاتەی حکومەت و پەرلەمانیان بە دوو دەزگای شایستە بە پارێزگاری لێ کردن دانا بوو، ئەوانە لە دەرەوەی پێگەی دەسەڵات واتا لە پێگەی ئۆپۆزسێنیکی دیموکراتیەوە لە ماوەی ڕابردوودا، ماوەی کابینەی یەکەم و دووەم، ئەوەندەی لەتوانادا بێ هەوڵیان دابوو کە ئەرکی شارستانی خۆیان لە ڕەخنەی بیناتنەرانەو ئاڕاستەکردنی حکومەت و پەرلەمان بگێڕن، ئەگەر کێماییەکیش لەم ئەرکەدا بەدی بکرێ، ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ کەم ئەزموونی لە بواری دیموکراتیداو ئەم کەم ئەزموونیەش هەموومان دەگرێتەوە. ئینجا ڕووداوەکانی شەڕی ناوخۆ ناوەندی گوشاری جەماوەریشی لە ڕێگەی کۆمیتە ئاشتیخوازەکانەوە پێ ناساندین، ئەگەرچی ئەو ناوەندە و کۆمیتە ئاشتیخوازانە نەیان توانی ئاگری شەڕەکە لە ئانوساتی خۆیدا بکوژێننەوە، بەڵام دەرکەوتنیان لەو تەنگژە سیاسییەی وەختی شەڕی ناوخۆ ئومێدی ئەوەمان پێ دەبەخشێ، کە ئیدی هەرچۆنێك بێ و وێڕای سەلبیاتەکان لە ئەزموونی دیموکراتی کوردستانیشدا توخمەکانی گەمەی دیموکراسی (دەسەڵاتێکی دیموکراسی و ئۆپۆزسیۆنێکی ئیجابانە و ناوەندێکی گوشاری جەماوەری، کە دەیەوێ لە دەرەوەی ململانێی حزبایەتی و بەهەر چەشنێك بێ پەرلەمان و حکومەت وەکو دوو دەزگای نەتەوەیی بپارێزێ)، لە دەرکەوتندان. ئێستا لە دوا شیکردنەوەدا بەرفراوانکردنی پێگەی حکومەت و بە ئیئتلافکردنی کابینەی سێیەم ئەزموونێکی چڕوپڕی دیکەمان بۆ دابین دەکات و دەشێ ئەو ئەزموونە لە دوو خاڵدا دیاری بکەین:

ئەو لایەن و حزبانەی پێشتر لە دەرەوەی دەسەڵات بوون دەتوانن بەرنامەکانو

بۆچوونەکانی خۆیان لەمەحەك بدەن، بە تاقیکردنەوە ببینن کە گرفتەکانی دەسەلآت بەڕێوەبردن چین؟ بۆچی تائێستا یەکێتی و پارتی باشیان چارەسەر نەکردووە؟ ئەمە دەسکەوتێکی چاك و پڕ سوودە، نەك هەر بۆ ئەوان، بەڵکو بۆ تێکڕای ئەزمونوەکەشمان. ئەرکی هەموولایەکە کە لە تەنگژە سیاسییەکاندا بە هاوپەیمانێتیەکی نیشتمانیدا کۆببنەوە. لەم قۆناغەدا دۆخەکە وادەخوازێ کە ئەرکی قورسی چارەسەرکردنی بارە شڵەژاوەکە بە هەموان ئەنجامبدرێ، چونکە ئەگەر قۆناغەکە دژواربێ، ئەوا خۆسازدانێکی گەورەی دەوێ و هەموولایەکیش شەرەفی ئەو ئەرکە نیشتمانیەیان پێ بسپێردرێ. ئەمە جگە لەوەی بوونی ئەو حزب و لایەنانە لە حکومەتی ئیئتلافیدا بوارەکانی (ئیحتکاك) لەنێوان یەکێتی و پارتی کەم دەکاتەوە، ئەوەش پێویستییەکی گرنگە بۆ خاوترکردنەوەی گرژییەکان.

مایەوە ئەوەش بڵێین، کە لە هەڵبژاردنی داهاتووی کوردستاندا و بە بەشدارییەکی چالاکتری هەبوو لایەنەکان دەکرێ گەمەی سیاسی و ململانێی دیموکراسی بەئالۆڕێپێکردنی دەسەلآتیش دەوڵەمەندتر بکرێ، بەلآم وەدیهاتنی ئەم دەربڕینانەی سەرەوە بەندن بەوەی هەریەك لە لایەنەکانی هاوکێشەکە ڕۆڵی خۆیان ببینن، ئەمەش داهاتووی جۆری مامەڵەکردنی هەردوو حزبی گەورە و لایەنەکانی ناو کابینەی سێیەم لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ دۆخە نالەبارەکەدا دیاری دەکات.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ١٩٩٤/١١/٣٠

# دوای (٩)ساڵ لە کۆڕەو

* مانگی ئاداری ١٩٩١، کە لە مێژووی کورددا مانگی یاد و بیرەوەرییە خۆش و ناخۆشەکانی کوردە، هەروەك مانگی ڕووداوە گەرموگوڕەکانی ڕاپەڕینیش بوو، لە کۆتایی ڕۆژ و سەرەتای نیساندا بەکۆڕەوە ملیۆنییەکەی کورد قفڵ درا.

کۆڕەو داد و بێدادی میللەتێکی تەنیا بوو، کە راپەڕینە گەورەکەی لە بەرامبەر هێزی نابەرامبەری دوژمن و خۆکێشانەوەی کۆمەڵی نێودەوڵەتی لە ئەرك و بەرپرسیارێتی، تووشی شکستێکی کاتی هات. بۆیە بە ناچاری ڕەوی بەکۆمەڵو ئاوارەیی هەڵبژارد.

لە ساتەوەختێکی مێژوودا گەلی کورد لەنێوان چارەنووسی دیاری گەڕانەوە بۆ ژێر باڵی دیکتاتۆری لەلایەك و سەرهەڵگرتن بەرەو چارەنووسێکی نادیار لەلایەکی ترەوە، ئی دووەمی هەڵبژارد کە ئەرگەچی نادیار و پەنهان بوو، بەڵام لەگەڵ چارەنووسی تاقیکراوەی سەرکوتکردندا هەر بەراورد نەدەکرا.

کۆڕەو بەرپەرچدانەوەیەکی میللی خۆڕسکانە بوو بەرامبەر بە داگیرکەرێك، کە لە یادەوەریی ئێمەدا تۆمارێکی دوورودرێژی هەیە لە قڕکردن و جینۆساید. تازە ڕاپەڕین قەوما بوو، خەڵك ڕژابوونە سەرجادە و هەموو شتێك دەیگوت: (بڕۆخێ سەرکوتکردنو بژی ئازادی). تازە قوربانی و جەلاد لێك ئاشکرابوون و چیتر پێکەوە هەڵیان نەدەکرد.

قوربانی هەناسەیەکی ئازادی هەڵمژی و تامی سەرفرازی کردبوو، بۆیە ئامادەنەبوو جارێکی تر بچێتەوە قەفەسی زیندان. جەللادیش تازە بە تازە بۆی دەردەکەوت، کە قوربانییەکەی سەرەڕای کوشتوبڕ، هێشتا کەڵکەڵەی ئازادی و سەرفرازی لە مێشکە. هێشتا ئارەزووی ژیان و داهاتوویەکی گەشترە. بۆیە هەر دەبوایە یەکێکیان بڕۆن.

ئەوە کورد بوو، کە ڕۆیی و ڕۆیشتنەکەشی (نا)یەکی ناڕاستەوخۆ و ڕاپرسییەکی خۆڕسکانەی گەورە بوو لە دژی دیکتاتۆری، هەروەك چۆن ڕاپەڕینەکەمان (نا) یەکی ڕاستەوخۆ بوو لە بەرامبەر سەرکوتکردن و دەمکوتکردن.

کۆڕەو بەجێهێشتنی نیشتمانێکی داگیرکراو بوو لەپێناو گەڕانەوەیەکی چاکترو سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پەیوەندیی نێوان میللەتێکی سەرکوتکراو و ناوەندێکی دەسەڵاتدار، کە تا ئەمڕۆش هیچ بە کورد ڕەوانابینێ. کۆڕەو هەروا بڕینی سنوورە دەستکردەکان بوو، کە بە ناوی پیرۆزیی سیادەی دەوڵەتەوە تا ئەو کاتەو تا پێش دەرچوونی بڕیاری (٦٨٨) شەرعییەتی دەدا بە سەرکوتکردن و لەناوبردنی گەلانی زوڵملێکراو و ژێردەستە.

تا کۆڕەوە تراژیدییەکەی کورد، کۆمەڵی نێودەوڵەتی سڵی لەوە دەکردەوە سنوورە ڕەسمییەکان ببڕێ و پێڕەوی لە خواستی دەستێوەردانی مرۆییانە بکات لە کاروباری ناوخۆیی ئەو دەوڵەتانەی حکومەتەکانیان نابەرپرسانە ڕەفتار لەگەڵ هاووڵاتیان دەکەن.

کۆمەڵی نێودەوڵەتی سنوورەکانی نەبڕی و نەهات بە هانای کوردەوە لە هەڵەبجەو ئەنفالدا، بۆیە کورد خۆی سنوورەکانی بڕی و بە هەموو دونیای گووت ئەمە ئەو ئازارانەیە کە ئێوە فەرامۆشتان کردووە، ئەو هاوارانەیە کە ئێوە گوێتان لێی نییە و بە بیانووی پیرۆزیی سنوورەوە بەهانایەوە نایەن!.

لە مێژوودا زۆر گوتراوە، کە میللەتی بێ نیشتمان هەس، بەڵام لە کۆڕەودا نیشتمانێکی بێ میللەت بە تەنیا مایەوە. تا میللەت و دونیا هاتنە دەنگ و هەلومەرجەکان و درێژەی ڕاپەڕینەکان هەرێمێکی ئازادیان کردە دیاری بۆ کورد.

دەرسی کۆڕەو یەکگرتنی کورد بوو، هەروا ئەوەش بوو کە کورد لە مەینەتیو ڕەودا یەك حیسابیان بۆ دەکرێ و قەدەریان هەر ئەوەیە کە کورد بن.

سەرەڕای تێپەڕبوونی (٩) ساڵ بەسەر کۆڕەودا، کەچی هێشتا ئەو هۆکارانە بنەبڕ نەبوون، کە کۆچیان بە کورد کرد. ئەگەرچی کورد خواستی ئازادیی خۆیو داخوازی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا لە فۆرمی فیدڕالیدا ڕاگەیاندووە، بەڵام هێشتا بەغدا بەغداکەی جارانە کە دیکتاتۆری حوکمی دەکات.

سەرەنجام کۆڕەو فەسڵێکی تایبەت بوو لە ململانێی نێوان ئازادیو دیکتاتۆری، شێوازێکی نوێ بوو لە خەباتی ڕەتکردنەوەی سەرکوتکردن و ئیستبداد و.. خەبات بە شێوازەکانی تر هەروا درێژەی هەیە.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠٠٠/٤/١

# ئیرادەی مامەڕیشە هەر ماوە

یادی مامەڕیشە، یادی ڕۆژگارە ڕۆمانسییەکانی خەباتی گەلی کوردە، یادی دەستپێڕاگەیشتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە بە هەموو کوردستان، هی ئەو ڕۆژانەی نەهێڵی (٣٦) و نە ماددەی (١٤٠) و نەشارچێتی و گەڕەکچێتی هەبوو.

پێشتمەرگە ناوی بەخۆیەوە بوو، پێش مەرگ دەکەوت و لە دەرگای نەبەردی و بەرەنگاریی دەدا، پێشمەرگایەتیش بۆ کوردستان بوو، بۆ هەموو کودستان نەك بۆ سنووری شارەوانییەك، یان بۆ بەهەرێمکرنی کەرکوك و شتی سەیر و سەمەرەی تر.

لە هەر کوێیەك زوڵم لە کوردێك دەکرا، مامەڕیشە ڕێك لەوێ بوو، لەکوێ بەعس کوردی گیرۆدە کردبا، گورزی مامەڕیشە هاوکێشەکانی ڕاست دەکردەوە.

یادی مامەڕیشە یادێکە بۆ جۆشدانەوە و سەرفرازی، جۆشدانەوە بۆ حزبێك لە ڕێڕەوی خەباتی خۆیدا خوێندنگەیەك بوو بۆ دروستکردنی دەیان ڕەمزی شۆڕشگێڕی و شەهادەت و ئەم ڕێڕەوەش هەروا ئاوەدانە، سەرفرازیش بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە پێشمەرگەو فەرماندەی دلێر و ئازادی وەك مامەڕیشە یەکێتی بوو، بۆ (نیشتمان)و بۆ کوردستان بوو، بەڵام هەر پشکی شێری ڕووناکی مامەڕیشە بەر ئەوان و بەر سەروەرییەکانی پێشمەرگە دەکەوێت، خۆشبەختە ئەو هێزە پۆڵاینەی مامەڕیشە و دەیان فەرماندە و گیانفیدای دلێری لەخۆگرتبوو.

یادی مامەڕیشە یادێکی ڕۆمانسییە کە بۆ زەمەنی سەرفرازی و سەرکەوتنی کوردیش دەست دەدات، بۆ ئەم زمەنەش ئیلهامبەخشە کە زەمەنی حوکمداری کوردو ئەزموونی دیموکراسییە، چونکە ئەوە چەك و گورزی مامەڕیشە نییە کە مامەڕیشەی دروست کرد، ئەوە ئیرادەی مامەڕیشە و ئیرادەی دەستەجەمعیی

حزبەکەی مامەڕیشەیە کە دەیان نەبەردی دژی ڕژێمی بەعس تۆمارکردووە، ئیرادەیەکە بۆ هەموو زەمەنەکان ئیلهامبەخشە و ڕۆژێك لە شێوەی نەبەردی پارتیزانی و ڕۆژێکی تر لە نەبەردی بنیاتنانەوەی وڵات و ئاوەدانکردنەوەیدا و جارێکی دیکەش لە نەبەردی دیموکراسی و گیانی ئازادیخوازیدا خۆی بەرجەستە دەکاتەوە.

کەوابێت دەشێت و ڕەوایە لە یادی مامەڕیشەدا بڵێین، هەموو زەمەنەکان بە زەمەنی واقیعی ئەمڕۆشمانەوە، زەمەنی مامەڕیشەکانە، زەمەنێکە بۆ بوژاندنەوەی ئیرادە و عەزمی بەتین.

جا مامەڕیشە ئاسوودە بە کە ئەمڕۆ ئاواتەکانت بەشێکی بەرچاوی هاتوونەتە دی و نەبەردی بۆ هاتنەدی ئەوانی تریش بەردەوامە، تاکو سەرکەوتوو (نیشتمان)یش وەك هەمیشە سەربەرز و سەرفراز بێت.

*کوردستانی نوێ

# (ئەی لیژنەی بەرپاکردنی ڕیفراندۆم)
# تۆ ئەمەت لەچی؟

ماوەیەك بەر لەئێستا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق دەنگۆی ئەوەی بڵاوکردەوە، کە دەخوازن بۆ دیاریکردنی چارەنووسی هەرێمی کوردستانی عیراق ڕیفراندۆمێك لەنێو خەڵك و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵی کوردستاندا ساز بکەن. نێوەندە ڕووناکبیر و سیاسییەکان ئەم هەواڵانەیان بە ئاسایی وەرگرت و مەسەلەکەش هەر لە چوارچێوەی بیروڕای ئازاد و ئازادیی هەڵسوڕان و سەربەخۆیی کاری سیاسییدا مایەوە. ئەو پرەنسیپانەش لەمێژە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا جێگیر و دابین کراوە، بەڵام کاتێک تەماشای فۆڕمی ڕیفراندۆمەکە دەکرێت، کە لەلایەن گرووپێکی حزبەکەوە بە ناوی (لیژنەی بەرپاکردنی ڕیفراندۆم لە کوردستان)وە بڵاوکراوەتەوە، هەندێك تێبینیی پێویست و سەرنجی سیاسی دێتەبوون و مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە.

یەکەم: ڕیفراندۆم لەنێوان سەربەخۆیی و (گەڕانەوە بۆلای ڕژێمی مەرکەزی) دا ناکرێت هەروەکو فۆڕمەکە نووسییویەتی. بۆچی لەنێوان (سەربەخۆیی)و (فیدراڵیزم)دا نەبێت، مادام حزبی کۆمۆنیستی دەیەوێ شتێکی هەورازتر لەو داخوازییانە بێنێتەکایەوە، کە پەرلەمانی یەکگرتووی کوردستان بەگشتی دەنگی ئەندامانی خۆی بڕیاری لەسەر دا، ئەوەش پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین بوو لە شێوەی سیستمێکی فیدراڵیدا، کە یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە و دیوکراتیانە لەنێوان کوردو عەرەب و تەواوی کەمینە و گرووپە ئەتنیکییەکانی عیراقدا بەدی بێنێت؟

دووەم: ڕیفراندۆمەکە ئەوە ڕوون ناکاتەوە، مەبەست لە(ڕژێمی مەرکەزی) ڕژێمی ئێستای حوکمڕانە لە عیراق، یان ڕژێمی دوای ئەو؟ ئەوەش ڕوون نییە

بەچ شێوەیەك خەڵكی كوردستان بگەڕێنەوە بۆ لای (ڕژێمی مەركەزی)؟

ئایا بە بانگكردنەوەی ئەو ڕژێمە؟ یاخود حزبی كۆمۆنیست پێشنیازی چ فۆرمەڵەیەك دەكات بۆ ئەو گەڕانەوەیە؟ بەچ شێوەیەك كورد ساغ و سەلامەت دەبێ، ئەگەر هەروا بێ ڕێككەوتنی سیاسی یان بێ بەدەستهێنانی سەقفێكی دیاریكراوی مافە نەتەوەییەكانی بگەڕێتەوە بۆ لای (ڕژێمی مەركەزی)؟

سێیەم: دیسانەوە لە ڕیفراندۆمەكەدا ئەوەش ڕوون نییە (بەگەڕانەوە بۆلای ڕژێمی مەركەزی) ئەزموونی دیموكراسی كوردستان چی بەسەردێت؟ ئایا ئەم حزبانەی ئێستا لە كوردستانن و كەڵك لە هەلومەرجی ئازادیی كوردستان وەردەگرن بۆ كوێ دەچن و چیان لێ بەسەردێت، بە حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراقیشەوە؟ ئایا ئەو حزبە خۆی دەیەوێ لە چوارچێوەی یاسایەكی فرەحزبی، كە ئەو ڕژێمە بڕیاری لەسەر دەدات لەسەر كاری سیاسی خۆی بەردەوام بێت، یاخود دەبێ هەموو حزبەكان بە حزبی كۆمۆنیستیشەوە دەست بە خەباتی نهێنی و شاراوە بكەنەوە؟ ئەمەش مانای پاشەكشە دەگەیەنێت لەو دەسكەوتە دیموكراتیانەی گەلەكەمان لە ئەنجامی خەباتی چەندین ساڵەی خۆی بەدەستی هێناوە؟

چوارەم: لە سەرەتای ڕیفراندۆمەكەدا باسی (سەرگەردانیی سیاسی)و (ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵكی كوردستان) دەكرێت، دواتریش بۆ چارەسەركردن تەنها هەردوو خەیاری (گەڕانەوە بۆ لای ڕژێمی مەركەزی)و (سەربەخۆیی) دەست نیشان كراوە.

ئەگەر واشمان دانا ئەزموونی دیموكراسی كوردستان (سەرگەردانیی سیاسی) یە، هەروەكو حزبی كۆمۆنیست نووسیویەتی، ئایا (سەرگەردانیی سیاسی) باشتر نییە لە سەركوتی سیاسی و ئینسانی و كۆمەڵایەتی و ئابووری، كە خەڵكی كوردستان لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ڕژێمی مەركەزیدا تووشی هاتوون و تووشی دێن؟ ئایا چارەسەری دەردی خراپ بە دەردێكی خراپتر دەكرێت؟!

پێنجەم: هەمیشە لە كار و كۆششی سیاسیدا كەڵەكەكردنی دەسكەوت و سەركەوتنی هەنگاو بە هەنگاو ڕەچاوكراوە، ئەمەش بە ڕێڕەوێكی دوورودرێژی خەباتدا گوزەر دەكات و هەمیشەش حزبی جەماوەری و ڕەسەن، حزبی شۆڕشگێڕو خەباتكار بەوە دەناسرێتەوە كە پشووی شۆڕشگێڕی هەیە و لە مەیدانی خەباتدا

کۆڵ نادات، لە کۆڕی سیاسەتکردن و خەباتی درێژخایەندا نەفەسی درێژ و ماندوونەناسە. ئەوە نییە کە لەنێوان هیچ و هەموو شتێکدا چارەسەر و دەرەتانی دیکە نەبینێتەوە. چونکە هەروەکو دەڵێن (السیاسە فن الممکنات)و نەگوتراوە (السیاسە فن العودة الی أحضان الدکتاتورية). باشترین مومکناتێك کە پەرلەمانی یەکگرتووی کوردستان بۆ ئەمڕۆ بڕیاری لەسەر داوە، مومکنی (فیدڕالیزم)ە. ئەگەر ڕیفراندۆمەکە سەربەخۆیی دەوێ، با بە تووله ڕێگای (گەڕانەوە بۆ لای ڕژێمی مەرکەزی)دا نەمان بات!

شەشەم: ئەم ڕیفراندۆمە سەیر و عەجیبە هی ئەوەیە بەگومانەوە تەماشای بکرێت و پێشمان خۆشبوو هەر لەسەر فۆڕمەکە خۆی ئەم تێبینیانە بنووسین، بەڵام گرفت لەوەدایە فۆڕمی حزبی کۆمۆنیست خانەی هەموو شتێکی تێدایە، تەنها خانەی (تێبینی) نەبێت، کە لە هەموو فۆڕمێکی دیموکراتیدا ڕەچاو دەکرێت!

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ١٩٩٩/١٢/٧

# درود بۆ ئەو زەمانە

ڕانیە دەروازەی ڕاپەڕینی کوردستان بوو، کوردستانیش دەروازەی ڕاپەڕینی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، کە کورد لە ساڵی ١٩٩١ ڕاپەڕی و بەعسی لە کوردستان ڕاماڵی. نیوەی دونیا تازە لە دەست ستەمی ئۆردووگای ڕۆژهەڵات ڕزگاری دەبوو، نەتەوە بندەستەکانی ئاسیای ناوەڕاست و ئەورووپای شەرقی لە دەست ناوەندێتی و دیکتاتۆریی حوکمڕانەکان ڕزگاریان دەبوو.

کە ڕانیە ڕاپەڕی دونیاش تازە لە ستەمی جووت جەمسەری و شەڕی سارد ڕادەپەڕی. کە شەهید عەلی نەبی و هاوڕێکانی خوێنیان کردە خەڵاتی ڕاپەڕینو ئازادی، تۆڕی سەتەلایت تازە بە تازە لە ناوجەرگەی ئەورووپا سەرەتاتکێی بوو. ئەوسا مۆبایل و فەیسبووك و تویتەر نەبوو، ڕاپەڕینی ڕانیە هەر مزگەوتی گەورەی رانیەی هەبوو بیکاتە بڵندگۆی هاندان و هەر دەنگی گەلی کوردستانی هەبوو بروسکە و جفرەی پێ بنێرێت. جەماوەری دەروازەی ڕاپەڕین (ناتۆ)ی نەبوو پشتی پێ ببەستێ و (جەزیرە)ی نەبوو پڕوپاگەندەی بۆ بکات. هەر هێزی پێشمەرگە و شانەکانی ڕێکخستن و ئیرادەی دژە ڕاگوێزان و دژە ئەنفال و دژە تەعریبی هەبوو.

شەهید عەلی نەبی، وەك ڕەمزی ڕاپەڕینی دەروازە، هەر وەفا و یادەوەریی خەڵکی بەوەفای ڕانیەی هەبوو شایەدی قارەمانیی بۆ بدەن. پەخشی ڕاستەوخۆی هیچ کەناڵێك و خەڵاتی نۆبڵی هیچ دەزگایەکی جیهانی نەبوو تا شاباشی سەرکەوتنی بۆ بکەن. لە دەمی ڕاپەڕینیشدا ڕانیە و تەواوی کوردستان وەك سەرەتای شۆڕش وا بوون، میدیای جیهانیان نەبوو تا سبەینێ بە بەعس بڵێن ارحل و ئێوارەکەی وێنەی خۆیان لە شاشەکانەوە ببینن. (ارحل)ی ئەو کاتە نرخی خۆی هەبوو، نرخی گران بوو.

ڕاپەڕینی بەهاری کوردستان جگە لە ئیرادەی کوردستانیان هیچی نەبوو، جگە لە (شاییە زەماوەندە) و (وا هاتن پێشمەرگە) و (گەلە و گەلە) و هەندێك پەخشانی بە مەرەکەبی دڵ نووسراو، هیچ کۆمەك و یارمەتییەکی نەبوو.

ڕاپەڕینی کوردستان دەروازەی ڕاپەڕینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەهارەکەشی بەهارێکی ڕاستەقینە بوو، هەموو کوردستان گۆڕەپانی تەحریر و هەموو تەحریرێکیش ناتوانێ شان لە شانی پیرۆزیی تەحریری کوردستان بدات.

*کوردستانی نوێ، ئازاری ساڵی ۲۰۱۱

# فەسڵی پێنجەم

# وێستگە لە مێژووی کوردستانەوە

# پاشەکشە لە شەشی ئەیلول

شەشی ئەیلول، ڕۆژی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەردەرکی سەرای سلێمانی، جگە لەوەی وێستگەیەی گرنگی تێکۆشانی کوردایەتییە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا، هەروا لەلایەن مێژوونووس و تێکۆشەرانی واری ڕووناکبیری و سیاسەتەوە بە ڕۆژی دوو وەرچەرخانی چۆنایەتی و پێکەوە گرێدراو دەژمێردرێ.

وەرچەرخانی یەکەم ئەوەبوو ڕاپەرینەکە بەوەی لە شارێکی زیندووی وەك سلێمانی، کە پایتەختی مەملەکەتە خۆرلێئاوابووەکەی شێخی نەمر بوو، بلێسەی دا، جوگرافیای کوردایەتی لە قۆناغی گوند و پێچاوپێچی شاخەوە گواستەوە نێو جەرگەی شارەکان.

وەرچەرخانی دووەم ڕێبەرایەتیکردنی ڕاپەڕینەکە بوو لەلایەن خوێندەوار و کاسبکار وجەهای شارەوە. ئەمەش ئاڵوگۆڕێکی مەزنی پیگەی ڕێبەرایەتی بوو لەنێو بزووتنەوەیەکی میللیدا، کە تازە ئیتر خەباتەکەی بە دوای شێواز و تاکنیکی نوێی بزاوات و فرماندا دەگەڕا، ئەو گواستنەوەیە موژدەی ئەوە بوو، کە ئیتر بزووتنەوەی نەتەوەیی تێکەڵ بە بزاوتی کۆمەڵایەتی ناو شارە ڕوو لە گەشەکردنەکان دەبێت.

بەڵێ ڕاستە دوای ئەو ڕاپەڕینەش دیسانەوە شێخ تێهەڵچووەوە، نەبەردی ئاوبارێك ڕووی دا، ئەمما هاتنە مەیدانی دواجاری شێخ غیرەتێکی شەرەفمەندانەی مەلیکێکی شۆڕشگێڕ و بەتەنگەوەهاتنێکی تۆڵەئەستێنی ئەو بوو بۆ هاواری قوربانیدانی شار، ئەگینا وەکتری ڕاپەڕینەکە هەر ڕاپەڕین نەبوو لە دژی دوژمنی زەوتکەر، بەڵکو ڕاپەرین بوو لە ڕێگای دیتنەوەی ئامرازی دیکەی هەڵسانەوە و بەرخۆداندا.

جێگەی داخە گۆڕانی نەخشەی ڕێبەرایەتی و جوگرافیای تیکۆشان جارێکی

تر لە زەمان و زەمینێکی تردا کەوتەوە ژێر چەپۆکی سەرۆك عەشیرەتان و ژێردەواری عەقڵیەتی شاخەوە. کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی دروستبوون، کە گرنگترینیان (هیوا) بوو، لەگەرمەی جەنگی دووەمی جیهاندا سەرەنجام ئاڵاکەیان دایەوە دەست ڕەوتی هۆزگەرێتییەوە، تەنانەت پارتیش کە دروست بوو، دوای مودەتێك تێکۆشانی شاریانەی دیار، کە هەموو شارەکانی کوردستان و بەغدای پایتەختیشی گرتەوە، لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی عەبدولکریم قاسمدا، دروست چەند ڕۆژێك دوای مانگرتنە شارستانیانەی لە بیرەوەری ڕاپەڕینەکەی بەردەرکی سەرا لە ٦ی ئەیلولی ١٩٦١ ڕووی دا، لە هەوڵی دڵسۆزانەی گرتنەدەستی جڵەوی بزووتنەوە چەکدارییەکەی سەری هەڵدابوو، بەنیەتی گۆڕینی ئاڕاستەکەیدا، دیسانەوە کەوتەوە بەر هەڕەشەی زاڵبوونەوەی ڕەوتی ڕێبەرایەتی عەشیرەتی. بەڵێ شۆڕشی ئەیلول بووە شۆڕشێکی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز، کە سەرکردایەتی خوێندەواری پارتی ڕێبەرایەتی دەکرد، بەڵام سەرەنجام دووفاقی دەسەڵات لەنێوان پارتی و و بارەگای بارزانییدا ململانێیەکی توند و دووبەرەکییەکی خوێناوی لێ کەوتەوە. دووبەرەکییەك کە نە تێکەڵبوونەوەکەیساڵی حەفتا و نە هەرەسەکەی ڕێبەرایەتی عەشیرەتی لە ١٩٧٤دا نەیان توانی دوایی پێ بێنن.

تەنانەت کە شۆڕشی نوێ، بە ڕێبەرایەتییەکی نوێی شاری و خوێندەوار لە شاخ هەڵگیرسایەوە و سەرەڕای هەڵایسانی ڕاپەڕینەکانی ساڵانی هەشتاکان و ڕاپەڕینە گەورەکەی ئاداری ١٩٩١، لێ دیسانەووە ڕەوتی ڕێبەرایەتی عەشیرەتی، بە دەرمانی وزەبەخشی دەرەکی، لە ڕێی گەشانەوەی ژیلەمۆیەکی دێرینی ڕۆحی هۆزگەرایەتییەوە، لە سەرەتاتکێوە بۆ زیندوونەوەیەکی جاڕسکەر هاتەوە گۆڕەپانە سیاسییەکە، دواتر ململانێکە دەمەزەرد بووە و تا ئەمڕۆش بەردەوامە و هەڕەشە لە چنینەوەی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینەکەی بەردەرکی سەرا و ڕاپەڕینەکانی ساڵانی هەشتا و ئەوەی سەرتاسەرییەکەی ئاداری ١٩٩١یش دەکات.

عیبرەتێك، کە ئیمە لە ڕاپەڕینەکەی بەدەرکی سەرا بەدەستمان هێنا ئەوە بوو، سەرکردایەتییەکی نوێ جڵەوی بزووتنەوەیەکی شێوە تازە لە جوگرافیای تازەدا لەئەستۆ بگرێ. وەختێك دەگوترێ خەباتی شار نەك گوند و شاخ، ئەوە بە مانای ئەفرۆزکردنی چیاکان نایەت، کە لە تەنگانەدا تاقە دۆستی کوردن، هەروەك بە

مانای ئەفرۆزکردنی گوند نایەت، کە وەکو دەریایە بۆ ماسییەکانی شۆڕش، بەڵکو بە مانای ئەوە بوو، کە شار ڕێبەرایەتی گوند و شاخ بکات و دوابڕیار لەسەر ساتی تەقینەوەی ڕاپەڕین بەدەست شارەوە بێت. جێی داخە لە دیرۆکی کوردایەتیدا پاشەکشەیەك لە وەرچەرخانەکەی بەردەرکی سەرا قەوما. دەردێك کە تا ئێستاش خودی کوردایەتی و هەروا گەشەکردنی کوردەواریش بەدەستییەوە گیری خواردووە.

نازانریٚ ناوی ئەو پاشەکشەیە بنریٚ چی، کە وایکردووە ڕەوتی هۆزگەری (کە سەرکردایەتی پارتی نوێنەرایەتی دەکات) هەروا بە ئەندازەی نێواونیو حزوری هەبیٚ لەنێو سیاسەتی کوردی و لەنێو ڕەوتی ڕووناکبیریی کوردیشدا؟ بەڵام ڕەنگە سەرنجدان لەو پاشەکشەیە گۆشەنیگایەکی بچووك لەسەر ئەو دووبەرەکییەی هەنووکە کوردستانی کردوەتە دوو هەرێم بکاتەوە.

چی وادەکات بەردەوام ڕەوتێکی هۆزگەری وەك نەفرەتی فیرعەونییەکان بە دووی ڕەوتی شاری و ڕێبەرایەتی نوێوە بێت؟ ئایا ناکامڵیی پرۆژەی ڕۆشنبیریی کوردی، یان ناکامڵی پرۆژەی نوێبوونەوە لە سیاسەتی کوردی، یاخود هەردووکیان پێکەوە؟ یان ئەمانە هیچیان و ئەوە فاکتۆرێکی دەرەکییە ژیلەمۆی هۆزگەراین دەگەشێنێتەوە.

هەقە لە ئەستانەی سەدەی نویٚ و لە سەروبەندی گەڕان بە دوای ئامرازی گونجاوی تێکۆشان تێیدا، لەو هۆکارانە بپێچرێنەوە کە وایان کرد ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا بقەومێن. لەو هۆکاری پاشەکشەیەش بکۆڵرێتەوە کە: ڕەوتی عەشیرەتیان لە بزووتنەوەی کوردایەتییدا زیندوو کردەوە. مانگرتنەکەی ۱۹٦۱/۹/٦ یان پەکخست. هەوڵی ئاڕاستکردنی شۆڕشی ئەیلولیان بەرەو شۆڕشێکی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز پەکخست. ڕێبەرایەتی خۆبەدەستەوەدەریان لەبەردەم ڕێبەرایەتی شۆڕشی نوێدا قووت کردەوە. ڕاپەڕینی نیشتمانی و ڕاپەڕینی شارەکانیان لە ئاداری ۱۹۹۱دا وا لیٚ کرد، کە ئەمرۆ لەبەردەم هەڕەشەی ۳۱ی ئاب و ئیستنزافی ئابووری و ئیبتزازی جوگرافیدا بێت.

*کوردستانی نویٚ، ساڵی ۲۰۰۰

# ئافەرین سەرکۆماری شەهید ئافەرین پێناوانی کۆمار

چارەنووسی سەرکردەکانی کورد یەکسانە بە چارەنووسی میللەتەکەیان، لەوان و بۆ ئەوان لەدایك بوون و پێگەیین، بۆ ئەوانیش سەریان نایەوە. ئەمە لە چەندین مەقتەعی مێژوویی کوردایەتی لە هەر چوار بەشی کوردستاندا ڕەنگی داوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هی هەر سەرکردە وەك جیاوازیی هەر بزووتنەوەیەك لە هەر بەشێکی وڵات و لە هەر مەقتەعێکی زەمەنیدا لەویتریان ناچێت، چارەنووسی قازی محەمەد، وەك دەرکەوتنەکەی، هەر زۆر تایبەتە.

دەرکەوتنی پێشەوا کوڕی هەلومەرجی تایبەتی کوردایەتییە لە بەشی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، کوردایەتییەکی مەدەنی کە بەگوێرەی زەمەنی خۆی، نیوەی یەکەمی سەدەی بیست، گەلێك ئاماژەی نوێبوون و شارستانیمان دەداتێ. سەیری مێژووی کوردایەتی دەکەین، دەبینین سەرکردە حەریفەکان بڵێسەی شۆڕشەکە و بزووتنەوەکەیان لە وێستگەیەکدا داگیرساندووە. بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات لە دەورانی کۆماری کوردستاندا، کە سەریهەڵدا، پێشەوای خۆی بۆ خۆی دروست کرد. کۆماری کوردستان یەکەم بەشداری ڕاستەوخۆی سیاسیی قازی محەمەدە لە کوردایەتییەکی ئاشکرادا، لەگەڵ ئەوەشدا لەو چەند ساڵەی نێوان هاتنە کۆڕی خەباتی قازییەوە تا ڕاگەیاندنی کۆمار، لەوێشەوە یانزە مانگ لە حوکمڕانیکردنی کۆمارەکە و چەند مانگێکیش لە زیندانی و دەستگیرکردنی پێشەوا، ئەوەندە لێوەشاوەیی و سەرکردایەتیبوونی لە خۆی نیشاندا، کە تا دونیا دونیایە سەرمایەی شانازین بۆ نەتەوەی کورد. ئەمە خەسڵەتێکی تایبەتمەندە لە سەرکردایەتیکردن کە سەرکردە وەڵامدەرەوەی پێداویستی قۆناغەکە بێتو نەك هەر بەشی قۆناغەکە بکات، بەڵکو لێوەشاوەیی وای لێبڕژێت، کە بەشی چەند دەورانی تر بکات و زەخیرەیەکی ڕۆحی و مەعنەوی بێت بۆ ئێستاش، کە سەرەتای

سەدەی بیستویەکە. دوور لەگیانی حەماسەت و مانا جوانەکانی شەهادەتی قازی محەمەد سەیری نوتقەکانی لە بۆنەکان، سەیری جواب و حوجە و گفتوگۆکانی بکەن لەگەڵ ڕۆژنامەکانی ئەو دەمەی تاراندا بزانم قسەکانی قازی، جوابە تەکتیکی و سیاسییەکانی لە هەندێك جێگە و قسە ستراتیژییە یەکلاکەرەوەکانی لە هەندێك جێگەی تردا چەند ڕەوان و پێشکەوتوون و ئاسۆی ئاینده دیدەن؟

گفتەکانی قازی لەم ئاستەدا ئەدەبیاتێکی زۆر دەوڵەمەندن بۆ تەجرەبەی کوردایەتیو لەگەڵێك ڕەهەندەوە بۆ ئێستاشمان دەست دەدەن، ئێستا کاتێتی ئافەرین و ستایش بۆ قازی تەنها لەگیانبازییەکەیدا قەتیس نەکەین، کە سەرکۆماری شەهید و پێشەوای مەزنی کوردە، بەڵکو ئەندێشە فراوانی و خاوەندارێتی فیکری و سیاسی لە بزووتنەوەی کوردایەتی ڕەهەندێکە لالێکردنەوە و بەسەرکردنەوەی گەرەکە، لە ڕێگەیەکی واشەوە دەتوانین سنووری بەشداری قازی محەمەد و وێستگەی کۆمار لە ژیانی نەتەوەی کورددا فراوان بکەین و تەنها لە دیوێکی کوردستاندا گیری نەکەین.

جگە لەم تایبەتمەندییە سەرتاسەرییە نەتەوەییەی پێشەوا گۆشەیەکی دیکەش هەیە بۆ رەهەندی نەتەوەیی تەجرەبەی کۆمار، ئەویش بەشداری کوردی بەشەکانی ترە لەم خەونە نەتەوەییەدا.

کۆمار تەنها جوگرافیای خۆڕاپسکانی کوردانی رۆژهەڵات نەبوو لە زوڵمو ستەمی شای یەکەمی پەهلەوی، کە جگە لەوەی مافی کوردایەتی نەدەدا کارێکی کردبوو بە ناوی تەممەدون و شێوە حوکمڕانییەکی ئەتاتورکی غەربزەدەیی کوردەوارییەکەشمان زەوت بکات و بە ناوی لە قاودانی دواکەوتوویی فەرهەنگی و ناسیۆنالیستی پان ئێرانییەوە بەرگ و زەمان و ئەندێشەی کوردبوونی خۆرسکیش زیندە بەچاڵ بکات، بەڵکو کۆمار خاکی مزگێنی (ئەرزی میعادی)ی کوردان بوو لە سەرتاسەری کوردستاندا، سەیری کتێبی سیوسێ گوللەی ئیسماعیل بێشکچی بکەن بزانن ئەتاتۆرکییەکان چۆن کێچ کەوتبووە کەوڵیان لە ترسی ئەوەی نەبادا سرودی ئەی رەقیب بکاتە گوێی کوردانی سەرگەردانی باکوور. چیرۆك و قسەی دەماودەمی لە سەر هیواخوازیی (خۆیبوون) و کۆبوونەوەی سێ سنووری سەرسنوور (دالانپەڕ)، بژی هیوا و سەرۆك و کۆمەڵەی ژێ

کاف، دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستان و دامەزراندنی لقی ئەو حزبە لە کوردستانی باشوور (سلێمانی)، ئەمانە هەمووی ناونیشانی کوردایەتی سەرتاسەرین، بێ ئەوەی هەقی شانازی لە کوردانی ڕۆژهەڵات بستێنێتەوە بۆ ئەو کۆمارە و ئەو سەرکۆمارە و ئەو یانزە مانگە نایابە، بەشی کوردی بەشەکانی دیکەشی دابین کردووە.

ئەم بەشە بریتییە لە چوونی بارزانییەکان بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەدی بارزان و مەلا مستەفای بارزانی و ڕۆڵیان لە داکۆکی لە کۆمار و نەبەردییەکانیان لەو پێناوەدا، بەشداری ئەفسەرانی کورد ، لەوانەش چوار ئەستێرەدارە ئەستێرە درەوشاوەکەی ئاسمانی کوردایەتی(مستەفا خۆشناو، عیزەت عەبدول عەزیز، خەیروڵا، مەحمود قودسی) و رەئیس بەکر ئاغای حەوێزی و تێکرای ئەفسەرانی لیژنەی ئازادی، ڕووناکبیر و کەسایەتییە نیشتمانییەکانی وەکو وەهاب ئاغای جوندیان، محەمەد تۆفیق وردی، زرار دەرگەڵەیی، سلێمان بەگی دەرگەڵەیی، کە خەونی ناسیۆنالیستی خۆیان و گەنجێتی عومریان بەو کۆمارە بەخشی، یان ئەو کۆمارە بووە وێستگەیەکی شانازی چۆنایەتی بەشدارییان لە بزووتنەوەی میللەتەکەیاندا، بە جۆرێك دەماودەم و نەوە لە دوای نەوە بگێردرێتەوە.

ئەم بەشدارییە، هەم بەشدارییەکی بەئاگاهی و هەم قەدەرێکی سنوور بەزێنە، کە نە تۆری بەربەستە ئیقلیمییەکە، نە پێدراوە سەپێنراوەکانی سیاسەتی ناو دەوڵەتان و نەیش پەستاندنی کوردایەتی هەر بەشێك لە بەشەکەی خۆیدا ناتوانن بەری پێ بگرن و ملی پێ نەوی بکەن، ئەم ڕەهەندەش لە مێژووی کۆمار هی ئەوەیە لێکۆڵینەوەی تایبەتی لەسەر بنووسرێت و بۆ ئەمڕۆکە دوو دیاردە دەبینین شایانی تەوزیفکردنێکی ئیجابین:

- دیاردەی یەکەم مەیلێك بۆ بەشبەشێنی لە کوردایەتی و خۆگۆشەگیرکردن لە چێوەی شارچێتی و هەرێمچێتی و بەهێند وەرنەگرتنی قووڵایی ستراتیژی نەتەوەیی.

- دیاردەی دووەم دونیا وەك دەورانی کۆمار(جەنگی جیهانی دووەم) و دەورانی پێش ویش، کە دەورانی حکومەتەکەی شێخ مەحمود بوو (جەنگی جیهانی یەکەم) لە جولان و هەژاندایە و وەبیرهێنانەوەی تەجرەبە دێرینەکانی کورد بۆ ئیلهام

وەرگرتن و ئیلهام بەخشین ئەرکێکی سیاسیی، ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانییشە.
لەبەر ئەم ئەرکە نەتەوەییە ڕۆژنامەوانییە و پێش ئەوانەش لە بەر تەعزیم سەلامێك بۆ پێشەوای سەرکۆمار (کوردستانی نوێ ) ئەم ئافەرین و دەستخۆشییەی لە شێوەی پاشکۆیەکی وادا کردە دیاریی یادی شەهیدکردنی سەرکۆمار و سەردارانی هاوشەهادەتی. بە ئیعتباری ئەوە نا حوزن و غەمباری قەدەری زاڵ بێت لە یادی سێدارە و تەنافدا، بەڵکو بەو ئیعتبارەی شەهادەت و ژیانئاوایی بۆ نەتەوە خۆی لە خۆیدا ژیاندنەوە و لەدایکبوونە،
کەوابێ بەرزبێت یادی شەهادەتیان، پیرۆز بێت یادی لە دایکبوونەوەیان.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٢/٤/٣

# سەد بەهار قوربانی زستانی وابێت

یادی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد هەموو ساڵێك دەبێتە دەرفەت بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەزموونێکی سەربەرز لە مێژووی خەباتی گەلەکەمان و تاقیکردنەوەی حوکمرانیدا.

بەهاری یانزە مانگەی کۆمار، کە لە زستانی ١٩٤٦ دەستی پێ کرد و لە زستانی ١٩٤٧دا گوڵی ئومێدەکانی ژاکێنرا، مەشقێکی چۆنایەتی بوو بۆ توانای کوردستانیانی ڕۆژهەڵات لە خۆبەڕێوەبەری و گەشەپێدانی فۆرمێکی ئازاد و سەربەخۆ لە کوردایەتی، لە خەباتی مەدەنی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا. ئەو زستانەی هەژاری موکریانی پێی دەگوت: سەد بەهاری بەقوربان بێت، بەهارێکی گەشی بوژانەوەی کوردایەتی و پێشبڕکێیەك بوو لەگەڵ زەمەن و لەگەڵ دەوروبەرێکی نەیار بە کوردستان، کە بە هۆی قەومانەکانی جەنگی جیهانیی دووەمەوە دەستەوەستان بوون و دەرفەتی ئەوەیان نەبوو بەرەنگاری ویستی ئازادیخوازانەی گەلی کورد ببنەوە. گەلی کوردیش لەو ماوە کەمەی ناوجەرگەی موکریانی لەبندەستدا بوو، چەند ساڵێك دوور لە چاوی ڕەقیب چالاکی سیاسیو خەباتی کوردایەتی تێدا دەکرد، گەشەی خەباتی خۆی تا خەمڵینی هەلومەرجی پێکهێنانی کۆمار پێشخست، هەر لە وێستگەی دروستبوونی ژێکاف تا دروستبوونی حزبی دیموکرات و ڕاگەیاندنی کۆماریش.

پەرۆشی حکومەتی کۆماری کوردستان و لە سەرووی هەمووشیانەوە سەرکۆماری شەهید قازی محەمەد بۆ خستنەگەڕی توانا زاتییەکانی گەل، لە ڕێی پرۆژەیەکی ناوازەی حوکمڕانیدا، یەکێك لە نیشانە دیارەکانی تەجرەبەی کۆمارە. گرانایی خستنەسەر بەرنامەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە ئیدارەی کوردستانی ئازاددا دیدی ستراتیژی قازی محەمەد و سەرکردایەتی کۆمار

دەردەخـات، بەوپێیەی شـەڕی سەرەکی لە بـردنـەوەی گـرەوی حوکمڕانییەکی باشدایە، کە پێش هەمـوو شتێك کوردەواری و ناسنامەی نەتەوەیی ژێر هەڕەشەی حکومـەتی شای باوك لە فەوتان و تواندنەوەی هاوشێوەی سیاسەتی ئەتاتورك لە باکووری کودستان دەربـاز بکات. بەتایبەت لە زەمانی شادا فەرهەنگ و مۆراڵی کـوردەواری و کەلتووری کوردی کەوتبوونە ژێر هەڕەشەی سیاسەتی غەرەبزەدەیی درۆزنانەی ڕەزا شا، کە بەو غـەرەبزەدەییەوە گەرەکی بوو کورد بتوێنێتەوە و ئەدگارە جوانەکانی خەسڵەتی جیاکەرەوەی کوردبوون بسڕێتەوە. قەبارەی سیاسەتی پەروەردەیی و ژمارەی بڵاوکراوە کوردییەکان لەو سەردەمەی کۆماردا بەڵگەی دروستی ئەولەوییەتی حوکمڕانی کومار بوون

خۆ ئەگەر کۆمار بمابایە، بەرنامەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسەتی گەشەپێدانی سیاسی و نەتەوەیی دەبووە تۆمارێکی زێڕینتر لە تۆماری تەمەن کورتی یانزە مانگ.

کۆماری کوردستان لەبەر بەهاری کورتی تینویەتی گەلی کوردی نەشکاند، بەڵام لە ڕووی سمبولییەوە بووە وێستگەیەکی گەورە لە ڕەوتی تێکۆشان بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی، بە جۆرێك هەموو ساڵێکی یادکردنەوەی تەڕ و تازەی دەکاتەوە و ڕۆحی نەتەوەیی بەرەو کەشکەڵانی فەلەك بەرز دەکاتەوە.

یادی کۆماری کوردستان هەر زیندووە لە دڵ و دەروونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا، سەرکۆمارە شەهید و هەڤاڵە شەهیدەکانیشی سەرمەشقی خۆبەختکردنو فیداکارییین لە ڕەوتێکی دوورودرێژی شەهادەت و قوربانیداندا.

یادی کۆمار لە هەموو کۆماریخوازانی کوردستان پیرۆز بێت.

*کوردستانی نوێ

# له سێبەری مێژووەوە بۆ بەر خۆرەتاو

کتێبێکی سۆزان میلیسلس (کوردستان له سێبەری مێژوودا) تۆمارێکی وێنەیی مێژووی کوردستان دەردەخات. هەر کەسێك ئەو کتێبە بە چاو و دڵ ببینێ تراژیدیای نەتەوەیەك لەوەتەی لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە داگیرکراوە دڵی خوێنین و چاوی پڕ فرمێسك دەکات.

کتێب بە کوردەواری کۆتایی سەدەی نۆزدە دەست پێ دەکات، کە چۆن ستەم و بندەستی و هەژاری دایرزاندووە. ئینجا دێتە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و زوڵمە گەورەکەی سایکس بیکۆ، کە هەموو کوردستانی لەتوپەت کرد.

وێنە لە سەر وێستگەی شەڕی ئینگلیز لە دژی مەملەکەتەکەی شێخ مەحمودی حەفید دەگیرسێتەوە. بەلاغی فەرماندەی سوپای بەریتانیایە بە کوردی هەڕەشە لە کۆمەڵانی خەڵکی پایتەختەکەی شێخ: شاری سلێمانی، دەکات. فرۆکە وەك کەمال مەزهەر لە زمانی مێژووەوە دەیگێڕێتەوە، هێندە کوردستانی دابێژا شێخ مەحمود وەك ڕاهێنەری هێزی ئاسمانی ئینگلیز دەناسرێت.

وێستگە دەچێتە سەر دەورانی تری مێژوو تا لە کۆتایی کتێبدا دەگاتە بۆردوومانی هەڵەبجە و ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان، دەگاتە کۆڕەو و دەگاتە ئەوەی دونیا لەسەر کورد کوشتن و کورد لەناوبردن بێتە جواب، بە خودی حکومەتی بەریتانیاوە، کە لەگەڵ فەڕەنسا و ئەمریکا دەکەونە تەگبیری پاراستنی ئەم کوردەی قەفەسی ژەنگاوی عیراقی دیکتاتۆری خەریك بوو بیخنکێنێ.

لە دوا وێستگەکانی کتێبدا ،کە دوا دەیەی سەدەی بیست دەگرێتە خۆی، فرۆکە بەیاننامەی تر بەسەر کوردستاندا دەخاتە خوارەوە. ئەمجارەیان هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاوا لە جێی هەڕەشەی بۆردومان نووسراوی هاوکاری و مژدەی پاراستنی ناوچەی ئارام (پرۆڤاید کۆمفۆرد) بە کوردستان دەدەن.

کوردستان هەناسەیەك دەدا و بۆ دوو دەیە گرەو لەگەڵ دونیا دەکات، کە دەتوانێ بە ئازادی و خۆبەخۆ بژیت. باقی چیرۆکەکە بەم ڕۆژە گەیشتووە، کە نها ڕۆژئاوا خۆی لەسەر کورد بە جواب دێت. باقی چیرۆکەکە وایە کە خەباتی لوبی کورد وا گەشەی کردووە و تێگەیشتنی دونیای زلهێزەکان لە ئاستی مەزلومیەتی کورددا وا چۆتە سەر، کە پایتەختە رۆژئاواییەکان ئەشهەدومابیللا بۆ هاواری کوردستان دەکەن، لە سەرووی هەمووشیانەوە بەری چەند ڕۆژێك پەرلەمانی بەریتانیا، دایکی پەرلەمانەکانی دونیا، هەڵوێستێکی گەورەی نواند و ئەنفال و هەڵەبجەی وەك جینۆساید تاریف کرد.

ئینجا ئەم داستانە بەردەوامە، تا ئەوەی خەبات سەر بکەوێت و کوردستان لە سێبەری مێژووەوە بێتە بەر خۆرەتاوی ئایندە، تا ئەوەی ئەلبوومی داهاتوومان ئەلبوومی بندەستی و بۆردومان و خنکان نەبێت. ئەلبوومی ئازادی و سەرفرازی و تاودانی "سویسراکەی" شەرق بێت.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٣/٣/٤

# دۆزی کوردستان له دیدی کۆمۆنیستی ئێراقەوە

**-سەرنج-**

ئەم بابەتە بەشێکە لە پرۆژەیەکی درێژ بە نێوی (ئەسپەکەی ترواده لە بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستاندا) لەمەڕ کۆمۆنیستە دراوسێکانی کورد و هەڵوێستیان لە کێشەی کوردستان (پارتی کۆمۆنیستی ئێراق، حزبی تودەی ئێران، ڕێکخراوی ئەکسریەت، حزبی کۆمۆنیستی ئێران، پارتی کۆمۆنیستی تورکیا، پارتی کۆمۆنیستی سوریا) بە حوکمی زیاتر پەیدابوونی سەرچاوە، بە حوکمی ئەوەی (حشع) مێژوویەکی درێژی لەگەڵ بزاڤی کوردستان هەیە، هەروەها بە تێگەیشتن لەوەی کە (مشتێك نموونەی خوارێکە). بۆیە لەم پرۆژەیەدا زیاتر باس لە هەڵوێستی تیۆری و پراکتیکی (حشع) دەکەین لەمەڕ کێشەی کورد، وێڕای لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکان ئەوەی لەسەر (حشع) ی تۆمار دەکەین، لەسەر حزبە کۆمۆنیستەکانی ئێران و تورکیا و سوریاش جێبەجێ دەبێت. وەکو کوششێکی سەرەتایی بە پێداچوونەوەیەکی مێژوویی دەست بەکاردەبین، پاشان هەر لە سەر جەستەی ئەو تێکستە مێژووییە گوتاری رەخنەیی خۆمان دەخوێنینەوە، خوازیارین ئیتر چەمکە بەسەرچووەکان توڕهەڵدەین، چەمکێك بێنینە بوون کە دەگەڵ کەسایەتی نیشتمانی کوردستان بگونجێ، یەك ڕەخنەی سەرتاسەری بێ لە فیکری (یان ئێراقیزم، یان ئێرانیزم، یان تورکیزم.. یان نازانم چی)! بە هەمووی لەسەر یەك دەمانەوێ ئەمجارەیان لە ڕوانگەی کوردستانیبوونەوە تەماشای مێژوو بکەین.. پێکەوەبوونی ڕوانگەی ئەتنیکی (نەتەوەیی) و چینایەتی لە ڕووداوەکان تێ دەگەین و پروگرامی ئایندەی خۆشمان دادەرێژین. بونیادی پرۆژەکەمان، ئەم قسەیەی زانای سوسیولۆجی وەك (د.ئیسماعیل بیشکچی) سەرچاوەکەیەتی:

(تێڕوانین لە مێژوو، لە گۆشەنیگای چینایەتییەوە بە تەنها و پشتگوێخستنی

ویست و ئیرادەی ئەتنیکەکان، هەموو جارێ کێشەکانی پێ چارەسەر ناکرێ، پێویستە لە دیدی گرووپە ئەتنیکییەکان، لە ویست و ئیرادەکانیشیانەوە، تەماشای مێژوو بکەین)

لە ماوەی سەرکردایەتی شەهید-فەهد-دا

- ئێرە سەرچاوەی هەڵەکانە!!

مافی دیاریکردنی چارەنووس، کە بەشێکە لە بەرنامەی مارکسیستەکان، لە ڕووی مێژوویی و ئابوورییەوە، تەنها یەك مانای هەیە، ئەویش دیاریکردنی چارەنووسی سیاسییە، واتە سەربەخۆیی دەوڵەتی و پێکەوەنانی دەوڵەتێکی نەتەوایەتی سەربەخۆ. لینین

## پەیماننامەی نیشتمانی.. و بانگەواز بۆ حزبی جەماوەری

لە ٣١ ئازاری ١٩٣٥ پارتی کۆمۆنیستی ئێراق(حشع) لەلایەن شەهید فهد و چەند کەسێکی تر هاتییە دامەزراندن. ئەگەر ئێمە بەری خۆ بدەینە ئەدەبیاتی (حشع) و کتێب و بڵاوکراوەیەت وی بخوێنینەوە، دەبینین ماوەی ڕێبەرایەتی شەهید (فەهد) و هەمی نووسراو و بۆچوونەکانی وی و هەمی کارکرنا(حشع) دەمەیدانی پراکتیکی لەو سەردەمەدا ، کراوە بە پێوەری ڕەسەنایەتی و ئەزموونێکی چاولێکراوی ڕاست و دروست بۆ کاری پارتایەتی و شۆرشگێڕی، خودی (فەهد) یش کراوە بە نموونەی(ڕێبەری کارامە و لێهاتوو) و پیرۆزییەکەی زیادەڕۆی پێ بەخشراوە، وێجا خەباتی(حزب) و سەرکردایەتیکردنی (فەهد) بۆ ئەو حزبە لەو ماوەیەدا، وەکو کەلتوورێکی گیانی ڕۆچوو بە ناخی مێژووی حیزبدا کەڵکی لێ وەردەگیرێ، قەڵغانێکە شێخی هەر تەریقەتێك بە ملی خۆیدا شۆری دەکاتەوە، ئیتر ئەو مێژوە ڕابردووە دەبێتە مۆدێلێك و ئاماژەی بۆ دەکرێ.(ئا ئەوەیە ڕێبەرایەتی، ئا ئەوەیە حیزب) چ لەلایەن سەرکردە داهاتوەکانی (حشع) وەکو چەکێك بۆ شەرعیەت وەرگرتن لەهەمبەر ئۆپۆزسیۆنەکانی خۆیان (لەو کۆمۆنیستانەی فراکسیۆنیان چێ دەکرد، یاخود جودا دەبوونەوە و دەستە وگرووپی تریان پێك دەهێنا)، چ لەلایەن ئۆپۆزسیۆنە کۆمۆنیستەکان لە شەریان دا دژ بە (سەرکردە) نەیارەکەیان، ئەوانە لە ڕوانگەی ئەمانەوە ئۆپۆرتۆنیست و ڕیڤیزنیستن و حیزبەکەی-فەهدی مەزن

بەرەو هەلدێر دەبەن، تەنانەت لە ئەورۆی پیرۆسترۆیکاو دەمی بووژانەوەی کێشەی نەتەوایەتیدا، هەن هێشتا بە فتوای چلەکان شەرعی ئەوە دەدەن، کە هەر تێفکرینێك بۆ دامەزراندنی (حیزبی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان) کۆمۆنیستی کورد بەرەو (گۆشەگیری نەتەوەیی) دەبا و تەلاقی کۆمۆنیستی دەکەویَ، خەڵکی وازیان لە ستالینیزم هێناوە و دەگەرێنەوە بۆ ژێدەر-بۆ مارکس و ئەنگز- تەنانەت بە گومانەوە لەگەڵ تێزەکانی لینین مامەڵە دەکەن، کەچی هاورێیانی (حشع) دەمانگێرنەوە بۆ شەهید (فەهد)، کە ئەگەر خۆشی نەیویستبیَ، بە حوکمی هەڵکەوتی مێژوویی لە ستالینیزم و تێروانینی شورەوییانە بۆ کێشمەکێشەکانی کۆمۆنیزم! جگە لەوەی کە ماوەی رێبەری-فەهد- بیَ کێشەش نەبووە لە دابران و جودابوونەوە (یەکێتی تێکۆشین-القاعدة)[1] هەر لەلایەن خودی ئەو کەسانەی پاشان ناوی فەهد-یان کرد بە دروشم و ئاڵای شەرعیەت دان بە رێبازی خۆیان. وێرای ئەوەش ئێمە دەچینەوە سەر ئەو ماوەیە تاکو بیسەلمێنین، کە ئەگەر حشع لە هیچ بوارێکدا پەیرەوی رێبازی-فەهدی نەکردبیَ، ئەوە لە بواری کێشەی کورددا میراتگرێکی راستەقینەی ئەو بووە. ئەریَ وابوو!! (دڵەراوکیَ) و (دوو فاقیزم) و (هەڵوێستی نەچەسپیو) لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، ئەو کەلتوورەیە کە فەهد- بۆ(حشع) ی بەجێهێشتووە. نەسلی دوای خۆی دەمەزەردی دەکات، ئێمە دەخوازین ئەو ماوە(رەسەن) و (پیرۆزە) بخەینە بەرچاو.

(پەیماننامەی نیشتمانی) فەهد و جۆری لاکردنەوە لە کورد- ساڵی ١٩٣٥ ئۆرگانی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق، رۆژنامەی (کفاح الشعب) لە یەکەمین ژمارەیدا دروشمی سەربەخۆیی و مافی بریاردانی چارەنووسی گەلی کوردی بەرزکردۆتەوە[2]

لە ساڵی ١٩٤٤-فەهد- (میساقی نیشتمانی) نووسی، لەو میساقەدا کە بە میساقی فەهد دەناسریَ، لەمەر گەلی کورد هیچ شتێکی ئەوتۆ نەهاتووە جێگای خۆشحاڵی بیَ، لە بەندی ١٠ بە سیَ دێری عەرەبی شەرەفی باسکردن بە کورد دراوە. هەر برگەی دوایی وی (بەندی ١١)، کە تەرخانە بۆ (سەرباز)ی ئێراقی،! ئەم بەندە ٧ دێری لە (میساقە)کە داگیر کردووە، باس لە سەربازی ئێراقی و گرنگی دان بە جلوبەرگ و تەندروستی دەکات، لەوێدا هاتوە: (دەخەبتین لە پێناو

سوپایەك كە خزمەتی بەرژەوەندییەكانی گەل بكات و بەرگری لە سەربەخۆیی نیشتمانی بكات)[٣]

بەندی ١٣و ١٤و ١٥ لە بیری ناچێ، كە داوای هاریكاری (ڕامیاری) و (كۆمەڵایەتی) و (ئابووری)یانە بكات لە وڵاتانی عەرەب.

ئەگەر بە پێوەری پانتایی و جێگای پێ بەخشراوە لە میساقەكە تەماشای بكەین!! نازانم بۆ تەنانەت لە بەڵگەنامەكانیدا، كە باس لە مافێكی بچووكی كورد دەكرێ، یەكسەر دەوری دەتەنن بە سوپا و سەربەخۆیی نیشتمانیی وەتەنی ئای هەڵكەوت و ڕێكەوتی گەلی كوردی بێ چ چارەنووسێكە چ ڕێكەوتنێكە كە دوای بەندی ١٥ی بەندی ١١بێ، كە تەرخانە بۆ (سەربازی) و (سوپا) و (نیشتمانی ئێراق)؟

بزانین نیوەڕۆكی ئەو سێ دێڕەی بەندی ١٥ چییە؟ خەبات دەكەین لەپێناوی هێنانەدی یەكسانیەكی ڕاستەقینە لە مافەكاندا بۆ كەمینەی نەتەوەی كوردی، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی مافەكانی گرووپە نەتەوەیی و ڕەگەزەكانی وەك توركمان و ئەرمەن و ئێزدییەكان؟

هاورێ(فەهد) لێرە كورد وەك كەمینەیەكی نەتەوەیی (دەشێ خاوەن نیشتمانیش نەبن)[٤] دەناسێنێ، لەپاڵ توركمان و ئەرمەن، باسی (یەكسانیی ڕاستەقینە) دەكات بۆ ئەو(كەمینە)نەتەوەییەكان، نەك مافی بڕیاردانی، هەروەها ئێزدییەكان كە تایفەیەكی ئایینین، وەك كەمینەیەكی نەتەوەیی جیاواز لە نەتەوەی كورد تەماشا دەكات. ئەفسوس كە پارتێكی ڕامیاری بارودۆخی وڵاتەكەی خۆی نەناسێ[٥]

مامۆستای پێشكەوتنخوازی تورك و دۆستی گەلی كورد (ئیسماعیل بێشكچی) لەمەر كێشەی كورد دەڵێ: (كێشەی كورد كێشەی كەمە نەتەوەیەك نییە، كێشەی كورد لە بناغەدا دابەشكردن و لەتلەتكردنی نەتەوەی كورد و خاكی كوردستانە لەلایەن ئیمپریالیست و هاوكارەكانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستا، هەروەها ژێرپێخستنی مافی نەتەوەی كورد لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی[٦].

لە ساڵی ١٩٤٤ (حشع) ڕۆژنامەیەكی بەناوی (ئازادی) بڵاوكردەوە، مانشێتەكەی لێی نووسرابوو (ئازادی بۆ كوردستان) ، هەر لەسەر وتاری یەكەمین ژمارەی خۆی (ئازادی) داوای خۆسازدانی و ڕێكخستنی گەلی كورد كردوە:

ئێمە بانگەشەی گەلی کوردمان ناکەین بۆ بزووتنەوەیەکی جوداخواز لە گەلی عەرەب و پاڵپشتی ئەم جیابوونەوەیە ناکەین، چونکە زیان بە بەرژەوەندیی عەرەب و کورد دەگەیەنێ، نەخاسمە ئەمرۆ لەم قۆناغەی کە جیهان و ئێراق پێیدا دەرۆن، بەڵام ئێمە گەلەکەمان بە هەستە و داوای لێ دەکەین، داوا لە هۆشمەندانی نەتەوەکەمان دەکەین، لە هەموو کوردێکی دڵسوز کە گەل و نیشتمانەکەی خۆش دەوێ، با میللەتەکەی بێ ڕێکخستن و بێ ئامادەگی لێ نەگەڕێ بابخەبتێ لەپێناوی پارت و کۆمەڵە گەلێکی دیموکراسی بۆ ڕێکخستنی گەلی کوردو سازدانی، بە توانا پێهێنانی تا مافی خۆی لە سازدانی چارەنووسیدا بەکار بێنێ، تاوەکو یەکگرتنی لە گەڵ عەرەب لە ئێراقدا، یەکگرتنێکی خۆویست بێ و یەکسانی لە هەموو مافەکاندا بنیات نرابێ[٧].

هەروەها شەهید -فەهد- لە وتارێکی خۆیدا ئەرکەکانی ڕۆژنامەی (ئازادی) دیاری کردووە، لە وتاری بەنێو با دۆستایەتی عەرەبی و کوردی سومبلی یەکێتیی نیشتمانی بێ و لە پێشەوەی دروشمەکانمان بێ لەپێناوی نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیاردا، کە لە شوباتی ١٩٤٤ لە (القاعده) بڵاوی کردۆتەوە، لەوێ-فەهد- داوای لە ئازادی کردووە، کە خەبات بکات (لە پێناوی ئازادی کوردانو سەرداری نیشتمانیان لە ئێراقدا و لە بەدیهێنانی ئازادییە دیموکراتییەکانیان، لەپێناوی نان و ژیان لەپێناوی دۆستایەتی و برایەتی خۆویستانەی نێوان کورد و عەرەب و لەپێناوی ئێراقێکی ئازاد و دیموکرات گەلێکی ئازاد بوو لە هەژاری و کوێرەوەری و نەخۆشی[٨]

(ئازادی) باسی لە مافی بریاردانی چارەنووس کردووە، بەڵام تەماشای ئەم ڕستە ئەدەبیانە بکەن، کە هیچ مانایەکی سیاسییان نییە و گەمارۆی (بڕیاردانی چارەنووسیان لەپیناوی ئازادیی کوردان و سەرداری نیشتمانیان...) چۆن؟ (لەپێناو ئێراقێکی ئازاد و دیموکراسی و گەلێکی ئازاد بوو لە هەژاری و کوێرەوەری و نەخۆشی)..(یەکێتیی نیشتمانی) و هەروەها ئەو داخوازییەی(زیان بە بەرژەوەندی عەرەب و کورد دەگەیەنێ).

شەهید -فەهد- داوای ڕێکخراوێکی دیموکراتیخواز و جەماوەری کردووە لە گەلی کورد. ئەوەتا لە تشرینی دووەمی ١٩٤٦ لە ڕۆرژنامەی (القاعده) دەنووسێ: (ئەی

هاوڵاتیانی هۆشمەند لە هەموو چینەکانی گەلی کورد، گەلەکەمان ئەمانەتێکە لە ئەستۆی ئێوەدا، ئەرکەکان بەجێ بهێنن بەرامبەر ئەو گەلەی ئێوەی لێ بووە؟، بەرەو ئەو رێیانە بیبەن، کە ڕزگاری بکەن لەوبارە ناخۆشەی تیایەتی، رێکخراوی گەلی کوردی بە شێوەیەك دروست بکەن، کە لەگەڵ بارودۆخی گەلی کورددا بگونجێ. ڕێکخراوێ لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەو گەلەدا بێ، ئێوە کاربکەن و لە حزبمانەوە هەموو پشتگیری و کۆمەکێ بەدەست دێنن.[٩]

ئەم حیزبە جەماوەرییە دیموکراتخوازە دەبێ سەرقافلێتی خەباتی کورد بکات بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس، چونکە هەر لە تشرینی دووەمی ١٩٤٥ هاورێ -فەهد-وتوویە (مافی بڕیاردانی چارەنووسی هەر نەتەوەیەك یەکێکە لە ئامانج و مەبدەئە سەرەکییەکانی حزبە شیوعییەکانی گشت جیهان، لەوانەش حزبی شیوعی عیراق، حزبمان حزبی شیوعی عیراق (حزبی کرێکار و جوتیارە، حزبی گشت جەماوەری گەلەکەمانە، لەپێناوی بەرژەوەندی گشت جەماوەری گەلدا بۆ ئازادی گشت خەبات دەکات، بەمەش ڕێکخراوی دیموکراسیانەی پێویست بۆ گەلی کورد و جەماوەری ڕەنجدەرانی دابین دەکا: تابتوانن ڕای خۆیان لەمانەوە یان جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە ڕابگەیەنن کاتێك، کە عیراق لە چنگی ئیستعمار ڕزگاری دەبێ، یان لە بارودۆخێکی گونجاو بۆ گەلێ) بەم جۆرە -فەهد- لە بەڵگەناکەی ڕەسمی(میساقی نیشتمانی) باس لە یەکسانی کەمینە نەتەوەییەکان) دەکات، وێجا بۆ سەرنجڕاکێشانی کۆمۆنیستە کوردەکان و بە شێوەیەکی(دوور بینانە[١٠] لە وتارێکدا باس لە مافەکانی بڕیاردانی چارنووس و تەنانەت (جیابوونەوە) ش دەکات. ئیتر سەرباری هەڵوێستی دوولایەنەی-فەهد- لە (میساق) و لە (وتارە) کە، ئەم (بڕیاردانی چارەنووسە)ی —فەهد- دەبێتە (کراسەکەی عوسمان) لێمان و هەمیشە پەنجەنومای دەخرێتە سەر!

ئێمە دوایی دەگەرێینەوە سەر سەرنجەکانی تری-فەهد-. ئێستا با لەوە گەڕێینو بپرسین ئەو جۆرە ڕێکخراوە چییە کە —فەهد- داوای کردووە؟ چ کارەیە؟ کام لە ڕێکخراوە هەبووەکانی مەیدانی ڕامیاریی کوردستان ئەم پێناسەی -فەهد- یان بەباڵادا دەبڕێ؟ لە مەیانی پراکتیکدا (حشع) چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەدا کردووە؟

**(هەڵوێست لە هیوا)**

(گەلی کورد پێویستی بە حیزبی (کار) هەیە نەك حزبی (هیوا) [١٢]

ئەم دەستەواژەیە، یەکێکە لەو سازدانەی حشع بەرپای کردبوو بۆ پێکەوەنانی (حیزبێکی کوردی دیموکراتی، جەماوەری، نیشتمانی...هتد) تاوەکو ڕێبەرایەتی خەباتی گەلی کورد بکا لەو سەردەمەدا (سەردەمی چلەکان)، ئەو کاری سازدانە بە دوو شێوە بەڕێوە دەچوو. یەکەمیان ڕادەربرین لەسەر و شەن و کەون کردنی خەسڵەتە فیکری و چینایەتی و نیشتمانییەکانی ڕێکخراوە هەبووەکانی گۆڕەپانی خەبات لە کوردستاندا. دووهەمیشیان تەرحی (حشع) بۆ ئەو پارت و ڕێکخراوانە، نووسینەکانی (فەهد) لە چلەکاندا بەم ئەرکە ڕاپەریون، لە هەرتەك شێوەدا (لە هەڵسەنگاندن و لە تەرحی ئەڵتەرناتیفدا). مرۆ ناتوانێ (تەماوێتی) و (ئاڵۆزی) بۆچوونەکانی (فەهد) فەرامۆش بکات. ئیتر (میرات) لە زێتر لە پەنجا ساڵی داهاتوودا (حشع) هەڵسەنگاندنی بۆ ئاقاری بزاڤی کوردستان و ئەڵتەرناتیفی وی بۆ قەیرانی بزاڤەکە، لە بۆچوونی (شڵەژاو و ترسئامێز) و (نە شیش بسووتێ نە کەباب) بەولاوە هیچی تر ناخاتەڕوو، ئەز تا ئێستا تێنەگەیشتووم (فەهد) چی ویستووە؟ چی ڕێکخراوێکی بۆ کورد بەڕەوا بینیوە، یەکێ لە ڕێکخراوە هەبووەکانی گۆرەپانی کوردستان (حزبی هیوا)یە .. خودی ئەو دەستەواژەی سەرەوە (گەلی کورد پێویستی بە حزبی کارە، نەك حیزبی هیوا) ڕاستەوخۆ توانجێکە لە حیزبی (هیوا) گیراوە. لە شوێنێکی تر لە کاتی تریشدا حشع حیزبی (هیوا)ی بە نموونەی حیزبی بودەڵە و هیچ لەبارا نەبوو هێناوەتەوە، گەلی کوردی (تەمبێ) کردووە، کە هیوا ئەو حیزبە نییە لە سانسۆری (حشع) دەربازی بێ و ناسنامەی نیشتمانی پێ ببەخشرێ، دە سەیرکەن:

(..لە وەختێکدا لە هەموو کوردستانی ئێراقدا هیچ ڕێکخراوێکی پارتایەتی ڕامیاری دیموکراتی نەبوو، بگرە زۆربەی گەنجە کوردەکان بە پارتی ناسیونالیستی کۆنەپەرست هەڵخەڵەتێنرابوون، کە پەیوەندی گومان لێکراویان بە کۆلۆنیالیزمەوە هەبوو، وەکو حیزبی هیوا [١٣].

یان (فەهد) لە وتاری بەنێو: (ئەوانەی ئەمرۆ بەنێوی گەلی کوردەوە ڕێبەرایەتی دەکەن.. پشت بە میللەت نابەستن، چونکە لە میللەت ناگەن و ناشتوانن هێزی

ڕاستەقینەی هەست پێ بکەن، هەر بە زۆری ئەوان ڕێبەرایەتیکیان ناوێ لە ڕێگای میللەتەوە بۆیان بێ، چونکە بەپێی مەزندەیان، مەترسی دەخاتە سەر بەرژەوەندییە چینایەتییەکان و پەتی لێك گەیشتنیان، کە بەرژەوەندییان بە بەرژەوەندییەکانی کۆڵۆنیالیزمەوە دەبەستێ، دەپسێنێ. ئەم ڕێبەرایەتیانە نوێنەرایەتی بزاڤی کوردی ناکەن، نوێنەرایەتی بەرژەوەندی گەلی کورد ناکەن، بونیشی هۆی وەپاشکەوتنی بزاڤی کوردی و ڕێگری ڕەگەزی هشیاری بوو لەم بزاڤەدا[١٤].

زۆری ئەو سەرچاوانەی کە لە هیوا دواون، خراپیان هەڵسەنگاندووە، بیرەوەرییەکانی مامۆستا (صالح حەیدەری)، لە پاڵ ئەوەی بۆچوونی ئەو دەردەبرن، لە هەمان کاتدا کۆکراوی ئەو هەڵسەنگاندنەشی تێدایە، کە دامەزرێنەرانی هیواو سیاسەتمەداران و مێژوونووسان لەسەر هیوا یاداشتیان کردووە، ئەو سەرچاوانە سروشتی (هیوا)مان بۆ دیاری دەکەن کە:

١- سەرۆکی حیزب (ڕەفیق حلمی).. بە ڕێبەری باڵا دانرابوو.(خاوەن بیرێکی پارێزگارخواز بووە، لە لایەنگرانی هاریکاری بووە دەگەڵ ئینگلیز بە مەبەستی دەستگیرکردنی هەندێ دەسکەوتی نەتەوەیی، بەڵام لەپاشاندا دەستی بە گۆران کرد بەرەو ئاقاری پێشکەوتنخوازی) ئەمە ئاخاوتنی مامۆستا -صالح حەیدەری-یە.

٢- گۆڤاری گەلاوێژ زەمینەخۆشکەری دامەزراندنی هیوا بووە. ئەو گۆڤارەش چەندین وتاری دژ بە فاشیزم بڵاکردۆتەوە، هەروەکو ڕۆژنامەی خەبات لە ژمارەی ٣٠٨ ڕۆژی ١٩٦٠\٩\٨ ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە (گەلاوێژ) (خزمەتێکی زۆر گەورەی کردووە لە بواری پووچەڵکردنەوەی پڕوپاگەندە فاشیە-هیتلەرییەکان لە کوردستان و کارتێکردنیان لە میللەتی کورد بە چەشنێك هەر بە ڕاستی بووبووە زمانحاڵی پێشکەوتنخوازی ڕاستەقینە بۆ هەموو سەرکردە و ڕێبەران و هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە بزاڤی نەتەوایەتی ڕزگاریخوازی میللەتی کورد لە ئێراقدا[١٦].

٣- حیزبی هیوا حزبێکی نەتەوەیی بووە، ئامانجی جێکردنی دەوڵەتێکی کوردی بووە لە داهاتووی دووردا..(لە ئەنجامی تێکۆشانی فراوانی (حزبی هیوا) ناوبانگ و دەنگی لە هەموو کوردستانی عێراق وە زۆر بە زوویی نیشتمانپەروەر و خوێندەوار و ئەفسەر و پیاوە ناسراو و سیاسییەکانی دڵسۆزی کورد لە دەوری ئاڵای کۆبوونەوە. پاش ماوەیەکی زۆر کەم لە دامەزراندنی ژمارەی ئەندامانی گەیشتە هەزار و

پێنج سەد ئەندام، کە بەشی هەرە زۆریان ئەفسەر و نائب و سەرباز و خوێندەوار و رەوشنبیران بوون لە محامی و دکتۆر و مامۆستا و قوتابی، وە ژمارەیەکی یەکجار زۆریشیان لە دۆست و لایەنگیر هەبوو، بگرە ئەتوانین بڵێین بەشی هەرە زۆری میللەتی کورد لە عێراقدا باوەریان بە تێکۆشان و هەنگاوەکانی ئەهێنا و ئامادەبوون لەپێناو گەیشتنی بە ئامانجەکانی بێ سێ و دوو فیداکاری و خۆبەخت کردنێکی تەواو بنوێنن. نەك هەر لە کوردستانی عێراقدا، بەڵکو لە کوردستانی ئێران و تورکیاو سوریەشدا هەنگاوی پیرۆزی نا، لە پێناو رێکخستن و ئاراستەکردنی بزوتنەوەی کوردایەتی یاندا)[١٧]

٤- وەکو هەر حزبێکی تری دیموکراتی، کە ناسنامەی چینایەتی ناڕۆشن بێ، (بەتێزی مارکسیزمانە) (هیوا) لە دووباڵ پێك هاتبوو، (چەپ و ڕاست) هەمیشە ئەم دووباڵە لە ململانێ دابوون، باڵی (چەپ) نیازی بووە (هیوا) بە لای بلۆکی سۆشیالیستی دابشکێنێ و پەیوەندییەکی بەتینیان هەبووە لەگەڵ (یەکێتی تێکۆشین)[١٨] باڵی ڕاستیش بە لای ڕۆژئاوا و ئینگلیزدا شکاوەتەوە (پێکهاتووی چینایەتی حیزبەکە و ناکۆکیە ناوخۆییەکانی و کارتێکردنە دەرەکیو دوژمنایەتی خوازەکان و دۆخە ناوخۆیی و جیهانیەکان... ئەوانە پەلەیان لە تەقینەوە خەملاندن و ئاشکراکردنی ئەو ناکۆکیانە کرد[١٩] ناکۆکی لەناو هیوا لەسەر ئەوە بوو:

- بەچی ڕێبازێك خەباتی کوردایەتی ئاڕاستە بکرێت و کام جەمسەر پاڵپشتی کورد بێ؟

- ئایا پشتگیری ڕاپەرینی بارزان -١٩٤٣- بکرێت یان نا؟ ئەو پشتگیرییە نهێنی بێت یان ئاشکرا؟

٥- دەرەنجامی ئەوانە هەموی لاپەرەی (هیوا) لە ڕۆژمێری سیاسی لە کوردستاندا پێچرایەوە..

(هیوا) وەکو حزبێکی ناسیونال. لەنێو ڕێکخستنەکانی خۆیدا ژمارەیەکی زۆری لە (ئەفسەر و رۆشنبیران و خوێندەواری پێشکەوتووی کورد)[٢٠]ی کۆ کردبۆوەوە. بۆ ئەو کاتەی (کوردستان) تاڕادەیەك ڕێکخراوێکی مودرین بوو. حزبێك کاسبکارانو سەرۆك عەشیرەتە کوردەکانی لە خۆی کۆکردبوەوە، حزبێك کە ئیتر هەوڵی بورژواو هوردەبورژوای کوردی دەخاتەڕوو بۆ ڕابەرایەتیکردنی بزاڤی داواکارییەکانی کورد لە

حکومەتی مەرکەزی. دەکرێ ڕاپەرینی ساڵی ١٩٣٠ی بەردەرکی سەرا لە سلێمانی، بە دوا ڕاپەرینی بزانین بۆ سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان (کوردستانی بن دەستی ئێراق) ئیتر لەوێوە بزاڤی کورد و داواکارییەکانی ڕووی لە کەمی کرد، چووە قاڵبی تەسکی مافە سەرەتاییەکانی هەر کەمینە نەتەوایەتیەك -ڕاپەرینی ١٩٣٠ کە دوایین ڕاپەرینی سەربەخۆییە، لە هەمان کاتدا سەرەتای گواستنەوەی خەبات بوو لە گوندەوە بۆ شار.. ئیتر (حیزبی هیوا) بەرهەمی ئەو گواستنەوەیە.. کۆکراوەی ئەو تەقەلایانە کە خەباتی بورژوای کوردی بۆ ڕابەرێتیکردنی (بزاڤی کورد) پیشان دەدا، بزاڤی داواکاری ڕیفۆرمیستانە، نەك ڕادیکالیانە و هێنانەئارای پرۆگرامی سەربەخۆیی کوردستان. (حشع) مەبەستی نەبووە (خوانەخواستە) حزبێکی مارکسیزم- لینیزمی کوردستانی بێتە بوون، چونکە پێی وابووە خۆی دەتوانێ لە ئاستی (ئێراق) و (کوردستان) بەو ئەرکە ڕابگا. هەرچەندی دەکەین لە پێناسەی (فەهد) دا لە حزبێکی (بورژوا-دیموکراتی) زێتر هیچی ترمان بۆ ساغ نابێتەوە. کەواتە (هیوا) یان (ڕزگاری) یان (پارتی) سێکچی ئەو (حیزبە)یە، کە فەهد داوای کردوە. حزبێکی دیموکراتی کوردی کە ڕابەرایەتی بزاڤەکە بکات، ئیدی کە حزب مارکسی نەبوو، هەر بەتێزی مارکسیزمانە دیارە بورژوازییە، ئیدی کە حزب بورژوازی نەبوو، چۆنە کە ڕیفۆرمیست نەبێ؟ لەکاتێکدا کە بەرنامە هەنوکەیەکەی چەند داواکارییەك بێ لە حکوومەتی مەرکەزی و سەربەخۆیی کوردستان وەکو (هیوا)یەك بێ لەلای، نەك ئەرك و (کار)ی ئەمرۆ.. ئیتر چۆن حزبی (کار) بێ؟ لە وڵاتێکی وابەستەش بە ئیمپریالیزم (ئێراق) و نیشتمانێکی پاشکۆی وابەستەی ئیمپریالیزم (کوردستانی بن دەستی ئێراق)...

لە وڵاتێکی ئاوەهادا حیزبی بورژوازی چۆن نیشتمانی دەبێ و سەرکردایەتی بزاڤی دیموکراتی میللەتێکی پێ دەکرێ؟ چۆن ئەو حیزبە (پشی پشی) و مامەحەمەیی بۆ بورژوازی عەرەبی دەسەڵاتدار لە عێراق ناکا؟ کە بۆرژوای دەسەڵاتداری عەرەبی لە ئێراق دەسکەلای (ئینگلیز) بێ، چۆنە کە حیزبی (هیوا) لە ڕێگای سەرکردەی حیزبەوە پەیوەندی بە ئینگلیزەوە ناکا، هەر بە حوکمی بونیادی چینایەتی خۆی و حیزبەکەی[٢١].

ئەگەر بپرسین ئەو وەختە کێ حوکمی ئێراقی دەکرد؟ ئەو کاتە تێدەگەین کە

(هیوا) ڕێزی لە سات و کات گرتوە، لە جێگای ئـەوەی داوا لە حکومەتی مەرکەزی بکات، داوای لە ئاغاکانی حکومەتی مەرکەزی کردووە. ئێمە داکۆکی لە (هیوا) ناکەین، چونکە (هیوا) هەرگیز لە میژوودا داوای لیَ نەکردووین کە پێی بڵێین حزبێکی (مارکسی عەیار تەواو)! بەڵکو ئەو نیازی بووە وەکو (حیزبی کوردایەتی) خۆی پیشان بدات، ئێمە داکۆکی لە (هیوا) ناکەین، بەڵام دەڵێین ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی دوای ئەو هاتوون لەو (چینایەتی) تر؟ بوون! بگرە هەمان دەستەی (حزبی هیوا) بوون، کە خۆیان لەناو ڕێکخراوەکانی پاش (هیوا) بینیوەتەوە (شۆرش، ڕزگاری، پارتی) ئێمە هیچ لەوانە ناکەین، بەڵکو دەڵێین ئەو حیزبەی (فەهد) بە باشی دەزانی هەر هەمان بونیادی چینایەتی حیزبی (هیوا) دەبێت. لە (هیوا) چەپی و ڕاستی هەبووە، دۆستی ئینگلیزی و دۆستی سوفیەت هەبووە، ئاغا و کاسبکار و بازرگان و جوتیار.. ئەم دیاردەی چیشتی (مجیۆرە) لە حیزبەکانی تریش تاودانەوەی هەبووە. ململانێی چەپ و ڕاست بەردەوام بووە. لەوەو پاشی خەباتی سیاسی لە کوردستان (لە هیوا واوەتر) گەواهی ململانێی کۆن و تازەن!!

ڕەنگە هەر خورسکانە(فەهد) و (حشع) میزاجیان دەگەڵ هیوا وێك نەهاتبێتەوە، دەنا هەر بە پێوەدانگی پێناسەکەی خۆیان هیچ پاکانەیەك بۆ ڕەتکردنەوەی (هیوا) نییە، وێجا بابزانین چی بە (شۆرش) و (رزگاری) و پاشان پارتی دەڵێن؟ چۆنیان مامەڵە دەگەڵ دەکەن؟

**پەراوێزەکان:**

١- ئایا پێکهێنانی حزبێکی شیوعی سەربەخۆ مەسەلەیەکی پێویستە -کەریم ئەحمەد- ڕێگای ئاشتی و سوشیالیزم ژمارە ٢٤-٢٥-١٩٩٥ لاپەرەکانی ١٠٤-١١٩.

٢-ڕێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد، راپۆرتی سیاسی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان.

٣-الرفیق-فهد-قضیتنا-منشورات الثقافة الجدیدة-مطبعة الشعب-بغداد ١٩٧٣- لاپەرە ٤٢.

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥-جلال طالباني: كردستان و الحركة القومية الكردية. منشورات النور ط١ بغداد-١٩٧٠ پەراویزی ژمارە ٧٠ لاپەرەی ٩١.

٦-اسماعیل بیشکچی-کوردستان کۆلۆنی نیودەوڵەتان ئەڵقەی هەشتەم-کوردستانی نوێ ١٩٩٢

٧-تقریر اللجنة المركزیة للحزب الشیوعی، سیاستنا و طریقنا لحل المساءلة القومیة الكردیة فی العراق حلا دیمقراطیا عادلا)ا اذار ١٩٦٢-بغداد فی کتاب (من وثائق الحزب الشیوعی العراقی. موقفنا من المساءلة القومیة الكردیة (مجموعة وثائق برنامجیة)

٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٤٧.

٩-ڕێگای کوردستان، ئۆرگانی هەرێمی کوردستان حیزبی شیوعی عیراق، ژمارە ٣ کۆتایی نیسانی ١٩٩٢ دوا لاپەرە.

١٠-کەریم ئەحمەد، ئایا پێکهێنانی حزبێکی شیوعی سەربەخۆ مەسەلەیەکی پێویستە؟ ڕێگای ئاشتی و سوسیالیزم-ژمارە ٢٤-٢-١٩٩٠ لاپەرەی ١٠٧-١٠٨، ئەم وتانەی -فەهد- لە هەموو سەرچاوە عەرەبی و کوردییەکاندا بەگیر دەکەون. هەر کە باس لە دۆزی کوردو هەڵوێستی حشع دەکرێ-وەکو بەڵگە لەبن دەست دایە.

١١- وشەی نیوکەوانەکە: (دووربین) سەرنجی مامۆستا (صالح حەیدەری) یە.

١٢-ئەم لێکچواندنە بە عەرەبی موزیکی خۆشی هەیە:

(الاکراد بحاجة الی حزب العمل و لیس حزب الامل)

١٣-(سیاستنا و طریقنا لحل المساءلة القومیة الكردیة فی العراق حلا دیمقراطیا عادلا) تقریر اللجنة المرکزیة للحزب الشیوعی العراقی-اذار ١٩٦٢ بغداد- لە کتێبی من وثائق الحزب الشیوعی العراقی و المساءلة الكردیة (مجموعه وثائق برنامجیة) لاپەرە ٤٧.

١٤-هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە (٦٩).

١٥- مذکرات و لمحات من تاریخ الحرکه الوطنیة و الثوریة مخطوطة غیر منشوره، جریدة الاتحاد، السبت ١٢ کانون الاول، ١٩٩٢ العدد ٧ السنه الاولی.

١٦-هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەرە ٤.

١٧-مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان-عیراق تا بەستنی کۆنگرەی سێیەم.نووسەری عەلی عبدالله ئەیلول ١٩٨٦-لاپەرە ١٧-١٨.

١٨-کورتە لێکۆلینەوەیەک لەمەڕ دامەزراندن و هەڵوەشاندنەوەی حزبی شۆرش و ڕزگاری لە کوردستانی باشووردا ساڵی ١٩٤٤-١٩٤٦-ب- هەوراز لاپەرە٧.

١٩-ئەمە بۆچوونی مامۆستا صالح حیدری یە، بروانە مذکرات و لمحات من تاریخ الحرکه الوطنیة و الثوریة فی کوردستان و العراق- صالح حیدری- الحلقه ٤ مخطوطة غیر منشورة، جریدة الاتحاد، السبت ١٢ کانون الاول ١٩٩٢ العدد ٧ السنه الاولی.

٢٠-مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان-عیراق تا بەستنی کۆنگرەی سێیەمی نووسەری- عەلی عبدالله - ئەیلول ١٩٨٦ لاپەرە ١٧.

٢١-زۆرجار لە سەرچاوەکان باسی پەیوەندی (رەفیق حلمی) بە ئینگلیزەوە کراوە.

*ڕۆژنامەی نیشتمان ١٩٩٣/٢/٢٤ هەولێر

# دۆرزی کوردستان لە دیدی کۆمۆنیستی ئێراقەوە

لە پایزی ١٩٤٤دا کۆمۆنیستە عەرەبەکانی -وحدة النضال- چەند دانیشتنێك لەگەڵ گرووپی شەهید -فەهد- (القاعدة) ساز دەکەن، پاشان بێ مەرج دەگەڕێنەوە ناو (القاعدة)، هەرچی کۆمۆنیستە کوردەکانی- یەکێتی تێکۆشینە- ئەوانە پێیان باش بوو کە ڕێکخراوەکانی خۆیان بپارێزن، تاوەکو تایبەتمەندییەکانی کوردستان لەبەرچاو بگرێ، بەڵام فەهد قایل نەبوو، پێیوتن (ئێوە بەشێکن لە گشت واتا (ڕێکخراوی تێکۆشین) مادەمەکی گشت خۆی هەڵوەشاندەوە بێ مەرج وکوسپ، مادەمەکی لق پاشکۆی گشتە، کەوابێ کێشەکە ئەوەیە ئێوە سەر بە حیزبن، بێ مەرج و کوسپ وەکو تاکەکەس[1] بۆیە وەفدی یەکێتی تێکۆشین: (صالح حەیدەری-نافع یونس- عەلی عبدلله) حزبی شیوعی لە کوردستانی ئێراق پێك دەهێنێ (کە پاشان بە شۆرش ناسرا. نێوی ئۆرگانی حیزبەکە و بانگەشەی دامەزراندنی حزبێکی جەماوەری ڕزگاریخواز بە گوێی خەڵکی کوردستان دەدات، لەمەڕ خۆ دامەزراندنی حیزبی شۆرش بەهەشتی نوری شاوێس دەبێژێ: (لە ڕاستیدا هۆی دامەزراندنی حیزبی شۆرش، پەیماننامەی نیشتمانی حزبی شیوعی ئێراق بووە، کە کوردی ئێراقی بە کەمینە دادەنێ).[2]

لێ مامۆستا (صالح حەیدەری) دەڵێ:

(ڕێکخراوەکەمان نێونا حزبی شیوعی لە کوردستانی ئێراق، چونکە ئێمە باوەڕمان بە پێویستی بوونی دوو حزبی شیوعی کوردی و عەرەبی نەبوو لەیەك وڵاتدا، بەڵکو بنەڕەتی ناوەکە جیاکردنەوەی ڕێکخراوی کۆمۆنیستمانە لە حزبی شیوعی ئێراق، بە هۆی کێشمەکیشمان لەسەر پێویستی بەخشینی سەربەخۆیی بۆ ڕێکخستنەکانی کۆمۆنێستی لە کوردستانی ئێراقدا، تاوەکو قەوارەیەکی تایبەتی خۆی هەبێ لەنێو قەوارەی گشتی دا، ئەم کارەمان بە کاتی زانی کە کۆتایی

پێ دێت، وەختێ کۆمیتەی ناوەندی بریار لەسەر بۆچونەکەمان دەدات، یەکێتی دەگەڕێتەوە بۆ حزب لەسەر بنەمایەکی یەکگرتنی ئارەزوومەندانە)[٣].

کەوابێ (شۆرش) خۆی وەکو ڕێکخراوێکی مارکسیستی- لینینستی کوردستانی ساغ نەکردبۆوەوە، هەرچەندە زۆر لە چەپە کوردستانییەکان وەکو ئەزموونێکی مێژووی ئاماژەی بۆ دەکەن و جەغت دەکەنە سەر هەڵە مێژووییەکەی بەخۆ تواندنەوەی لەنێو (حشع) و (پارتی)، کە لە دۆخی دروستبووندا بوو[٤].

مەسەلەی دامەزراندنی حزبێکی کۆمۆنیستی، کە ڕابەرایەتی بەرەیەکی نیشتمانی بکات و بتوانێت هاوپەیمانێتی کرێکاران و جوتیاران بێنێتە بوون و بورژوای بچووك و بورژوای نیشتمانپەروەر لە دەوری ئەو بەرەیە مۆدێلێکە لە شۆرشی چینەوە داهاتو پاشان پەڕیەوە بۆ (کوریا) (فیتنام) ..هتد. و سەرکەوتنی لەوێ بەدەستهێنا. ئیتر وەکو لەمەولا دەبینین، تێکڕای گەلانی جیهانی سێیەم بۆ خەباتی ڕزگاری نیشتمانی خۆیان دژ بە کولۆنیالیزم و ئیمپریالیزم ئەو مۆدێلە ئامادەکراوە پەیڕەو دەکەن، ئێمە هەڵبەت لەسەر گونجاندن و نەگونجاندنی ئەو مۆدێلە بە تێکڕای گەلان بە کەلی کوردیشەوە دەئاخفین چی لە سەردەمی خۆی، چی لە سەردەمی ئەمرۆی جیهانی یەك جەمسەری (هەژموونی ئەمریکا و ڕژێمی نوێی جیهانی) ئەوەی ئێستا پەیوەستە بە باسی (شۆرش)وە ئەوەیە، کە ئەو حیزبە لە ناوچەکەدا لە ڕووی مێژووییەوە یەکێ بووە لەو حیزبە پێشرەوانەی بە زووی ڕەنگدانەوەی (شۆڕشی چین)و تێزەکانی ئەو شۆرشەی تێدا دەرکەوتووە (لە نیوەی یەکەمی چلەکان، کە هێشتا ململانێی نێوان سوڤیت-چین لەئارادا نەبوو.)

مامۆستا (صالح حەیدەری) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەوان ویستویانە کەڵك لە ئەزموونی شۆرشی چین وەرگرن، واتا هەمان ڕۆڵ کە کۆمۆنیستەکانی چین لە کۆمنتانغ گێڕایان[٥] ئێ خۆ کومونیستەکانی چین کاتێ زانیان ئیتر ناتوانن لەناو (کومنتانغ) ڕێکخستنی تایبەتی خۆیان بپارێزن، لەو کاتەدا بێ گوێدان بە ئارەزووی (ستالین) و یەکێتیی شورەوی (سەنتەری کۆمۆنیزمی جیهانی ئەو وەختە) بە پێویستی مانەوەیان و خۆ تواندنەوەیان لەنێو کومنتانغ، بەڵێ بێ ئەوە، کۆمۆنیستەکانی چین بوێرانە کەوتنە ئاڕاستەکردنی شۆرشی چین، هەرچی حزبی شۆرشە ئەوە پاش پێکهێنانی (رزگاری) وەکو (بەرەیەکی نیشتمانی) و

ڕێبەرایەتیکردنی ئەو بەرەیە لەلایەن شۆڕشەوە، پاش ئەوەی شۆڕش دەنگ و سەدایەکی لە کوردستان پەیداکرد، کەوتە دۆخێك کە ئیتر دەبوایە لە دووانەی حزبی بورژوای کوردی و حزبی مارکسیستی ئێراقی یەکیکیان هەڵبژێرێ! بۆیە هەندێکیان دەچنە ڕیزی پارتی تازە دامەزراو، بە مەرجەکانی نوێنەری (بارزانی نەمر) و هەندێکیان دەچنە ڕیزی (حشع)وە.

پێش ئـەوەی شەهید -فەهد- بانگەوازی خۆی لەمەڕ حزبی جەماوەری دیموکراتی کوردی بڵاوبکاتەوە، پێش ئەو بانگەوازە، شۆڕش کەوتە کارکردن بۆ دامەراندنی حزبێکی جەماوەری دیموکراتی، کە سەرکردایەتییەکەی بە دەست مارکسیستەکانی حزبی شۆڕشەوە بێ، چونکە بینیمان کە هەموو دۆخە خودی و بابەتیەکان لەبارە بۆمان تا دایمەزرێنین و هزرەکە بێنینە پانتایی بوونەوە، ئاوەها هەوڵ و کۆشش کرا بۆ دامەزراندنی پارتی ڕزگاری کورد لە دوماهیا سالا ١٩٤٤ و بەرایی یا سالا ١٩٤٥)(٦).

ئەم بانگەوای شەهید -فەهد- لە نیسانی ١٩٤٥ لە پای چی؟ ئەوەتا شۆڕش وەکو پارتێکی مارکسیستی لە کوردستان دامـەزرا، پاشان هەر ئەو حزبە لە سەرەتای ١٩٤٥دا داوای حزبێکی جەماوەری کـوردی کـردووە (پێش شەهید- فەهد) ئەو حیزبە ڕزگاری بووە، وەکو (بەرەی بەرخودان لە فەرەنسا و بەرەی ئەیام لە یونان و بەرەی ڕزگاریخوازی وڵات لە یۆگۆسلافیا).. ڕزگاری لەلایەن حزبی شۆڕشی مارکسیستەوە ئاڕاستە کراوە، وەکو (هیوا) کۆنەپەرست نەبووە!! ئیتر بانگەشەی نیسانی ١٩٤٥ چی دەگەیەنێ؟.!

١- خۆ ناشێ شەهید -فەهد- ئاگاداری دامەزراندنی ڕزگاری نەبوو بێ؟.. بە گەواهی ئەوەی پاش دامەزراندنی (حشع) هەڵوێستی خۆی هەبووە.

٢- ئەگەر حزبی شۆڕش وەکو حزبێکی مارکسیستی - لینینستی کورستانی لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە ئاخافتن لە سەر ڕەوایی و ناڕەوایی هەڵبگرێ، (کە ڕەواشە) بەو بۆچوونە، کە نابێ دوو حزبی کۆمۆنیست لە سنوری جوگرافی یەك وڵات هەبێ- ئەگەر ئەو باسە سەبارەت بە (شۆڕش) جێگەی گفتوگۆ و مشتومڕ بێ، ئـەوە خۆ ڕزگـاری حزبێك بـووە پێناسەکەی شەهید -فەهد-بۆ حزبێکی جەماوەری کوردی دەیگرێتەوە.. ئەی ئیتر بۆ شەهید -فەهد- بوونی فەراموش

دەکات و لە نیسانی ١٩٤٥ بانگەشەی حزبێکی تر بڵاو دەکاتەوە؟

**٣-** نە، دیارە شەهید -فەهد- حزبێکی ویستوە، کە پابەندی ڕامیاریی (حشع) بێ، کە بیچمێکی دیموکراتی بێ بۆ (حشع) لە کوردستاندا... دامەزراندنی پارتی ڕزگاری کورد بخەپتن لەپێناو ژێرپێخستنی پیلانەکانی کۆلۆنیالیزم و کۆنەپەرستی) لەو بەیاننامەیە مەبەستی دامەزرندنی (ڕزگاری) مان نیشان دەدات (نەتەوەی کوردی دابەشکراو بە پێی پلان و تەماع کاریەکانی کۆلۆنیالیزم لەسەریێتی کە بخەبتێ لەپێناو بریاردانی چارەنووس و ئازادکردنی کوردستانی گەورە، ئەویش بە ڕامالین و بڕینی کلکی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و خزمەتکارانی، بە بەرکارهێنانی هێزێکی (ڕێکخراو) و (تەدبیرکەر) لەنێو کۆی ناوچە کوردییەکان، یەکگرتووبێ تەواوی یەکگرتن لەنێو خۆیاندا، لەم ڕۆژانەش پارتی هەمووان هاتە بوون. بەنێوی ڕزگاری کورد لە کۆی کۆمیتە کوردیە ئێراقیە گچکەکان، بەهی کۆششەکانی پارتی کۆمۆنیستی لە کوردستانی ئێراقدا دەگەل نیشتمان پەروەرانی تر.

هەر لەگەڵ پاراستنی قەوارەی خۆی پارتی کۆمۆنیست[٩] هاریکارییەکی تەواویان دەکات بۆ گەیشتن بە نیازە هەنوکەییەکان[١٠].

سیمای نیشتمانی و بەرەیی و بەرفراوانی بەرنامەی حزبی ڕزگاری لە خودی ئەو بەیاننامەیە دەردەکەوێ، کە جارلێدانی هاتنە مەیدانی (ڕزگاری)یە.. ئەمە دەقی بەیاننامەکەیە (بەیاننامەی نیشتمانی پارتی ڕزگاری کورد کە لە دەستەی دامەزرێنەری پارتەوە دەرچووە).

یەکەم: ئارمانجی بالآمان، ڕزگاری و یەکگرتنەوەی کوردستانی مەزنە، وە بەپێی ئەوەی مەڵبەندی پارت لە کوردستانی ئێراقە، بۆیە ئێمە کۆشش دەکەین لەپێناو ڕزگارکردنی ئێراق لە پێگەی کۆلۆنیالیزم و حکومەتە کۆنە پارێزەکان، کە تا ئێستا مەزنترین تەگەرەن،کە ڕێگا لە پێشنەچوونی کوردەکانی ئێراق دەگرن بۆ گەیشتن بە مەبەستی هەرە گەورە، ئازادی و مافی بریاردانی چارەنووس.

دووەم: کۆششکردن بۆ دەسگیرکردنی سەربەخۆبونی بەرێوەبردن بۆ کوردستانی ئێراق، کە ئەویش وەك هەنگاوێکی گەورەیە بۆ بڕیاردانی چارەنووسی کوردان.

سێیەم: کۆششکردن بۆ داماڵینی هەمە جۆرەکانی چەوساندنەوە و جیاوازی

نەتەوەیی، کە کوردان و کەمینەکانی تر دەگرێتەوە.

چوارەم: کۆششکردن بۆ دیتنەوە و بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ پارتی و مەڵبەندە کوردییەکان لە دەرەوەی ئێراق بۆ یەکخستنی هەموو کۆششەکان تا گەیشتن بە ئامانجی بالا (مافی بریاردانی چارەنووس و ڕزگاری).

پێنجەم:کۆششکردن بۆ ڕیفۆرمێکی گشتی هەموو کێشە ڕامیاری و کۆمەلایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەکان بە دەستەبەرکردنی مافە دیموکراتیەکانو بەرزکردنەوەی ئاستی کشتوکاڵی و پیشەسازی و پەخشکردنی زانیاری و بوژاندنەوەی مێژووی ویژەی کوردی.

شەشەم: بەگشتیکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە هەموو خوێندنگا و ئۆفیسەکانی ناوچە کوردییەکان.

حەوتەم: کارکردن بۆ ڕۆشنکردنەوەی کێشەی کورد بۆ هەموو نەتەوەکان.بە تایبەتی نەتەوەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست.

هەشتەم: کارکردن بۆ پەیوەندی بەستن و هاوکۆمەکی لەگەڵ حزب و ڕێکخراوە دیموکراسییەکان.

نۆیەم: کارکردن بۆ پیکەوەنانی پەیوەندی ڕامیاری دەگەل ولاتە دیموکراتییەکان بۆ بەرهەڵستیکردنی پیلانەکانی کۆلۆنیالیزم و کۆنەپاریزان و(بەکرێگیراوانیان)، کە لە هەوڵی زیندووکردنەوەی بەیاننامەی(سەعد ئابادن) و بەرهەڵستیکردنی هەموو فراکسیۆنە کۆلۆنیالیزمی و کۆنە پارێزییەکان، کە بەربەستی ئازادییە گشتییەکانن و ئازادی کوردان بە شێوەیەکی تایبەتی[11].

ئەگەرچی وەکو گوتمان (شۆرش) لەسەر مەسەلەی بوونی (ڕێکخراوی مارکسیستی) هێشتا خۆی ساغ نەکردبوەوە، بەلام بە تێڕوانین لە ئارمانجی شۆرشو بەیاننامەی ڕزگاری دەتوانین تێبگەین، کە شۆرش وەکو پێشڕەو ئاڕاستەکردنی ڕزگاری وەکو بەرەیەك لەلایەن ئەوەوە، وێنەیەکی سەرەتایمان دەدەنێ لەسەر هەرەمی ڕیزبەستنی چینایەتی لە بزاڤی ڕزگاریی کوردستاندا..(سەرەتاتکێی) هەوڵدانێکە، کە خەباتی چینایەتی و نیشتمانی پێکەوە گرێ بدات .. مەبەستمانە لەمەودوا باسەکەمان بەرەو ئاقارێ ببەین، کە لەو هەوڵدانە بپێچێتەوە لە ڕەوتی ئەو بزاڤەدا (کۆمەڵەی ڕەنجەران، کۆمەڵەی زەحمەتکیشان، پارتی کرێکاران،

حزبی زەحمەتکێشان، تێکۆشانی ڕەنجدەران، مەسەلەی کوردستانییەکانی حشع..) و ئەزموونی گەلانی تر لەو بارەیەوە.

لە هێڵە گشتییەکاندا (شۆرش) بەرنامەی هێندەی بەرنامەی (حشع) ڕادیکالی بووە (شۆرش بۆ کوردستان و حشع لە ئاستی ئێراق) ئەو بە دووی هاوخەباتی کوردو عەرەب دا گەڕاوە بۆ ئامانجێکی هاوبەش، ڕامالینی کۆلۆنیالیزم لە ئێراق کە باشووری کوردستان بە ڕەسمی بەشێك بووە لێی، بەڵام شۆرش و بەرە فراوانەکەی ڕزگاری بە ڕزگاریی ئێراقەوە نەوەستاون، بەڵکو وەکو ئامانجێك لە ڕێگای ڕزگاریی کوردستانی گەورەدا، ئەم ئامانجە ستراتیژییە (شۆرش) و (ڕزگاری)ی لە (حشع) جیادەکردەوە. بەم مانایە هەڵوێستی ئینترناسیونالیستی شۆڕش و ڕزگاری دیاربووە، هاوخەباتی کورد و عەرەب، لەنێو بزووتنەوەی دیموکراتی نیشتمانی ئێراقی دا، شۆرش زێتر لە هەر (ڕێکخراو) و پارتێکی تر هاوخەباتی(حشع)ی لەبەرچاو گرتووە. ڕزگاری بیر خەرەوەیەك ئاڕاستەی لێپرسراوانی (میسر) دەکات، تێیدا خەباتی گەلی میسر دژی کولونیالیزمی ئینگلیزی پیرۆز دەکات و ئاماژە بۆ خۆپیشاندانەکانی بەغدا دەکات، کە رۆڵەکانی گەلی کورد کاریگەرانە بەشداریان کردووە[١٢].

ئەمە هەڵوێستی شۆرش و ڕزگاری بووە، بەڵام چی بە شۆڕش و ڕزگاری کرا، لەلایەك دەرەبەگی کوردی وەکو ئەڵتەرناتیڤێك لێی دەترسا و پڕوپاگەندەی (کۆمۆنیزم) و (کافری) دەخستە پاڵ شۆرش، لەلایەکی تر (حشع) وەکو (هەویَ) یەکی خۆی لە کوردستاندا سەیری (شۆرش)ی-دەکرد، بوونی ڕزگاری ڕەت دەکردەوە، بەوەی پاش دروست بوونی (واتە دروست بوونی ڕزگاری) لە نیسانی ١٩٤٥ داخوازی حزبێکی جەماوەری کوردی بەرز دەکاتەوە.

هەر بە بۆنەی شۆرشی بارزانەوە ١٩٤٥ -حشع- بەیاننامەیەك بڵاودەکاتەوە (نیازمانە قسە لەسەر ئەو بەیاننامەیەش بکەین) لەو بەیاننامەیەدا، لەپاڵ ئەوەی سەرکوتی بیری ڕەت دەکاتەوە .. لەپاڵ ئەوەش، هەر لە مەیانی ئەو بۆنەیەدا چەند قسەیەکی(خۆش) بە شۆرش و ڕزگاری دەڵێ[١٣]

لە شوێنێکدا (حشع) لەسەر شۆرش ئەم دەربرینانە تۆمار دەکات:

(دەستەیەك کەسی ئاژاوەچی، بەیاننامەیەکیان بەناوی حزبی شیوعی کوردەوە

بڵاوکردۆتەوە، شتێکی ڕوون و ئاشکرایە، ئەوانەی ئەیانەوێ بەناوی حزبی شیوعی کوردەوە سەرکردایەتی سێ پارچەی بزوتنەوەی شۆرشگێرانە لە سێ مەملەکەتدا کۆبکەنەوە، پاش ئەوەی هەوڵ ئەدەن هەریەك لەو پارچانە لە بزوتنەوە نیشتمانییە شۆرشگێرییەکەی وولاتی خۆی جودا بکەنەوە. لە ڕاستی دا ئەمانە چەند منالێکی بەدوای کلاوی بابردوو کەوتون، هەوای ئەو زەعامەتە لە کەللەی داون کە لە دەروبەریەوە دەرەبەگ و چینایەتییە تایبەتییەکانەوە هەڵقوڵاوە. ئەمانە نازانن کە بانگەوازی لەم بابەتە چ ئاژاوەیەك لە ڕیزی لاوانی دەروبەریاندا. لەناو ئەو خەڵکەدا ئەنێتەوە، کە لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان نین.[١٤]

بە درێژایی ئەم پرۆژەیە، کە لە هەڵوێستی پارتیە کۆمۆنیستەکانی دراوسێیان تۆژینەوە دەکەین، ناتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدۆزینەوە: ئەرێ کۆمۆنێستی (ئێراقی و تورکی و سوری و ئێرانی) چیان لە کورد ویستوە؟

بزووتنەوەیەکی ڕەوا هەیە (بە قولی خۆیان) پێی دەڵێن بزووتنەوەی هەقخوازانەی گەلی کورد، وەك لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستاندا و لە مێژووی بزاڤی ڕزگاری گەلان بینیومانە ئەم بزووتنەوەیە بوونێکی مادی هەیە لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا، ئەگینا هەروەها بەردەوام نەدەبوو. چاکە کە بزووتنەوەی لە واقیعی کۆمەڵایەتی بوونی هەبێ، خۆ ناشێت هێزێکی میتافیزیکی ئاڕاستەی بکات(ئاشی نەزان خوا بیگێرێ)! هەڵبەتە ئەو هێزەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکە (بزوتنەوەی نیشتمانی) ئاڕاستە دەکات خۆی لە ڕێکخراو و پارت و بەرەیەك دەبینێتەوە، وێجا کورد بۆ ڕابەرایەتیکردنی بزاڤی ڕزگاری:

١- ئەگەر سەرۆك عەشیرەتێك یان شێخێکی ئایینی ڕێبەرایەتی بکات، ئەوە ئەو بزاڤە کۆنەپەرستیە و دەیەوێ دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی بچەسپێنێ، وەکو لەمەودوای لێکۆڵینەوەکەمان دەبینین (شۆرشی شێخ سەعیدی پیران، شۆرشی بارزان، شۆرشی دەرسیم)

٢- ئەگەر حزبێکی بورژوا ناسیونالیستی ڕێبەرایەتی بکات، ئەوە گومانلێکراوەو سەرکردەکانی گیانی ڕێبەریخوازیان هەیە، وەکو (بەهیوا) دەگوترا!

٣- ئەگەر حزبیکی جەماوەری ڕێبەرایەتی بکات، ئەوە بوونی فەرامۆش دەکەنو داوای حزبێکی تر دەکەن، وەکو (ڕزگاری)، یان ململانێی دەگەڵ دەکەن:

وەکو (پارتی)، یان داوای پاشکۆیەتی لێ دەکەن وەکو مامەڵەکردنی (تودە) لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

٤- ئەگەر حزبیکی مارکسیستی- لینیستی کوردستانی ڕێبەرایەتی بکات، ئەوە یان پێی دەڵێن (تەحریفی) یان (دوو حزبی کۆمۆنیست لە وڵاتێکدا نەشیاوە) یان..!

٥- ئەگەر خەباتی چەکداری بەرپا بکات، یان دەڵێن وەختی نییە.. یان دەڵێن تیرۆریستە!

٦- ئەگەر خەباتی دیبلوماسی و سیاسی بکات، ڕەنگە بڵێن ڕیفۆرمیستە!!

ئەرێ خەڵکینە کورد بزاڤێکی هەیە.. چی لێ دەکات؟ چۆنی ئاڕاستە بکات؟ چۆن دڵی کۆمۆنیستە دراوسێکان لە خۆی ڕازی بکات؟

**پەراوێزەکان:**

١-صالح حەیدەری، مذکرات و لمحات من تاریخ الحرکة الوطنیة و الثوریة فی کوردستان و العراق-الجزء الاول-القسم الاول-ایلول ١٩٦٩-بغداد- لاپەرە ٢٠ دەستنووسی مامۆستا صالح حەیدەری، کە بەهرەمەندیکردین بۆ کەڵک لێ وەرگرتنی، جێگای سوپاسە.

٢-نوری شاویس، من مذکراتی، منشورات حزب الشیوعی الدیموقراطی الکوردستانی لاپەرە ٣٥.

٣-صایح حەیدەری-مذکرات-سەرچاوەیەکی پێشوتر ل ٢١.

٤-ڕووف کامل: (یەکبوون، یان یەکێتی چەپ) کوردستانی نوێ ٣١٥ ل ٣ ١٩٩٣/٢/١٢

٥-تێبینییەکی مامۆستا صالح حەیدەری، لە ڕۆژی ١٩٩٢/٩/٢٠ هەولێر.

٦- صالح حەیدەری-مذکرات، سەرچاوەیەکی پێشوتر.

٧-بۆ زیاتر کەڵک وەرگرتن سەیری نووسراوەکانی شەهید فەهد بکەن-لەو ماوەیەدا وەکو قضیتنا الوطنیة الرفیق فهد کتابات مختارة) (حزب شیوعی الاشتراکیة دیمقراطیة) البطالة اسبابها و علاجها) لە بڵاوکراوەکانی الثقافة الجدیدة چاپحانەی الشعب-بغداد ١٩٧٣

٨-بروانە: ب. هەواز، کورتە لێکۆڵینەوەیەک لەمەر دامەزراندن و هەڵوەشاندنەەوەی حزبی شۆرش و ڕزگاری لە کوردستانی باشووردا ساڵی ١٩٤٤-١٩٤٦ لە ژێر چاپدایە.

٩-مەبەست پارتی کۆمۆنیستی لە کوردستانی ئێراقدا (شۆرش).

١٠-علی عبدالله-مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق تا بەستنی کۆنگرەی سێیەمی-ئەیلوی ١٩٨٦ ل ٢٨-٢٩.

١١-لمحات من تاریخ الحزب الدیموقراطی الکردستانی من منشورات اتحاد طلبة کردستان العراق ل١١ مایش٧٣.

١٢-علی عبدالله-مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان ل٣٤-٣٥.

١٣-کریس کۆچیرا-میژووی کورد لە سەدەی ١٩-٢٠دا.

وەرگێرانی محمد ریانی-چاپی هەوەل-چاپخانەی کارون ١٣٦٩هـ-تاران ل ٣٤٣.

١٤-حزبی شیوعی عراق و مەسەلەی کورد، کۆمەڵە ژمارە ١٤ حوزەیرانی ١٩٨٦ لاپەرە ٣٠-٣١ ئەوش لەم سەرچاوەیە وەری گرتووە. مالک سیف للتاریخ لسان-دار الحریة للطباعە بغداد ل١٧٨- ١٧٩.

*ڕۆژنامەی نیشتمان، ڕۆژی: ١٩٩٣/٤/١١

# بەرگولێک لە هەڵوێستی کۆمۆنیستەکانی تورکیا لەمەڕ کێشەی کوردستان

(ئێمە حوکم لەسەر خەڵکی دەدەین نەك لەسەر بنچینەی ئەو نازناوە زلەی کە بە بەرخۆیانیان کردووە، بەڵکو لەسەر بنچینەی ڕەفتارەکانیان و لەسەر بنەمای ئەوەی لە واقیعدا بانگەشەی بۆ دەکەن)

لینین

بەشێك لە پرۆژەی (ئەسپەکەی تروادە لە بزاڤی ڕزگاری نیشتمانی کوردستاندا)
لەسەر هەڵوێستی کۆمۆنیستەکانی دراوسێ بەرامبەر کێشەی کوردستان)

-بەرایی-

بە سەرکەوتنی شۆرشی ئۆکتوبەر و بەهاتنە بوونی تێزەکانی (لینین) لەمەر ئەڵقەی سەرمایەداری و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی گەلانی ڕۆژهەڵات، پاشان بەستنی کۆنگرەی باکو (ئەیلولی ١٩٢٠) و ڕێنوینیەکانی ئەو کۆنگرەیە و پەیوەندییە یەك لە دوای یەکەکانی لینین دەگەڵ سەرانی بزووتنەوەی میللەتانی کۆلۆنیالیکراو دەرئەنجامی هەموو ئەمانە لینین و شۆرشی ئوکتوبەر لە قالبی (ڕابەری کرێکاری)و (شۆرشی کرێکاری) دەرچوون لێرە، لە ڕۆژهەڵات (لینین) بووە ئەو پیاوە نورانەی کە ڕزگاریبەخشی گەلانی چەوساوەیە و ئوکتوبەر و دەوڵەتی شورەویش بوونە ئەو بارەگایەی میللەتانی بندەست و کۆلۆنیالی کراو دادو بێدادی خۆیانی تێدا دەخەنە ڕوو، گەلی کوردیش وەکو نەریتی هەمیشەیی خۆی (گەڕان بە دوای دۆست لەم دونیای بەرژەوەندییەدا) هەر بە زوویی سکاڵای خۆی گەیاندە (لینین) و دەوڵەتی ئوکتوبەر (نامەکانی شێخ مەحمود، هەوڵەکانی سمکۆ و خالد بەگی جەبرانلی)[1]، بەڵام لەبەرئەوەی (عەرزوحاڵی)

کورد (پولی دەوڵەتی) پێوە نەبوو! بۆیە فەرامۆش کرا، دە سەرنجبدەن بوونی قەوارەی نیشتمانی چەند پێویستە مارکس لە (١٨ پیرۆمیری لویس بونابرت) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە چۆن خەباتی چینایەتی لە فەرەنسا بوار بە (قۆشمەچییەکی) وەکو ناپلیۆنی سێیەم دەدات، کە ڕۆڵی پاڵەوانێك بگێڕێ، ئاوەها هەڵکەوتی مێژوویی شۆرشگێڕێکی وەکو (شێخ سەعیدی پیران) دەکات بە کابرایەکی کۆنەپەرستی ئاژاوەگێر بە فیتی ئینگلیز و ساختەبازێکی وەکو (ئەتاتۆرك) دەکات بە پێشکەوتنخوازی ئاخرزەمان و کەمالیزمیش بە بزاڤێکی دژی ئیمپیریالیزم بە خەڵکی دەناسێنێ، ئاخر (ئەتاتورك) تەنانەت ڕابەرێکی نیشتمانیش نەبووە، ڕابەرێك لە بابەت (غاندی، عومەر ئەلمختار، عەبدولناسر).. هتد.

لەوێ، لە مەڵبەندە ڕەسەنەکەی خۆی، (مارکسیزم) چڕبوونێکی خەستی بیرە پێشکەوتنخوازەکانی فەلسەفەی بۆرژوازی و ئەفراندنە مەزنەکانی مارکس بوو. لە ڕۆژئاوا مارکسیزم فەلسەفەی چینی کرێکار بوو، تاودەرەوەی بزووتنەوە بەرهەست بووەکەی ئەو چینە بوو، کە لە هەناوی سەرمایەداری لەدایك بوو و پاشان بوو بە منداڵێکی سەربزێو و لە ماڵی دایکی خۆی هەڵگەڕایەوە.

کەچی لێرە، لە ڕۆژهەڵات، خەباتە نیشتمانییەکان (لە ئەنجامی ئەو دەرکەوتنە تازانە کە ئاماژەمان بۆ کردن، ئوکتوبەر و دیاردەکانی) ئاوێتەی تیزە چینایەتییەکان بوون و قەوارەیەکی کۆمۆنیستانەیان لەخۆگرت، بەکارتێکردنی شۆرشی ئوکتوبەرو سەرکەوتنەکانی بەلشەفیزم، لەوە دەچوو پارتییە کۆمۆنیستەکانی ڕۆژهەڵات هەر بۆ ئەوە هاتبوون، کە ڕابەرایەتی شۆرشە نیشتمانییەکان بکەن، کە ئەڵقەی لاوازی سەرمایەداری بپسێن و پاشماوەکانی ڕژێمە دەرەبەگایەتییەکان ڕامالن، خەباتی ئەوان دژی سەرمایەداری بێگانە بووە، کە ئیمپریالیزمی هێنابووە بوون، نەك دژی سەرمایەداری نیشتمانی، بەڵکو ئاڕاستەکردنی سەرمایەداری دەوڵەتی بە مەبەستێکی کۆمەڵایەتی، کە زۆرترین چین و توێژەکانی گەل بگرێتەوە، ئەسڵەن ئەوان کۆمەڵە پارتییەك بوون ڕۆڵە پێشکەوتنخوازەکەی بورژوایان بینیوە لە ڕۆژهەڵاتدا، کە ئەو ڕۆڵە بەجێ دەگەیەنن بە دەسەلات گرتنە دەستیان، ئیتر وەکو هەر بورژوازییەکی تر بەرەو خەرەندی کۆنەپەرستی غلۆر دەبنەوە، کاتێکیش

هێشتا هەر لە بەرەی ئۆپۆزسیونن و بێدەسەڵاتن، ئەوە خۆ هەرچۆنێکی هەوڵدەن ناتوانن گیانی شۆفێنیستی خۆیان لە هەمبەر نەتەوە بندەستەکان بشارنەوە، کە ئەوان ئاوەها سیمایەکی بۆرژوازیانەیان هەبێ و لە نەتەوەی سەردەست بن هەڵبەتە زۆر ئاساییە کە شۆفینیست بن لەهەمبەر نەتەوە بندەستەکانی خۆیان (وەکو مامەڵەی چین دەگەڵ کەمینە نەتەوەییەکانی وڵاتی چین، وەکو مامەڵەی کۆمۆنیستە هاوسێکانی کورد دەگەڵ گەلی کوردستان).

ئەگەر ئەم باری سەرنجە ڕاست بێ سەبارەت بە زۆر لە پارتییە کۆمۆنیستەکانی ڕۆژهەڵات، ئەوە خۆ سەبارەت بە (پارتی کۆمۆنیستی تورکیا) مەسەلەکە واوەترە، چۆن؟!

## دوزا چێ بوونا پارتیا کۆمۆنیستین تورك

(مستەفا سوبحی)[٢]، کە ڕابەرێکی کۆمۆنیستی تورکی دەبێت، پاش گەڕانەوەی لە سۆڤێت بۆ تورکیا خۆی و (١٥) لە هاورێکانی دەکوژرێن لەلایەن ژەندرمەی تورکییەوە، حکومەتی تورکیا خۆی لێ بێ خەبەر دەکات[٣]. ئەمە هەمان هەڵوێستی سۆڤێت دەبێ، چونکە ئەو وەختە بوو کە لەگەڵ تورکیا پەیماننامەی دۆستایەتی پێشکەوتنخوازی هەبوو. ئەو (ئەتاتورکەی) ناوەکەی وەکو(باوکی گەل) بە گوێی کۆمۆنیستەکانی تورکیا ڕادەگەیەنرا[٤] هەر ئەو بوو دەستی بە خوێنی (مستەفا سوبحی) و ئەوانیتر سووربووبوو، کاتێك کە ئیتر کۆمۆنیستە ڕەسەنەکانی قەڵاچۆ کرد.. هات حزبی دامەزراند. جا ئەگەر ئەوە حاڵی حزبی کۆمۆنیستی ڕۆژهەڵات بێ بەگشتی و ئەوەش حاڵی حزبی کۆمۆنیستی تورکی بێ بە تایبەتی، (حزبێکی) ساختەی دروستکراو بە دەستی (ئەتاتورك)، ئیتر دەبێت هەڵوێستی لەمەڕ کێشەی کوردستان چی بێ؟ چۆن قسەی خێر دەکەن بۆ (شۆرشی شێخ سەعید و ئارارات و دەرسیم)؟

حزبی کۆمۆنیستی تورکیا ئەگەرچی لە ئۆپۆزسیۆن بووە، بەڵام بەشێك بووە لە دامودەزگای دەوڵەتی تورکی، لە باشترین حاڵدا چەپێکی کەمالیستی بووە، هێندە لە چەمکە باوەکانی دەوڵەتی تورکی دوور نەبووە، لەناو جوغزی کۆمەڵی بەرقەراربوونی تورکیادا ویستویەتی هەندێك ڕیفۆرم پیادە بکات و هیچی تر،

بەدەر لە پرۆگرام و دروشمەکانی هەرگیز پراکتیکەکانی بۆ ئامانجی بەرزی سۆسیالیزم نەبووە، تەنانەت کۆششەکانیشی بۆ دەسەڵاتگرتنە دەست نەزۆك و مایەپووچ بووە. تا هیچ نەبێ بەرنامە ڕیفۆرمیستە لاوازەکەی خۆی پیادە بکات، یەکێك لە ڕابەرە کۆمۆنیستەکانی ئەو وەختەی تورکیا دەئاخفێ: (پارتی کۆمۆنیست بە تەنها ئامرازێکە بۆ خزمەتی خۆشگوزەرانی میللەتی تورکیا و بەهێزبوونی نەتەوەی تورکە)[٧] خۆ تورك هیچی لە نەتەوەکانی تر کەمتر نییە بۆ پارتێکی کۆمۆنیستی نەبێ؟ ئەوەتا (ئەتاتورك) بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە پەرەسەندنی پارتێکی ڕەسەنی کۆمۆنیست، داوای دامەرزاندنی دانەیەکی عەیار تەزویر دەکات. ئەوەتا لە وەڵامێکی کاغەزێکی خۆی (واتا ئەتاتورك) بۆ سکرتێری پارتی کۆمۆنیست (حەقی بە هیچ) مەسەلەکە ئاوەها ڕۆشن دەکاتەوە، لەسەر ئەوە گیرسایەوە کە پارتی کۆمۆنیستی تورکیا پێك یێت لە سایەی سانسۆری حکومەتدا لە هەندێك برادەران و باوەرپێکراوان، وەکو تەگبیرێکی ئاسایی و ماقول. بەم پێیە دەتوانرێ هەموو ڕەوەندە پەیوەستەکان بەم بۆچوونانەوە بگێڕێنەوە بۆ یەك سەرچاوە، وام پێ باشە کە بە پەنهانی هەندێك لە هاورێ بڕواپێکراوەکانمان وەکو فوزی پاشا و عەلی فوئاد پاشا و کازم پاشا و رفعەت و ئەنوەر بەگ بێنێتە نێو کۆمەڵەکەی، کە دامەزرێنەری حیزبن، هەروەها بۆ دەستەی ناوەندی کە بریتین لە ٣٠ ئەندام. ئاوەها ئەو هاوەڵانەمان، کە پاڵەوانانی ئامانجە نەتەوەیی یەکانمانن و پاڵپشتی نەتەوە بوون لەنێو ڕێکخراودا و کاغەزی یەکەمین کە وەزیری ناوخۆی پێشوو(حەقی بەهیچ) کە هەڵبژێردرا بە سکرتێری گشتی حیزب، ئەو کاغەزەم بەشێوەیەکی نووسراو پێشکەشی برادەران کرد، هەروەها بەشێوەی جفرەی سەرزارەکی بە تێپەربوونی کات، کاردانەوەی نەتەوە هەڵسەنگاندنی بۆ ڕێبازی پارتی کۆمۆنیستی تورکیا بەدیار دەکەوێت مەودای شیمانی جێبەجێ کردن و ڕازیبوون بە ئایدیال و پرەنسیبە سۆسیالیستیو کۆمۆنیستییەکان ڕۆشن دەبێت و دەبێ ئاگاداری ئەوە بین، کە ئێمە زیاتر لە هەر کاتێکی کە ڕابورد پێویستیمان بە بوونی سوپایەکی دیسپلینبوو تەواوی دیسپلین، هەیە. لە ژێر فەرمانی سەرکردەکان.. لەبەر ئەوە ئایدیالی کۆمۆنیستی بە تەنها لە سەرکردە باڵاکانی سوپا قەتیس بکرێت و لەگەڵ پێشکەشکردنی ڕێز لێ گرتنمان).[٨]

حزبێك، كه سكرتێرەكەی پێشووتر له دەزگای دەوڵەتی توركیادا وەزیری ناوخۆ بێت ... ئیتر ئەوە چۆن حزبێكی بەرهەڵستكارە؟ چۆن ئەو حزبه كه پڕبێ له دۆسته(ناسیونالیستەكانی) ئەتاتورك، عەلی پاشا و فوئاد پاشا و نازانم كێی تر پاشا! چۆن ئەو حیزبه (پێشكەوتوخوازە) دژایەتی دەكرێت لەلایەن كوردە كۆنەپەرستە ئیمپریالیستەكانی شێخ سەعیدی پیرانەوە؟

**پەراوێزەكان:**

١ -بڕوانه: ڕەنگدانەوەی شۆرشی ئوكتوبەر له كوردستان قادر نادر، ڕێگای ڕەنجدەران، ژمار(١) نیسانی (١٩٩٣) ل (٣)

٢-له كۆنگرەی گەلانی ڕۆژهەڵات له باكو (١٩٢٠) بەشدار بوو.

٣ -ظاهرة التعدد الحزبی فی تركیا ١٩٤٥-١٩٨٠ الدكتور احمد نوری النعیمی بغداد ١٩٨٩ ل٢٤٢.

٤- (عن مؤتمر شعوب الشرق فی باكو) له كتێبی (اضواء علی قضایا دولیة فی الشرق الوسط) د. كمال مظهر احمد، دار الحریة، بغداد ١٩٧٨، ل ٢٢٣ له بەشەكانی تر به ڕوون تر باسی ئەو ڕێكەوتننامانه دەكەین.

٥- بەتەمای دەمەتەقێیەكی دۆستانه و دیموكراتی بووم، بووم به كاكه حەمەی كورد .محمدی مەلا كەریم چاپخانەی (الزمان)- بەغدا- ١٩٩٠ل١٢٨.

٦- امناء عام الخیانة -دەنگی كوردستان ١٩٨٩ ل ٢١

٧-ظاهرة التعدد الحزبی فی تركیا ١٩٤٥-١٩٨٠ سەرچاوەیەكی پێشووتر ل ٢٢٨.

٨-هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣٦.

*ڕۆژنامەی نیشتمان ژ(٩)ی ڕۆژی: ١٩٩٣/٦/٢٨

# تیۆری پیلانگێڕان لە خوێندنەوەیەکی کۆندا

١

لە ژمارە (٢٧-٢٨) بڵاوکراوەی (پەیام)دا، بەشی شەشەمی لێکۆڵینەوەیەکی بەڕێز (ئەمجەد شاکەلی )م خوێندەوە. لە هەندێك لایەن و پەرەگرافی نووسینەکەیدا کە ناوی (سەرەتایەك بۆ خوێندنەوەی نوێی مێژووی چەپی کوردی عێراق ) ی لێناوە، ناڕاستییەکی ناویژدانانەم تێبینی کرد، بە جۆرێك کە پێموایە ڕێزدار شاکەلی لە سەرەتاوە بڕیاری ئەوەی دابێت ئەو هێز و کەسایەتی و ڕەوتە فیکرییانەی ماوەی لێکۆڵینەوەکەی دەیان گرێتەوە لە هەموو ئیعتبارێکی سیاسی و فیکری، لە هەموو سەروەری و ناوبانگێك کە پەیدایان کردووە، ڕووت بکاتەوە و بە زۆری زۆرداری لە خانەی خائین و جاسووس و دوژمن بە بزووتنەوەی کوردایەتی دایان بنێت. ئەم جۆرە ڕەوتە لە نووسین بە عەرەبی پێی دەگوترێت (التحامل علی الآخرین مع سبق الاصرار والترصد)، بە کوردیش جگە لە مانای نابووتکردنی ڕێڕەوی بزووتنەوەی کوردایەتی لە دەیەکانی ڕابردوو لە ڕێی نابووتکردنی ناوی ئەوانەی ڕۆڵی چالاکیان لەو ڕێڕەوەدا گێڕاوە، هیچی تر ناگەیەنێت.

ئەمن لێرەدا ناخوازم بچمە ناو وردەکاریی سەرلەبەری ئەو ڕووداو و دەرکەوتانەی شاکەلی لەم بەشەی نووسینەکەیدا بۆ خوێندنەوەیەکی نوێی چەپی کوردی لە عێراقدا هێناویەتیەوە، چونکە ئەوە بەمانای ئەوە دێت کە بەدوای بەشەکانی پێشوو و ئەوانەی دوای بەشی شەشەمدا بچم - شتێك کە لە دەسەڵاتی مندا نییە و تەواوی ئەو ژمارانەی پەیامم لەبەردەستدا نییە- هەروەك بە مانای ئەوەش دێت کە بەندەش دژە توێژینەوەیەك بنووسم. بەڵێ سەرەنجەکانی من لێرەدا سەرنجی خوێنەرێکە ئومێدی وابوو نووسەرەکەی کە بە باتێکەوە هیلاك

بووه، پەیامێکی فیکری، پەیامێکی سیاسیی ئەوتۆی بداتێ کە سەرەنجام ئەشهەدوبیلا بۆ کەڵك و سوودی نووسین و توێژینەوە لای کورد بکات.

بەداخەوە من ئەو سوود و کەڵکەم لەم خوێندنەوە نوێیەدا نەدی، بەداخەوە پەیامێکی سیاسیم بەدی نەکرد، جگە لە پەیامی گومانکردن لە کەڵکی تێکۆشانی کوردایەتیو کۆششی هەڵسوڕاوانی ئەو بوارە، هیچ ئاماژەیەکی فییکریم نەدۆزییەوە، جگە لە ئاماژەی ئەوەی کە شۆڕشی کوردستان گەمەیەکی ساواکی بووە و ئەو دەیان و سەدان شەهیدەی ئێمە دامان قوربانیانی شانۆگەرییەکی بێهودە بوون و هیچی تر.

## ٢

دەمەوێت، لە سەرەتاوە بپرسم ، کێ لە نابووتکردنی مێژوویییەکی لە بنچینەدا هەژاری وەك مێژووی کورد کەڵك و سوودمەند دەبێت؟ ئایا ئاڕاستەکردنی ئینتیقائیانەی چەند ڕووداوێك لە مێژوو، یان وەرگرتنی چەند پەرەگرافێك لەو سەرچاوانەی ئیجتهادی خاوەنەکانیانن و فرۆشتنەوەی ئاکامی ئەوە بە خوێنەران کە گوایە خوێندنەوەیەکی نوێیە چ قازانجێکی بۆ توێژینەوەی مێژوویی هەیەو دەبێت؟

با لە سەرەتاوە لەناوی باسەکەوە دەست پێ بکەین، سەرەتایەك بۆ خوێندنەوەیەکی نوێی مێژووی چەپی کوردی (عێراق). خوێندنەوە بە مانای ڕیزکردنی ڕووداوەکان و چنینی چەند پەرەگرافێك لە کتێبەکانەوە نایەت. بەڵکو بە مانای هەڵهێنجانی پەندو ئەزموونی نوێ، بەمانای پێشکەشکردنی ڕوانین و سەرنجی بابەتی دێت لەسەر ڕەوتو دیاردەگەلێك، کە پێشتر بە جۆرێکی تر تەماشاکراون و ئێستا خاوەنی خوێندنەوەی نوێ شتی تازەی لێ دەردەهێنێت و مانای دیکەی پێ دەبەخشێت. بەم جۆرە دەبێت بپرسین: چەپی کوردیی جاران چ مانایەکی دەگەیاند و ئێستا لای خاوەنی خوێندنەوەی نوێ چ مانایەك دەگەیەنێت؟

بەگوێرەی ئەو ماوە زەمەنییەی بابەتەکەی شاکەلی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات، لەناو بزووتنەوەی کورددا دوو ڕەوت لە کاری سیاسی، هاوشانی

ڕەوتێکی دیکەی عێراقی، ڕۆڵ و هەڵسوڕانیان هەبوو: ڕەوتی یەکەم سەر بە کۆچکردوو بارزانی بوو، هی دووەم ڕەوتی سەر بە مەکتەبی سیاسی بوو. ئەو ڕەوتەی عێراقی بوو لە هەمان کاتیشدا کەم و زۆر کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ناو بزووتنەوەی کورد هەبوو، دەکرێت ناوی ڕەوتی کۆمۆنیستیی سەرتاسەری لێ بنێین، کە خۆی لە حزبی شیوعی عێراق و درێژبوونەوەی ئەم حیزبە لە کوردستاندا دەبینێتەوە. شاکەلی دەیەوێت پێمان بڵێت کە مەبەستی لە چەپی کوردی ڕەوتی سەر بە مەکتەبی سیاسیی پارتییە، بە واتای ئەوانەی ناکۆکیان لەگەڵ بارزانی و سیاسەتەکانیدا هەبوو. بەم پێیە و هەر بەپێی خوێندنەوەکەی خۆی ڕەوتی بارزانی ڕەوتێکی ڕاستڕەو بووە. گوتمان کە ڕەوتەکەی لە دەرەوەی بزووتنەوەکەی کورد کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی کورد هەبووە، ڕەوتی کۆمۆنیستی حشع بووە، سەرەنجام دەکرێت ڕەوتەکان وا پۆلین بکەین:

- چەپی کوردی
- ڕاستڕەوی کوردی
- چەپی عێراقی

ئەوجا با لێرەدا بپرسین، چەپ لای شاکەلی چ مانایەك دەگەیەنێت؟

- مانای ڕەوتێك کە خوازیاری گۆڕانە لەناو بزووتنەوەیەکی سیاسیدا؟
- مانای ڕەوتێك کە وابەستەی فیکری بە ڕەوتی دەرەکی و هاوشێوەی خۆی هەیە؟ کام لەمانەیە؟ ئەی ڕاستڕەوی چ دەگەیەنێت؟
- مانای ڕەوتێك کە خوازیاری وەك خۆی هێشتنەوەی ڕەوشی ناو بزووتنەوەی سیاسییە، ڕەوتێك کە حەز بەگۆڕان و گەشەکردن ناکات؟
- مانای ڕەوتێك کە ڕەسەنە و وابەستەی هیچ فیکر و سیاسەتێکی هاوردە لە دەرەوە نییە؟

شاکەلی ڕوونی ناکاتەوە، کە داخۆ بۆچی لایەنگرانی (چەپی کوردی) وەك کوردیبوونەکەی ڕەوتی سەر بە بارزانی کورد نەبوون؟ هەروەك پێشمان ناڵێت بۆچی (چەپی کوردی) وەك چەپی بوونەکەی ڕەوتی سەر بە چەپی عێراق چەپ نەبوون؟

نهێنی ئەوەمان بۆ ڕوون ناکاتەوە، کە بۆچی ئەو ڕەوتەی خۆی ناوی (چەپی کوردی) لێ ناوە، ئارەزوویان لێ بووە لەیەك کاتدا چەپ و کوردیش بن؟ هەروەك پێمان ناڵێت بۆچی ئەم کوردە چەپانە بە ئەندازەی بارزانی لە ڕەوتی چەپی عێراق نزیك نەبوون و بۆچی ئەم چەپە کوردانە بە ئەندازەی چەپی عێراق نەیان توانی نزیکی بارزانی بن؟

لە ڕاستیدا خوێندنەوەی نوێ (دەبێت وابێت)، کە ئەگەر چەپ، بەفراوانترین مانای، بە واتای گۆڕان و مەیلی پێشکەوتن بێت، ئەی بۆچی مافی کورد و بزووتنەوە سیاسییەکەی نەبێت کە چەپ بێت و ڕەوتی چەپی تێدا دروست بێت؟ بۆیە دەڵێم (دەبێت وابێت!) چونکە کاك ئەمجەد پێمان ناڵێت خوێندنەوە نوێیەکەی بۆ چەپی کوردی چییە؟ بۆچی کورد هەر دەبێت کە حەزی لە کوردایەتی کرد، حەزی لە گۆڕان نەبێت، کە حەزیشی لەگۆڕان کرد، دەبێت کوردایەتی نەکات؟ بۆچی کۆمەڵی کوردەواری وەك هەرکۆمەڵێکی تر خاوەنی هەموو خەسڵەتی چەپ و ڕاست نەبێت؟

جا ئەگەر ئەو وای دەبینێت، کە (چەپی کوردی) بۆیە خراپە، چونکە هەڵگری بیروباوەڕێکی لەدەرەوە هاتووە، ئەوا ڕوونی ناکاتەوە کە ڕەوتی بارزانی لە کام کولتووری ڕەسەن و خۆماڵییەوە بیروباوەڕەکەی خۆی هەڵهێنجاوە. لای من چەپی کوردی بە مانای مەیلی گۆڕانکاری و پێشکەوتن دێت لە شێوازەکانی کاری سیاسی، لە چۆنیەتی پێشخستنی کۆمەڵی کوردەواری و گەشەپێدانی دا. قایلیشم بەوەی کاك شاکەلی تێم بگەیەنێت، کە ڕاستڕەوی کوردی بە مانای ڕەسەنێتی و بە مانای هەوڵدان بۆ پاراستنی کولتوورێکی دەوڵەمەند لە شێوازی کاری سیاسی لە ئاستی پێگەیشتنی کۆمەڵی کوردەواریدا دێت؟ قایلم بەو تەفسیرە و وەکو ئیجتیهادێکی جیاواز لەهی خۆم ڕێزی لێ دەگرم، بەڵام شاکەلی خەمی ئەوەی نییە (خوێندنەوەیەکی نوێمان بۆ ڕاستڕەوی کوردی) پێشکەش بکات. ئەو بە موجەرەدی و لە دەرەوەی هاوکێشەکە و پێکهاتەکانی دەیەوێت پێمان بڵێت، کە چەپی کوردی قەدەری وایە لەناو بزووتنەوەی کوردایەتیدا نابووت بێت و لەناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیدا جێبەجێکەری نەخشەی ساواك و لەناو بزووتنەوەی دیبلۆماسیشدا تەنیا چانسی

ئەوەی هەبێت ڕۆڵی جاسووسی بگێڕێت!

**٣**

نووسینەکەی شاکەلی بە مانایەکی تر، نووسینەوەیەکی ئینتیقائیانەی مێژووی ماوەیەکی هەستیاری ڕێڕەوی بزووتنەوەی کوردایەتییە، نەك خوێندنەوەیەکی نوێ. چونکە ئەو بەڕیزکردنی چەند ڕووداوێکی وەرگیراو لەو سەرچاوانەی بەشێکن لە ململانێی سیاسیی ئەو ماوە هەستیارە، هەندێك بڕیاری تەقلیدی لایەنێکی ململانێکە لەسەر هەڵوێست و کردەوەکانی لایەنەکەی تر دووپات دەکاتەوە. ئەو دێ بەپشتبەستن بە ڕیوایەتەکانی کۆچکردوو هەژاری موکریانی، کە ئەندامێکی ڕەوتی سەر بە بارزانیە، ساواکبوونی کۆچکردوو عەبدولرەحمان زەبیحی (ماموٚستا عولەما) و هاوڕێکانی وی لە ڕەوتی مەکتەبی سیاسیی پارتی دەسەلمێنێت! ئەمەش جگە لەوەی خوێندنەوەیەکی تەقلیدی ململانێیەکی هەستیارە، هیچی تر نییە.

شاکەلی هێندە متحامل-ە لەسەر زەبیحی، کە تەنانەت لە پەراوێزێکی نووسنەکەیدا تانە و تەشەر لە ئەندامێتی وی لە (ژ.ك) دەدات و بە زۆری زۆردار تۆمەتی ناڕەوای دەداتە پاڵ (ڕەنگە زەبیحی لە باڵی چەپی ساواکدا بووبێت، نەك باڵی چەپی کوردایەتی). ئاخر کەسێ: حوکمی وا بدات، ئیتر چاوەڕوانی چ خوێندنەوەیەکی نوێی لێ دەکرێت؟ ئەمە هەمان (جنێوە!)کانی تەخوینکردن و بەکرێگیراوکردنی خیتابی سیاسی جارانی کوردە. هەمان نووسینەوەی تەقلیدی ڕەوتی ڕووداوەکانی مێژووە، کە شاکەلی پێشوەخت بڕیاری داوە لەسەری بڕوا و پێشوەخت کەمینی مەحکەمی بۆ داناوە، بەڵام ئەو دیسانەوە چەند مەسەلەیەکی بە لێڵی و ناڕۆشنی بەجێهێشتووە.

- ئەگەر زەبیحی ساواکە بۆچی لە سەرەتاوە چووە ناو ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کوردستانی پڕ سەرئێشەی وەکو (ژ.ك)ەوە؟ ئایا ساواك ئامۆژگاریی زەبیحی کرد، کە تەجزیئە تەلەب بێت و داوای کوردستانی گەورە بکات، هەروەك (ژ.ك) داوای دەکرد.

- زەبیحی، کە لەسەر کوردایەتی ئاوارەی عێراق و ماوەیەکیش سوریا دەبێت،

ئەگەر ساواکە بۆچی خزمەتەکانی خۆی نەگواستەوە ناو (حدکا)ی ئێران، کە ئەو وەختە پڕ بەرهەمتر دەبوو بۆ ژیانی خۆی و بۆ بەرژەوەندیی ساواك؟

- ئایا ڕێی تێدەچێت هەر هەڵسوڕاوێکی سیاسیی کورد سەردانی سەفارەتێکی کرد، یان نوێنەری وڵاتێکی بینی، ئیتر ئەوە بە جاسوسیکردن و بەکرێگیراوی لەقەڵەم بدرێت؟ ئەگەر وایە داخۆ نوێنەرەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا شەمزینی بۆ لای قونسوڵی وڵاتان و دیدارەکانی نوێنەرانی شێخ مەحمود و سمکۆ و شێخ سەعیدی پیران لەگەڵ نوێنەرانی لایەن و دەوڵەتەکاندا، چی بوون؟ ئەوانیش جاسووس و بەکرێگیراوبوون؟

لەم بابەتەی جاسووس و ساواك بوونە، سێ خاڵ تۆمار دەکەم:

١. لە ئەدەبیاتی سیاسیی کورددا گلەیی لەسەر پەیوەندیی کورد بە دەوڵەتانەوە نییە، بەڵکو گلەییەکە لەسەر ئەوەیە ئەو پەیوەندییانە سەرەنجام لە قازانجی کورد تەواو نەبن و غەیرە کورد کەڵکیان لێ وەربگرێت، بەڵام دەبێت لێرەدا ئەو هەلومەرجەش لەبیر نەکەین، کە بەپێی هاوکێشەی هێز، دەوڵەتان لە ئێمە تۆکمەترن، کەواتا ئەوان چاکتر لە ئێمە کەڵك لە بەروبوومی ئەو پەیوەندییانە وەردەگرن.

٢. لەگەڵ ئەوەشدا نابێت هەلومەرجی تر لەبیربکەین، ئەویش ئەوەیە کە دەوڵەتان لێ نەگەڕاون پەیوەندی کورد بەوانەوە لە پلەی پەیوەندیی ژێرەکی بەرزبێتەوە بۆ پەیوەندیی دیپلۆماسی ئاشکرا، مەگەر لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە نەبێت.

٣. لەو دوو تێبینییەوە پرسیار دەکەم، ئایا شاکەلی بەهۆی گرێی دەروونی نەتەوەییەوە ئەو باوەڕەی پەیداکردووە کە نوێنەری سیاسیی کورد ناتوانێت لە پەیوەندیکردن بە نوێنەری هێز و دەوڵەتەکانەوە لایەنی کەمی بەرژەوەندیی نەتەوەیی گەلەکەی لەبەر چاوبگرێت، یان نهێنی و دۆکیمێنتی کۆنکرێتی (لەسەر جاسووسەکانمان) لەلا دەست دەکەوێت و بەمەش دڵی لێ کرمێ کردوون؟

٤. پرسیارێکی تر لە باسکردنی پەیوەندیی (چەپی کوردی) بە ئێرانەوە، گرفتەکەی شاکەلی لەچیدایە؟ لەوەدایە کە چەپ پەیوەندییان دامەزراند، بەڵام ڕاستڕەوی کوردی ڕقی لە شای ئێران بوو؟! یان مەبەستی ئەوەیە نیشانی بدات چەپ لەپێش ڕاستی کوردی پەیوەندی لەگەڵ ئێران دامەزراند؟ واتا مەبەستێتی ئەوە

ساغ بکاتەوە کێ دەسپێشخەر بوو لە پەیوەندیکردندا؟ ئایا شاکەلی ئەو مێژووەی لانییە کە ڕاستڕەوی کوردی بە ڕاست و بە چەپدا پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتاندا دامەزراندووە، لەوانەش ئێران.

((عیسا پەژمان)) پاڵەوانێکی ترە، کە شاکەلی دەیکاتە شایەدی (نووسینەوە تەقلیدییەکەی) و ناوی خوێندنەوەی نوێی لێ ناوە. مرۆڤ کە لێی بقەومێت سەر بە ماڵی دوژمنەکەشیدا دەکات. نووسەر کە بیەوێت مێژووی میللەتەکەی بشوێنێت، تێکۆشەرێکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بکاتە ساواك، ناچار سەر دەخاتە سەر بیرەوەرییەکانی ساواکییەکی دێرین، کە کوردێکی تری ڕۆژهەڵاتییە و ناوی (عیسا پەژمان)ە. بۆ ئەوانەی ناویان بیستووە ساواکییەکە کە هامشۆیی لەگەڵ بارزانیشدا هەبووە، بەڵام بۆ ئەوانەی لە ڕێی شاکەلییەوە ئاشنای دەبن، ئەوا پەژمان پاڵەوانی ڕاستەقینەی شۆڕشی ئەیلولە و نە ڕەوتی مەکتەبی سیاسی و نە ڕەوتەکەی بارزانیش بۆیان نییە شەڕ لەسەر خاوەندارێتی شۆڕشی ئەیلول بکەن. چونکە بەگوێرەی لێکدانەوەی شاکەلی، ئەیلول نەخشەیەکی پەژمان و ئێران بوو بۆ ڕووخاندنی حکومەتەکەی قاسم کە خاوەنی (گۆڕانە گەلی و باشەکان) بوو - ئەمە خوێندنەوەی نوێ نییە، ئەمە خوێندنەوەی چەپی تەقلیدیی عێراقە! لێکدانەوەی ئەوتۆ هەیە کە کورد نەدەبوایە پەلەبکات لە هەڵگیرسانی شۆرش، لێکدانەوەی تریش هەیە کە نەخێر چاك بوو فریای ئەو یاخیبوونە چەکدارییە کەوتین و کردمانە شۆڕش، بەڵام وائێستا لێکدانەوەی (شاکەلی —پژمان)یشی هاتە سەر، لێکدانەوەیەك کە بەپێی تیۆری پیلانگێڕان شۆڕشەکانی کورد دەکاتە نەخشەیەکی موخابەراتی و ئاو بێنەو دەستت بشۆ. ئاخر داگیرکەرانی کوردستان بە چەند ملیۆن دۆلار قسەی وادەکرن، کەچی شاکەلی بە خۆڕایی دەیفرۆشێت و لە بڵاوکراوەیەکی کوردییدا هەرزانفرۆشی دەکات؟

پەژمان وای گوت و پەژمان وای کرد! عەزیزم پەژمان لە ڕووخانی شاوە پەنجەی پەشیمانی و ئارەقەی شەرمەزاری دەسڕێتەوە سەبارەت بەوەی جاسووسێکی ساواك بوو. داخۆ دەتەوێت کە بیرەوەری خۆی دەنووسێتەوە دوو درۆی تێدا نەکات؟ دوو دیدار و کۆششی تایبەت بە پرسی کورد نەداتە پاڵ خۆی تا نیشانی بدات، کە لە ساواکیبوونی خۆشیدا خزمەتی کوردی کردووە؟ ئایا پەژمان کە پتر لە شکات

و دەعوایەکی لەسەرە درۆی بە زمانی بارزانییەوە نەکردووە، وەك چۆن بە زمانی ڕەوتی مەکتەبی سیاسییەوە درۆی کردووە.

پەژمان لە ئاخری عومریدا پاڵەوانێتی شۆڕش دەداتە پاڵ خۆی، تا بڵێین شتی بۆ کورد کردووە، ئەی نازانم شاکەلی لەپای چی ئەو پاڵەوانێتییەی بۆ دەسەلمێنێت؟ خۆ شۆڕشی ئەیلول لای ڕەوتی میراتگری بارزانی لە سەردەمی ئێستادا هێندە پیرۆزە و نەتەوەییە کە خەریکە بەشەکەی ڕەوتی مەکتەبی سیاسی لەو شۆڕشە دەخۆن، کەچی شاکەلی ئەو شەرەفەی هەڵگیرسانی شۆڕشێك کە پارتییەکەی بەڕێز مەسعود بارزانیش شانازی پێوە دەکات، وەك (تاوانێك) دەخاتە ئەستۆی ڕەوتی مەکتەبی سیاسییەوە! شاکەلی مێژوو وا دەخوێنێتەوە، کە لە چێشتی مجێورەکەی مامۆستا هەژاری موکریانی بچێت. چەپی کوردی کە خوێندەروارو دادوەر، ڕۆژنامەنووس و ئەدیب و سیاسەمەداری وەك مامۆستا برایم ئەحمەد و فەرهەنگدانەری وەکو زەبیحی تێدایە، ئەوانە ساواکن و دەبێت تویژینەوەکە ئیدانەیان بکات، لە بەرانبەریشدا پێمان ناڵێت ئایا (ڕاستڕەوی کوردی) لەسەر هەق بوون، چونکە (چەپ) نەبوون؟ ئەو دەڵێت (چەپی کوردی) تاوانبارن، چونکە پەیوەندییان لەگەڵ ئێران دامەزراند، کەچی ناڵێت کام پەیوەندی بوو سلێمانی موعین و هاوڕێکانی کردە قوربانی؟

شاکەلی ڕقی لە چەپی کوردییە لەبەر چاوی کاڵی ڕاستڕەوی کوردی، بەڵام مەتەڵی خەسڵەتەکانی ڕاستڕەوی کوردیشمان بۆ هەڵناهێنێت، خوا هەموولایەکمان هیدایەت بدات و ئیمانمان نوێ بکەینەوە، ئەو تەنیا خراپییەکانی چەپی کوردی دەگێڕێتەوە و (اللبیب تکفیه الاشارە)؟.

حەیفێ خوێندەوارێك ئەوەندە قینی لە خوێندەوارەکانی ناو میللەتەکەی بێت!

*بڵاوکراوەی پەیام، لەندەن. ساڵی ١٩٩٩

# له پەراوێزی خاوبوونەوەی گفتوگۆ لەسەر سایکس پیکۆ

یادی سەد ساڵەی ڕێکەوتنی سایکس پیکۆ تێپەڕی، کە لە ١٩١٦/٥/١٧ دا لەنێوان بریتانیا و فەڕەنسا و بە ڕەزامەندی ڕووسیا ئیمزا کرا و لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ش ڕووسیا خۆی لێ دزییەوە. یادەکە بووە هۆی ئەوەی سەرهەڵدانەوەی گفتوگۆ و مشتومڕ لە بارەی سیاسەتەکانی ئیمپریالیزمی خۆرئاواو کاریگەرییەکانی لەسەر چارەنووسی گەلان، لەوانەش گەلی کورد، کە ئێستا لە مشتومڕێکی تونددایە سەبارەت بە داهاتووی خۆی، لەگەڵ کۆمەڵێك بەڵێنی جیاجیا لەمەڕ دەستنیشانکردنی وادەی سەربەخۆیی تەواوەتی، ئەوەش لە کاتێکدایە کوردستان کە تاکە هەرێمی دانپێدانراوە لە ناوچەکەدا، خۆی بەدەست ژان و خەمی دیموکراسییەوە دەناڵێنێت، کە پەیوەستن بە مەسەلەی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات لە بەرزترین ئاستیدا. هەروەها لە کاتێکدایە کە ناکۆکییەکان لە هەڵکشاندان لەبارەی قەیرانی سەرۆکایەتییەوە و زۆرینەی هێزە سیاسییەکان خوازیاری گۆڕینی سیستمی سەرۆکایەتین لە کوردستان بۆ سیستمی پەرلەمانیی، چونکە ئەوەیان بەباشتر دەزانن بۆ حوکمڕانی، جگە لەوەش کێشەکانی پەککەوتنی پەرلەمان و دووبارە کێشانەوەی نەخشە و سنووری هەژموون و دەسەڵاتی حزبە کوردستانییەکان، بۆنی دابەشبوونیان لێ دێ لە ناوچەیەکدا، کە خۆی لە بنەڕەتدا دابەش بووە، وەك ئەوەی دابەشکردنی پێشووی نیشتمانی کوردستان لەلایەن دەوڵەتانەوە بەس نەبێت بۆ لێدانی خەونەکانی گەلی کورد. هەموو ئەمانە هاوکاتن لەگەڵ هەرایەکی ڕاگەیاندن دژی ڕێکەوتنی سایکس پیکۆ و دووبارە کردنەوەی باسوخواسی پیلانی دەرەکی.

لەم گفتوگۆ کورتەدا لەبارەی دەرەنجامەکانی پیرە ڕێکەوتنەکەوە لەنێوان لایەنەکانی کیشوەری پیر (وەك دۆناڵد رامسفێڵدی پیرە پیاو ناوی دەبات) باس

لەو مشتومڕە دوورودرێژە دەکەین، کە سەبارەت بە چارەنووسی گەلان، بە دۆخی کوردستانیشەوە، کراو بەم دواییانە هێور بۆوە.

**عید میلادە؟**

یادی سەد ساڵەی هەر ڕووداوێك ئەو هێزەی نییە ڕەوتی ڕووداوەکە بگۆڕێت، یان هەڵیوەشێنێتەوە. ڕەنگە دەرفەتێك بڕەخسێنێت بۆ بۆ پێداچوونەوەی سیاسەتی وڵاتـان، یان ببێتە بابەتێك بۆ دامـەزراوە ڕۆژنامەوانییەکان و دامەزراوەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی و زانستی، بەڵام قورسە ئەگەر وا بیر بکەینەوە ڕووداوێکی گەورەی وەك سایکس پیکۆ، کە چارەنووسی گەلان و بەرژەوەندی وڵاتانی لەسەر بنیات نراوە، یادی سەد ساڵەکەی خۆی ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی.

ڕەوتی سایکس پیکۆ، کە ڕێکەوتنێکە لەسەر بنەمای دابەشکردنی پارچەکانی خۆرهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، هاوشان بووە لەگەڵ چەندان ڕووداو و قۆناغی خۆدزینەوە و بادانەوە و دەستکاریکردن. ئەو ڕووداوانە لە ڕووسیاوە دەست پێ دەکـەن، کە لە سیستمی تزارییەوە گۆڕا بۆ سۆڤێتی و ڕووی ئیمپریالیزمی بەریتانی و فەڕەنسایی و ڕێکەوتنەکەیانی هەڵمالی. بەریتانیا بەپێی ئەو نامانەی لەنێوان (شەریف ئەلحسێن) و (ماکماهۆن)دا هەبوو، بەڵێنی بە عەرەب دابوو دەوڵەتێك بۆ عەرەب دابمەزرێنێ لە پارچە پارچەی پاشماوەی پیاوە نەخۆشەکە. هاوکات نامەکانی نێوان (سایکس) و (پیکۆ) ئەوە دەردەخەن، کە دابەشکردنەکە خاکی عەرەب و کورد و تورکیش دەگرێتەوە، کە سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوون، بەڵام بەپێی پێداویستی وڵاتە ئیمپریالییەکان، نەك بە پێی پێویستی ئەو گەلانە.

پاشان گۆڕانکارییەکی تریش هەر لە ناو ئیمپریالەکان خۆیاندا ڕووی دا، کاتێك بەریتانیا ویلایەتی موسڵی پڕ لە نەوتی برد بۆ خۆی، کە بەشی فەڕەنسا بوو لە سوریا، ئەوەش خاترانە بوو بۆ کوڕەکانی (ئەلشەریف ئەلحسێن بن عەلی)، ئەوە بوو میر فەیسەڵ کە لە بنەماڵەی ئەلحسێن بوو شامی جێهێشت بەرەو بەغدا، دوای ئەوەی سوریا بوو بە هی فەڕەنسا. دواتر میر فەیسەڵ کرا بە پاشای عیراق کە لە سەرەتادا هەردوو ویلایەتی بەسرە و بەغدای دەگرتەوە، بەتایبەت کە شۆڕشی بیست سەلماندی حوکمی ڕاستەوخۆی بەریتانیا لەو شوێنانە وەك

سایکس پیکۆ بە هیوای بوو، سەرناگرێت.

پاشان ڕێکەوتنی سیڤەر هات و گۆڕانکارییەکی تری لە سایکس پیکۆدا کرد، چونکە بەڵێنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی فراوانی بۆ ئەرمەنەکان و دەوڵەتێکی بچووکیش بۆ کوردەکان لە بەشە کوردستانە عوسمانیەکەدا لەخۆگرت، بەڵام چارەنووسی ویلایەتی موسڵ کە باشووری کوردستان بوو یەکلایی نەکرایەوە، کە ڕاستتر وابوو بەریتانییەکان ئەگەر بە ڕاستیان بوایە بۆ مەسەلەی دەوڵەتی کوردی، دەبوو لە ویلایەتی موسڵ دایبمەزرێنن، کە لە ژێر دەستی خۆیاندا بوو، نەك لە باکووری کوردستان کە لە ژێر دەستی تورکی عوسمانیو کەمالییەکاندا بوو. لەولاشەوە چارەنووسی فەڵەستین کەوتە ژێر ئینتیدابی بەریتانییەکانەوە، وەك ڕێخۆشکردنێك بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنی بەلفۆر.

ئـەوەی باسمان کـرد، گێڕانەوەی ڕووداوەکـانـی مێژوو نییە، بەقەد ئەوەی جەختکردنەوەیە لەسەر ئـەوەی، کە وتمان ڕێکەوتنی سایکس پیکۆ چەندان گۆڕانکاری و دەستکاریی بەسەردا هاتووە. هەرچەندە تورکەکان بە سەرکردایەتی کەمال ئەتاتورك گۆڕانکارییەکی زۆریان تێدا کرد، بەڵام ڕۆحە ئیمپریالییەکەی هەر پێوە ماوە. یەکێتیی سۆڤێتیش خەونی دەوڵەتی ئەرمەنەکانی سڕییەوە و لەگەڵ تورکیای کەمالیدا بووە هاوپەیمان بۆ گۆڕینی ڕێکەوتنی سیڤەر بە ڕێکەوتنی لۆزان، کە دابەشبوونی ڕاستەقینەی کوردستانی بە تەواوی چەسپاند.

وێستگەیەکی تری ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ جەنگی دووەمی جیهانی بوو (**١٩٣٩-١٩٤٥**)، لە کاتێکدا ئەڵمانەکان تۆڵەی ئەو شکستەیان کردەوە، کە لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەسەریان هاتبوو، جەنگی دووەمی جیهانی نزیك بوو ئێرانی شاهەنشایی بکاتە پیاوە نەخۆشەکەی سەدەی بیست، لە دوای پیاوە نەخۆشەکەی یەکەم کە دەوڵەتی عوسمانی بوو، ئەویش ئەو کاتە بوو کە وڵاتانی هاوپەیمان (بەریتانیا و یەکێتیی سۆڤێت) ئێرانیان داگیر کرد، بەڵام تاران بیانووی ئەوەی بەدەستەوە بوو، کە لە جەنگەکەدا بێلایەن بووە و تەمای ئەوەشی خستە بەر یەکێتیی سۆڤێت، کە ڕێکەوتنی نەوتی لەگەڵ دەکات، ئەوە بوو حکومەتی کوردستانی لە مهاباد و حکومەتی ئازەربایجانی لە تەورێز لەناوبرد، هەروەك ئەوەی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەسەر دەوڵەتی کوردی و دەوڵەتی ئەرمەنیدا

هات. بەم شێوەیەش ئێران پارێزگاری لە قەوارەی جوگرافی خۆی کرد، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەیبوو، لە فرت و فێڵی ڕێکەوتنی سایکس پیکۆش بە سەلامەتی ڕزگاری بوو، دواتریش لە پەنجاکاندا خۆی پاراست بە فرت و فێڵی جەنگی سارد، هەرچەندە بەدەر نەبوو لە کاریگەریی سیاسەتی مۆنۆپۆلی نەوت لەلایەن کۆمپانیا گەورەکانەوە.

فەڵەستینیش لە ئەنجامی دابەشکارییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا کەوتە ژێر ئینتیدابی بەریتانیا و درا بە جولەکە. ئەمە دوا دەرەنجامی ڕۆحی سایکس پیکۆ بوو، کە لە دابەشکردنی فەڵەستین دەستی پێ کرد، تا کۆتایی جەنگی سارد و هەرەسی یەکێتیی سۆڤێت (پیاوە نەخۆشەکەی خۆرهەڵاتی ئەورووپا)و جیابوونەوەی کۆمارەکانی سەر بە یەکێتیی سۆڤێت و ئاسیای ناوەڕاست لە مۆسکۆ، ئەو مۆسکۆیەی ئێستا گەڕاوەتەوە نێو ناوان و پەشیمانە لەو دەرچوونە ڕۆمانسیەی پێشووی لە ڕێکەوتنە ئیمپریالییەکە و دەیەوێ پلەو پایەی تزاری و سەردەمی سۆڤێتی و هێزی (پوتن)یی بەکار بهێنێت بۆ قەرەبووی ئەوەی لەدەستی داوە.

## کەواتە سایکس پیکۆ چی لێ ماوەتەوە تا لەناو ببرێ؟

ئـەوەی مـاوەتـەوە، ئەو قەوارانەیە کە لە پاشماوەی ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی پێکهاتووە، لەگەڵ نەخشەیەکی شێواوی سایکس پیکۆ. ئەو قەوارانە هەر یەکەیان بە جیا سەربەخۆیی خۆیان لە بەریتانیا و فەڕەنسا وەرگرت، بەڵام سنووورە ڕەسمییەکەیان هەمیشە ناکۆکی قوڵ و مشتومڕی لەسەر بووە، لەبەر ئەوەی ئەو سنوورانە بە پێی پێداویستی گەلان نەبووە، بەڵکو دابەشکردنێکی ئیمپریالیستانەیە.

عەرەب و تورکیش کاتێك باسی سایکس پیکۆ دەکرێت بۆڵەیان دێت، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە دابەشکارییە ئیمپریالییەکان و دروستبوونی قەوارە نوێیەکانو چارەنووسی فەڵەستین و یەکێتیی عەرەب و چارەنووسی ویلایەتی موسڵ، کە دوا خەونی داگیرکەرانەی تورك بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا پابەندن پێیەوە و پێداگریی لەسەر ئەو بەشەی دەکەن، کە پەیوەستە بە کورد و کوردستانەکەیانەوە.

تورکیا سۆزی دەبزوێ بۆ ویلایەتە عەرەبەکانی، کاتێك ئەگەری گۆڕانکارییەك لە نەخشەی ناوچەکەدا سەر هەڵدەدات، بە تایبەت دوای دەرکەوتەکانی بەهاری عەرەبی و ڕووداوەکانی ناوچەکە، بەڵام دەبێتە موحافزکار و دواکەوتوو، کاتێك ئەگەری گۆڕانکاری لە کوردستانی عیراق یان کوردستانی سوریا بێتە ئاراوە. واش دەردەکەوێ ئەنکەرەی ئەردۆگانی، لە دوای کودەتا سەرنەکەوتووەکەوە بە سیاسەتە فراوانخوازییەکانیدا چۆتەوە، ئەو سیاسەتەی خەریکە هەڕەشە لە نەخشە ڕەسمییەکەی پەیمانی لۆزانو بەڵێنەکانی کەمال ئەتاتورك دەکات، کە دەست بە تورکیای عیلمانییەوە بگرێتو هاوڕێی هاوپەیمانی خۆرئاوا بێت و خۆی لە خەونی ئیمپراتۆری عوسمانی بدزێتەوە.

لە کۆی گشتیدا زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان و تورکیا و ئێرانیش ئەو سنوورەی ڕێکەوتنی سایکس پیکۆ دایڕشتووە و وێستگە ئیمپریالییەکانی دواتریش دەستکارییان کردووە، بە پیرۆز دەزانن و پێیان وایە بەهیچ شێوەیەك نابێ دەستکاری بکرێت، کات دۆخەکە لە مەسەلە کورد نزیك دەبێتەوە. هەرچەندە ئەو سنوورانە لە سەدەی بیستدا زیاتر لە جارێك دەستکاریکراوە، وەك سنووری نێوان ئێران و بەحرێن، عیراق و کوێت، تورکیا و سوریا، لەناو پارێزگاکانی کۆماری تورکیادا لەسەر داوای سۆڤێت، میسرو سودانیش کە بوونەتە دوو دەوڵەتی سەربەخۆ، دواتریش باشووری سودانی بەدوادا هات. یەمەن بە دابەشبوون و یەکگرتنەوە، ئەریتیریا کە لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا سەربەخۆیی وەرگرت، بێ ئەوەی چاوەڕێی یادی سەد ساڵەی سایکس پیکۆ بکات، کە هەر لە بنەڕەتدا چارەنووسی باکووری ئەفریقا بەلایەوە گرنگ نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە عەرەبچییەکان تیایدا گرنگییان بە خۆرهەڵات و خۆرئاوەکەشی داوە.

### لەسەر لێواری گۆڕانکاری

ئێستا ئەگەری گۆڕانکاری هەیە، نەك لەبەر ئەوەی سایکس پیکۆ پێویستی بوونی نەماوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی جیهانی دوای بەهاری عەرەبی ئەو گۆڕانکارییە دەسەپێنێت. ئێستا جەمسەرگیریی مەزهەبی لەئارادایە، بە تایبەت دوای ئەوەی شۆڕشی سوریا گۆڕا بۆ شەڕی ناوخۆ، بە ڕەهەندێکی مەزهەبی هەرێمییەوە،

كە سێبەر بۆ سەر عیراق و وڵاتانی ناوچەکەش کێشاوە. دەوڵەتی (داعش)یش، کە لەناو دوو دەوڵەتدا دروست بووە، نەك هەر ئاماژەیە بۆ کۆتایی نەخشە کۆنەکە، بەڵکو لەوانەیە ئاماژە بێت بۆ ڕووخانی ئەو قەوارانەی بەریتانیا و فەرەنسا لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دروستیان کرد و لە ڕووی قانوونی و ئیداریشەوە هەوڵێکی زۆریشیان تێدا بەخەرج دا، هەر بۆ ئەوەی ڕووی ئیمپریالیزم بە ئاوەدانکەر پیشان بدەن. سوریا و عیراق و یەمەن و هەندێك وڵاتی تریش لە سەردەمی ئینتیدابدا کارگەیەك بوون بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نوێ، ئێستاش داعش چەکوشی لێ هەڵگرتووە و دەی ڕووخێنێت. لەم چوارچێوەیەشدا کۆچی ئەم جارەی خۆرهەڵاتییەکان بەرەو خۆرئاوا وەك کۆچی جاران نییە بە دوای گوزەرانی باشتردا، بەڵکو هەڵاتن و دەربازکردنی گیانە لە دەست دۆزەخی داعش، کە بۆتە شوێنێك نە دەوڵەتی لێیە و نە سیستمێك هەیە.

وڵاتانی دوای سایکس پیکۆ کۆڵەکەکانی وەك هاووڵاتیبوون و ماف و دیموکراسی و بە تایبەت مافی نەتەوە و ڕەگەزە بەشخوراوەکانی تێدا نەبوو، بەڵام هەرچۆنێك بوو دەوڵەتانێك بوون کە خاوەن ژێرخانی نوێ بوون. پاشان داعش هات و سنوورەکانی تێکشکاند و هەڕەشەی وێرانکردنی ژێرخانە نوێیەکەی ئەو قەوارانەی خۆرهەڵاتیش دەکات.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕووداوانەدا، پێویستی بۆ نەخشەیەکی نوێ دێتەئاراوە، کە خەیاڵ بۆ جیهانێکی بێ سایکس پیکۆ و مەعقولتر دەجولێنێت، بەڵام هەموو ئەگەرەکانیش کراوەن، لەو ئەگەرانەش، ئەوەی دەیەوێ گۆڕانکارییەکان بە قازانجی خۆی بێت، دەبێ چاوەڕێی گۆڕانکاری پێچەوانەش بێت.

بەڵام سەبارەت بە ئەگەرەکانی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لە کوردستانی عیراق، ئەوەی لەوان ڕوو دەدات، بۆ کوردیش ڕاستە، ڕەنگە گۆڕانکاریی لە بەر ژەوەندی کورد روو بدات، لەسەر بنەمای قسەکەی مارکس کە دەڵێ: (چینی کرێکار لە شۆڕشەکەیاندا، جگە لە کۆت و پێوەندەکەیان هیچیان نییە لە دەستی بدەن)، بەڵام ئەزموونەکانی سەدەی بیست، سیمای خەم و پەژار و لە هەمان کاتدا خۆشبەختی و گەشبینشی لەخۆ گرتووە. ئەوە بوو دوای جەنگی یەکەم شێخ مەحمود حکومەتێکی کوردی دامەزراند و هەر زووش لەناو چوو. دوای جەنگی

دووەمیش کورد تێکۆشا بۆ پاراستنی کۆمارەکەی لە مهاباد لە کوردستانی ئێران، بەڵام هەر زوو سۆڤێت خەونی کوردی فرۆشت بە ڕێکەوتنی نەوت لەگەڵ تاران. لە دوای جەنگی ساردیش لەگەڵ دەرکردنی ڕژێمی سەدام لە کوێت، کوردی عیراق حکمەتی هەرێمیی خۆیان دامەزراند، کە تا ئێستاش ماوە، بەڵام لەلایەك بەدەست چەوسانەوەوە دەناڵێنێت و لەلایەکی تریشەوە بە دروشمی نەتەوەیی بۆ خەونی سەربەخۆیی ڕەنگ کراوە، بێ ئەوەی پێداویستییە نیشتمانییەکانی شەڕی سەربەخۆیی بۆ ئامادە کرابێت، لە ڕووی بەهێزکردنی ناوخۆ و بنیاتنانی حکومەتێکی نیشتمانی کە هەر یەك لە حزبە بەشداربووەکانی بەشی خۆیان بەرکەوێت. لەوانەیە ئەم حکومەتە لە پێشبڕکێدا بێت لەگەڵ کانتۆنەکانی کوردی سوریا بەرەو پێکهێنانی قەوارەیەکی کوردی، کە خوا نەخواستە بەرەو چارەنووسێکی هەنگاو دەنێت، وەك ئەوەی بە درێژایی مێژوو لە چارەی کورد نووسرابێت.

بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو نەوەکانی سایکس پیکۆ نەخشەی ڕێکەوتنەکەیان داوەتە دەست هێزە گەورەکان و سیاسەت و قەوارە نیشتمانییە تازە دامەزراوەکان، ئەگەر پێی ڕازی نین بۆ هەوڵیان نەداوە بیگۆڕن؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە، ئەگەری گۆڕانکاری لە نەخشەکاندا لە پێویستییەکی ناخۆییەوە سەرچاوە دەگرێت، خواستی تێکشکاندنی سنوورەکانیش هاوشانی خواستی داعشە بۆ تێشکاندنی نەخشەڕێگا دەستووری و قانونیەکە و بۆ وێرانکردنی ژێرخانە نوێیەکەی، کە زۆر کەوتووە لەسەر قەوارەکان. تۆ بڵێی ئەگەر داعش کۆتایی پێ هات، بۆ ڕۆژی دواتر بەچاوی خۆمان ببنین قسەی جددی لەسەر نەخشەیەکی نوێ دەکرێ، یان ڕۆژی دوای نەمانی داعش ڕۆژێکی پشوو دەبێت، کە تیایدا لایەنە بەشەڕهاتووەکان چاوەڕێ دەکەن سبەی شەڕ و ململانێ بێهودەکانیان دەست پێ بکەنەوە. ئەوەیان بەس خوا دەیزانێت.

* ئەم بابەتە بە زمانی عەرەبی لە سایتی ئیلاف بڵاوبۆتەوە و کراوە بە کوردی لە کوردستانی نوێ، ڕۆژانی: ٢٣-٢٠١٦/٩/٢٤ بڵاو بۆتەوە.

## فەسڵی شەشەم

# دیدێکی بەرایی لەسەر پرسی تورکمان

(١)

# بەرەو بەشدارییەکی چالاکتری گەلی تورکمان لە ئەزموونی دیموکراتی کوردستاندا

هاونیشتمانانی تورکمان بە درێژایی ساڵەی نیشتەجێبوونیان لە کوردستاندا، هەمیشە توخمێکی هەڵسوڕا و و بزێوی کۆمەڵگەی کوردستان بوون و لە چالاکییە ئابووری و بازرگانییەکاندا بەشداریان کردووە و لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە، بە پێچەوانەی نەریتی زۆربەی کەمینە و ئەتنیکەکانی وڵاتانی تر، تورکمانەکان هەرگیز گرووپێکی داخراو و گۆشەگیر نەبوون و پێش هاتنە سەرکاری عەفلەقییە شۆڤێنییەکان، خۆرسکانە لەگەڵ کورد و کەمینەکانی دیکەدا تێکەڵاوی و هاوسۆزییەکی ئیجابیانەی چارەنووسسازیان هەبووە، ئەو تێکەڵاوییەش کە هەڵقوڵاوی پەیوەندییە ڕۆحی و کەلتوورییەکانی نێوان نەتەوە و گرووپە جیاجیاکانی کوردستان بووە، هێندە جێگیر بووە کە دواتر سیاسەتەکانی (پەتکەو زال بە)ی شۆڤێنیستەکان نەیتوانیوە زەفەری پێ ببا، چونکە ئەو کەلتوورە دەوڵەمەندە لە تەبابوون و گونجان زادەی پرۆسەیەکی سروشتی پێکەوە ژیان و ئالوگۆڕی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە، نەوەکو لە ئەنجامی پرۆسەیەکی قەیسەری بە زۆر پێکەوە پەستاندن و سیاسەتی گۆڕانی ئەتنوگرافییەوە دروست بووبێ.

سەردەمی پاش نەمانی حوکمی پاشایەتی لە عیراق و ئەو ڕووداوە بەپەلە و یەك لە دواییەکانەی کە ناوچەکە و عیراق و کوردستانی دەگرتەوە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کێشە نەتەوەیی و دیموکراتی و ئینجاش گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی عیراق بەجێهێشتبوو، ململانێی دەسەڵات لەنێوان ڕەوەندە سیاسییە جیاجیاکانی عیراق و دەسەلاتی ناسەقامگیری (عەبدولکەریم قاسم)، کە هێشتا ناسنامە سیاسییەکەی نارۆشن و بەلایەك دا نەشکابۆوە، دواتریش ڕووداوە ناخۆشەکانی

ساڵی ۱۹۵۹ لە موسل و کەرکوك، کە نەتەوەییە شۆڤینیستەکان و بەعسییەکان ڕۆڵێکی کەمیان تێدا نەگێڕا، ئەمانە هەمووی بە تێکڕایی کاردانەوەیەکی سەلبی هەبووە لەسەر گەلی تورکمان و لە نواندنی چالاکی سیاسیانە دڵساردی دەکردنەوە. دواتر پەرەسەندنی ڕووداوەکان بە قازانجی ڕەوتی نەتەوەیی عەرەبی و زاڵبوونی دیکتاتۆری و ڕۆحی عەسکەرتاریەت بە یەکەم هاتنە سەرکاری بەعسییە عەفلەقییەکان لە ساڵی ۱۹٦۳و دوا تریش، کە ئەو ڕووداوانە تا پلەی داوەشین چالاکیی سیاسی لە عیراقدا یاساغکردو لە کوردستانیش بزووتنەوەیەکی چەکداری کە بە ناوەندی عەسکەرتای نەدەڕووخا، تاکە گوزارشتی سیاسی بوو لە خواستەکانی گەلی کوردستان، لەوێ بەدواوە نە تورکمانەکان تێکەڵی گەمەی سیاسی بوون و نە ڕژێمی بەغداش دەرفەتی ئەو جۆرە بەشدابوونەی دەدا، بگرە لە پاڵ بە زەبروزەنگ وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی کورد سەرکوتی بزاڤی دیموکراتی بەگشتی، هەرواش ڕاوەدووی کەسایەتی کۆمەڵایەتی و ناودارەکانی گەلی تورکمانی هاونیشتمانی دەدا و پێشێلی هەموو ئەو خواست و بزاوتنانەی دەکرد، کە نیشانەبوون بۆ تایبەتمەندی کەلتووریی تورکمانەکان و بە چاوێکی سووك و فەرامۆشکارییەوە سەیری دەکردن.

ئەگەرچی لەگەڵ دەستبەسەراگرتنی کورسی فەرمانڕەوایی لەلایەن بەعسییەکانەوە سیاسەتی تەعریب و تەرحیل لە شار و شوێنە ستراتیژییەکانی کوردستان دەستی پێ کرا و ڕاگواستنی کورد لە ناوچە نزیکەکانی چاڵو پاڵاوگە نەوتییەکانی کەرکوكو جێنشینکردنی عەرەب لە جێگەیاندا دیارترین شێوەکانی ئەو سیاسەتە شوومە بوو، بەڵام زوو گۆشەگیرکردنی بەعسییەکان و هەڵگەڕانەوەی تاقمێکی فەرمانڕەوا لێیان، وای کرد کە ئەو سیاسەتی تەعریب و تەرحیلە نەچێتە فۆرمۆلەیەکی ستراتیژیو پێشتر بەرنامە بۆ دارێژراوە. ئەگەرچی لەگەڵ گوشاری زیاتری بزووتنەوەی چەکداریی کورد و مایەپووچ مانەوەی ڕژێم لە بەردەمیدا، وەکو کاردانەوەیەکی هێستریایانە، کەم تا زورێك پەیرەوی لە ڕاگواستن و پەرتەوازەکردنی کورد دەکرا، گەڕانەوەی بەعسییەکان لە سالی ۱۹٦۸دا بە ڕووپۆشێکی تازەوە و کارکردنیان بەگیانی تۆلەسەندنەوە، پتر لە جاران جموجوڵی سیاسی لە عیراق ئیفلیج کرد و لەگەرمەی ڕێککەوتنی ئازاری

١٩٧٠و ساڵەکانی ئاگربڕ لەگەڵ شۆرشی کوردستان دا، بەعسییەکان ئەمجارەیان لە ژێر پەردەی ئاشتی و دەسەڵاتی ناوەندا پرۆگرامێکی نەخشە بۆ کێشراوی گۆڕینی پێکهاتەی ئەتنۆگرامی کوردستان بەگشتی و کەرکوك بە تایبەتییان دانا و بەخستنەسەری (تەبعیسی) زۆرەملێیانەش، دووانەی (تەعریبو تەرحیل) ی کرد بە سێ کوچکەیەکی نەفرەت لێ کراو لە یادەوەری گەلی کورددا. لەم ماوە درێژەدا ڕژێم بە پەکخستنی بزووتنەوەی دیموکراتی عیراق و لاتەریککردنی دەنگ‌و ڕەنگی گرووپ و کەمینەکانی تر توانیبووی ئەو پەیوەندییە ڕۆحی‌و کەلتووریانەی لەسەرەوە ئاماژەیان بۆکرا سڕبکا و لەباری پەیوەندیی هاونیشتمانی کوردستانی لەنێوان کورد و تورکمان دا گیانی جۆرە لێکدابڕینێکی نەویستراو بزوێنی‌و سیاسەتی دێرینی (پەرنکە و زاڵبە) لە شاری کەرکوك دا (کە چەقی پێکەوە ژیانی کورد و تورکمان و کەمینەکانی دیکەی کوردستانە) پەیڕەو بکات، بە تایبەتی پاش شکستی شۆرشی ئەیلول و بێچارە مانەوەی گەلی کورد ڕژێم لەو وەختەدا دەستی واڵاکرا و وەکو تەواوکارییەك بۆ هەڵمەتەکانی ڕاگواستنی خەڵکی ناوچە سنوورییەکان، هاوکات لەگەڵ نیشاندانی دڵسۆزی ڕووکەشانە بۆ گەلی تورکمان و لە ژێروەش تەهوینکردن بە مافە کەلتووری و تایبەتییەکانیان، دەستی کرد بە دەرکردنی کرێکار و کارمەندانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك و دامودەزگای خزمەتگوزارییە حەساسەکان، ئینجاش فراوانکردنی ڕاگواستن و ڕێکخستنی لە شێوەی دەرکردنی بەکۆمەڵی کورد و نیشتەجێکردنی بەکۆمەڵی عەرەب لە شوێنیاندا، کارێك کە ڕژێم دەیویست ئەنجامی بدا و سەرباری گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکان تا ئێستاش تێیدا سەرکەوتوو نەبوو، ئەوە بوو ویستی کە تورکمان بکات بە بەردەبازی پەڕینەوەی قۆناغە سەرەتاییەکانی تەعریب لە کەرکوك دا و سەرجەمی پرۆسەکە وا بخاتە ڕوو، کە ئەم ڕاگوستنە بە تەنها کورد دەگرێتەوە و گوایە لە ئاکامدا بەلاتەریککردنی ئەو هاونیشتمانانە دەتوانێ باشتر بپەرژێتە سەرگۆرانی پێکهاتەی ئەتنۆگرافی شارەکەو چالاکتریش لە ئامارەکاندا گەمە بە ڕێژەی دانیشتوان و ڕووبەری خاکەکەی بکات، بەڵام دواتر بەوەی سروشتی ڕژێمەکە شۆڤێنییەکی بەرەچاوتەنگ بوو، کە هەرخۆی هەنگاوەکانی خۆی پووچەڵکردەوە، هەروەها بەوەی کە وەڵامدانەوەیەکی ئیجابیانەی لە تورکمانەکانەوە

وەچنگ نەکەوت، پەرەسەندنی سیاسەتی شەرانگێزیو سەرکوتکەرانەی ڕژێم گەیشتە ئاستی ڕاوەدوونانی هاوولاتیانی تورکمان و تەختکردنی ئەو گوندانەی کورد و تورکمانی تێدا دەژین، بە مەش دواکارتی قومارلەدەست رژێم سەندرایەوە، شۆرشی نوێی کوردستانیش بەوەی کە پۆلێنێکی ڕۆشنی لەنێوان سیاسەتەکانی ڕژێم و خواستە کەلتورییەکانی گەلی تورکمان کردبوو، دواگورزی جەرگ بڕی لە ڕێسای (پەرتکە و زالآیە) وەشاند و کاردانەوەی ئیجابیانەی ئەو پۆلێنکردنە ژیرانە لەسەر وەختی ڕاپەرینی ئازاری ١٩٩١و ڕزگارکردنی کەرکوکو ئینجاش ڕووداوە سیاسییەکاتی دوای راپەرین، بەدیارکەوت.

**(٢)**

## هاوهەڵوێستی کورد و تورکمان

وەکو سروشتی هەمیشەیی ڕژێمە شۆڤێنی و دواکەوتووەکان، ڕژێم لە کوردستان و پاش ئەوەی دەرفەتی کۆنترۆلکردنی ڕاستەوخۆی کوردستانی بۆ ڕەخسا، کەوتە ژیاندنەوەی هەموو ئەو ڕەمز و یادگارییانەی گوزارشت لە سەردەمێکی ناخۆشی ژیانی سیاسیی کوردستان و عیراق دەکەن، بۆ ئەوەی هێندەی پێی دەکرێ گۆڕانێکی چۆنایەتی لە پلانی بەگژیەکدا کردنی کورد و تورکمان بکات، پاش ئەوەی لەسەر وەختی (ئەنفال)و قەلاچۆکردنی گەلی کورددا برا تورکمانەکانیش پڕیشکی ئاگری شۆڤێنیستەکانیان بەرکەوت. دیارترین نموونە زەقەکانی ئەو ژیاندنەوەیەش ئەوە بوو، کە لە ناوەندی شاری کەرکوك دا پەیکەری بۆ دوو کەس لەو هاوولاتییە تورکمانانە دروست کرد، کە لە ڕووداوە ناخۆشەکانی ساڵی ١٩٥٩دا بوون بە قوربانی بزربوونی هاوپەیمانێتییەکی نیشتمانی و ناسەقامگیری ئەو نیمچە دیموکراتیەتەی لەو سەردەمەدا هەبوو. عەفلەقییەکان پاش ئەوەی هیچیان بۆ پێناسەیەکی ئەتنیکی تورکمانەکان نەهێشتەوە، کەوتنە فرمێسك ڕشتنی درۆزنانە بۆ قوربانیانی سەردەمێك، کە خودی عەفلەقییەکان ڕۆڵێکی کەمیان لە ئاڵۆزکردنیدا نەگێڕابوو و بگرە پیلانەکانی ئێستاش بۆ دووبەرەکی نانەوە لەنێوان کورد و کەمینە نەتەوەییەکانی کوردستان و بەتایبەت تورکمانەکان درێژبوونەوەی هەموو سیاسەتی ئەو سەردەمەیە، لەگەڵ ئەوەشدا نموونەی ئەو دوو پەیکەرەی رژێم

دروستی کردبوو پێیوابوو کورد بە تەحەدایەکی تا نەوەیی دەزانێ و کاردانەوەیەکی ئەوتۆی لەئاستدا دەنوێنێ، کە مایەی ئاگرنانەوەیەکی ناخۆش بێ، ئەو نموونەیە تاکە نموونەیەك نەبوو کە ڕژێم پەنای بۆ بردبێ، بەڵام خودی کردارە شوڤێنییەکان هێندە هەڵەشەیی پێوە دیاربوو، کە لە دوائاکامدا بە پێچەوانەی خواستەکانی ئەو دەکەوتنەوە لە هەڵپەی کارکردن بۆ تەعریبکردنی شاری کەرکوك و قۆستنەوەی دەرفەتی بێدەنگی کۆمەڵگای نێودەڵەتی لە ئاست کارەساتەکانی گەلی کورد و هەرواش لەئاست کارەساتەکانی گەلی کورد و هەرواش لەئاست کارەساتەنی گەلانی عیراق دا ڕژێم دەیویست ئەمجارەیان پڕۆگرامی گۆڕانی پێکهاتەی ئەتنۆگرافی شارەکە بگەیەنێتە ئاستێك، کە تەنانەت هاوولاتییە تورکمانەکانیش بگرێتەوە، بڕیارەکانی قەدەغەکردنی کڕینی خانوو بۆ کورد و تورکمانو تەگەرە دروستکردن بۆیان لەدامودەزگاکانی دەوڵەتدا، ئینجاش لەدوا قۆناغدا هەوڵدان بۆ.

سەندنەوەی ناوەندە بازرگانی و ئابورییەکان لەدەست کورد و تورکمان و بە ڕەسمی پێشێلکردنی هەر تایبەتمەندییەکی خەڵکی تورکمان لەو پڕۆژەیەی ڕژێم بەناوی (دیموکراتیزەکردنی عیراقەوە!) وەکو دەستوورێك بۆ ئایندەی عیراق جاڕی بۆ دابوو و هاوکات لەگەڵ ئەمانەش ڕاوەدوونان و دەستگیرکردنی گەنجە تورکمانەکان بە ناوی سەربازی هەڵاتووە وەو.. هتد ئەمانە هەمووی ئەو لەمپەرانە بوون، کە دیوی دووەمی سیاسەتەکانی ڕژێمیان نەفی دەکردەوە، واتا مەسەلەی دووبەرەکی نانەوە لەنێوان کوردو تورکمان و خۆنیشاندان وەکو دڵسۆزێکی خەڵکی تورکمان لە شاری کەرکوك.

ڕووداوێك، کە بە ڕوونی و بە عەمەلی مایەپووچیی سیاسەتەکانی ڕژێمی لەم بوارەدا نیشان دا، ڕووداوی پڕ سەروەری نەتەوەیی و نیشتمانی ڕزگارکردنی شاری کەرکوك بوو. کەرکوك جگە لەوەی چڕترین گوازارشت بوو لەململانێی کورد و دەسەڵاتی شۆڤینی لەناوەندا، هەرواش چەقی پێکەوە ژیانی کورد و کەمینە نەتەوەییەکانی دیکەی کوردستان، لەوانەش (تورکمان)، بوو. هەڵاتنی نیشتەجێبووە عەرەبەکان، ئەوانەی ڕژێم بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی تەعریب کوردستانی بۆ والاکردبوون، هەڵاتنی ئەوانە خۆی لە خۆیدا نیشانەی نامۆبوونیان بوو بە خاك و خەڵکی شارەکە و بە پێچەوانەش هاوهەڵوێستی تورکمانەکان لەگەڵ

پێشمەرگەو جەماوەردا، دەربڕی هاوسۆزی و هوشیارییەکی سیاسیانە بوو، کە خوی لە ڕەتکردنەوەی سیاسەتە چەوتەکانی ڕژێمدا دەبینێتەوە، ئەو مانایەشی دەبەخشی کە برا تورکمانەکان خۆیان بە هاوچارەنووسی کورد دەزانن، ئەو ڕۆژە کورتانەی ئازادی، جگە لەوەی مانا و تەحەدایەکی گەورە بوو بۆ گەلی کورد، هەرواش زیندووکردنەوەی نەریتی دێرینی دۆستایەتی و برایەتی نێوان کورد و تورکمان بوو و لە ماوەیەکی کەمدا کەلتووری پێکەوە ژیانی خۆڕسکانە سەری هەڵدایەوە و لە ئەنجامیشدا دیوارێك لە ترس و بەدگومانی، کە لەنێوان پێشمەرگەو کورد لەلایەك و ئەو گرووپە نەتەوەییانەی لە شارەکەدا دەژین لەلایەکی ترەوە، دروست کرابوو ڕووخێنرا، سەرئەنجام پاش گرتنەوەی شارەکانی کوردستان و کۆچی بە کۆمەڵی گەلی کوردستانیش، ڕژێم نەیتوانی هەروا بە ئاسانی سیاسەتی (پەرتکە و زاڵبە) پەیڕەو بکاتەوە و تا ئێستاش بە هۆی نوقمبوونی لەگێژاوی سیاسەتە چەوتەکانی خۆی و دابڕانی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، نەپرژاوەتە سەر سەرلەنوێ کارپێکردنی.

ئەوە لەبەرچاوە، پاش دەرکەوتە تازەکانی لاوازبوونی ڕژێم و بوونی بەشێکی ڕزگارکراو لە خاکی نیشتمان و پێکهاتنی حکومەت و پەرلەمان لەم هەرێمەدا، هاوکیشە سیاسییەکان دۆخێکی ئەوتۆیان هێناوەتە کایەوە، کە گەلی کوردستان لە ناوچە ڕزگارکراوەکاندا لە هەڕەشە ڕاستەوخۆکانی ڕژێمی بەغدا دوورکراونەتەوەو هەرێمی کوردستانیش وەکو ناوەندێکی ڕزگاری و چەقی چالاکییەکانی دژ بە ڕژێم تەماشادەکرێ، بەلام لە ناوچە ڕزگارنەکراوەکان، بەتایبەتی لە شاری کەرکوك ڕژێم تا ئێستاش لەسەر سیاسەتی سەرکوتکردن بەردەوامە و مەگەر لە ماوەکانی سەرقاڵبوون بە قەیرانە جۆراوجۆرەکانی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ڕژێم دەرفەتی جێبەجێکردنی شاڵاوی دەرکردن و ڕاوەدونانی لێ کەمبووبێتەوە. دیارە تورکمانەکانیش دیسانەوە لەو شالاوە بێبەشنەکراون، بگرە لەم دواییەدا لە درێژەی ڕاوەدوونان و دەستگیرکردنی خەڵکی شارەکە و گوێبڕین و دەستبڕینی سەربازی هەڵاتوودا، ڕژێم هەموو جۆرە هەڵاوێردنیکی خستە لاوە و ئێستا بێ ئازووقەکردن و پشکنینی ماڵە کورد و تورکمان و تێکرای خەڵکی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بۆتە ڕوویەکی دیاری قەیرانە ناوخۆییەکەی ڕژێم و لەو شارەی

تەماسێکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان هەیە، بە زەقی هەستی پێ دەکرێ.

## (٣)

## بەشداری تورکمان نیشانەی بەرپرسو هوشیاریی سیاسییە!

ئەو بارودۆخە دژوارەی پاش هاتنە سەرکاری عەفلەقییەکان تووشی برا تورکمانەکان هات، دەرئەنجامی زنجیرەیەك لە هەنگاوی یەك لە دوای یەکی پێشێلکردنی مافی نواندنی چالاکیی سیاسی و پەکخستنی دیموکراسی و بگرە ئاودیوکردنی هەموو پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و مافی نەتەوایەتی و مەزهەبی بوو لە عیراق دا. کارەساتە جەرگبڕەکانی گەلانی عیراق، کە خەڵکی تورکمانیشی گرتەوە، ئەو لەمپەرە سایکۆلۆژییەی دروستکرد کە تورکمان زیاتر لەوەی پێشبینی دەکرا لەگەمەی گۆڕانگارییەکان دووربکەونەوە و شوێنێك بۆ خۆیان لەو گێژاوە یەك لە دواییەکانەی کوردستان و عیراق نەبیننەوە، ئیدی لە سەردەمی سیاسەتی شەڕخوازانەی ڕژێمی بەغدا دژ بەئێران لاوە تورکمانەکان یان دەبووایە سووتوی ئەو شەڕە بن، یانیش دەبووایە سەری خۆیان بە هەر چەشنێك بۆیان دەلوێ بۆ دەرەوە هەڵبگرن، ئەمە زیاتر بۆ ڕووناکبیرانو کەسایەتییە تورکمانەکان مایەی نیگەرانی بوو، ژمارەیەکی زۆر لەوانە ئاوارەی وڵاتان بوون و ژیانی تاراوگەیان لەگەڵ بەشێکی زۆر لە ئاوارە عیراقییەکان هەڵبژارد. لەکاتێکدا پێدەچوو بۆ کورد بوونی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی تاڕادەیەك ڕۆشنی هەبووەو هەرواش بەزەبری شۆرشگێڕانەی خۆی و بەدەرئەنجامی هاوکێشە سیاسییەکانی شەڕی عیراق-ئێران، ئەو بزووتنەوە چەکدارییە توانیبووی پانتاییەکی ڕزگارکراو بۆ خۆی دابین بکا و ئەو ناوچە ڕزگارکراوەش هەم مایەی ئومێدی گەلی کوردستان و هەم پەناگەی ئەو کەسایەتی و ڕۆشنبیرە کوردانە بێ، کە چیتر بارودۆخی سیاسییان ئەوەی هەڵنەدەگرت لە ژێر ڕەحمەتی چاودێریی سیخوڕ و ئەمنی ڕژێمدا بمێننەوە، لەکاتێکدا ئەمە بۆ کورد لوابوو، ئەوا پێشنەکەوتنی هەلومەرجی گۆڕانەکان لە عیراق، بە ئاقاری بزووتنەوەیەکی بەرهەڵستکاری سەرتاسەری، کە ناوچەکانی باشوورو ناوەڕاستی عیراق بگرێتە خۆی، وای لە دۆخەکە کردبوو

که لەبەر هەر هۆیەك بێ بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە لە کوردستان قەتیس ببێ و وەکو بەرهەڵستکارییەکی تایبەت بە کورد بێتە بەرچاو و هێندە بەرفراوان نەبێ، کە گەنج و کەسایەتییە بەرهەڵستکارەکانی عیراق، لەوانەش گەنج و کەسایەتییەکانی کەمینە نەتەوایەتییەکانی کوردستان لە ئاستەنگی و تەنگانەکاندا پەنای بۆ ببەن، یان ئەگەر پەناشیان بۆ بردبێ، ئەوا وەکو وێستگەیەك وابووە کە دواتر ژیانی تاراوگە هەڵبژێرن، سەرباری ئەمانەش بۆ گەنج و کەسایەتییەکانی هاونیشتمانە تورکمانەکان لەمپەری سایکۆلۆژی و لەمێژینەی دوورکەوتنەوە لە سیاسەت و ئاکامە خراپەکانی فەرامۆشکردنی دەنگ‌و پێگەی ئەوان لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە عیراقدا هۆکارێکی دیکەی کاریگەربوو بۆ ئەوەی کەسایەتییە هەڵسوڕاوەکانی تورکمان ڕوو لە دەرەوەی وڵات بکەن و لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا یان لە وڵاتانی دراوسێدا، ئەوەندەی لەتواناياندا هەیە، مەرگەسات، یان تراژیدیای خەڵکی تورکمان لە عێراقدا بخەنە ڕوو، کە دەسەڵاتێکی شۆڤێنێ تێدا زاڵەو ئەو دەسەڵاتەش جگە لە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانە بەرامبەر تێکڕای گەلانی عیراق، بە تورکمانەکانیشەوە، هەرواش لە درێژەی سیاسەتە شەڕانگێزەکانی خۆی دەرامەتەکانی وڵات و وزە و توانای لاوانی کورد و تورکمان و عەرەبی کردووە بە قوربانی شەڕێکی بێمانا و ئاکام نادیار، ئا بەم جۆرە لە هەندەران دەستە و گرووپی تورکمانی، ئینجاش حزبە تورکمانییەکان لەدایکبوون.

هەلومەرجی دوای ڕاپەرین و گەڕانەوە لە کۆڕەو و دابینکردنی ناوچەی ئارام بۆ گەلی کوردستان و ڕاپەڕینی دووەم، دەرپەڕاندنی سوپای ڕژێم و دواتریش خۆکێشانەوەی دەزگا کارگێڕییەکانی رژێم، ئەمانە هەمووی وەکو زنجیرەیەك ڕووداوی ئیجابی لەسەریەك ڕەخسێنەری ئەو دۆخە بوون، کە ناوچەیەکی ئازاد لە کوردستاندا دروست ببێ و گەلی کورد و کەمینە نەتەوەییەکانی دیکەی کوردستان بۆ یەکەمین جار دوور لە دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس ژیان بەسەرببەن، ئیدی برا تورکمانەکانیش لەم ئازادی و دیموکراتییەتە تازە چەکەرەبووەی کوردستان بەهرەمەند بوون و لە ئاستی پێکهاتەی سیاسیشدا ئەوا حزبی تورکمانی هەبوون، کە لەپاڵ حزب و ڕێکخراوەکانی بەرەی کوردستانی، لەو سەردەمەدا، لە هەوڵی ڕێکخستنەوەی ژیانی سیاسی بوون لە کوردستان و هاریکاری‌و پێکەوە تەنسیقیش

لەم نێوانەدا پەیڕەوکرا و بە ستایشی خودی لێپرسراوانی حزبی لەبرا تورکمانەکان، ئەوا بەرەی کوردستانی و یەکێتی بە تایبەتی هاوکارییەکی باشی ئەو حزبانە کراوە. تەنانەت لە سەردەمی ڕاپەڕین و پاش ڕاپەڕنیش ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بلندگۆیەکی کراوە بوو بۆ گەیاندنی پەیامی سیاسیو دەنگی ئازادیو دیموکراتی بە خەڵکی تورکمان، چ ئەوانەی لە هەرێمی ڕزگارکراودا بە ئازادی دەژینو چ ئەوانەی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمدا بەناچاری ڕۆژگارەکانی سەرکوتو مەرگ بەسەردەبەن. ئەرگەچی حزبە تورکمانییەکان فریای بەشداریکردنی یەکەم ئەزموونی هەڵبژاردن نەکەوتن، بەڵام هاووڵاتییە تورکمانەکان ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی دەنگدان بۆ حزیە کوردستانییەکان بەشدارییەکی بەرچاویان کردو هاوسۆزییەکی نیشتمانیو پلەیەکی بەرزی هوشیاری سیاسیان نواند، بە تایبەتی کە بەرنامەی هەڵبژاردنی حزبە کوردستانییەکان و لە سەرووی هەموو شیانەوە هەردوو حزبە سەرەکییەکە بەرنامەیەکی بەرچاوتەنگی نەتەوەیی نەبوو و ئەگەر بە فۆرمۆلەیەکی گشتیش بێ تەئکیدی لەسەر مافە کەلتووری و ئیدارییەکانی کەمینە نەتەوەییەکانی کوردستان، بەتایبەت هاونیشتمانانی تورکمان، دەکردەوە.

لەگەل پتر سەقامگیربوونی ئەزموونی دیموکراتی لە کوردستان و ڕێکخستنەوەی ژیانی سیاسی لە ژێر ڕۆشنایی دەرکەوتە تازەکانی دوای پێکهاتنی حکومەتو پەرلەمان و ئارامیی دۆخەکە لە ئاستی ناوخۆ و پاشان بوونی ئەو پێکهاتە سیاسییەی کوردستان بە ئەمری واقیع "دیفاکتو" و دروستکردنی تا دێ کەناڵی پەیوەندیکردن بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، ئیدی وردە وردە کوردستان دەبوو بە ناوەندێکی دیموکراسیو مودیلێکی شایستەی پەیڕەوکردن لە سەرتاسەری عیراقیشدا. بنەو بارەگانی (Inc)یش وەکو چوارچێوەی فراوانی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی لە شوێنی خۆی جێگیربووە. سروشتی بوو کە لەم کەشە ڕەنگاوڕەنگەی دیموکراسیدا حزبە تورکمانییەکانیش ئازادیی کارو چالاکی سیاسیان بۆ دابین بکرێ و لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و پەخشی ڕادیۆیی و دواتر تەلەفزیۆن و پێکهێنانی ڕێکخراو و کۆمەڵەی جۆراوجۆری ڕۆشنبیریو خزمەتگوزاری تایبەت بە برا تورکمانەکان پەرە بە ئامادەبوونی خۆیان بدەن.

ئەگەرچی تێکڕای حزبە تورکمانییەکان و ڕێکخراوە پیشەیی و خزمەتگوزارییەکانیان تەئکید لەسەر پێویستی بوونی ئۆرگانێکی یەکگرتوو دەکەنەوە، کە لە شێوەی بەرەیەکی تورکمانیدا بێ و میکانیزمێکی بەگوڕتر بۆ چالاکییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان بێنێنە کایەوە. ئەوەش هەنگاوێکی چۆنایەتی پێویستە، نەوەکو بە تەنها بۆ برا تورکمانەکان، بەڵکو بۆ کەمینە نەتەوەییەکانی دیکەی کوردستانیش، بەڵام تا ئێستاش لەبەر چەندین هۆکاری مەوزوعی ئەو ئۆرگانە یەکگرتووە دروست نەبووە و لەمپەرێکی ناپەسەندی لەبەردەم پێشڤەچوونی چالاکیی سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی تورکمان قیت کردۆتەو، ئەو لەمپەرانەش بەدیدی من خۆی لە جیاوازیی ڕوانگەی سیاسی هەریەك لەو حزیانە و ناڕۆشنی بەرنامەی هەندێکیانو ناواقیعی و بەسەرچوونی هەندێك لەو ڕوانگانەی پێدەچێ وەڵامدانەوەیەکی عەفەوی سیاسەتە شوڤێنییەکانی ڕژێمی بەغدا بێ، هەرواش نەبوونی تەرحێکی مۆدێرن و هاوچەرخانە بۆ مافە کولتووری و ئیدارییەکانی تورکمان، کە بێگومان لە کەم ئەزموونی و دابڕانێکی ماوە درێژی نواندنی چالاکی و بەشداریکردنی گەمەی سیاسییەوە سەرچاوەدەگرێ و ئەو هۆکارانە پێکەوە تا ئێستا ڕێگربوون لەوەی داخوازییە نەتەوەییە ڕەواکانی تورکمان لە یەك بەرنامەدا ڕەنگریژ بکرێت و جێبەجێکردنیشی ببێتە بەرنامەیەکی هەنووکەیی لە دواخستن نەهاتوو، چونکە ئەوە ڕاستە کە حزبە تورکمانییەکان و ئینجا خەڵکی تورکمانیش لەو ئازادییە سیاسییەی کوردستان بەهرەمەند و ئەوانیش بە دەوری خۆیان دەوڵەمەندی دەکەن، بەڵام تا ئێستاش فۆرمەڵەی یاسایی گونجاو بۆ پەیوەندی نێوان حزبە تورکمانییەکان و حکومەتی هەرێم وەکو تاکە دەزگای جێبەجێکردن و پەرلەمانی کوردستان وەکو تاکە دەزگای تەشریعی دابین نەکراوە و بەتەنها ئەو دوو دەزگا نیشتمانییە داڕشتنی مافە کەلتووری و ئیدارییەکانی کەمە نەتەوەییەکانی کوردستانیان کەوتۆتە ئەستۆ و هەر ئەو دەزگایەش دەتوانن بیپارێزن وگەشەی پێ بدەن. بۆیە ئێستا زیاد لە هەرکاتێکی تر پێویستە پەیوەندی نێوان ئەو حزبانە و حکومەتی هەرێم قۆناغی هاریکاریو یەکترناسین تێپەڕێنێ و میکانیزمی ڕێکخستنێکی تۆکمە دروست بکرێ، کە خۆی لە دووانەی ڕەوایی مافە نەتەوەییەکانی تورکمان لەلایەك و پێویستی مامەڵەکردن لەگەڵ شەرعیەتی

دەستووری و یاسایی حکومەت و پەرلەمان لەم بوارەدا لەلایەکی ترەوە، دەنوێنێ. هەڵبەتە هەنگاوی ئاوەها عەمەلیش لێك حاڵیبوون و ڕێکخستنی ژیانی سیاسی لە کوردستاندا مەیسەرتر دەکات.

(٤)

## فۆرمێکی گونجاو بۆ مافی تورکمانەکان و پەیوەندی نێوان حکومەت و حزبەکانیان

بێگومان دیاردەی هەمەڕەنگیی نەتەوەیی و ئەتنیکی و مەزهەبی لە هەر کۆمەڵگەو لە هەر نیشتمانێکدا دیاردەیەکی سروشتییە و هەرگیز لە مێژوودا وڵاتێك نەبووە، کە لە یەك نەتەوە یان یەك ڕەگەز پێك هاتبێ، لە ڕاستیشدا هەمەرەنگی نەتەوەیی بۆ کۆمەڵگەیەك، کە دیموکراتی و شارستانی بێ، مایەی دەوڵەمەندیی کەلتووری و ڕوویەکی گەشی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییە. ئەوە وڵاتە نادیموکراتەکانن کە بە عەقڵیەتێکی دواکەوتووی دیکتاتۆریانە گرووپ و کەمینەکانی تر بە هەڕەشەی یەکپارچەیی خاکی وڵات دەزانن و پێیانوایە لەپشت هەر داخوازییەکی نەتەوەییەوە پیلانێکی دەرەکی خۆی مەلاس داوە. ئەوە وڵاتە ناشارستانییەکانن کە لەبەر دواکەوتوویی خۆیان هەر تایبەتمەندییەکی کەمینەکان بە مەترسی لەناوچوونی (گوایە) شارستانیەتی نەتەوەی برا گەورەی وڵات دادەنێن، لەکاتێکدا وڵاتە دیموکراتیو شارستانییەکان ئیشکردن بۆ هێنانەدی مافی کەمینەکان بە بەشێك لە بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان دەزانن و ڕاکێشانی دەستە و ڕێکخراوە چالاکەکانی ئەو کەمینانە بۆ نێو گەمەی سیاسی بە مەرجی بنچینەیی دیموکراتیبوونی خۆیان دەزانن‌و سەلماندنی مافە کەلتووریو ڕۆشنبیرییەکانیشان بە سەمایەیەکی ڕۆحی کەڵەکەبوو دەخوێننەوە.

لە وڵاتە سەقامگیربووەکاندا دەوڵەت هێندە تۆکمە و پتەوە، کە هاوسەنگییەکی نموونەیی لەنێوان پێویستییەکانی بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان بە دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی ناوخۆ لەلایەك و مەرجەکانی دیموکراتیبوونی کۆمەڵگە و مافەکانی مرۆڤ و مافی کەمینە نەتەوەییەکان لەلایەکی ترەوە، دروست بووە. لەو وڵاتە ئارام و جێگیربوانەدا دەوڵەت ئابوورییەکی گەشەکردووی هەیە و لەگەڵ ئامرازی دیموکراتیەتدا پێکەوە پێویستییە ماددی و ڕۆحییەکانی

هاونیشتمانان لە هەر ڕەگەز و مەزهەبێك بن دابین دەكەن. لەوێدا حكومەت بە توانا مادییەكانی خۆی حزب و دامودەزگا جیاجیاكان پارەدار دەكا و لە پێداویستییەكانیان دەپێچێتەوە، تاوەكو ململانێ و هاوكێشە سیاسییەكان، جگە لەوەی بە ئاراستەیەكی دیموكراتی بڕۆن، ئاوەهاش لە چوارچێوەی نیشتمانی دەرنەچن و ڕێگە لە دەستێوەردانی دەرەكی بگیرێ. بە پێچەوانەی ئەوەش لە وڵاتە نادیموكراتەكاندا، دەسەڵاتی دیكتاتۆری هیچ دەنگێك لە خیتابی دەسەڵات بەو لاوە و هیچ ڕەگەزێك لە ڕەگەزی سەردەست واوەتر ناسەلمێنێ و لە دوا ئاكامیشدا وڵاتێك، كە دیكتاتۆر پێیوایە پاراستویەتی، دەكەوێتە قەیرانێكی سیاسییەوە و یەكپارچەیی خاكی ئەو وڵاتەش، كەگوایە پیرۆزو لەگۆڕان نەهاتووە، دەكەوێتە بەر هەڕەشەی دەرەكی و لەبەریەك هەڵوەشانەوەوە. لەم میانەدا عیراقەكەی لەمەڕ (صدام) و (حزبی بەعس) باشترین نموونەی مایەپووچیی حكومەتی لەو بابەتەیە و هەرگیزیش شایستەی دووبارەكردنەوە نییە.

پێشینەی پڕ سەروەریی ئەو حزبانەی پەرلەمان و حكومەتیان پێك هێناوە، بەتایبەت هەردوو حزبە سەرەكییەكە، لەگەڵ خەباتی لەمێژینەیان بۆ مافە نیشتمانی و نەتەوەییو دیموكراتییەكانی خەڵكی كوردستان و هەڵوێست و نەبەردییەكانیان دژ بە دەسەڵاتی دیكتاتۆری و ئینجاش كاركردنی حكومەت و پەرلەمان بۆ پاراستنی ئەزموونی دیموكراسی و فراوانكردنی بنكەكانی دیموكراسی و ئازادیی ڕادەربڕین و بوار پێدانی ئیشكردن بە هەموو حزب و ڕێكخراوە سیاسی و پیشەیی و كۆمەڵایەتییەكان، لەوانەش ڕێكخراو و حزبە توركمانییەكان و هەوڵ و كۆشش بۆ پاراستنی ئاسایشو گیان وماڵی هاووڵاتیان، تەنانەت لە ڕۆژگارەكانی شەڕی ناوخۆشدا، ئەمانە هەمووی نشیانەی ئەوەن، كە حكومەتی هەرێم دیموكراتیی كردووە بە گەوهەری هەڵسوڕانو چالاكییەكانی خۆی و پەیوەندییەكانیشی لەگەڵ حزب و ڕێكخراوە توركمانییەكانو هاریكاریكردنیان دەچێتە قاڵبی ئەم پەیڕەویكردنە لە دیموكراسی و نیشانەیەكی بەرچاوی ئەو تێگەیشتنە دروستەیە، كە دەبێ چالاكییە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكانی كەمینەكان سەنگی خۆیان لە حكومەتی دیموكراتیدا بدرێتێ.

بەڵام ئەو پەیوەندی و هاریكارییەی ئاماژەمان بۆ كرد پێویستە بە شێوەیەكی

وابێ، کە قاڵبی یەکترناسین و هاریکاریی لاوەکی تێپەڕێنێ. هەڵبەتە تورکمان وەکو هاونیشتمانییەك کە لەکوردستاندا دەژین دەبێ هەموو ماف و ئەرکەکانی هاونیشتمانییان هەبێ و ئەو ماف و ئەرکانەش لە هاوپەیمانێتییەکی نیشتمانیدا شوێنی خۆی دەبینێتەوە، کە تێیدا بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان پارێزراوبێ. چونکە تەنانەت لە عیراقی سبەی ڕۆژی فیدڕالیشدا برا تورکمانەکان وەکو فۆرمەڵەیەکی یاسایی لە سایەی حکومەتی هەرێمدا پیادەی مافە کەلتووریو ئیدارییەکانی لە بەبات بەرێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی تورکمانی دەکەن، ئەمەش وا دەخوازێ کە حکومەتی هەرێم هەر لە ئێستاوە لە خەمی پەرەپێدانی ئەو مافانەدا بێت، بۆ ئەوەی وەکو وەڵامدانەوەیەکی ئیجابی، هاونیشتمانانی تورکمان، باشتر لە ئێستا، بە ئەرکەکانی خۆیان ڕابگەن. پێویستە لە بەرنامەی فراوانکردنی پێگەکانی حکومەتدا، لە پەرلەماندا، نوێنەری تورکمانەکان دیاری بکرێ و هەندێك جاریش قەرەبووی چەندین ساڵەی چەوساندنەوەی دەستی بەعسییەکانیان بۆ بکرێتەوە، تاوەکو ئەو مافەوە بەدەست هاتووە ببێتە سونبلێك بۆ برا تورکمانەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم، ئەوانەی ئێستا لەگەڵ براکوردە هاوچارەنووسەکانیان لە شاری کەرکوکدا، بەسەبر و ئومێدی ڕزگارییەوە بەرەنگاری سەرکوتی شۆڤێنیستەکان دەبنەوە. لەپێشدا ڕەنگرێژکردنی مافە کەلتووری و نەتەوەییەکانی تورکمان سەرەتایەکی گونجاوە بۆ قۆناغی دووەمی دەستنیشانکردنی پەیوەندی حزب و جەماوەری تورکمان بە دەسەڵاتی شەرعیو دەستورییەوە، ئەو پەیوەندییە ژیانییە بۆ مەیسەرکردنی کارەکانی وا دەخوازێ کە پەیڕەوی لە یاسای حزب و کۆمەڵەکان بکرێ و حزب و ڕێکخراوە تورکمانییەکان شەرعیەتی خۆیان بدرێتێ و دەزگا کەلتووری و ڕۆشنبیرییەکانی تورکمانی ڕێك بخرێن و وەزارەتی ڕۆشنبیری پشتگیریی مادی و مەعنەوییان بکا و لە پێداویستییەکانیان بپێچێتەوە، هەرواش بەرنامەکانی خوێندن لەگەڵ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییە کەلتوورییەکانی تورکمان دەبێ پەیوەست بکرێت بە پرۆگرامی پەروەردە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا. ئەو پرۆگرامانەش تەئکید لەسەر زانست و خۆشەویستی نیشتمانی و برایەتی نێوان کورد و تورکمان و کەمینەکانی تر بکاتەوەو دیفاع لە بەها ئینسانیەکان بکات.

به پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ حزبە تورکمانییەکاندا، حکومەتی هەرێم دەتوانێ

کەناڵێکی دیکەی پەیوەندی بە دەرەوە بۆ خۆی فەراهەم بکات. لەم بارەیەوە حزبە تورکمانییەکانیش دەتوانن بە پەیوەندییە کەلتووری و شەرعییەکانی خۆیان لەگەڵ دونیای دەرەوەدا و لە ڕێگەی کەناڵەکانی حکومەتی هەرێمەوە دۆستایەتی و هەرواش ڕوویەکی گەشی دیموکراتیەت لە کوردستان بە دەرەوە نیشان بدەن. پەرەپێدانی ئەو پەیوەندییە تا ئاستی پشتگیریی مەعنەوی و مادی و کارەکانی فریاگوزاری بۆ گەلی کوردستان. لەم میانەدا دەخوازین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە پێویستە کارەکانی فریاگوزاری، سەرەچاوەکەی لەهەر شوێنێکەوە بێت، لە ڕێگای کەنالەکانی حکومەتی هەرێمەوە دابەش بکرێت، لەکاتێکدا کە حکومەت باشتر لە هەر دەزگایەکی تر پێداویستییەکانی خەڵکی کوردستان دەناسێتەوە.

لەکۆتاییدا دەشێ لێرەا تەئکید لەسەر ئەوە بکرێتەوە، کە پەیوەندیی نیشتمانی نێوان حزبەکانی کوردستان بە کورد و تورکمانەوە پێویستییەکی زەرورییە، نەك تەنها بۆ پەرەپێدانی پێکەوە ژیانی خۆشەویستی و برایەتی، بەڵکو پێداویستییەکی ستراتیژیشە بۆ پێشکەشکردنی نموونەیەکی شیاو بە خەڵکی ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان، بە تایبەتی خەڵکی کەرکوك، ئینجاش خۆ تەیارکردنی تێکڕا هێزە کوردستانییەکانو ڕۆڵگێڕانێکی باشتری ئۆپۆزسیونی عیراقی بۆ قۆستنەوەی هەلی هەر قەیرانێکی دیکەی رژێم لەگەڵ کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی، تاوەکو بە یەکجاری حوکمی شۆڤینی سەرەوژێر دەبێ و گەلانی عیراقیش لەسایەی عیراقێکی دیموکرات و فیدراڵدا بە مافە دیموکراتی و نەتەوەییەکانی خۆیان شاد دەبن. هەڵبەتە تاهاتنەدی ئەو ڕۆژە وەرچەرخێنەرە لە ژیانی خەڵکی کوردستاندا، دەتوانرێ سەرجەم تواناکانی گەلی کوردستان بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی سیاسی و چالاکیی ئابووری و کۆمەڵایەتی بخرێتە گەڕ و برا تورکمانەکانیش، بەوەی کە مافە نەتەوەییەکانیان بە شێوەی بەندی یاسایی دیاریدەکرێ، دەتوانن بە دڵنیاییەوە ڕۆڵێکی چالاکتر و هەڵسوڕاوتر لەم ئەزموونە دیموکراتییەدا بگێڕن و لە بواری چالاکیی بازرگانی و ئابووریشدا نەریتە دێرینەکانی خۆیان لە کارکردن و ڕێکخستنی ئابووریدا بژێیننەوە.

*ئەم بابەتە بە چوار ئەڵقە لە کوردستانی نوێ دا بڵاوبۆتەوە، لە رۆژانی: ١٩٩٤/١١/٢، ١٩٩٤/١١/٣، ١٩٩٤/١١/٦، ١٩٩٤/١١/٧

# بەئامانجگرتنی تورکمان

بەئامانجگرتنی تورکمان لە شوێنێکەوەیە و خیتابی سیاسەتی تورکمانی، هی بەرەی تورکمانی بە تایبەتی، ئاراستەی شوێنێکی تر دەکرێت. لەم ناوەڕاستەشدا هەندێك ناوەند لە بەغدا لەنێوان ئەم دوو جەمسەرەدا شوێنێك بۆ سیاسەتی هەڵە دەدۆزنەوە.

بەئامانجگرتنی تورکمان لە خورماتوو لەبەر تورکمان بوون و شیعە بوونیانە، یانی هەر دەبێ ئەم جۆرە بەئامانجگرتنە بەو جۆرە کردەوە تیرۆریستیانە نەخشی گرووپە تیرۆریستییەکانی پێوە بێت. ناسنامەی تیرۆریستانی بە بەرنامەش لە عیراق دیارە چ ناسنامەیەکە؟ شۆڤێنی و تایفەگەر و تەعریبخوازە لە ناوچە جێناکۆکەکانی دەرەوەی هەرێمە.

لەهەمبەر ئەم کردارە قێزەوەنەدا، هەر دەبێ پەرچەکرداری ڕەوای تورکمانەکان هەبێت، نەخاسمە تورکمانی شیعە، کە لە دەمی بەعسی سەدامیدا لە ڕووی نەتەوەییەوە وەکو کورد تەعریب و تەرحیل دەکران (نموونەش ئاوایی بەشیر) و لە ڕووی مەزهەبیشەوە وەکو شیعە دەچەوسێنرانەوە.

پەرچەکرداری ڕەسمیی تورکمان، هی سەرکردایەتی بەرەی تورکمانی بوو و قسەکانی کەمتر ئاراستەی تیرۆریستان و ناسنامەکانی بوو، کە دەیان ساڵە کەرکوك و خورماتوو تەرعریب و تەرحیل دەکات. بەئامانجگرتنی دانیشتووانی ڕەسەنی خورماتوو، بەئامانجگرتنێکی سیاسی و نەتەوەییە، بۆ قازانجی تورکمان لە دژی کورد و بۆ قازانجی کورد لە دژی تورکمان نییە، بەڵکو بۆ قازانجی گێڕانەوەی تەعریب و ڕێبازی تەعریبە لە حوکمڕانیدا، کە دژی بەرژەوەندییەکانی کورد و تورکمان و عیراقی نوێشە. ئەوەی لە ڕاپرسی دەستووردا لە ٢٠٠٥/١٠/١٥دا هەموومان لەسەری ڕێککەوتین.

خیتابی بەرەی تورکانی دەخوازێت پرسی ناوچە جێناکۆکەکان لە هەوادا جێبێڵێت و دەست نەخاتە سەر برینی ڕاستەقینە. ئەمەش کورتترین ڕێگایە بۆ درێژەکێشانی ئازارو مەینەتی تورکمان لەناو کایەی تیرۆر و بەئامانجگرتندا. بۆ سیاسەتێکی دروست و بونیاتنەر پێویستە خیتابی تورکمانی ڕووی لە هاوپەیمانێتی کورد بێت لەو ناوچانە، وەك دەرەنجامێکی سروشتی ئازاری هاوبەش با تەنانەت ناکۆکی لەسەر ناسنامە و وردەکاریی تری ڕەوشی ناوچەکەش هەبێت.

لەم بۆشاییەی نێوان بەئامانجگرتنی تورکمان لەلایەك و ئاڕاستەی ڕەخنەی تورکمانی، کە هەڵوێستی لە هەوادا جێهێشتووە، هەندێك ناوەندی بەغدا دنەی فراوانکردنی درزەکە دەدەن، کە دەکاتە ئاکامی نەخوازراوی درێژەکێشانی ئازاری تورکمان بە شیعە و سوننەیانەوە. چارەسەر هێزی تورکمانی نییە، کە ئەو ناوچەیە لە سایەی پرۆسەی ئاڵۆزی دیجلەوە لە هێزی کەم نییە، چارەسەر سیاسییە، کە دەتوانێت ئیرادە بۆ پڕکردنەوەی کەلێن و کەلەبەری ئەمنی بکاتەوە.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٣/٦/٢٨

# هاوپەیمانێتی بندەستان

گرووپ و نەتەوەکانی عیراق بۆ بەدەستهێنانی هەموو مافەکانیان باشتر وایە لەگەڵ نەتەوەی کورددا هاوپەیمانێتی ببەستن.

با ناکۆکی لێرە و لەوێ هەبێت، بەڵام تورکمان، کلدۆئاشوور، سریان، سابئەی مەندائی و ئەرمەن جگە لە کورد هیچ هاوپەیمانێکی دڵسۆزیان نییە. کوردستان چیایەکی بەرزە و دەتوانێ مەرجەکانی دۆستایەتی بۆ هەموو نەتەوە وگرووپەکانی عیراق دابین بکات. نە تەنها ئەوانەی لە هەر سێ کوردستان یان لە کوردستانی جنوبی دەژین، بەڵکو ئەوانەیش کە لە عیراقی عەرەبی دەژین و لە چوارچێوەی عیراقدا لەگەڵ کورد لە بەغدا یەك دەگرنەوە. ئەوانیش لە کورد باشتر و چاکتریان چنگ ناکەوێت.

ئەوە نەریتی جاران بوو، کە کەمینەکان عادەتەن دۆستی حکومەتی ناوەندیی دەبوون، چونکە حکومەتی ناوەندیی جێگیر و ئارام و بەردەوام تر بوو، بەڵام ئەمڕۆ کە دۆخی عیراق شڵەژاوە لەسەر شتێکیش بگیرسێتەوە ئەو شتە هەر عیراقی نامەرکەزی، عیراقی شەراکەت و ململانێی دیموکراتی دەبێت. لەم ململانێیە دیموکراتییەدا هەموولایەك هاوپەیمان دەخوازێت. هێزە سوننەتییەکانی شیعە و سوننە ناتوانن هاوپەیمانی نەتەوە و گرووپەکان بن. تەنها کوردە پێویستی نەتەوەکان دابین دەکات و پێویستی بە نەتەوەکانی تر دەبێت.

سوننە، بە عەرەبی و ئیسلامی و (عەلمانیشیانەوە)، هێشتا کەڵکەکەی مەرکەزییەت و شۆڤێنیزم بەری نەداون. شیعە لە ئەندێشەی زۆرینەی مەزهەبی خۆیاندان و بە حاڵ گوێ لە کورد و سوننە دەگرن. ئیتر لەو نێوانەدا تورکمان، کلدان، ئاشووری، سریان و ئەرمەن کێیان هەیە جگە لە کورد؟

ئەم ڕایە ئێستا دەیڵێمەوە، چونکە چەند ڕاپۆرتێکم خوێندەوە کە لە ماجەرای

یاسای زمان و یاسای سروودی نیشتمانی عیراقدا عەرەبەکان چەند تێبینیمان لەسەر زمانی کوردی و دێری کوردی ناو سروودی نیشتمانی هەیە، زیاتر لەوەش بە زمان و دەربڕینی تورکمانی و سریانی قەڵسن.

زۆرینەی عەرەبی، بە زۆرینەی نەتەوەیی و مەزهەبیانەوە، هێشتا فاکتەری کوردیان بۆ قوت نەدراوە، دەخوازن تیکەی تورکمانی و سریان بجاون. ئەمانە کە کورد داوای شتێك دەکات دەڵێن ئەی تورکمان و کلدۆئاشوور؟ کە لەم ئەنجەتە دەبنەوە هیچ بۆ تورکمان و کلدۆئاشوور ناسەلمێنن. لەبیرتانە کاتی خۆی ویستیان فاکتەری تورکمانی و مەسیحی بکەنە بەربەست لەبەردەم هەڵبژاردنی کەرکوکدا، دوای ئەوەی کەرکوك بە هەڵبژاردنی تایبەت سپێردرا، ئیتر کاریان بە نەتەوەکانی تر نەما و (کۆتا)یەکی ڕێکوپێکیان لە ئەنجومەنی نوێنەراندا بۆ نەسەلماندن؟

کورد و کوردستان بە تەنها ئەم ئەرکە دیموکراتییەیان پێ سەرناخرێ، نەتەوەکانی تریش بە تەنیا ورد و خاش دەبن، ئەم بندەستانە ئەگەر هاوپەیمان بن بەرەیەکی دیموکراتی نەتەوەکان پێکدێنن و ئازایەتی دەدەنە بەر دیموکراتخوازانی عەرەبی عیراقیش.

***کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٣/٧/٢٩**

# فەسڵی حەوتەم

# پاشبەند

# پرسیارەکانی فیدرالیزمو ئەگەرەکانی بەردەم کورد

خەباتی بێوچانی گەلی کوردستان لەبنچینەدا بۆ وەدەسهێنانی مافی چارەی خۆنووسینە، ئەمە مافی رەوای هەموو گەلو نەتەوەیەکە، لەهەر شوێنێکی دونیادا بن. بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانیش، کوردایەتی، بۆ هێنانەدی ئەم مافە هاتۆتە بوونو حزبو رێکخراوی سیاسی بۆ دامەزراوە، شۆڕشو جۆرەها و جۆر خەباتی چەکداریو سیاسییو دیبلۆماسیو جەماوەری بۆ بەرێ خراوە. راستە، لەوانەیە بە گوێرەی هەلومەرجەکانی تێکۆشانو دۆخی خۆییو بابەتیو بە گوێرەی ئەندازەی هەراشبوونی کۆمەڵی کوردستانو ئاستی گەشەکردنی خودی بزووتنەوەکەش ئەم مافە ناوی جیاجیای لێنراوە، بەڵام ئەسڵ لەویستو داخوازییەکان رەتکردنەوەی ئەو (چارەنووس) بووە کە سیاسەتەکانی داگیرکاریو زوڵمو زۆری نەتەوەییو نیشتمانی بەسەرماندا سەپاندویەتیو، بەدەستهێنانی چارەنووسێکی ترە کە دوژمن لێمانی زەوت کردووە.

ئەوە لەسەر گەلی کوردستانو بزووتنەوەکەی وەستاوە کە بەگوێرەی تەوافقێك لەنێوان تواناو ئارەزووەکاندا شێوەیەك لەشێوەکانی مافی چارەی خۆنووسین پەیڕەو بکات. لەهەموو حاڵو بارێکیشدا، لەژێر هەر گوشارو دۆخێکدا چاوەڕێ دەکرێ بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانو دامەزراوەکانی کە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکەن دەست بە ئەڵقەی ناوەندێتی رەوایی مافی بڕیاردانی چارەنووسەوە بگرن.چونکە ئەوە شتێکە لەبابەت کچێنی یان بوخچەنەکراوەیی لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا، مافی چارەنووسین، هەڵبەت لەئاستی نەتەوەکانو بوونیان لە کۆڕو کۆمەڵی نێوەوڵەتیدا، ستراتیژە دەست لێهەڵنەگیراوەکەیەو تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی هەر دەسکەوتێکی نەتەوەیی لەهەر قۆناغێکی گەشەکردنی گەلو وڵاتدا ئەوە وێستگەی هەمەجۆرن لەرێی فراوانکردنی ئیختیارەکانی کورد

له پیادەکردنی فراوانترین مانا بۆ مافی چارەی خۆنووسین.

**(٢)**

لەناو ئەم هاوکێشەیەی دەشێ ناوی بنێین دەسکەوتەکانی قۆناغو ستراتیژی دوورمەودا، بزووتنەوەی رزگاریخوازیمان له دەلاقەی نێوان (تواناو ئارەزوودا) لەرۆژی ١٠/٤ی ساڵی ١٩٩٢ بەکۆی دەنگی ئەندامەکانی پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا کە گەلی کوردستان (جارێ) بۆ ئەم قۆناغەی ژیانی خۆی فۆرمەڵەی فیدراڵی هەڵبژاردووە بۆ پێکەوە ژیان لەگەڵ تێکڕای عیراقدا، هەر خۆی بەیاننامەی پەسەندکردنی فیدرالی کە لەپەرلەمانی کوردستان دەرچووە زیرەکانە ئەو مافەی بۆ هەڵگرتووین تا ئەبەد لەدەستی نەدەین کە ئەویش مافی چارەی خۆنووسینە.

بەم پێیە فیدرالیزمی باش ئەو فیدرالیزمەیە کە کورد لەرێی نوێنەرەکانی خۆیەوە بریاری لێداوە، فیدرالیزمێك کە زۆرترین مەودا له مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد دابین بکات لە چوارچێوەی عیراقدا. ئەمە ئەو شتەیە کە ئەدەبیاتی ئەم قۆناغە ناوی لێناوە مافی چارەی خۆنووسین لەچوارچێوەی عیراقداو لەزۆرێك لە ئەدەبیاتەکانی ئۆپۆزسیۆنی عیراقیو بەیاننامەکانیدا، لەوانەش بەیانەکانی کۆنگرەی لەندەن، ئاماژەی پێکراوە. بگرە لەهەندێك لە رێککەوتنەکانی هێزەکانی کوردایەتی لەگەڵ هێزە کاریگەرەکانی عیراقیشدا ئەم دەستەواژەیە دووبارە بۆتەوە.

بەگوێرەی داخوازییەکانی کورد جۆری فیدرالیزمی پەسەندکراو ئەوەیە کە یەکێتی خاکی هەرێمی کوردستان وەك یەك پانتایی جوگرافیو مێژوویی کە لەدێر زەمانەوە کوردو نەتەوە هاونیشتمانییەکانی لەتورکمانو کلدۆئاشوریو عەرەبی دانیشتووی کوردستان لەسەری دەژین، بپارێزێ.

بۆ کورد ئەم جۆرە فیدرالیزمە دەست دەدات چونکە یەکێتی خاکو خەڵکەکەی دەپارێزرێت. هەروا ویستی عیراقییەکانیش دابین دەکات لەپاراستنی یەکێتی قەوارەی سیاسی عیراقدا. هەر بۆیەش ئاماژەیەکی تری گوزارشت لەم فیدرالیزمە یەکێتی ئارەزوومەندانەو یەکسانە، یەکێتییەك کە کوردو عەرەب، کوردستانو عەرەبستانی عیراق ئارەزوومەندانە لەسەری رێکبکەون. بەدەستهێنانی

یەکێتییەك (فیدرالیێتیەکی) لەم چەشنە کوردستانو عیراق دەخاتە بەردەم دوو ڕێگای ئایندەییەوە کە هەردووکیان لە باری دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤ و مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسیاندا، راستو رەوان:

*ڕێگای پاراستنی پرەنسیپی مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان بۆ ئەوەی هەر وەختێك بیەوێت ئەم مافە لەشێوەیەکی تردا پیادە بکات ئەگەر زانی ئەم یەکێتییە ئارەزوومەندانە دادی نادات و بەجۆرێك لەجۆرەکان لەباری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابووری و سیاسییەوە رێ لە گەشەکردنی کوردەواریو کوردستان دەگرێت.

*ڕێگای پەرەپێدانی ئەو یەکێتییە ئارەزوومەندانەیە وەختێك کوردو عەرەبو تورکمانو کلدۆئاشوری لەکوردستانو لە عەرەبستانی عیراقدا بۆیان دەرکەوت کە ئەم یەکێتییە ڕێی پێشکەوتنێکی چاکتریان دەداتێو قازانجی بۆ ئەوان زیاترە لەوەی هەریەکەیان ڕێیەکی جیاواز بگرنەبەر.ئەمەش بێگومان بەپێی ئەو روانینەی دەڵێ قەوارە هەمەرەنگو گەورەکان لەدونیای ئەمڕۆدا چاکتر دەتوانن خۆ پەرەپێبدەن.

لەڕاستیدا لەباری نەفسی، فەرهەنگی، یاساییو سیاسیشەوە ئەم یەکێتییە ئارەزوومەندانەیە لە پەیوەندییەکی هاوسەنگی گەشەکردنایە لەگەڵ دانپیانان بە مافی چارەنووسی هەردوولاو سەلماندنی ئەو مافە بۆ یەکتریو لەلایەن یەکترییەوە. واتا یەکێتییان تادێ پتەوتر دەبێت ئەگەر هەردوولا تا دێ یەکتری دڵنیا بکەنەوە لەوەی بە ئازادانە دەتوانن شەراکەتو هاوبەشییەکە هەڵبوەشێننەوە، چونکە گرێبەست یاساو ڕێسای خاوەن گرێبەستەکانە (العقد شريعه المتعاقدين) لەحاڵی وادا مافی چارەنووسو جیابوونەوە دەبێتە فایلێك کە هەردوولا بۆ یەکترییان ئیمزا کردووەو هەریەکەو لە چەکمەجەدا نوسخەی خۆی هەڵگرتووەو لەوانەیە پێ بەپێی پێشکەوتنی یەکێتییە ئارەزوومەندانەکەیان لە خەزێنەی قایمتردا هەڵیبگرن. وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی کاریان پێی نییە.

**(٣)**

هەڵبەت ئەم دەستنیشانکردنەی سەرەوە پرەنسیپە گشتییەکەی چارەسەری پرسی کوردستانەو بۆ پێگەیشتنی ئێمە هیچ ڕێگایەکمان لەپێشدا نییە جگە لە

درێژەپێدانی خەباتەکەمان. جگە لە چاکتر ڕەخساندنی زەمینەی ئەو فیدرالیزمەی هەموو ئەو مافانەمان بۆ دەسەلمێنیو دابین دەکات. جا لێرەدا وەڵامدانەوەی ئەوەی (چ هەنگاوێك بۆ چەسپاندنی پێویستن؟) دەبێ لە دوو هەڵوەستەدا وەڵام بدرێتەوە:

*هەڵوەستەی یەکەم: هەردەبێ لەئەنجامی خەباتی دوورودرێـژی خۆمان، بەسەرنجدان لەباری گەشەکردنی بزوتنەوەی کوردایەتیو لەرایەڵەی پەیوەندییە کوردستانیو عیراقیو ئیقلیمیو جیهانییەکانی شتێکمان بە شتێك کردبێو چەند هەنگاوێکمان نابێتو ماوەتەوە سەر هەنگاوەکانی کۆتایی یان ئەوەی عەرەب پێی دەڵێن (اللمسات الاخیره).

*هەڵوەستەی دووەم: هەر پێشکەوتنێکی سیاسی لە پرسی سیاسی کوردستانو هەر پرسێکی نیشتمانیی تردا مەحکومی سێ کوچکەیەکە کە بێ ئەو دابین بونی ئەم سێکۆچکەیە پێشکەوتن (کە لێرەدا پێشکەوتنە بەرەو چەسپاندنی فیدرالیزم) ناقەومێن.

یەکەم/ پرەنسیپە گشتییەکان: یاسای نێودەوڵەتیو ڕەوایی پرسی کوردو هەموو ئەو پرەنسپیانەی لەسەرەوە ئاماژەیەکی کورتمان پێدا.

دووەم/ بوونی هەلومەرجی دیموکراسیو جۆرێك لە کرانەوەو ئینفراجی سیاسی کە رێگە بەهەموو لایەنەکانی پرسی کوردستانو عیراق بدات کاری سیاسی خۆیان بکەنو گوزارشت لە بیروڕاو بەرنامەی سیاسیان بکەنو بۆی تێبکۆشن.

سێیەم/ هاوسەنگی هێزی سیاسیو هەموو هێزێکی تر کە سەنگو هەیبەتی کوردایەتیو هێزە سیاسییەکانی دەپارێزنو لەناو هاوکێشە سیاسییەکاندا گەشەی پێدەدەن، چونکە گەشەکردنی هێزی کوردایەتی بەهەموو ڕەهەندەکانی هێزەوە مانای فراوانبوونی دەرفەتەکانی بەدیهێنانی مافەکانمانە چ مافی فیدرالی کە داوای دەکەینو چ مافی گرتنەبەری رێگەی ترو خەیاری تر ئەگەر (گفتوگۆو دانوساندن ئامانجەکانی گەلی کوردستانیان وەدی نەهێناو لایەنەکانی تر ئەو مافە ڕەوایەیان نەسەلماند).

جا ئێستا جێی خۆیەتی بپرسین ئایا لە هەلومەرجی هاوکێشەی هێزی ناوخۆییو ئیقلیمیو نێودەوڵەتیدا هاوسەنگی هێز بایی ئەوەندە بەلای کوردایەتیدا

دایشکاندووە کە بتوانین فیدرالی یان هەر ڕێگایەکی تر بگرینەبەر ئەگەر خەیاری کوردیان قبوڵ نەکرد؟ ئەم پرسیارە پێشکەوتنی ڕەوشی سیاسی کوردستانو عیراقو ناوچەکەو جیهانیش وەڵامی دەدەنەوە.

*گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژ: ٣٢، ئاداری ٢٠٠٤

# قودرەتمەندیی نەتەوەیی، پێویستی بۆ چارەنووسیی کورد

پێش هەموو شت پێویستە بڵێم کە ئەز مێژوونووس نیم، بەڵکو بابەیەکی رۆژنامەنووس‌و نووسەرم، بەڵام پێموایە مێژوو زۆر نموونەمان دەداتێ تا بتوانین کەڵك لە برگەیەك لەبرگەکانی وەربگرین. بۆ ئەوەی بزانین ئەمرۆ گەلی کوردستان لەچ هەلومەرجێکدا دەرفەتی بۆ دێتەپێش بۆ پیادەکردنی ویستی دەوڵەتئاوایی و مافی چارەی خۆنووسین؟

یەکێك لەسەرۆکەکانی ئەمریکا، سەرۆك ترۆمان، قسەیەکی جوانی هەیە کە دەڵێت: هیچ شتێکی تازە روو نادات، ئەوە نەبێت کە ئێمە بە رێکەوت لەکتێبەکانی مێژوودا نەمانخوێندۆتەوە. یانی ئەگەر رووداوێکمان دی و تازە بوو لەبەرچاومان ئەوە بزانن لەکتێبی مێژوودا هەبووە، بەڵام ئێمە بە رێکەوت ئەو لاپەرەیەمان نەخوێندۆتەوە دەنا خۆی دووبارەیە. ئەگەر سەیری ئەو وێستگە جیاجیایانە بکەین کە بەلانی کەمەوە مێژووی نەتەوەی کورد پێیدا رۆیشتووە، رەنگە بەجۆرێك لەجۆرەکان یارمەتیمان بدات تێبگەین ئایا هەلومەرج، یان سیاسەتی نێودەوڵەتی تا چەند یارمەتیدەرن بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسی بۆ هەر نەتەوەیەك؟

## وێستگەی بەرایی:
## هاوپەیمانێتی بۆ ناوی کوردستان

بەم پێیە بۆ خزمەتکردنی باسەکەمان پێداچوونەوە بە چەند وێستگەیەکی مێژووی کورددا دەکەین:

سەرەتای هەزارەی دووەمە و لە گەرمەی شەری سەلجوقییەکان لەگەڵ رۆمی بێزەنتی جۆرێك لە هاوپەیمانیمان لە پێشە کە لەساڵانی ١٠٧١ لە نێوان کوردو سەلجوقییەکاندا دروست بووە، ئەمە بەتایبەت ئەهلی ئەقل و دانشمەندی لە

کوردستانی تورکیا زۆر قسەی لەسەر دەکەن، بۆ نموونە لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ سەرکردایەتی دەوڵەتی سەلجوقیدا چیمان چنییەوە؟ کۆی ئەو مێژووە بخوێنیتەوە رەنگە تەنها شتێکمان دەستکەوتبێت: ناوی (کوردستان).

وەك دەزانین سەلجوقییەکان بۆ یەکەم جا ناوی کوردستانیان لەسەر کوردستان دانا. خوا خێریان بنووسێت

لە وێستگەیەکی تردا سەیری هاوپەیمانی ئێمەو دەوڵەتی عوسمانی دەکەین، واتە هاوپەیمانی شیخ ئیدریسی بەدلیسیو میرە کوردەکان لەگەڵ سوڵتان سەلیمی یەکەم. ئەوەی کورد لەو هاوپەیمانێتییە دەستی کەوت ئەوە بوو سەربەخۆیی میرنشینە کوردییەکان بپارێزرێتو هەردوولا لە بەرامبەر هەڕەشەیەکی

هاوبەش کە هەڕەشەی مەزهەبی دەوڵەتی سەفەوی بوو، جۆرێك لە تەگبیری هاوبەشیان هەبێت.

## وێستگەیەکی دابڕان:
## دوو کوردستان، بەرهەمی چاڵدێران

ئێمە زۆر جار کە باسی مێژووی داگیر و دابەشکردنی کوردستان دەکەین، باسی ساڵی ١٥١٤، ساڵی شەڕی چاڵدێران دەکەین. ئەم ساڵە ساڵی رێککەوتنەکەی نێوان دەوڵەتی عوسمانیو سەفەوییەکانیشە کە تیایدا سنووری نێوانیان دەستنیشان کرا. ناتوانین بڵێین لەم رێککەوتنەدا سەفەویو عوسمانی دانیشتوون تاکو باسی ئەوە بکەن چۆن لەگەڵ کورد مامەڵە بکەن؟ ئەمە دەستنیشانکردنی سنوورەو، بەشێك لەو کوردستانەی ئەمرۆ پێی دەڵێین کوردستانی باکوور، بووە کوردستانی عوسمانیی و بەشەکەی تر بووە بەشێك لە قەڵەمڕەوی سەفەوی لە ئێران. ئەم رێککەوتنە بەڵگەی ئەوە نییە عوسمانی پەشیمان بووە لە رێککەوتنەکەی لەگەڵ میرە کوردەکان، وەکو هەندێك جار باسی دەکەین، چونکە پەشیمان بوونەوە لە فیدرالی میرنشینەکان قۆناغێکی دواتر بوو کە فتوحاتی ئەورووپی دەوڵەتی عوسمانلی پەکی کەوت و بە راوێژی رۆژئاوایی بوون بابی عالی دەستی دایە سەنترالیزەکردنی حکومڕانییەکەی، کوردستانیش کەوتە بەر ئەو غەزەبە. ماجەرای چاڵدێران وا بوو کە قودرەتمەندی هاوپەیمانی دەوڵەتی عوسمانی و کورد لە

شوێنێك راوەستا كە نەیانتوانی تەواوی "كوردستانی سوونیی" بەدەست بێنن و ئاخرێكەی بەشێكی كوردستان بووە قەڵەمڕەوی سەفەوی و، ئەم چوارچێوەیەی میرنشینە كوردییەكانی دەرەوەی سەفەوی كەوتنە ژێر هەیمەنە یاخود نفوزی دەوڵەتی عوسمانییەوە. ئەگەرچی راستەوخۆ لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیشەوە حوكم نەكرابن.

لەسەر بنچینەی ئەمە جۆرێك لەسەربەخۆیی و مانەوەی میرنشینە كوردییەكان درێژەی كێشاوە، تا دەورانێكی تر كە دەوڵەتی عوسمانی دەوڵەتی مەركەزی پێكهێناو وردە وردە میرنشینە كوردییەكان نەمان. كەواتا ئێمە لەم هەژانە گەورەیەی چاڵدێران، لەم بەریەكەوتنە ئیمپراتۆرییەدا كوردستانەكەمان دابەشكرا و میرنشینەكانمان كەوتنە نێوان بەرداشی رۆم و عەجەمەوە، وەك لەشیعری كلاسیكی كوردییدا ناوەزەد دەكرێت.

## وێستگەی بەر یەكەوتن:
## لە دوو بەشەوە بۆ چوار

وێستگەی سێیەم، بەر یەككەوتنێكە من ناوی دەنێم بەر یەككەوتنێكی هاوچەرخ، ئەوە بوو كە ئەنجامەكانی جەنگی جیهانی یەكەم كوردستانی دابەشكراوی دابەشكردەوە.

ئەگەر مەسەلەی كوردستان دابەشبوون بێت، لە راستیدا رێككەوتنی سایكس بیكۆ، رێككەوتنی دابەشكردنی كوردستان نییە، بەڵكو ئەنجامی شەڕەكە و دەستكاری سایكس بیكۆ بەو جۆرەی كە عیراق وسوریا وەك دوو قەوارەی دەستكرد بوونە پاداشت وخەڵاتی بنەماڵەی حسین و فەیسەڵی كوڕی. ئەمانە كوردستانی دووەمین جا دابەشكراویان هێنایە كایەوە، نەك سایكس بیكۆ كە ماڵ وحاڵی پیاوە نەخۆشەكەی دابەشكرد بێ ئەوەی قسەیەكی تایبەتی هەبێت لەسەر لەتكردنی كوردستانی عوسمانی. رێكەوتنی لۆزان و خەڵاتكردنی سوریای فەرەنسی و عیراقی ئینگلیزی بە بەشێك لە كوردستانی عوسمانیی بۆ هەر یەكێكیان، ئەمانە هۆكاری سەرەكی دووەمین جا دابەشكردنی وڵاتەكەمان بوون.

لە دوای جەنگی جیهانی یەكەم و لەسەروبەندی دابەشكردنەوەی ناوچەكەدا

لەسێ بەشی کوردستان شۆڕش دەستپێکرد. سمکۆی شکاك لەکوردستانی ئێران، شێخ مەحمود لەکوردستانی عیراقو شێخ سەعیدی پیران لە کوردستانی تورکیا. دەرەنجامی شکستی ئەم شۆڕشانە، کوردستان لەجیاتی ئەوەی وەکو جاران دوو بەش بێت، بوو بە چوار بەش، بەشێکی وەبەر عیراق و بەشێکیشی وەبەر سوریا کەوت. تورکیا بەشێکی لا مایەوە و ئێرانیش بەشە سەفەوییەکەی کە دابووییە قاجارییەکان، ئەمجارەیان دایە دەست بنەماڵەی پەهلەوی. بەشۆکەیەکیش هەر مێژە لە قەلەمڕەوی مۆسکۆ و پایتەختە هاوپەیمانەکانێتی لە ئەرمینیا وئازەربێجان. بەمجۆرە کوردستان یەکەمجار لە نێوان دەوڵەتی سەفەویو عوسمانیدا بوو بە دوو بەش، دووەم جار دوای جەنگی جیهانی یەکەم، بوو بە چوار بەش

## وێستگەیەکی هاوچەرخ:

## لەقالّبدانی خەیاڵدانی کوردایەتی

شەڕی جیهانی دووەم دەرفەتێکی تری دا بە گەلی کورد کە کۆماری کوردستانی دروست کرد لە مەهاباد. بەڵام ئەنجامی ئەوەش دیسانەوە کەوتنی ئەزموونی کۆمار بوو، ئینجا ئەنجامی دوای جەنگەکەش ئەوە بوو کە لە ئەدەبیاتی سیاسی کورددا پێی دەوترێت لە قاڵبدانی دروشمەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی. یانی "لەقاڵبدان"ی نە تەنیا کوردستان، بەڵکو لە قاڵبدانی خەیاڵدانی کوردیش، کاتێك کە مەسەلەی کورد بوو بە بەشێك لە مەسەلەی دیموکراتیزەکردنی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە. لە بیرمان بێت شۆرشی سمکۆ و شێخ مەحمود و شێخ سەعیدی پیران بۆ سەربەخۆیی بوو. کەچی لەو قاڵبدانەی دوای جەنگی دووەمەوە شۆرشەکان بۆ ماف بوون لە چوارچێوەی دەوڵەتەکاندا.

## وێستگەی پۆست سۆڤێتی:

## دەمی راپەرینە

وێستگەیەکی تر دوای رووخانی یەکێتی سوڤێت بوو، ساڵی ١٩٩١ راپەڕینی خەڵکی کوردستان روویدا کە هاوکاتی بەهاری ئەوروپای رۆژهەڵات و بەرهەڵدابوونی هەژدە کۆمارەکەی سۆڤێت و زیندوو بوونەوەی کەڵکەلەی سەربەخۆیی بوو دوای

دەورانی دونیای دوو جەمسەری. لە ئەنجامی ئەم راپەرینەی کوردستان و عیراق دژی بەعسی سەددامی کە هاوزەمانی لەبەر یەك هەڵوەشانەوەی ئۆردوگای سۆشیالیستی بوو، کورد دەستیکرد بە بیناکردنی ئەزموونێك لە چوارچێوەی ئەو بەشەی کوردستان کە ناوی دەنێین هەرێمی کوردستان. بەڵام ئەمەشیان بەجۆرێك لە جۆرەکان دابەشبوونێکی تری کوردستانی لێکەوتەوە، کە ئەویش دواخستنی رزگارکردنی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانە، ئێستا لە عیراق دوو کوردستانمان هەیە: کوردستانێکی دانپێدانراوی رەسمی، کوردستانێکیش کە لە چوارچێوەی مادەی ١٤٠دا یەکلایی نەبۆتەوە. ئەم بەشە یەکلاییبوونەوە بە پێوەری جوگرافیاو بە پێوەری دەوڵەمەندی ئابووریش بێت، بەشە هەرە گەورەکەی باشووری کوردستان دەگرێتەوە.

### وێستگەیەکی چۆنایەتی:
### چەسپاندنی ویستی دەستووریی

لە وێستگەیەکی تر، شانسێکی نوێ هاتە پێشەوە، کە قەومانی ١١ سێپتەمبەر بوو. ئەمانە هەمووی بەر یەککەوتنی مەسەلەی کوردو کوردستان لەگەڵ سیاسەتی نێودەوڵەتی دەردەخەن. لەدوای ١١ی سێپتەمبەرەوە، سەرۆك بوش وتی سەدام حسێن دەستی لەو رووداوەدا هەبووەو من دەیڕووخێنم، کورد چووە ئەو بەرەی هاوپەیمانێتی بۆ ڕووخانی سەدام حسێن. ئەوە بوو توانی ئەو دەستکەوتانەی کە لەساڵی ١٩٩٢ وە بەدی هێنابوو، ساڵی ٢٠٠٥ لە دەستووری عیراقدا جێگیریان بکات.

### وێستگەی سەدەی نوێ
### بەهاری عەرەبی بۆ کوردیشە؟

شانسێکی تازە لەگەڵ هاتنی سەدەیەکی تازە هاتۆتە کایەوە، ئێستاکە ئەم ئەزموونە کە ئێمە لە وڵاتانی عەرەبی دەیبینین هەموو شانسەکانی لەبەردەم سیاسەتی کوردستانیو لەبەردەم سیاسەتی میللەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا کردۆتەوە، بێگومان هەموو دووڕیانێك لایەنە چاك و خراپەکان لەگەڵ خۆیدا

دێنێت. ئێمە ئەگەر سەیری ئەو وێستگە مێژووییانەی کورد بکەین کە باسم کردن، بە تایبەتی ئەوانەی سەدەی بیست، لە هەموویاندا ئەگەری ئەوە هەبووە کورد ببێتە قەوارە، لە هەمووشیان ئەگەری ئەوە هەبووە کورد کەمتر لەوە بەدەست بێنێت کە بەدەستی هێناوە.

بۆ نموونە کۆماری کوردستان، قازی محەمەد بۆ ئەوە داینەمەزراند کە دوایی لەناو بچێت و حزبایەتی و کوردایەتی لە چوارچێوەی سیاسەتی دیموکراتیزەکردنی ئێراندا لە قاڵب بدرێت. هەروەها بێگومان شێخ مەحمودیش کە شۆڕشی کرد بۆ ئەوە نەیکرد ئینگلیزەکان بێن کوردستان بلکێنن بەعیراقەوە، شۆڕشەکانی سمکۆ و شێخ سەعیدی پیرانیش بۆ کەوتن و دۆڕان و لە قاڵبدان نەبوو. بەڵام ئەنجامەکە لە هەموو بەشەکان وا بڕایەوە کە بینیمان. کە گەلی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ دا ڕاپەڕینی کرد بۆ ئەوەی بوو کوردستان رزگار بکات، بۆ ئەوەی نەکرد کەرکوکی لێ دابڕێت و ببێتە بەشێك لە کێشەکانی نێوان ئێمە و بەغدا کە چارەنووسی دیار نەبێت. واتە ئەم دووڕیانە هەم چانسە، هەم هەڕەشە، جا بۆ ئەوەی چانس یارمان بێت پێویستمان بە کەرەستەیەکەرەستەیەك کە من ناوی دەنێم قودرەتمەندی نەتەوەیی، ئەگەر بواری جیپۆلتیك بۆ هەندێك دەوڵەت بریتی بێت لەوەی نفوز بەکار بێنێت، بۆ نموونە تورکیا ستراتیژی نفوز پەیداکردن بەکاردێنێت وەك دەزانین کۆسۆڤۆ، ئەلبانیا، کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست و هەروەها کوردستانیش بەشێك نین لێی، بەڵام هەوڵ دەدا نفوز بەکار بێنێت. من پێم وایە بۆ دەوڵەتانێك کە خاوەنی کیانی سیاسی نین، قودرەتمەندی نەتەوەیی دەتوانێ ئەم رۆڵە بگێڕێت کە جیۆپۆلیتیك بۆ دەوڵەتێك یان کیانێکی سیاسی خوا پێداو دەیگێڕێت.

هیوادارم پێکەوە شەریك بین لەگفتوگۆ کردن لەسەر ئەم چەمکە. ئەگەر کرچوکاڵە هەوڵ بدەین دەوڵەمەندی بکەین و قسەی زیاتری لەسەر بکەین.

### وێستگەیەکی شیکاریی:
### قودەرتمەندیی نەتەوەیی

هەندێك جار کە گوێ لە ئاواز و گۆرانییەکانی زیکری مەولانا جەلالەدین رۆمی بگریت بەشێك لەو گۆرانیانە بە زمانی کوردی شێوەزاری کرمانجی کوردستانی

باکووره کە چەندین دەیەیە ئەو زمانە قەدەغە کراوە. ئەگەر هەر کەسێك بە وردی گوێ لە سروتی ئایینی عەلەوییەکان بگرێ، هەندێك لەو سروتانەیان بەکوردییە، ئەمە بە جۆرێك لە جۆرەکان قودرەتمەندی فەرهەنگی کوردی نیشان دەدات لە شوێنێکی دیاریکراوی بەرتەسکدا. بوونی دەسەڵاتدارێتییەکی کوردی لە هەرێمی کوردستان، بەشێکە لە قودرەتمەندی نەتەوەیی، بوونی کورد لە بەغدا بەشێکە لە قودرەتمەندی نەتەوەیی، بوونی هەر زانایەکی کورد لە هەر بوارێکی زانست و هونەر و تەکنەلۆژیا، دەسەڵاتی هەبێ‌و بتوانێ قودرەتمەندییەك لە سنووری خۆی نیشان بدات، ئەمە هەمووی بەجۆرێك لەجۆرەکان قودرەتمەندی نەتەوەییە.

سەبارەت بەم کوردستانەی خۆمان، هەوڵ دەدەم نموونەی بەشێك لەم قودرەتمەندییە بەکورتی چڕ بکەمەوە:

ئێستا بارودۆخ لە سوریا بەرەو رووخانی رژێمی بەشار ئەسەد دەڕوات. بێگومان رەنگە زۆر کەس بڵێن ئێمە بۆ دژی سوریایەکین کە دۆستی بزوتنەوەی کوردایەتی‌و دۆستی هێزە سیاسییەکانی عیراق بوو، کرمانجی قسەیەکی جوانیان هەیە "شام شەکرە، لێ وڵات شیرینترە". بێگومان بۆ گەشتیاری کورد شام وڵاتێکی خۆشە، ئەنقەرەش خۆشەو بەغداش خۆشەو تارانیش خۆشە، بەڵام وڵات شیرینترە، لەبەر ئەوە پێم وایە سیاسەتی کوردی دەبێ لەقۆناغی داهاتوودا سیاسەتێك بێت بە تایبەتی بۆ وڵاتە شیرینەکەمان: کوردستان. ئەم دەوڵەت و نەتەوانە خەڵکی خۆیان هەیە داکۆکییان لێ بکات. ئەوە کوردە بێکەس و بەلەنگازە.

ئەگەر نموونە مێژووییەکان بێنینەوە بەرچاوی خۆمان، ئێستا هەلومەرجی سیاسی لەسێ بەشی کوردستان دەکوڵێت کە لەڕووی مێژووییەوە بەشێك بوون لە کوردستانی عوسمانی، ئەوە هەڵسانەوەی کوردستانی رۆژئاوایە، کوردستانی خۆشمان جۆرێك لە کیانی سیاسی هەیە، کوردستانی باکووریش لە بزووتندایە. ئێمە دەتوانین بەشێوەیەکی زۆر رۆمانسی ئەم ئیختیاراتانە بەکار بێنین، بڵێین یەك نەتەوەین و با یەك بگرینەوە. هەروەها دەشتوانین ئەوەندە پراگماتی بین تا ڕادەی بێ تامبوون، بڵێین هەقمان چییە بەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە. زۆر جار لەگەڵ برادەرانی یاساناس باسی قانون و سیاسەتیش دەکەین، زۆر جار زیاد لە پێویست هێز دەدەین بەقوەتی سەربازی، زۆر جاریش زیاد لە پێویست هێز دەدەین

به قانونی نێودەوڵەتی، پێیان دەڵێم خۆ مەسەلەی مافی چارەنووس لە زووەوە باس کراوە، بەڵام بۆچی تا ئێستا نەبۆتە بەشێك لە ئیختیاراتی گەلی کورد و بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ کوردی ناسەلمێنێت؟ دیارە لەبەر ئەوەی هەلومەرجەکە بۆ گەلی کوردستان لەبار نەبووە.

ئێمە نابێت بەشێوەیەکی مەسلەکی سەیری قانون بکەین، بڵێین برگەی ئەلف وا دەڵێت، برگەی بێ وا دەڵێت، هەروەها نابێ وا سەیری سیاسەتیش بکەین، کە پێمان وابێت تەنها سیاسەت و هێزی سیاسی دەتوانێت ئاواتەکان بسەپێنێت. ئەمە دەبێتە ملهوڕی، سیاسەت بێ یاسا ملهوڕییە و یاساش بێ سیاسەت بیرۆکراسییە (سیاسەت، یاسا و هێز) هەموویان پێکەو کەرەستەن بە دەست گەلانەوە، گەلی وا هەیە رەنگە لە ڕێگەی گۆرانییەوە سەربەخۆیی خۆی بەدەست بێنێت، گەل هەیە بە خوێن سەربەخۆیی خۆی بە دەست دێنێت. تەڤگەری کوردی لە باکوور داوای جۆرێك لە ئیدارەی زاتی دەکرد، یەکێك لە تورکەکان قسەیەکی زۆر جوانی کرد، وتی: ئەگەر بۆ گفتوگۆو ئاشتیو دیموکراسییە، ئەوا سەر مێزی گفتوگۆ حازرە، ئەگەریش بۆ ئەوەیە کوردستان جیابکەنەوە لە تورکیا، ئەوا کۆماری تورکیا لەسەر مێزی گفتوگۆ دروست نەبووە، ئەمە دیدو سیاسەتی نەتەوەیەكو قودرەتمەندی نەتەوەیەك دەردەخات.

زۆر جار یەکێك لەو دیوانەی قودەتمەندی کەرەستەکان دەبینین نەك کۆی وێنەکە. نموونەیەکی بچووك دەهێنمەوە کە دەشێ قودرەتمەندی بێتو دەشێ لە هەمانکاتدا ببێتە خاڵی لاوازی:

زۆر جار باسی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان وحزبە سیاسییەکان دەکەین، لە ڕاستیدا هەموو ئەمانە قودرەتمەندی نەتەوەیین. بەڵام زۆر جار شتێکی گەورەتر لەبیر دەکەین کە بزوتنەوەی کوردایەتییە، کە ئەمە دامەزراوەی راستەقینە و هەمیشەیی گەلی کوردە.

### وێستگەیەك بۆ پێشبینی: کوردایەتی لە قاڵب نەدەین

داوا دەکەم ئەم دەستەواژەیە ببووژێنینەوە: بزوتنەوەی کوردایەتی بزوتنەوەیەکە

گەلی کورد خۆی دروستی کردووەو بۆ ئەمە پێویستی بە شەرعیەتی دەوڵەتان نەبووە. تەنانەت پێویستی بە شەرعیەتی دەنگدانی گەلی کوردستانیش نەبووە. لە مێژوودا کاتێك بزوتنەوەی کوردایەتی دروست دەبێت، دەستەبژێرێك لەخەڵکی کوردستان ئەم بزوتنەوەیە دروست دەکەن. کاتێك خەباتەکە سەردەکەوێت کە ئەمە دەبێتە حکومەتو دەبێتە پەرلەمان، ئینجا خەڵك بەشداری تێدا دەکەن و دەنگی بۆ دەدەن، زۆر گویم لەوە بووە کە مافی چارەنووس بە ریفراندۆم بێت، ئەی ئەگەر بە ریفراندۆم نەبێ؟ ئەی ئەگەر سەرکردەیەك بتوانێ ئەمە بکات؟بێگومان من و ئێوەش دوای دەکەوین. هەندێك شت هەیە هیوادارم زۆر بە شێوەیەکی رۆمانسی سەیری نەکەین. ئەگەر سەرکردایەتی کورد بتوانێ دەوڵەت رابگەیەنێت، حزبی فلان بتوانێ دەوڵەت رابگەیەنێت و گەلی کورد نارازی بوو، چی بکەین؟ دەبێ بەهەموو شێوەیەك هەوڵ بدەین گەلی کورد رازی بکەین کە ئەم دەوڵەتە قبوڵ بکات. دوای ئەوەی قبوڵی کرد، ئینجا دیموکراسیشی بۆ دابمەزرێنە، ئینجا یەکسانی مافیشی بدەرێ، ئەگەر نییەتی.

ئەگەر تۆ بەگوێرەی بەرنامەیەك خەباتی سیاسی دەکەیت، دەبێ خەبات بۆ دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی ژن، مافی نەتەوەکانی تر کە لەچوارچێوەی کوردستاندا دەژین بکەیت، بەڵام ئەگەر مافی بوون بە دەوڵەت بکەوێتە پێش ئەوانەی ترەوە، بڵێین نابێ هەتا هەلومەرج بۆ هەمووی لەبار دەبێ؟ ئەمە بە شتێکی زەحمەت دەزانم ، بەجۆرێك لە رۆمانسیەتی سیاسی دەزانم کە هیوادارم گەلی کورد لێی دوور بکەوێتەوە.

بێگومان حکومەت و ئیدارەی رەسمی لە کوردستان زۆر گرنگە، دەستووری عیراقیش بۆ مافی چارەنووس زۆر گرنگە، چونکە لە دیباجەکەیدا دەڵێ ئەوەی کە یەکێتی ئارەزوومەندانەی ئەو وڵاتە دەپارێزێت، بریتییە لە ئیلتیزامێك، ئەگەر عیراقییەکان جێبەجێی نەکەن تۆ دەتوانی جیابیتەوە. بێگومان هەن دەڵێن جا چییە، ئەمە دیباجەیەکەو دەق نییە؟ من دەست دەگرم بەم دیباجەیەوە و با ئەویش دەست بگرێ بەو دەقەی خۆیەوە، هێز بەلای کاممانەوە بێ بێگومان ئەوە تێزی خۆی دەسەپێنێ، خۆ ئەگەر هێز بەلای منەوە بێ، من دەیچەسپێنم تەنانەت ئەگەر بڕگەیەکیش بێ، ئەگەر بەلای ئەویشەوە بێ، هەموو دەستوورەکە گۆڕانی بە سەر

سەربەخۆیی کوردستاندا بڵێ، ئەو دەتوانێ ویستی خۆی بەسەر مندا بسەپێنێ. کەواتا دەستووری عیراقیش دەتوانێ دەسکەلایەك بێ بۆ مافی چارەنووس، بەڵام نەك ببێتە مادەیەکی پیرۆز وا بزانین لەبەر ئەوەی کە بەڵێنمان بە عیراقییەکان داوە ئیتر نابێ ئێمە پێچەوانەکەی بکەین.

جێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠ و جێبەجێ نەکردنیشی دەتوانێ یارمەتیدەری دەوڵەتی کوردی بێت.ئەگەر کرا کەرکوك دێت وکوردستان بەهێز دەبێت، ئەگەر نەکرا کورد و عیراق لێك دەترازێن، ئەوسا دەوڵەتی کوردی لە رانیەش بێت دەمانەوێ، خۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لە چوارچێوەی رانیەدا مانای ئەوە نییە دەستبەرداری سلێمانی یان هەولێر و کەرکوك دەبین. کەس دەستبەرداری خاکی خۆی نابێت. چونکە یادەوەری میللەتان بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتی رێکناخرێت. ئەوە زاکیرەی میللەتانە وایکرد ئەوەی یاسای نێودەوڵەتیو سایکس بیکۆ دابەشیان کرد، وا لەبەر یەك هەڵبوەشێتەوە، چونکە ئەوەی جێبەجێ کرا لەگەڵ زاکیرەی میللەتان نەدەگونجا

**وێستگەی ئەنجامگیری:**

**هەموو ئەگەرەکان کراوەن**

جا لەبەر ئەمەیە سیاسەتی ئیستیعماری سەرەتای سەدەی بیست هەڵدەوەشێتەوە بۆیە دەچێتەوە سەر رێچکە سروشتییەکەی خۆی. بێگومان لەم رێیەدا شتێك هەر لەدەست دەدەین، بەڵام رێرەوە مێژووییەکە لەئەنجامدا هەر دەبێت بچێتەوە سەر سکەی سروشتی خۆی.

من وتم حکومەتی هەرێمیش گرنگە، پەرلەمانی کوردستانیش گرنگە، بەڵام دەپرسم ئەگەر رۆژێك لەرۆژان شرۆگەکاری دەستووری عیراق کارێك بکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستانی نەتوانێ یارمەتی کەرکوك بدات، لەبەر ئەوەی بڵێن میزانییەکەی لە ژێر چاودێری و وردبینی دایەو، دەبێ لە چوارچێوەی سلێمانی و دهۆك و هەولێردا سەرف بکرێت؟ دەبێ رێوشوێن بدۆزینەوە بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان یارمەتی کەرکوك بدات. چونکە لە بنچینەدا دەبێ ئەو یاسایانە دەسکەلا بن بەدەست کوردەوە، نەك دەسکەلا بن لەدژی کورد. من

دەیڵێمەوە، نابێ یاسا ببێتە بابەتێکی مەسلەکی کە ڕێگا لە خەیاڵدانی سیاسیی گەلی کورد بگرێت. هەروەها نابێ خەیاڵدانی سیاسیش یاسا ڕەچاو نەکات، بە جۆرێك ئەو خەیاڵدانە لە ئیرادەوە ببێت بە سیاسەتێکی ملهوڕانە. پێم وایە ئەمانە هەلومەرجی دروستکردنی دەوڵەتن، پێش ئەوەی بارودۆخی ناودەوڵەتان لەبار یاخود ڕێگر بێت.

ئەگەر سیستمی سیاسی لە تورکیا لەوە زیاتر بەرەو ئیسلامیبوون بڕوات، مەرج نییە تورکیا تا سەر بە دۆستی ڕۆژئاوا بمێنێتەوە. ئەمەش لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە تێڕوانینی ڕۆژئاوا بەرامبەر ئەو ڕۆڵەی کە تورکیا دەیگێڕێت، ئەهێنێ. هەروەها ئەگەر سیستمی سیاسی لە ئێران تۆزێك بە نەرمی مامەڵە بکات، پێم وا نییە ئێران هەتاسەر بە دوژمنی ڕۆژئاوا بمێنێتەوە. لەبەر ئەوە دەرگا لەبەردەم هەموو ئەگەرێك کراوەیە، لە هەمووشی گرنگتر، لەجیاتی باسی ئەوە بکەین لەهەردوو تەوەری ئێران - تورکیا ببین بە هاوپەیمانی کامیان، بۆچی هاوپەیمانییەکی کوردستانیی جێی باسوخواسی نوخبەمان نەبێت؟ بۆ کورد ڕاناوەستێ لەو ناوەڕاستەو دەوڵەتەکانی تر بێن دەوری بدەن؟ بێگومان ڕەنگە ئەمە خەیاڵ و قسەیەکی زەحمەت بێت، بەڵام ئەگەر کورد خستییە خەیاڵدانی خۆیەوە، پێم وا نییە ڕۆژێك لە ڕۆژان نەتوانین جێبەجێی بکەین. دەبێ بەو قودرەتمەندییەوە سیاسەت بکەین، کە بەڵێ دەشێ هاوپەیمانییەکی کوردستانی هەبێت کە تۆ شەمع بی و ئەوان پەروانە بن بە دەورتا بسووڕێنەوە، بۆ نا؟

لە پاشان زۆر جار دەڵێن ئەم هاوپەیمانی یان ئەو هاوپەیمانی، ئەرێ کەس داوای هاوپەیمانی لە کورد کردووە، تا کورد بڵێ نا؟ ئێمە وا هەڵسوکەوت دەکەین کە تورکیا و ئێران لەسەر ئێمە مەعتەل بوون، چاوەڕێن و دەپرسن زەحمەت نەبێ کەی دەبنە هاوپەیمانمان؟ کێ دەڵێ ئەوان لە بابی ئەوەدان هاوپەیمانی لەگەڵ کورد بکەن؟ باشترە کورد خۆی قاعیدەکە بگۆڕێت، خۆی قودرەتمەند بکات تا وای لێبێت دەوڵەتەکانی تر و میللەتەکانی تر چاویان لێبێت هاوپەیمانی لەگەڵ بکەن.

لە مێژووشدا نموونەی وا زۆرن، نەتەوەی تورك لە هەزارەی پێشوو بە سەلجوقییەکان هەندێ شتیان هەڵجنی، بە عوسمانییەکان هەندێکی تریان هەڵجنی،

بە دەوڵەتەکەی ئەتاتورك هەندێ شتی تریان جێگیر کرد، بە دەوڵەتەکەی ئەردۆگان وا هەندێکی دیکە گەرەنتی دەکەن، ئیتر لە کوێ رادەوەستن، کەس نازانێت؟ بەڵام نەتەوەی دیکەشمان بینی وەکو مەغۆل هاتن وئیمباتۆریایان دامەزراند، لەبەر ئەوەی هەلومەرجی مانەوەیان نەبوو، چەند سەرکردەی ناودار و بەزەبریان پێشکەش بە مێژوو کرد، بەڵام نەیانتوانی وەکو تورك بمێننەوە، ئێستا مەنغۆلیا وڵاتێکی بچووکە، لەبەر ئەوەی لەڕووی فەرهەنگی و سیاسییەوە هەلومەرجی مانەوەیان لە مێژوودا نەبوو.

لە کۆتاییدا با قسەیەکی خۆشیش لەسەر ئازایەتی بۆ بگێرمەوە، هاوڕێیەکی عەرەبی شیعەم هەیە رۆژنامەنووسە، وتی من ئەفەندیم لەناو حزبی دەعوەدا، کە ژنی دووەمم هێنا پێکەوە لەگەڵ کۆمەڵێك مامۆستا و پیاوی ئاینی مەزهەبەکەمان دانیشتبووین. ئەوان باسی حیکایەتی دوو ژنی منیان کرد، وتیان تەنها پێمان بڵێ تۆ ئەو جورئەتەت چۆن پەیدا کرد ژنی دووەمت هێنا؟ پێم وت مامۆستا ئێوە دانیشتوون دیراسە و تەحلیلی دەکەن، ئەم شتانە دیراسە و تەحلیلی ناوێ، یەك جار چاو دەنووقێنی و دەیکەیت. بەڕای من دەوڵەتی کوردی ئەوەی ناوێ، کە هەلومەرجی هات یەك جارە، چاوی لێ دەنووقێنی، رایدەگەیەنی و دوایی ئەنجامەکەی خوا کەریمە!

***ئەم بابەتە لەچوارچێوەی سمیناری (مافی چارەنووس لەرێی ریفراندۆمەوە)پێشکەش کراوە. سمیناری ناوبراو رۆژی ٢٠١٢/٩/٢٩ لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردردستان لەلایەن حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە ئامادە کرابوو:**